**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢١

## ١٩٩٩ ــ بەرگی بیست و یەک

---

چاپی یەکەم ١٩٩٩

له بڵاوكراوەكانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

ناوی كتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق
پرۆتۆكۆڵەكان - ١٩٩٩/ بەرگی بیست و یەك

چاپی یەكەم: ١٩٩٩

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان: ٢٠٧

# پێڕست :


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) سێ شەممە رێكەوتی ١٩٩٩/٤/٢٧ ـــــ ل٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) چوار شەممە رێكەوتی ١٩٩٩/٤/٢٨ ـــــ ل١١

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) چوار شەممە رێكەوتی ١٩٩٩/٥/١٩ ـــــ ل٥٧

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) شەممە رێكەوتی ١٩٩٩/٦/٥ ـــــ ل١٠٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) یەک شەممە رێكەوتی ١٩٩٩/٦/٦ ـــــ ل١١٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) دوو شەممە رێكەوتی ١٩٩٩/٦/٧ ـــــ ل١٢٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) سێ شەممە رێكەوتی ١٩٩٩/٦/٨ ـــــ ل١٥١



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١)

سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٧/٤/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١١)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢٧

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢٧ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (یانزدە)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١١)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (١٠) دەی سەر لە بەیانیی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢٧دا بەم شێوەیە بێت.***

***١- یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٢٣)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە (١٩٩٧/١٠/٦).***

***٢- ئامادەبوونی ڕێزدار (د.شەفیق تۆفیق قەزاز) وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری بۆ ئەوەی ئاکامی گەڕانەکەی لە دەرەوەی کوردستاندا بخاتە ڕوو دەربارەی هەر شتێکی تازە کە هەبێ لە جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (٩٨٦)ی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان، ئەوەی تایبەتمەندە بە کوردستانی عێراقەوە.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە (١١) لە ڕێککەوتی ١٩٩٩/٤/٢٧دا، بەرنامەی کارمان سێ خاڵە.

خاڵی یەکەم: یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٢٣)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە (١٩٩٧/١٠/٦).

دووەم: ئامادەبوونی ڕێزدار . شەفیق قەزاز وەزیری یارمەتی ومرۆڤایەتی و هاوکاری، بۆئەوەی باس لە گەشتەکەی خۆی بکات و دوا گۆڕانکاری و پێشهاتەکانی بڕیاری (٩٨٦) بخاتەڕوو.

سێیەم: خستنە ڕووی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەڕێز (ئەکبەر حەیدەر موسا).

بە خاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین. با جەنابی سکرتێری پەرلەمان بفەرموویێت ئەو پرۆژەیە بخوێنێتەوە.

بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تأريخ القرار:

«قرار»

استناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة في / /١٩٩٩ تشريع مايلي:

**أولاً**: إلغاء قرار المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق رقم (٢٣) والمؤرخ في ٦/١٠/١٩٩٧، وكافة الاجراءات والقرارات المتخذة بموجبه.

**ثانياً**: تعاد كافة بدلات الايجار المعدلة على ضوء القرار (٢٣) في ٦/١٠/١٩٩٧ الى ما كانت عليها قبل صدوره.

**ثالثاً**: لاتسترد المبالغ المدفوعة من قبل المستأجر الى المؤجر نتيجة الزيادة الطارئة على بدل الايجار تنفيذاً للقرار (٢٣) والمؤرخ في ٦/١٠/١٩٩٧.

**رابعاً**: لوزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ هذا القرار.

**خامساً**: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

**سادساً**: ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سکرتێر ئەوە خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژەیەیە کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە ئەدرێت بە لیژنەی یاساو لیژنە پەیوەندیدارەکانی تر هیواداریین خۆیانی لێ گورج بکەن، بۆئەوەی ئەو بابەتە بە زووترین کات تەواو ببێت.

خاڵی دووەم ئامادەبوونی ڕێزدار (د. شەفیق قەزاز)ە بۆ ئێرە، بەداخەوە دوێنێ دانیشتنەکەمان نیسابی تەواو نەبوو، ئەمڕۆش تا کاتژمێر دەو نیو هەر چاوەڕوان بوو، وا دیار بوو هەندێ برادەران دواکەوتن، لەبەرئەوەی ئەویش پابەندی تری هەبوو پەیوەندییمان پێوە کرد و، گوتمان با بۆ سبەی دوای بخەین، تاکو سەعات (١٠)ی پێش نیوەڕۆ سبەی سەعات (١٠) پەنا بەخوا لەگەڵ ئێوەدا دەبێت، بۆیە خاڵی دووەم دوا دەخەین بۆ سبەی.

خاڵی سێیەم: خستنە رووی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەڕێز ئەکبەر حەیدەر موسا.

دەست لەکارکێشانەوەکەی بەو شێوەیە ناردووە وەکو خۆی دەیخوێنمەوە:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

سلاوو ڕێز

هەروەکو ئاگادارن ماوەیەک پێش ئێستا بە تەقریری لیژنەی پزیشکی هاتووم بۆ دەرەوە بۆ موعالەجە داواکارم لە بەڕێزتان هەڤاڵێکی مورەشەحی لیستی پارتیمان دابنێن بە ئەندامی پەرلەمان لە جێگای من بۆئەوەی نساب کامل بێت و، ئیستقالەی من قەبوول بفەرموون، چونکە موعالجەم زۆری پێ دەچێ، لەگەڵ ڕێزماندا.

ئەکبەر حەیدەر موسا/ ٢٤ـ ٤ـ ١٩٩٩

ئەمەش نامەی خاوەن لیستە:

لە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، سلاوێکی گەرم.

ژمارەی نووسراوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان/ ٤٨٨ لە ١٩٩٩/٤/٢٥:

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا دەقی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان هەڤاڵ ئەکبەر حەیدەر موسا)تان بۆ دەنێرین هەروەکو لە ئیستقالەکەیدا هاتووە ناوبراو لە دەرەوەیەو خەریکی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەیەتی دیارە موعالەجەکەی زۆری پێ دەچێ و ناتوانێ بەم زووانە بگەڕێتەوە، تکایە هەڤاڵ (سوارە محەمەد ئەمین) کە مورەشەحە لە لیستی پارتیمان لە شوێنی هەڤاڵی ناوبراو بە ئەندامی پەرلەمان دابنرێت، لەگەڵ ڕێزماندا.

مۆر

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

هاوپێچ/ دەقی ئیستقالەی هەڤاڵ (ئەکبەر حەیدەر) کە ئیستا وەکو خۆی بۆم خوێندنەوەو وێنەیەکی دراوە بە بەڕێز فرەنسۆ هەریری سەرۆکی فراکسیۆن و، یەکێکی تر دراوە بە هەڤاڵ (سوارە محەمەد ئەمین).

ئیستا دەست لەکارکێشانەوەکەی کاک ئەکبەر حەیدەر وەکو خوێندمەوە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

خاڵەکانی ئەمڕۆ تەواو بوون. لێرەدا کۆبوونەوەکەمان تەواو دەبێت. سبەی سەعات (١٠) لێرەدا کۆدەبینەوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٦**

**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٩/٤/٢٨**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٢٧دا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم بڕیارەماندا:

**یەکەم:**

قەبووڵ کردنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ڕێزدار ئەکبەر حەیدەر موسا لە ڕۆژی (١٩٩٩/٤/٢٧)ەوە.

**دووەم:**

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی (١٩٩٩/٤/٢٧)ەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٨/٤/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٢)
## چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢٨

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢٨ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (دوازدەیەم)ی خولی ئاسایی یەکەمی،ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٢)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (١٠) دەی سەر لە بەیانیی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢٨دا بەم شێوەیە بێت.***

***١- خستنە ڕووی بابەتی جێگرتنەوەی ڕێزدار سوارە محەمەد ئەمین ئەندامی یەدەگ لە لیستی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شوێنی ئەندامی دەست لەکار کێشاوەی ئەنجوومەن، ڕێزدار ئەکبەر حەیدەر موسا.***

***٢- خستنە ڕووی پرۆژەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٢٣)ی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عێراق لە ١٩٩٧/١٠/٦دا.***

***٣- ئامادەبوونی ڕێزدار (د.شەفیق توفیق قەزاز) وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری بۆ ئەوەی ئاکامی گەڕانەکەی لە دەرەوەی کوردستاندا بخاتە ڕوو دەربارەی هەر شتێکی تازە کە هەبێ لە جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (٩٨٦)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتان، ئەوەی تایبەتمەندە بە کوردستانی عێراقەوە.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە (١٢)ی خولی یەکەمی ساڵی هەشتەم لە ١٩٩٩/٤/٢٨دا، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان لەسێ خاڵ پێک هاتووە لەخاڵی یەکەم، خستنە ڕووی بابەتی جێگرتنەوەی ڕێزدار سوارە محەمەد ئەمین ئەندامی یەدەگ لە لیستی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شوێنی ئەندامی دەست لە کار کێشاوەی ئەنجوومەن، ڕێزدار ئەکبەر حەیدەر موسا. خاڵی دووەم

خستنەرووی پرۆژەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە(٢٣)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە ٦/١٠/١٩٩٧دا. خاڵی سێ یەم ئامادە بوونی ڕێزدار(د. شەفیق تۆفیق قەزاز) وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری بۆئەوەی ئاکامی گەڕانەکەی لە دەرەوەی کوردستاندا بخاتە روو دەربارەی هەر شتێکی تازە کە هەبێ لە جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (٩٨٦)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتان، ئەوەی تایبەتمەندە بە کوردستانی عێراقەوە.
بەخاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین ئەویش خستنەرووی بابەتی جێگرتنەوەی ڕێزدار (سوارە محەمەد ئەمین )ەکە بەنووسراوی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارە ٨٨٤ لە ٢٥/٤/١٩٩٩ کە دێتە شوێنی هەڤاڵ ئەکبەر حەیدەر موسا ئەندامی هەمان لیست، لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان کە دوێنی وەکو ئاگادارن ڕێزدار ئەکبەر استقالەی خۆی دا ولێرە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستاش ئەو پێشنیارە دەیخەینە دەنگدانەوە، کە بەڕێز سوارە محەمەد ئەمین لەجیاتی ڕێزدار ئەکبەر حەیدەر موسا بە ئەندامێتی پەرلەمان قەبووڵ بکرێت، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، ئێستاش بۆ سوێند خواردنی یاسایی لەبەرامبەر پەرلەماندا، با ڕێزدار کاکە سوارە بفەرمێت:

**بەڕێز سوارە محەمەد ئەمین:**

سوێند بەیەزدانی مەزن دەخۆم کە پارێزگاری لەیەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی کاک ئەکبەر حەیدەر دەکەین کە لەو ماوەیەدا وەکو ئەندامی پەرلەمان بە ئەرکی سەر شانی خۆی هەڵسا وپیرۆزبایی لەکاک سوارە محەمەد ئەمین دەکەین کە لە ئەمڕۆوە بوو بە ئەندامی پەرلەمان، وە داواکارین کە کاکە سوارە وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ئەو ئەرکەی بە ئەندامی پەرلەمان ڕاسپێردراوە و لەسەر شانییەتی وەکو پێویست ئەنجامی بدات، جارێکی تریش بەناوی سەرۆکایەتی و ئەندامانی ڕێزداری پەرلەمانەوە پیرۆزبایی لێ دەکەین بەخێر بێت بەسەرچاو.
خاڵی دووەم خستنەرووی پرۆژەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری (٢٣)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە ٦/١٠/١٩٩٧، لیژنەی یاسا با تەشریف بێننە سەر سەکۆ، ئەم بڕیارە بڕیاری (٢٣)ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە ٦/١٠/١٩٩٧ لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە یاسای ژمارە (٨٧)ی حکومەتی مەرکەزی لەساڵی ١٩٧٩دوای نزیکەی پانزە ساڵ ئەوە بوو حکومەتی ناوەندی لە ١٩٩٦دا بڕیارێکی دەرکرد یاخود ئەو یاسایەی هەموار کرد کە یاسای ژمارە (٢٥)ـە لە ساڵی ١٩٩٦دا، بەپێی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٢، هەروەکو ئێوەی بەڕێز ئاگادارن کەدوای ڕاپەرین ودامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم هەر بڕیارێک لەمەرکەز دەرچێت پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم پابەند

نین بەجێ بەجێ کردنی، بۆیە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە ئەوە بوو وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەیەکی گەلآلە کردو بەنووسراویان ژمارە (٧٢٣) لە ١٩٩٧/٥/٢٦ ناردیان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و پرۆژەکە لە دانیشتنی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٤) لە ١٩٩٧/٧/٣دا پەسەند کرا وە بەنووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٣٥٨٥) لە ١٩٩٧/٨/١٤ ناردرا بۆ پەرلەمانی کوردستان و پاش تاوتوو کردنی لەلایەن لیژنەکانی پەیوەندیداری پەرلەمانەوە واستثناء کردنی خانوو بەرەی هاولآتیان وکرێچی و ماف پێدانی خاوەن مولک ورای بۆ گەڕانەوە بۆ دادگا لەکاتێکدا ئەگەر گلەییان هەبێت وخەملاندنی عقارات ..هتد، ئەوە بوو بڕیاری لەسەر درا دیارە لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە کۆمەڵێک گلەیی و گازندە پەیدا بوو وناحەزانی ئەم کیانەش بەتەئکید دەورێکی بالآیان بینی لە قۆزتنەوەی ئەو وەزعە، خۆ هەر یاسایەک لەدونیادا چی ئەمڕۆ دەربچێ یا لە ئاییندەدا چ هی ئێمەو چی لەولآتانی تریش بێگومان کەلێنی هەر تێدا دەبێت ولە پیادەکردنیشیدا بە تەئکید کەلێن هەر پەیدا دەبێت وبۆیە بە (حسن النیە) وەرنەگیرا ولە لایەن ناحەزانەوە خەریکی بوون ودیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی و بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان داوای کرد کە ئەو پرۆژەیە چارەسەر بکرێت، یەک دوو پێشنیار کرا وچەند جاریش لێرەدا باس کرا لە هەردوو سەرۆکایەتی ئەنجوومەن باس کرا و لە ئەنجامدا دوو سێ لیژنە پێک هات بۆ پیاچوونەوەی ئەو وەزعە، پاشان بەو بڕیارە گەیشتین کە ئێستاکە وەکو پرۆژەیەک لەبەر دەستاندایە ئەویش بە پێشنیاری جەنابی سەرۆک بارزانی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای کردووە کە بڕیاری ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٩٧ هەڵوەشێتەوە، بەئومێدی ئەوەی بەزووترین کات بتوانرێت یاسایەکی باشترو لەبارترو گونجاو تر لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان پێشنیار بکرێت و بخرێتە ڕوو و بڕیاری لەسەر بدرێت، بەراستی ئامانجەکەش ئەوەیەکە ئەو گلەیی و گازندەیە نەمێنێت و وەزعەکە چارەسەر بکرێت بەو شێوەیەی کەپێشنیار کراوە وئێستاش پرۆژەکە لەبەر دەمتاندایە ولیژنەی یاسا دەست پێ دەکات و دەست دەکەین بە گفتوگۆ کردنی، با لیژنەی یاسا بفەرموویت:

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

الی/ السید رئیس المجلس الوطني المحترم

م/راي لجنة

تؤيد اللجنة القانونية بالاكثرية صيغة مشروع قرار الغاء قرار المجلس الوطني المرقم (٢٣) في ١٩٩٧/١٠/٦ وترتاي اضافة فقرة اخرى الى المشروع لتكون الفقرة الرابعة وعلى الصيغة المدرجة ادناه للتفضل بالاطلاع وعرضها على المجلس الموقر للمناقشة.

فقرة مضافة:
(لايحق للمؤجر المطالبة بفرق بدل الايجار المتبقي له بذمة المستاجر نتيجة لتعديل بدل الايجار تنفيذا للقرار (٢٣) والمؤرخ في ٦/١٠/١٩٩٩٧.

محمد حسن بالطة
رئيس اللجنة القانونية

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**
سوپاس، لیژنەی دارایی وئابووریش هەمان رایان هەیە ئەویش پەسەند كردنی ئەو پرۆژەیە كە لەبەر دەستاندایە، لیژنەی ئابووری با بۆتانی بخوێنێتەو، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**
اللجنه الماليه والاقتصاديه
العدد: ج/ ٥ فی ٢٧/٤/١٩٩٩
الى السيد رئيس المجلس الوطني المحترم
م/رأي اللجنة
اجتمعت لجنتنا صباح يوم ثلاثاء الموافق ٢٧/٤/١٩٩٩ لدراسة ومناقشة مشروع الغاء قرار المجلس الوطني لكوردستان العراق المرقم (٢٣) والمؤرخ في ٦/١٠/١٩٩٧ والمعد من قبل رئاسة مجلس الوزراء وبعد التداول والمناقشة وبسبب سوء اوضاع الاقتصادية وركود السوق تؤيد لجنتنا بالاغلبية هذا المشروع في الوقت الحاضر، مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**
سوپاس بۆ لیژنەی دارایی وئابووری، لیژنەی یاسا ئەگەر دەست بە خوێندنەوەی پرۆژكە بكەن مادده بەمادده دەیخوێنینەوە، لەپاشان گفتوگۆی لەسەر دەكەین.

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**
المادة الاولى:
اولا: الغاء القرار المرقم (٢٣) في ٦/١٠/١٩٩٧ والغاء كافة الاجراءات والقرارات المتخذة بموجبه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**
ئەوە مادده یەكی ئەو بڕیارەیە، لیژنەی یاسا و ئابووری هیچ تێبینیان نییە، چونكە رای خۆیان داوە، ئەندامانی پەرلەمان هیچ تێبینی یەكیان لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ با ناونووسیان بكەین، (كاك محەمەد سەعید هروری، كاك ئیبراهیم، مەلا هادی، د.رزگار)تەنیا ئەو چوارە تێبینیان هەیە؟، كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیارێکی تر هەیە بێجگە لەو بڕیارە بڕیاری (٢٢) کە پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە، ئاماژەی بۆ نەکراوە کە ئەم بڕیارە هەڵبوەشێتەوە، دەقی بڕیارەکەش ئەمەیە (قرار ٢٢ فی ٦/١٠/١٩٩٧، ایقاف العمل بالقانون رقم (٤٩) وقانون تعدیل القانون ایجار العقار رقم ٨٧.

٢- ایقاف العمل بقرار مجلس القیاده الثوره رقم (١٤٥) فی ١٩٩٤.

واتا ئەم بڕیارەش دەبێ هەڵبوەشێتەوە ، چونکە پەیوەندی لەگەڵ ئەمەدا هەیە، دووەمین ئاماژەیەک نەهاتووە لە یاسا کەدەڵێت (لایعمل بای نص یتعارض مع احکام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ماددەی یەکەم لە بڕگە دوودا دەڵێ (ثانیا: تعاد) لەجیاتی ئەوە بڵێین (تلغی).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مەلا هادی جارێ بڕگەی یەکەمە، لەسەر بڕگەی یەکەم هیچ تێبینیت هەیە؟، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز دەکەم باسی عەدالەتی پەرلەمان و حکومەت لەم بابەتە بکەم، دادوەری بۆ مرۆڤ وەکو ئاوە بۆ کشتوکاڵ، لەهەندێک وولاتانی جیهاندا هێمای دادوەری دەچوێنن بە ئافرەتێکی کوێر کە تەرازوویەکی یەکسانی لەبەر دەستدایە، ئەو ئافرەتە کوێرە ناتوانێ نە(مدعی) نە(مدعی علیە) ببینێ، تاکو نەبینی کامیان هەژارە وکامیان دەوڵەمەندە وکامیان بەهێزە وکامیان لاوازە، مەبەستم لەم نمونەیە ئەوەیە کەپەرلەمانی کوردستان وحکومەتی هەرێمی کوردستان هەمان بۆچوونیان هەبوو بۆ ئەم بڕیارەی کە ئێستا تەشریعی دەکەین، لەکاتێکدا وادیارە لە کاتی جێ بەجێ کردنی وەکو پێویست ئەنجام نەدراوە و کەم وکوڕی ولایەنگری ئەم لایان کراوە، لەبەر ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەباشی زانی کە پرۆژەیەک پێشکەش بکات وئەو بڕیارە هەڵبوەشێنێتەوە وئێمەش پشتگیری ئەو هەڵوەشاندنەوەیە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من دوو تێبینیم هەبوو یەكیان كاك سەعید هروری كردی، دووەم لێرە من تەئكید دەكەم كە پێشكەوتنی ژیانی مرۆڤ هیچ پلەیەكی دیاریكراوی نییە تاكو بێتە كردن كە بڵێین لەفلان وێستگە رابوەستن، لەبەر ئەوە تشریع و بزاڤی تشریع هاوتەریبە لەگەڵ جولانەوەی پێشكەوتنی مرۆڤ ولێرە دیار دەبێت پەرلەمان بۆچی ئەوەندە گرنگی دەدات بە بەرژەوەندی گەلی كورد بە هەژارو دەولەمەندەوە، وئەو بڕیارەی كە پێش دوو ساڵ وەرگیراوە كە هەندێك كەلێنی تێدا هەبوو زۆر شتێكی ایجابییە وئەوەش تەئكید دەكات كە پەرلەمان هەردەم بەرژەوەندی گەلی كوردستانی لەبەر چاوە، لەبەر ئەوە لەبەر بەرژەوەندی گەلی ئێمەو لەسەر پێشنیاری سەرۆك بارزانی ئەمرۆ ئەو بڕیارە لەغو دەكەین، هەرچەندە پرۆژەی حكومەتی هەرێمی كوردستان و بڕیاری پەرلەمانی كوردستان نییە لەوەیە وەكو لەغو كردن شتێكی هەندێ گران نەبێت بەڵام لەبەر ئەوەی لەبەرژەوەندی گەلی كوردستانە بەگەرمی پشتیوانی لێ دەكەین وسوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

واتە گفتوگۆی ئەمە تەواو بوو، دەیخەینە دەنگدانەوە.. لیژنەی یاسا چ تێبینی هەیە؟. فەرموو.

**بەڕێز مـــحـــەمـــەد حـــســـەن باڵـەتە:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئەوەی كاك سەعید هروری ووتی بڕیاری(١٤٥) وبڕیاری (٢٢) ئی ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕشی عێراق ئەوە ئێمە هەڵمان وەشاندۆتەوە ئەم بڕیارە لە كوێیە؟ ئی پەرلەمانە؟.

**بەڕێز شـــێـــروان نـاسح حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بڕیاری (١٤٥و٤٩) ئەوانە بە بڕیاری ژمارە (٢٢)ی پەرلەمان تەجمید كران بڕیارێكیان پێش راپەرین بوو و بڕیارێكیشیان پاش راپەرین بوو، لەبەر ئەوەی دادگاكان خەلەلیان كەوتێ ونەیانتوانی هەماهەنگی بكەن لەنێوان هەردوو بڕیارەكە چونكە بڕیاری یەك لەگەڵ دوو پەیوەندیان هەیە و داوایان لەئێمە كرد كە تجمیدی بكەین وئێمەش تجمیدمان كردو هیچ پەیوەندی لەگەڵ ئەم بڕیارەدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، بابڵێین دوو یاسای جیاوازە لەگەڵ ئەوەی كە ئێستاكە ئێمە ئیشی تێدا دەكەین، بەڵام بۆ ئەوەی كە كاك شێروان باسی كرد بۆ ئاسانكردنی كاری دادگاو كاری ئێمە بەپێی ئەم بڕیارەی ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە بونیاد نراوە، ئەگەر ئێستا هیچ كار ناكاتە سەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیارە و جێبەجێ كردنی یاساكەی تر كە كارەكانی پێ ئەنجام دەدرێت، دەیخەینە دەنگدانەوە.
كێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەكەین.. كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانيا: تعاد كافة بدلات الايجار المعدلة على ضوء القرار (٢٣) في ٦/١٠/١٩٩٧ الى ماكانت عليها قبل صدوره.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢) لیژنەی یاساو ئابووری هیچ تێبینیان هەیە؟، ئەندامان تێبینیان هەیە باناونووسیان بکەین( مەلا هادی، کاک ئیبراهیم، کاک کانبی ئاغا،) مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی دوو دەڵێ(تعاد كافه بدلات الإيجار ) بەرای من لەجیاتی تعاد بڵێین (تلغى بدلات الايجار المعدلة على ضوء القرار ٢٣ في ٦/١٠/١٩٩٧ وتعاد الى ماكانت عليها قبل صدوره) نەبادا لێکدانەوەی تری بۆ بکرێ، بەنیسبەت دووبارەبوونەوەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیاری ٢٣ کە لە ٦/١٠/١٩٩٧ دەرچووە باس لە گرێ بەستەکانی (ایجار) دەکات دەڵێ هەر گرێ بەستێک دوو ساڵی بەسەردا تێپەڕێ هەردوو لایەن مافیان هەیە سەردانی فەرمانگەی باج (ضریبە) بکەن، لێرە لە بڕگە (٢)ی ئەو بڕیارەدا باسی بدلات الایجار دەکات لەبەر ئەوەی کە لە ئەسڵی بڕیارەکە باسی عقود دەکات و بدلات ایجار وابزانم نەشازە لەگەڵ داڕشتنی بڕیارەکە ئەگەر بەو شێوەیە بێت (تنفذ كافه بدلات الايجار التى كانت ساريه قبل نفاذ قرار (٢٣) فی ٦/١٠/١٩٩٧) واتا ئەوە لەگەڵ بڕیارەکە دەگونجێ و بڕیار دەبێ لەگەڵ صیغەیێکی ڕێک وپێکدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک کانەبی فەرموو.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە دوو زۆر بەروونی نابینم لەبەر ئەوە حەز دەکەم هەموار بکرێ بەو شێوەیە ( تعتبر بدلات ايجار المتفق عليها قبل صدور القرار ٢٣ في ٦/١٠/١٩٩٧ هي المعمول بها بين ذوي العلاقة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هەمووی لە دەوری هەمان بابەت ئەخولێتەوە ئەویش ئەوەیە کە بدلاتی ایجار بگەڕێتەوە بارودۆخی پێش دەرچوونی ئەم بڕیارەو دەقەکەش ئاشکرایە (تعاد كافة بدلات الايجار المعدلة على ضوء القرار الى ماكانت عليها قبل صدور القرار) ئەو سێ پێشنیارەی کە کرا هەموویان هەمان ئامانجیان هەیە، با بزانین لیژنەی یاسا چ تێبینی یان هەیە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک ئیبراهیم فەرمووی ئەوە لە کاتی گفتوگۆی لیژنەی یاسادا هەمان رای هەبوو، ئێمە پشتگیری ناکەین دارشتنەکە زۆر باشە ورروونە وپشتگیری ئەو دارشتنە دەکەین، ئەوەی کاک کانبی ئاغا فەرمووی بدلاتی ایجار متفق عليها ئەوە لێرە ئەو بدلاتی ایجارە متفق عليها باطلە بەنیسبەت یاسای ایجار، چونکە بدلات ایجار دەبێت مصدق بێت لە ضریبەی عقار، هەیە پاش تصدیقی ئەو عقودە لە ضریبەی عقار اتفاقێکیان لەنێوان خۆیان دا کردووە شەرعی نییە و باطلە، لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین بڵێین بدلات ایجار المتفق عليها دەچینە (بدلات الايجار المصدقه من قبل دائره ضريبه العقار) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەرەنسۆ تێبینی یەکی هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتەکە زۆر روونە ئەو درێژەپێدانەش وەزیری تایبەتمەند رێنمایی پێ دەردێنێ ورروونتری دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو گرێ بەستەی ایجاری کۆن کە بەگوێرەی یاسای (٨٧) ساری بوو ، ئێمە ئەومان هەموار نەکردووە، (عقد ايجار) نوێ کراوەتەوە لە نێوان بەکرێدەرو کرێچی، بەگوێرەی بڕیاری (٢٣) کە عقدی ایجاری نوێ کردەوە لێرە عقدی ایجاری هەموار نەکردووە، لەبەر ئەوە من ئەو پێشنیارەم کردووە، دوایی دووبارەبوونەوە لەگەڵ بڕیارەکە ناگونجێ یانی تنفذ رێک وپێکترە لەگەڵ بڕیارەکە(تنفذ كافه عقود ايجار) دوایی بۆ عقد ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ گرێ بەستی رەسمی هەیە، پەیوەندیمان نییە بە گرێ بەستی زارەکی(شفهی) نێوان خاوەن موڵکەکەو کرێ چی، بەرەسمی عقده (تنفذ كافه عقود الايجار التى كانت ساريه قبل نفاذ قرار ٢٣) ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەسەلەی داڕشتنە کاک محەمەد، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەو داڕشتنەداین هیچ لاریمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاک ئیبراهیم ئەگەر زەحمەت نەبێ دوایی ئەو دوو سێ تێبینی یەت بەنووسین بماندەرێ وئێمە لەگەڵ بڕیارەکە دەینێرین بۆ حکومەت بەڵکو لە ڕێنمانییی وەزارەتی تایبەتمەند ڕەچاوی ئەو ڕوونکردنەوانە بکەن کە تۆو کاک کانەبی کردتان ئێمە لەگەڵیدا دەینێرین لەوانەیە ئەو التباسەی کە جەنابت پێشبینی دەکەی لە ڕێنمایی حکومەتدا هەبێت بۆ وەزارەتەکانی پەیوەندار ئەو ڕوونکردنەوانە با هەبێت، ئەوەمان بۆ بنووسە، کاک کانەبی ئاغاش ئەگەر بۆمان بنووسێ خراپ نییە، سوپاستان دەکەین و دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة: لاتسترد المبالغ المدفوعة من قبل المستأجر الى المؤجر نتيجة الزيادة الطارئة على بدل الايجار تنفيذاً للقرار (٢٣) والمؤرخ في ٦/١٠/١٩٩٧.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده سێ لیژنەی دارایی و یاسا هیچ تێبینیان نییە بەپێی ڕاپۆرتەکانیان، با مادده سێ تەواو بکەین وابزانم بڕگەیەک هەیەکە لەلایەن لیژنەکانمانەوە کە زیاد بکرێت دەبێت بەچوارەم، ئەگەر لەسەر ئەم ماددەیە هیچ تێبینی هەیە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. وابزانم لێرە ئەگەر هیچ زیادەیەک هەیە بیکەن، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگەیەک هەیە کە زیاد بکرێت بەنیسبەت پڕۆژەی یاساکەو دەبێتە چوارەم:

رابعا: لايحق للمؤجر المطالبة بفرق بدل الإيجار المتبقي له بذمة المستأجر نتيجة لتعديل بدل الايجار تنفيذاً للقرار (٢٣) والمؤرخ في ٦/١٠/١٩٩٧.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیارێکە لەلایەن لیژنەکانەوە کراوە، با لیژنەی یاسا ڕوونی بکاتەوە فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ئەنجامی پیادە کردنی بڕیاری (٢٣) بدل الایجار بەرزبۆتەوە و نزمیش بۆتەوە، وادابنێین بدل الایجار (١٥٠٠) دینار بووە بەپێی گرێ بەستی پەسەند کراوی فەرمانگەی باجی خانووبەرە پاش پیادەکردنی بڕیاری (٢٣) بووە بە (٧٠٠) دینار، واتە هاتۆتە خوارەوە جا بەکرێدەر پاش هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە لەوانەیە بچێت بە کرێچی بڵێت بێنە (٨٠٠) دینار بدە، بڕیارەکە هەڵوەشێنراوەتەوە، ئیمە ئەو حەقەمان لە مؤجر بڕیوە چونکە بڕیارەکانی پێش هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیارە لە کاتی جێ بەجێ کردنی بڕیاری (٢٣) پیادە کراوە، ئەوە هەڵناوەشێتەوە، کرێچی پارەی زیادەکە وەرناگرێت و بەکرێدەریش داوا لە کرێچی ناکات ئەگەر بدل ایجار بێتە خوارەوە، بەڵام لێرە هەرچەندە ئەوە داڕشتنی لیژنەی یاسایە، (لایحق للمؤجر المطالبة بفرق بدل الایجار المتبقي له بذمة المستاجر نتيجة لتعديل بدل الايجار تنفيذا للقرار (٢٣) والمؤرخ في ١٩٩٧/١٠/٦) ئەگەر ووتمان (المتبقی) مانای وایە بەکرێدەر قەرزێکی لە زمەتی کرێچیدا هەیە ئەو قەرزە ماوە، هەندێکی داوە وهەندێکی ماوە، لەبەر ئەوە لیژنەی یاسا ئەم پێشنیارەی داوە بۆ ئەوەی ئەم بڕگەیە زیاد بکرێت (لایحق للمؤجر المطالبة بفرق بدل الإيجار الذي طرأ علی االعقد نتيجة تنفيذ للقرار (٢٣) والمؤرخ في ١٩٩٧/١٠/٦) ، ئەوە داڕشتنی ئەم بڕگەیە بەو شێوەیە لیژنەی یاسا دەیبینێت ئەگەر بیخەنەڕوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایە، بۆ ئەو تەبەعیاتەی کە لەنێوان ئەم دوو گۆڕانکارییەدا بووە، هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ تەنها کاک کانەبی ئاغا، فەرموو.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای بەباش دەزانم ئەوە هەموار بکرێ بەم شێوەیە( يحق للمؤجر المطالبه بفرق بدل الايجار المتبقی له بذمه المستأجر لحين تاريخ تنفيذ هذا القرار) ئەوە ڕوونترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەران دەڵێن (لايجوز)ەکە باشترە، جەنابت کردت بە (يجوز) ئەوە هەر زەحمەتە، مادام وایە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادە الخامسە:

لوزير الماليه اصدار التعليمات اللازمه لتسهيل تنفيذ هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە با ناونوسیان بکەین( مامۆستا مەلا محسن، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی)، مامۆستا مەلا محسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا محسن خالد مستەفا موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە ئەم یاساو هەڵوەشاندنەوەیە، لە بەرژەوەندی گشتی کرێچییەکاندایە و ئیشێکی باشە وبەکەڵکە، بەڵام مەسەلەیەکی تر هەبوو ئەگەر پێش ئەوەی بریاری لەسەر بدەن و تەواو بکرێ، ئەزانین دوای ئەم هەڵوەشاندنەوەیە کرێی دوکان بەگشتی بەتایبەتی سەرقفلانەی دوکان هەندێکی بەرزە ،ئەوە دەبێتە زەرەرێکی زۆر گەورە بەنیسبەت بازارەوە وبەنیسبەت هەردوو لایەنەوە، ئەگەر بکرێت لەم حاڵەتەدا وەکو پێشنیارێک ئەگەر جەنابت پێی رازی بیت وبرایانی تریش پێی رازی بن و بەلاتانەوە پەسەند بێت کە تەگبیری ئەوە بکرێت بەبێ هاوکاری نێوان ئەو دووانە، خاوەن موڵک وکرێچی ئەو دوکانە بەو شێوەیە بەرزنەکرێتەوە وکڕین وفرۆشتنی بەسەر نەکرێ چونکە ئەوە ئەبێتە مایەی ئەوەی کە دەیان هەزار دینار لەسەر ئەو دوکانانەی کە ئێستا شوێنەکانیان باشە نرخەکەی بەرزبێتەوە ئەوە زەرەرێکی گشتییە بۆ ئابوری وڵاتەکەو وای لێ دێت ئەو خەڵکە خۆی بە خاوەن ومالکی مەسەلەکە دەزانێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە کرێچی بەهیچ شێوەیەک حەقی نەفەوتێت وزوڵمی لێ نەکرێ و بەرگری لە مافەکەی بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەقە بەرگری لەوە بکەین کە مادام خاوەن موڵک بەراستی موڵکەکە هی خۆیەتی بە بەرچاوی ئەوەوە یەکێکی تر مامڵەت بە موڵکەکەیەوە نەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا، ئەوەی کە جەنابت دەیڵێی بەناوی سەرقفڵییەوە پوچەڵە(باطل) (مابني على الباطل باطل) ئەوە هیچ پەیوەندی بە یاساوە نییە، لەنێوان خۆیان نێوان کرێچی و خاوەن موڵک چۆن رێک دەکەون بەراستی کەس ناتوانێ بکەوێتە نێوان ئەوانەوە ، دوو لایەنن لەنێوان خۆیانەوە لەپشت پەردە چی دەکەن سەد یاساش دەرکەن مەنعی بکات یاخود سەد مەرجی بۆ دابنێن ئەوان کە رێکەوتن ئێمە چی بکەین؟، ئەو سەرقفڵیە پوچەڵە لەبەر ئەوە گرێبەستێک نییە، شتێک نییە، بۆ ئێمە داخلی ئەوەی بکەین؟، چی رێنماییەک بۆ ئەمە دەردەچێت؟ رێنماییەکە روونە، ئەگەرێیینەوە بۆ یاسای ژمارە (٨٧) دەقەکانی روونە، چۆن کرێ دەدرێ و چۆن کرێ نادرێ، خەڵک لەپشت یاسای ژمارە (٨٧)ەوە چی دەکات باوەرکەن ئەوە بەدەست ئێمە نییە، با بزانین لیژنەی یاسا چی دەڵێت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرقفلانە ئەوەی کە مامۆستا مەلا محسن ئاماژەی بۆ کرد، سەرقفلانە قەدەغەیە بەپێی دوو

یاسا، یاسای مەدەنی سەرقفڵی فرۆشتنی موڵکی خەڵک ئەوە نییە، من کرێچیم بچم دوکانی خۆم بفرۆشم بە (٥) هەزار دینار یاخود بەسەد هەزار دینار ئەوە لە یاسادا نییە و پووچەڵە «باطلە»، دیسان یاسای کرێی عەقار خۆی قەدەغەی کردووە، ئەوە هیچ پەیوەندی بەو بریارەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە نییە کە بۆ ئێمە هاتووە، ئەوە بەپێی یاسا پوچەڵە(باطلە) وشتی وانییە، بەڵام شتێکی جارییە، سەرپێچی یاسایەو ئەوە مەسەلەیەکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە ئەصلی بریار بۆ دەسەڵاتەکان (صلاحیات)هیچ ڕێنماییەک نەدراوە بە وەزیری دارایی کە ڕێنمایی دەربینی، هەمیشە کە بریار دەردێ ئەو کاتە دەسەڵات دەدرێتە وەزیرەی تایبەتمند کە ڕێنمایی دەربینی بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی بریار، بەڵام هەرگیز نەبووە لە ئیلغای بریار ڕێنمایی بدرێتە وەزیری دارایی، چونکە برگەی یەکەمی بریارەکە هەر موتڵەقە دەڵێ ئیلغای بریارەکە کرایە ئەو هەڵسوکەوتەش پاش ئەو بریارەی کرایە هەمووی بە پوچەڵ دادەنرێت، واتا بریارەکە ڕوونە، لەبەر ئەوەی من پێشنیار دەکەم کە ڕێنمایی نەدرێتە وەزیری دارایی چونکە پێشتر ڕێنماییان نەدابووێ ئەوجا بریارەکەیان دیارە لە باجی خانووبەرە چیان لێ کرد، هەزار قسەی لەسەر دەرچوو لەگەڵ ئەوەی بریارەکەش ڕێک و پێک بوو لەبەر ئەوەی من پێشنیار دەکەم پێویست ناکە ڕێنمایی بدرێتە وەزیری دارایی چونکە بریارەکە ڕوون و ڕاستە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من یەک تێبینیم هەیە جەنابت قانوون زانی تۆ ئەزانی ئەمە مشت و مڕێکی زۆری لەسەر هەبوو، مشت و مڕەکەش وەکو لە سەرەتاوە باسمان کرد وابزانم یاساناسەکانی ئێمە دەزانن کە هەموو لایەکمان کۆکین لەسەر ئەوەی کە دوو لایەنە، لایەکی لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە کەم و کورتی هەبوو ئەوە کاتی خۆی لەلایەن لیژنە هاوبەشەکانەوە دەست نیشان کرا، لایەکی تریش وەکو گووتمان لە دنیا هەر یاسایەک دەربچێ گومانی تێدانییە کەم و کورتی تێدا ئەبێ وە ئیلا ئەگەر کەم و کورتی نەبێ لە یاسا یان« ثغراتي » بۆ دروست نەکەن دنیا وای لێ نەئەهات بەهەر حاڵ ئەم ڕەوشە قۆز تراوە تەوە ئەو مشتومڕەش ئەوەیە کە ئەو ڕێنماییە ئێستا لەوانەیە پێویست بێ بۆ ئەوەی تەفسیر نەکرێت من یەک نموونەی بچووکت بۆ دێنم ئێمە یاسای(٨٧)تمان هەیە ئێستا بەپێ ی مەنتیق ئەبێ ئەم ایجارە بگەڕێنینەوە بۆ سەر یاسای ژمارە(٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ ئەمەش زیاتر لە(١٥) ساڵە کە دەرچوە و هەر چەندە ڕەوشەکە زۆر گۆڕاوە هەم لە باری ئابووری و هەم نرخی دراویش، حکومەتی بەغدا دوای ئەوەی یەک دوو هەموار کردنی خستە سەر ئەم یاسایە بەتایبەتی یاسایی(٢٥)ی ساڵی ١٩٩٦ کە حکومەتی عێراق دەریکردووە لای ئێمە پابەندی نییە بەو

هەموار کردنانەی حکومەتی ناوەند، هەموو خەڵک یاساناس نین، هەموو خەڵکی ئێمە ئەو وەعیەیان نییە کە بزانن ئەوەی لە مەرکەز دەرئەچێت لێرە دوای راپەرین و دوایی دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێمە پابەندنین بەو یاسایانەوە، جا یاخود یاسای تر دەرئەکەین یا هەمواری ئەوەی کۆن ئەکەین هەموو کەس ئەو وەعیەی نییە لەوانەیە لەگەڵ هەندێ مەسائیلی تر کە رۆژانە روو دەدەن جۆرە گرفتێک پەیدا ببێ پێشنیاری پێش ئەوەی تۆ ئەوەی کاک کانەبی ئاغا لەوانەیە ئەو خۆی لە خۆی دا پێویستی بەو روونکردنەوە بێت بۆ تەفسیر کردنی هەندێ مەسائیل بۆیە باوەڕ ناکەین هیچ گرفتێک هەبێت لە رێنمایی، وا بزانم جەنابی سکرتێر تێبینیەکی هەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەموو کەسێک ئەزانێت رێنمایی پاش ئەنزیمە دێت مەبەستی رێنمایی راڤە کردنە و ئاسانکاری ئیجرائاتی جێبەجێ کردنە هیچ زیانێکی تێدانیە ئەگەر بێت و دەسەڵاتی دەرچواندنی رێنمایی بە وەزیری دارایی بدەین مەبەستی ئەوە ئاسانکردنی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارەیە، دوو، روونکردنەوەی هەر نادیارێک بێ لە ناو ئەو یاسایە دا، من ئەزانم خاڵێکی تر هەیە سەبارەت بە خەڵکی تر ئەوەی لە یاسا نادیارە(غامض)ە باسی یاسای ایجاری عقاری ژمارە(٨٧) نەکرایە پێویستە لە رێنمایی روونی بکەنەوە پاش ئیلغا بوونی ئەو بڕیارە هەر (دوو لایەن) خاوەن موڵک و کرێ گرتە ئەگەر لەسەر یاسای کۆن سەبارەت بە لیژنەی یاسا دەقی لەسەر ئەو خاڵە نەکردیە چونکە سەبارەت بە یاساناسەکان شتێکی بەدیهییە بەس سەبارەت بەوەی کە یاساناس نەبێت لەوانەیە شتێکی زۆر روون نەبێت پێویستی بەروونکردنەوە بێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەگەر چ تێبینی تر نییە، ئەم ماددەیە ئەخەینە دەنگدانەوە ماددە پێنج کێ لەگەڵە؟ سوپاس..... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

المادة السادسة:على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددە شەش چ تێبنیەک نییە لەسەر ئەم ماددەیە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاستان ئەکەین .... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

المادة السابعة:ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره و ينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددە حەوت، چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس .... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕایی دەنگ پەسەند کرا وەکو بڕیار ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس .... کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕایی دەنگ بڕیارەکە پەسەند کرا سوپاستان ئەکەین، جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان، لەڕاستیدا هەر یاسایەک کە دەرئەچێ بۆ ئەوەیە کاروباری هاوولاتیان ڕێک بخات بۆ ئەوەی بەڕێوەبەردنی ئیش ڕێک بخات، بۆ ئەوەیە خزمەتی هاوولاتیان بکات، وە دەرچوونی ئەم بڕیارە کاتی خۆی بۆ ئەوە بووە کە بە چاکترین ڕێگاو بە شێوەیەکی عادیلانەتر کاروباری کرێ و کرێچی ڕێک و پێک بکرێ، بەشێوەیەکی تایبەتی لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە دەرکەوت کە بەو شێوەیە ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکرێت لە بارودۆخی ئێستادا تەنیا زیان بە هاوولاتێکی زۆر ئەگەیێنێ وە زیان بەتایبەتی بە گروپێکی وا ئەگەیێنێ کە ژمارەیان یەکجار زۆرە بێگومان لەناو بازاری کوردستاندا لەوانەیە لایەنێک هەبێ لێرە قازانج بکا یان جۆرە عەدالەتێکی پێ بگات لە ڕێگای جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەوە بەڵام ئەمە لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان ئەنجامەکەی بەشێوەیەکی تایبەتی بەسلبی گەرایەوە چونکە وەکو خۆمان ئاگادارین زۆر شت ئەکرێ کە لە پشتی یاساوەو لە پشتی بڕیارەکانی تەشریعی و تەنفیذیەوە ئەکرێ، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چاکی زانی کە ئەو یاسایە هەڵبوەشێنێتەوە وە یاسایەکی بەدیلی بۆ دابنێ کە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک تر مەسەلەی بە کرێدان و عقارات ڕێک بخات لێرەدا من سوپاسی پەرلەمانی کوردستان دەکەم کە هەر چەندە ماوەیەکی زۆری پێچووە کە ئەبوایە زووتر ئێمە ئەم بڕیارەمان هەڵبوەشاندبایەوە بەڵام ئەمڕۆ کە گەیشتینە ئەنجامی ئەم بڕیارە و هەڵوەشێندرایەوە ئەتوانین دەستمان کراوە بێت ئێستا بەشێوەیەکی باشتر بتوانین خزمەتی هاوولاتیان بکەین وە ئەگەر لەم لاو لەولا بە هۆی ئەم بڕیارەوە هەڵەیەک کرابێ چارەسەری بکەین لەبەر ئەوە دووبارە سوپاستان ئەکەم و هیوام سەرکەوتنتانەو هەر بژین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان سوپاسی ئێوەش ئەکەین لە دەوڵەمەند کردن و لە بایەخدانتان بە و پرۆژەیەو بۆ ئەم بڕیارەی کە ئەمڕۆ وەرتانگرت لیژنەی یاسا سوپاسی ئێوەش ئەکەین.

خاڵی سێهەممان: لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ جەنابی وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری جەنابی د. شەفیق تۆفیق قەزاز گەشتێکی کرد بۆ دەرەوەی ولات وەلەوێ چاوی کەوت بە

کۆمەڵێک دام و دەزگا نێو دەوڵەتیەکان وە کۆمەڵێک کەسایەتی کە دوور یان نزیک پەیوەندیان هەیە بەکێشەی ئێمەوە وەلەو ماوەیەش بێگومان کۆمەڵێک شتی نوێ یاخود بابەڵێین هەندێ رووداو هاتە کایەوە کە هەندێکی بەتەئکید پەیوەندیدارە بە بڕیاری(٦٨٩)وە.

ئەگەر بەڕێز وەزیری مرۆڤایەتی باسێکی ئەو گەشتەمان بۆ بکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی سەبارەت بە بڕیاری ٩٨٦وچی تازە هەیە، لە ڕێگەی ئێوەشەوە خەڵکی کوردستانی لێ ئاگادار بکاتەوە، دوای ئەوە دەرگای پرسینیش دەکرێتەوە واتە ئەو ئەندامانەی کە پرسیاریان هەیە بەگوێرەی تواناو کات هەر چی پرسیارێکتان هەبێت لە جەنابی وەزیر کە پەیوەندیدار بێت بەو بابەتەی کە بۆی هاتووە، ئەوا جەنابی وەزیر وەڵامی دەداتەوە، جا ئەگەر جەنابی وەزیر تەشریف بێنێتە سەر سەکۆ، ئەوە جاری دووەمە ئەو دانیشتنەمان دواخست، ئێمە داوای لێبووردن لە جەنابی وەزیر دەکەین، چونکە بەدەستی ئێمە نەبوو.

**بەڕێز شەفیق قەزاز/وەزیری هاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر سوپاسی ئەنجوومەن دەکەین کە داوای لێکردین بۆ ئەوەی سەبارەت بەو سەردانەی کە لەم دواییەدا کردمان بۆ دەرەوە، چەند شتێک روون بکەینەوە، هیوادارین جێگەی پەسەندی و ڕەزامەندی هەموو لایەک بێت، وابزانم دووەم یان سێیەم جارە بە خزمەتتان دەگەین، هەردەم پێخۆشحاڵین کە ئەگەر بتوانین لە ڕووی ڕوونکردنەوە، یاخود ئاگادارییەوە ئەوەی کە ڕوو دەدات، چی لە وەزارەتی خۆمان، یا لەسەر بەرنامەی ٩٨٦ بە ئێوەی بەڕێزی بگەیەنین ، ئێمە زیاتر ئەمڕۆ تیشک ئەخەینە سەر ئەو سەفەرەی کە لەم دواییەدا کرا، ئەوەی ڕاستی بێت لێرەوە کە من چوومە دەرەوە ئەمە بەرنامەیەکی بۆ ڕێک نەخرابوو، تەنانەت شتێ بوو کە بەڕێکەوت هات، چونکە هەندێ بڕیارو هەندێ جموجۆڵ لە دەرەوە هەبوو بەرامبەر بە بەرنامەی ٩٨٦، کە ئێمە ئاگادار کراین تەنانەت من خۆم لە ئینگلتەرا بووم، کە کاک مەسعود ئاگادری کردمەوە، کە پێویست بوو بچین لە واشنتۆن و لە نیویۆرک و لە لەندەن، بەتایبەتی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوانەی، کە پەیوەندیدارن بیان بینین، ئەم چوونەش بریتی بوو لە وەفدێکی هاوبەش لەگەڵ یەکێتی دەسەڵاتداری سلێمانی، ئەوەی کە توانیمان بیکەین یەکەم ئامادەکردنی یاداشتنامەیەک بوو، کە ئێمە هەتا ئێستا چەند جارێک یاداشتنامەمان داوە، بەڵام ئەمەیان بۆ چەند خاڵێکی دەستنیشان کراوبوو، ئەو شتانەبوون کە ورژێنرابوون، لەوەوپێش ئێمە پێویست بوو بچین بەرگری لێ بکەین، یاخود وەڵامی خۆمان بدەینەوە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی پێویستە ئاگادارین، بەنیسبەت یاداشتنامەکەوە ڕۆژی ١١/ مارتی ١٩٩٩ ئێمە وەکو گوتم بە وەفدێکی هاوبەش چووینە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک، لەوێ توانیمان ژمارەیەک لە کارمەندان و کاربەدەستانی بەرنامەی ٩٨٦و هەروەها ئەوانەی کە بەشدارییان کردووە لە سێ لیژنە کەوا دانراوە لەم دواییەدا یا ئەم سێ لیژنەیەش بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دانراون، کە

لێکۆڵینەوەیان هەیە لەسەر سێ بابەت هەرچەندە یەکێکی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبوو، ئەوانەش یەکێکیان باسی چەکەکان ومەسەلەی یونسکۆم و ئەوی تریان مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی گیراوە کوێتیەکا بوو، سێیەمیان کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئێمەوە هەبوو، ئەوەیە لەسەر مەسەلەی مرۆڤایەتی، بەتایبەتی بەرنامەی ٩٨٦ ئەو یاداشتنامەیەی کە ئێمە دامان ئەتوانم بڵێم لە چەند خاڵێکدا کە بە ئێوەی بەڕێزی بگەیەنم ئێمە ئەوەی کە باسمان کردووە، یەکەم بەنیسبەت ئەو لیژنەیەی کە دانراوە، ئەو لیژنەیەش بریتییە لەوەی کە سەر بە باڵیۆزی بەرازیلییە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، هەرچەندە ئەوە سەرۆکایەتی هەرسێ لیژنەکەی کردووەو ئێمە توانیمان بیان بینین، دوو خاڵی سەرەکی کە باس کرابوو ئێمە مەبەستمان بوو بچین بۆچوونی خۆمانیان پێ بگەیەنین، یەکەمیان بیستمان کە داوا کرابوو کە بەشی کوردستان لە (١٣٪ ـ ١٥٪) دانراوە لە فرۆشتنی پارەی نەوت لە بەرنامەی نەوت بە خۆراک وایان بەچاک زانیوە پێداچوونەوەیەکی لەگەڵدا بکرێت، بەڕادەیەک کەم بکرێتەوە گوایە لەسەر بنچینەی ئەوەی، کە ئەگەر بەراوردێک بکرێت بە ژمارەی دانیشتوانی ئێرەو ناوەندو باشوور، بەشی کوردستان زیاترە لەوەی کە هەقە بیدرێتی، ئەوەی ڕاستی بێت لەلایەن فەرەنساوە، خرابووە ڕوو لە هەندێ لایەنی تردا وا دیاربوو پشتگیری کرابێ، بەڵام وەکو بۆمان دەرکەوت کە ئەو پشتگیرییەی نەبوو.

خاڵی دووەمیان ئەوەبوو وەکو ئاگادارن حکومەتی عێراق دەسەڵاتی پێ دراوە بەپێی بڕیاری ٩٨٦ کە هەموو کەرەستەی خواردەمەنی و دەرمان بکڕێ بۆهەموو عێراق لەبەغداوە، ئەوەش پێویستی ئەوەی کردووە کە دوو حیساب بکرێتەوە حیسابێکیان بەناوی ١٣٪ کە، بەشەکەی ئێمەیە، حیسابەکەی تر بەناوی ٥٣٪ کە بەشی ناوەندو باکوری عێراقە، کە حکومەتی ناوەند خۆی پێی هەڵدەستێ، هەموو جارێک کە خواردەمەنی یان دەرمان دەکڕدرێ بڕێکی زۆر دەگرێتەوە حکومەتی بەغدا ئەو پارەیە دادەنێ و وەرەقەی ئیعتیمادی بۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی خواردەمەنییەکە بێت، هەتا ئێستا بەو شێوەیە ڕۆیشتووە، کە تاکو ئەو خواردنە، یان ئەو دەرمانە، نەگاتە کوردستان ئێمە گواستنەوەی ئەو پارەیە، یان ئەو قەرزەی لەسەرمانە لە حیسابی ١٣٪ ناچێتە سەر ٥٣٪ کە ئەوەی چۆن بۆ ئێمە دەرخراوە بە بەڵگەو بە ژمارەو هەموو شتێک لەلایەن «بنو سیڤان» کە سەرۆکی گەورەی ئەم بەرنامەیەیە لە نیویۆرک دەرکەوت، کە پارەیەکی زۆر بۆ ماوەیەکی زۆر ئەمێنێتەوە، کە لەڕووی حیسابات و لە ڕووی داراییەوە شتێکی ڕاست نییەو دەبێ ئەمە زووتر بگوازرێتەوە بۆ سەر حیسابی «٥٣٪» کە هینی عێراقە، بێگومان ئەمە لەوەیان هەرچەندە شتەکە بەڵگەیەکی تیا هەیەو پێویستە دەستکارییەک بکرێت، بەڵام ئێمە چەند شتێکمان باسکرد یەکێک لەوانە ئەمەبوو کە ئێمە ئەمەمان بە دەستەوەیە، واتە بەڕاستی وەکو چەکێک وەکو لەزمەیەک لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەمانە بۆ سبەینێ بۆ ئەوەی ئەوان نەتوانن دواکەوتن یاخود کۆسپ، یاخود شتێ بخەنە ڕێگەی ناردن و کڕین و شێوەی ناردنی دەرمان و خواردن بۆ کوردستان، بێ گومان وەکو دەزانن خواردن کە دێ بۆ ئێرە،ڕۆژانە دەگوێزرێتەوە، هەروەها ئێمە لە

مەسەلەی دەرمان و مەسەلەی W.H.O ئەمانە هەندێ کێشەمان هەبووەو هەیە لەبەر ئەوە ئێمە تۆزێ بە وریاییەوە بۆ ئەم بابەتە چووینەو داوامان کردووە بەشێوەیەکی تێکڕایی ئەم گرفتە چارەسەر بکرێت، بەڵکو هەندێک پابەندی بمێنێتەوە، کە ئێمە بتوانین سبەینێ ئەگەر کاریگەرییەکی سلبی هەبوو لە لایەن بەغداوە بەرەنگاری ببینەوە، تەنانەت بەڵێنی ئەوەمان پێدرا.

ڕای یەکەم وابوو کە بە تێکڕایی هەموو ناکرێت، لەوانەیە لە پێشەوە بۆ مەسەلەی خواردەمەنییەکە بیکەن ئەویش بەنیسبەت ١٠٠٪ کە ئەو پارەیە وا زوو ناگوێزرێتەوە، واتە وەکو تاقیکردنەوەیەک ئەکرێت، بەڵام ئەبێت ڕادەیەک لەو مەسەلە ئەنجام بدرێت، چونکە ئەو پارەی ماوەتەوە بە حیسابی یاسایی وژمێرباری و ئەمانە هەق نییە ئەو پارەیە ئەوەندە بمێنێتەوە، واتە ئەوەمان بۆ ڕوون بۆوە کە لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕوانی ئەوەین کە بە قۆناغ ئەوە بکرێت، هەتاکو من داوام لێکرد بەڵێنی ئەوەی دا گوتی: ئەگەر هاتوو دوا ڕۆژ خەلەلێک لەم مەسەلەیەدا دروست بوو کەوا ئەوان ئەمەیان کرد بەدار دەستێک بە دەستیانەوە بوو بۆ ئەوەی ناردنی خواردن و دەرمان دوابخەن، یاخود کۆسپێک بخەنە ڕێگەی، یاخود شتێکی لێ بکەن، ئێمە واتا نەتەوە یەکگرتووەکان دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێت جا ئەو ئیجرائاتە ڕابگرن، بێگومان لەسەر بنەمای ئەو قسانە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە ئێستا ئەو کۆبوونەوانەوئەو لیژنانە بەردەوامن لە ئیشی خۆیان، شێوەیەک لەو بڕیارە وەردەگیرێت و بەڕاستی کاریگەری نابێت لەسەر حیساباتی مەسەلەی ئێمە، چونکە ئەو پارەیە ئەبێت لەو حیسابەدا هەبێت و سەرەنجام هەر دەبێت بگوازرێتەوە بۆ حیسابی «٥٣»، چونکە وەکو قەرزێک وایە لەسەریان.

خاڵی دووەم ئەوەبوو کەوا باسم کرد کە داوا کراوە ١٣٪ کەم بکرێتەوە، بێگومان ئێمە لەسەر ئەمە بۆچوونێکی زۆر دوورو درێژمان هەبوو، تەنانەت من پێم گوتن: چەند جار کە هاتووینەتە ئێرە لەسەرەتای بەرنامەی ٩٨٦ـەوە ئێمە نەک هەر داوامان کردووە، کە «١٣٪»کە بپارێزرێت، بەڵکو داوای ئەوەمان کردووە ئێمە هەقی «١٥٪»کەمان هەیە، وەختی خۆی ئەنجوومەنی ئاسایش هەڵبەت بەڵگەیەکی هەبووە کە ١٣٪ تا لە ١٥٪کە نابێت دەستکاری بکرێت، بەڵکو ئەبێت بۆمان بکەنە لە ١٥٪ ئێستاکە لایەنێک هاتووە، یان لایەنێکی تر دەیەوێت کەمی بکاتەوە، ئەمە یەکەم بەڵگەیەکی نییە، دووەمیش ئێوە نابێت سەیری هەر ژمارەو نیسبەت و شتی وابکەن، باری کوردستان چ لە ڕووی ئەو وێرانکاری و تێکدانەی بەسەریدا هاتووە، لە ماوەی «١٥ـ٢٠» ساڵ لەمەو پێش ئاکامی ئەم وێرانکاری و خراپەکاریەی کە بووە هۆی ئەو پێداویستیانەی کە هەیەتی زۆر زۆر جیاوازە لە بەشەکانی تری عێراق، لەبەر ئەوە ئێمە ڕامان وایە نەک هەر بەو بەرنامەیەو بەو میقدارەی فرۆشتنی نەوتەی کە ئێستا ڕەچاو دەکرێت، نەک هەر بە (٤و٥) فێس کەوا ئێستا لە ئارادایە، بەڵکو ئەتوانم بڵێم بە (٢٠ـ٣٠) فێسی تریش ئەو خەساراتەی کە دراوە نایەتەوە جێی خۆی، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئێمە باسی ئەوەمان کردووە، من حەز دەکەم

ڕوونیش بێتەوە، بێگومان لە فێسی چوارەمی بەرنامەی «٩٨٦»ـەوە بڕیارێک درا کەوا پارەی فرۆشتنی نەوت زیاد بکرێت، لەوەوپێش بە میقداری دوو ملیارد یاخود دوو بلیۆن دۆلار نەوت ئەچووە دەرەوە، ئێستا بڕیارەکە وای لێهاتووە کە لە میقداری (٥,٢) ملیار بڕوات، بێگومان ئەمە بڕیارێکە هەیە، بەڵام ئەمە جیاوازە لەوەی کە لە ئەنجامی هەموو فێسێکدا ئایا چەند پارە دێت لەو نەوتەی کە فرۆشراوە؟ ئەوەی تا ئێستا ئێمە بۆمان دەرکەوتووە، لەهیچ یەکێ لە فێسەکانی چوارو پێنجدا کە ئەم زیادەیە دەیانگرێتەوە، عێراق نەیتوانیوە ئەو نەوتەی کە پێویستە بینێرێتە دەرەوە، تەنانەت لە فێسی چوار جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو لەگەڵ فێسی «١و٢» کە ئێمە بە بڕی (٢٦٠) ملیۆن دۆلار پارەمان لەو فێسانە وەرگرتووە، «کە ئەڵێم وەرمان گرتووە» بێگومان پارە نایەت بۆ کوردستان، ئەمانە دەدرێت بە کەلوپەل و بە شت و لەو سێکتەرانە خەرج دەکرێت، کە بڕیاری لەسەر دراوە، لەبەر ئەوە ئێمە گوتمان تکا دەکەین ئێوە سەیری ڕێژەکە مەکەن، تۆ ئەگەر سەیری ڕێژەکە بکەی تەماشا دەکەی دەڵێی؛ ئەمە ئەگەر «٥,٢» ملیار نەوت بفرۆشرێت بەشی کوردستان ئەبێتە «٥٥١» ملیۆن بۆ «٦» مانگ ئەمە پارەیەکی زۆرە، بەڵام تا ئێستا ئێمە نەبووینەتە خاوەنی ئەم پارەیە، تەنانەت من خۆم و برادەرانیش کە پەیوەندیدارین بەم مەسەلەیەوە هیچ کات وای بۆ نەدەچووین، تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکان خۆیشیان لێرەو لە دەرەوەش تا ئێستا لە فێسی پێنجەمیشدا، لەوانەیە شەشەمیش «کە لەوانەیە» بڕیاری بۆ بدرێت، چاوەڕوانی ئەوە ناکەن کە ئێمە «٥٥١» ملیۆنمان بۆ بێت، لە فێسی چوارەمدا «٤٥٢» ملیۆن بڕیار درابوو ئێمە لە ژێرەوەی «٣٠٠»مان بۆ هات لە فێسی پێنجەمدا من وای بۆ دەچم لەوە باشتر بێت، لە فێسی شەشەمدا کە ئێستا داواکراوە ئێمە لەسەر بنچینەی «٥٥١» ملیۆن بیکەین، بەڵام تۆ حیساباتی خۆت لەسەر بنچینەیەک دەکەیت لە دواییدا چەندت بۆ دێت، ئەمە دوو شتی زۆر جیاوازن لەبەر ئەوە پێویستە ئەمە ڕوون بکرێتەوە، بێگومان ئێمە لەو یاداشتننامەیەدا باسی زۆر لێک شتی ترمان کردووە، باسی ئەوەمان کردووە، کە ئەم لیژنانە لە هەرێمی کوردستان دادەنیشن کە دەسەڵاتێ هەیە و حکومەتێک هەیە، نوێنەرایەتی «٣,٥»سێ ملیۆن و نیو چوار ملیۆن کەس دەکات زۆر پێویستە دەنگیان وە بۆچوونیان بگاتە ئەو لیژنەیە، کەوا دادەنیشێ بڕیار لەم کارە سەرەکییانە دەدات و ئەبێ ئێمە ئاگاداربین، تەنانەت دوو شتمان لێ داواکردن ئەم یاداشتننامەیەی کە نووسراوە دابەش بکرێ بەسەر هەموو ئەندامان، واتە هەر «١٥» ئەندامەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش، وای بۆ دەچم هەموو پێیان گەیشتووە، هەروەها ئێمە ڕێگەمان بدرێت کە ئاوا بەرەو ڕوو بتوانین لەگەڵ ئەو لیژنەی مرۆڤایەتییەدا دابنیشین بۆ ئەوەی ئەو قسانەی کە پێمانە بیکەین، بەداخەوە هەفتەیەک زیاتر چاوەڕێمان کرد، بەڵام ئەوەیان جێبەجێ نەبوو، بەڵام لەم سەردانەدا ئێمە چووین هەندێ کۆمەڵێ زۆر باشمان بینی، لەوانە دەتوانم بڵێم باڵیۆزی هۆڵەندا کە سەرۆکی لیژنەی سزای ژمارە «٦٦١»ە نوێنەری باڵیۆزی بەرازیلی کە سەرۆکی هەموو لیژنەکانە دانیشتنێکی باشمان لەگەڵ ئەواندا کرد، نوێنەری کەنەدامان بینی، نوێنەری

بەریتانیامان بینی، لە بەختی ئێمە نوێنەری ئەمریکا ئەو ڕۆژە نەخۆش کەوتبوو لەبەر ئەوە نەمان توانی بیبینین، بەلاّم لە کۆتاییدا لە واشنتۆن توانیمان کاربەدەستانیان ببینین، نوێنەری مالیزیامان بینی، بالّیۆزانی هەندێک لە ولاّتانی تریشمان بینی، دووبارە بە داخەوە، ئێمە داوامان کرد لە ڕوسیاو فەرەنساو چین، وا دەزانم جاری پێشوو کە چووین چین نەیبینین، ڕوسیاو فەرەنسا ئێمەیان دی و لەگەلّیان دانیشتین ئەمجارە نەیان گوت نەء، بەلاّم نەشمان دیتن، ئیتر بۆخۆتان حیسابی بۆ بکەن... کات نەبوو بیان بینین، وەلاّمیان نەدواینەوە «طبیعی بە ایجابی» ئێمە نەک هەر باسی بریاری ٩٨٦مان کردووە، بەلاّم وەکو پێشینەیەک بۆ ئەو بابەتە باسی سیاسەتی بە عارەب کردنمان کردووە، باسی ئەوەمان کردووە کە ئەمە شتێکی بەردەوامە، لە زۆر لەو جێگایانەی کە ئێستا لەژێر کۆنترۆلّی حکومەتی ناوەندیدایە، باسی مەسەلەی پاراستنی هەرێمی کوردستانمان کردووە، کە ئەمەش پەیوەندییەکی بە بریاری ٦٨٨ـەوە هەیە، باسی ئەنفال و هەلّەبجە کراوە، باسی ڕێکخراوە ناحکومییەکان واتە (NGO) کان کراوە، کەوا ئێمە مەبەستمانە، لەوەوپێش کارێکی باشیان کردووە، وە ئەمانەوێت بەشێوەیەک داخلی بەرنامەو پیادەکردنی بریاری ٩٨٦بین، وە باسی بریاری ٩٨٦مان کردووە، شێوەی هاوکاری کە پێویستە بەردەوام باشتر بکرێت لە حکومەت و دەزگاکانی حکومەت ئەو تەلاشەی کە هەیە لە ناوەندەوە بۆ گەڕانەوەی کۆنترۆلّ بۆ خۆیان لە ڕێی هەندێ شتەوە، کە ئێمە لەم چەند مانگەی داوییەدا هەستمان پێکردووە، تەنانەت کە باسی ئەمەمان کرد، هەندێ لە وەفدەکان خۆیان هەندێ لەو ئەندامانەی ئەنجوومەنی ئاسایش بە باشیان زانی کە ئێمە بتوانین زیاتر بە درێژی بە خالّی دیاری کراو بچینە ناوەڕۆکەوە، ئەنجامی ئەوە ئێمە وەکو چۆن ئەلّێی تەواوکەرێکی یاداشتنامەکەمان دانێ، کە بە دوورو درێژی خالّەکانی دیاری کراوە وە ئەمەش دووبارە دابەش کراوە بەسەر هەموو ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بێجگە لە ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایش، ئێمە هەندێک لەکارمەندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانمان دیت، کە خۆیان لەو سێ لیژنەیەدا بەشدارن بێگومان ئەمە شتێکی پێویستە، چونکە ئەوانە هەندێ ئیشی ڕۆژانەی لیژنەکان دەکەن هەروەها وەکو گووتم باسی ١٣٪ و ١٥٪ کەمان لەگەلّدا کردن، بێگومان یەکێ لەو شتانەی کە زۆر دیاربوو، ئێمەش ئەتوانم بلّێم زمانمان سواوە ئەوەندە باسمان کردووە، مەسەلەی کڕینەوەی گەنم بوو، ئەتوانم بلّێم کە ئێمە خەبەرمان وەرگرتووە دوای ئەوە تەنانەت من خۆم گەڕامەوە لە ئینگلتەرا بووم کە خەبەرمان بۆهات کەوا بەچاوێکی زۆر ئیجابی ئەم بابەتە سەیر دەکرێت، لەوانەیە بریاری بۆ درابێت کە گەنمەکەمان لێ بکڕنەوە، بەلاّم ئەمەش بەختی کوردە لەمەیاندا لەسالّێکدا لەوەرزێکدا بریارەکە دەردەچێت، کە ڕەنگە ئەوەندەمان نەبێت، بتوانین پێیان بفرۆشینەوە، بەلاّم ئەمە لە ڕاستیدا لە بایەخ و گرنگی بریارەکە کەم ناکاتەوە، جووتیارانی کوردستان هەر بەردەوام دەبن بێگومان ئەو بریارە، کە دەرچوو هاندەرێکی باش دەبێت گەر بۆ ئەم فەسلّی حاسلاّتە نەبێت بۆ وەرزێکی تر ئەبێت، لەبەر ئەوە ئێمە ئەگەر ئەو بریارەمان هەبێت وائەزانم سەرکەوتنێکە بۆ ئێوەو بۆ خەلّکی کوردستان وەئینشالّلا هەرواش دەبێت.

دەتوانم بڵێم کرۆکی چوونەکەی ئیمە بوو هەروەها توانیمان هەندێ لە کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە واشنتون هەروەها وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە لەندەن ببینین، بێگومان پشتگیری ئەمانە وەکو دوو ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش شتێکی گرنگە هەندێ بۆچوونمان هەیە کە ئەوان زیاتر شارەزان بەراستی ئەوان تێگەیشتنێکی چاکیان هەبوو لەسەر ئەو مەسەلانە و، ئێمە بەدەست توانیمان یادداشتنامەکە بەوانیش بدەین و، بەڵێنی ئەوەیان پێدایین کە پشتگیری ئەوان بۆ ئەو خاڵانەی کە ئێمە باسمان کردووە بۆ یادداشتنامەکەو بۆئەو بۆچوونانەی کە هەمانە بەردەوام بێت لە هەمان کاتدا لە لەندەن چاومان کەوت بە یەکێک لەوانەی کە بەراستی دۆستێکی دڵسۆزی کوردە، کە وابزانم ماوەیەک پێش ئێستا هاتە لە پەرلەمانی کوردستان کە ئەویش (تۆم کلارکە) کە خۆم دوو سەعات لەگەڵیدا دانیشتم لە پەرلەمان و، زۆر گوێڕایەڵ و زۆر بەجدیەوە قسەکانی وەرگرتین و، هەر هەمان رۆژ لە پاش ئەوە کە لەگەڵ ئێمەدا دانیشت پاش نیوەڕۆ چووبوو چەند پرسیارێکی لەسەرۆک وەزیرانی بریتانی کردبوو سەبارەت بە بەردەوامی پاراستنی کوردستان و، ئەم شتانە وابزانم ئەگەر ئێمە بەردەوام بەرەوپیلییەوە بچین و بەسەری بکەینەوە هەم ئەم دۆستانە زیاد دەبن و، هەم دەنگیشمان دەگاتە ئەو خەڵکەی کە لەدەرەوەن دەتوانن لە لایەنی رەسمی و نارەسمی و نەتەوەیەکگرتووەکان وجێگای تر پشتگیریمان بکەن و، ئەو بۆچوونانەی کە هەمانە بیسەلمێنن.

ئەمە بە شێوەیەکی تایبەت لەسەر ئەو چوونەمان بوو بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام چەند خاڵێکی تر هەیە کەوا هەر پەیوەندیدارە بە بریاری (٩٨٦)ەوە من حەز دەکەم باسی بکەم. تا ئێستا ئێمە بەرەسمی پێمان رانەگەینراوە کە فەیسی شەشی (٩٨٦) بریاری لێ دراوە، بەڵام لەوە دەچێ کە بریاری بۆ بدرێت. فەیسی پێنچ رۆژی (٥/٢٤) بەرەسمی تەواو دەبێ، واتا دەبێ پێش ئەوە ئەنجوومەنی ئاسایش بریارێک بدات کە فەیسی شەش دێتە کایەوە. وەکو وتم نیمچە داوایەکیشمان لێ کراوە ئێمە رۆژی (٣)ی مانگ دانیشتمان هەیە لەگەڵ یەکێتی کە باس لەمانە بکەین و، هەندێ پارەی تر کە هاتووە لەسەر ئەم فەیسانە دابەش بکرێت بەردەوام بە شێوەی دەوری ئەم کۆبوونەوانە هەیە کە دادەنیشین بێگومان دەزانن بەرنامەی (٩٨٦) بریتییە لە (٩) یان (١٠) سێکتەر واتا «١٠» کەرت کەوا هەموو روخسارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژێرخانی ئابووری و ئەمانە دەگرێتەوە و، لەسەرئەوانە دادەنیشین پاش ئەوەی گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر دەکرێت ئەو پارەی کە هەیەو لەبەردەستدایە بەسەر ئەمانە دابەش دەکرێت و ئەدرێتە نەتەوەیکگرتووەکان و ئەوانیش دەیگەیەنن بە نیویۆرک و ئیتر ئەو شتە دەبێت بە داڕێژراوێک لە چوارچێوەی فەیسی تازە کەوا ئێستا ئەگەر بریاری بۆ بدرێت لە فەیسی شەشەم دەبێت.

ئەوەی راستی بێت تا ئێستا من ئەوەی کە لەلام بێت و بەبیرمان بێت کە بتوانین ئەمرۆ باسی بکەین ئەمانە بوو، زۆر سوپاستان دەکەم و، ئامادەشم ئەگەر تێبینی بێت پرسیار بێت لێکۆڵینەوە بێت هەر شتێک بێت وەڵامی بدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر بۆ ئەو باسەی ئێستاش ئەو برادەرانەی كە پرسیاریان لە جەنابی وەزیر هەیە با ناونووسیان بكەین.

ئەوانەی كە ناونووس كراون بۆ پرسیار، (كاك د.رزگار، شێخ یەحیا، كاك عەبدولخالق، كاك سەفەر، مەلا هادی، كاك ئیبراهیم سەعید، سەعید یەعقوبی، شێخ جەعفەر، ئەمین مەولود، مەلا مەحمود، كاك جەوهەر شاواز، كاك رەجەب، كاك حوسێن). تكایە ئەو پرسیارەی كە دووپات دەبێتەوە یان برادەرێكی تر دەیكات، ئەوەی تر نەیكات بۆئەوەی دووبارە نەبێتەوە.

فەرموو د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاسی رێزدار وەزیری یارمەتی و مرۆڤایەتی دەكەین كە تەشریفی هێنا بۆ پەرلەمان ئەو خستەڕوانەی هەیە لەسەر بڕاف و بۆچوونی ئەوان كە هەوڵ بدەن بڕیاری (٩٨٦) بەباشترین شێوە بەجێ بهێنرێت بۆ قازانجی میللەتی كوردی ئێمە لە كوردستاندا. من لێرە چەند روونكردنەوەیەك و پرسیارم هەیە كە لە وەزیری مرۆڤایەتی بكەم بۆئەوەی زیاتر مەسەلەكە روونتر بێتەوە.

یەكەم پرسیارم لەسەر فەیسەكانی یەك و دوو و سێ و چوارو پێنچە، بێگومان جەنابی وەزیر باش دەزانێ كە كەڵەكەبوون (تراكمات) لەناو ئەو فەیسانەدا هەیە ئەوانیش كەڵەكەبوونی مادی و دارایی كە لەناو ئەو فەیسانەدا كراون، تا ئیستا لە (١٠٠٪) جێبەجێ نەكراون، بۆ نموونە فەیسی یەك و دوو سێ، تەنها (٢٦٠) ملیۆن دۆلاری گەیشتووەتە كوردستان. فەیسی چوار هەروەكو جەنابی وەزیر فەرمووی بڕیار بوو (٥٥١) ملیۆن دۆلار بێ بەشی كوردستان تەنها (٣٥)ملیۆن دۆلار گەیشتووە.

فەیسی پێنچەم كە بڕیار بوو (٤٥٢) ملیۆن دۆلار بگاتە كوردستان، تەنها (٣٠٠) ملیۆن دۆلاری گەیشتووە.

پرسیارەكەم لێرە لە جەنابی وەزیر ئەوەیە: ئایا ئەو تەراكوماتە هەیەو،ئەو بڕە پارە زۆرانەی كە ئێمە پێویستیمان پێی هەیەو بۆ ئێمە تەرخان كراوە، ئایا چ هەوڵدراوە بۆئەوەی ئەو پارانە بۆ فەقیرو هەژارانی كوردستان خەرج بكرێت؟ یان بۆ ژێرخانی ئابووری خەرج بكرێت؟، یان بۆ بڵندكردنی ئاستی ژیان؟، ئەمە وەكو پرسیارێكە لە جەنابی وەزیر.

جەنابی وەزیر باسی كرینی دەغلودانی كرد لە كوردستان. لە راستیدا كارێكی زۆر كراوە چ لەلایەن جەنابی سەرۆك بارزانی و هەتا دەگاتە پەرلەمان و حكومەت و كەسایەتی تری نیشتمان پەروەر هەموو كاریان كردووە بۆ ئەمە، چونكە ئەمە مەسەلەیەكی ژیانە بۆ كوردستان، دوا رۆژی ژیان لە كوردستان هەرەشە لێ كراوە، لەبەرئەوە ئەگەر ئەم هەوڵانە بدرێن هەرچەندە جەنابی وەزیر ئێمەی دڵخۆش كرد بەڵام ئێمە حەز دەكەین زیاتر بێت، چونكە لێرە زۆر شت دەبێت بۆ ئێمە بۆ نموونە

تەنی گەنم لەدەرەوە دەکڕدرێت بە (٤٠٣) دۆلار کە تێچوونی یەک تەن گەنمە هەتا دەگاتە کوردستان ئێمە ئامادەین بە (١٥٠) دۆلار بیفرۆشینە ئەوان، واتا (٣/١)ی نرخی ئێستای، ئەگەر جەنابی وەزیر لەگەڵ حکومەت و لەگەڵ کەسایەتی نیشتمان پەرەوەر زیاتر کار بکەن و بتوانن دەزگا تایبەتەکان ئیقناع بکەن، ئەمە هەمووی (١٠٠٪) بە جێ بهێنرێت، هەم کولفەی تەنێک دەبێتە سێ تەن، هەم ئەمە دەبێتە هاندانیش بۆ چاندن لە کوردستاندا، جا لێرەدا داوا لە جەنابی وەزیر دەکەین زیاتر خۆی ماندوو بکات و هەوڵ بدات، چونکە ئەمە مەسەلەی ژیانە بۆ کوردستان.

پرسیارێکی تر لە جەنابی وەزیر دەکەم ئەویش لەسەر رێکخراوی هەڵگرتنەوەی مینە، ئێمە هەست دەکەین ئەم رێکخراوە دەست بڵاوی دەکات، چونکە ئەو کارانەی کە پێی هەستاون ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو پارانەی سەرف کراون لەوانەیە مرۆڤ تووشی سەرسوورمان ببێت، تەنها بۆ نموونە دەڵێم هەتا ئێستا ئەو ئامارانەی لەدەست ئێمەدا هەنە تەنها (٣٤٠) (رؤوس متفجرة) هەڵیگراوەتەوە ئەمانە چ مین بێت چ گوللە بێت یانی هەمەجۆر. تەنیا (٣٤٠) دانە هەڵگیراوەتەوە لە میانی (١٣) مانگدا، ئەگەر بێتو ئەو برە پارانەی کە لێرەدا خەرج کراوە ئەگەر بە رۆژانە حساب بکرێت ئەوا سێ چارەکی پرۆسیسی هەڵگرتنەوەی مین دەکرێت، نەک پرۆسێسەکی تەواو. واتا رۆژێ مینێک هەڵناگیرێتەوە، ئەگەر حساب بکرێت نرخی هەر یەک مین کە هەڵدەگیرێتەوە دەگاتە سەدو چواردە هەزار دینار، لەبەرئەوە ئێمە هەست دەکەین زیانێکی زۆر مەزن لە ئێمە دەکەوێت، هەژارەکانی ئێمە پێویستیان بەو پارانە هەیە، ئەو پارانە پێویستە رابکێشرێنەوە بۆ بڵندکردنەوەی ئاستی ژیان، بۆ کارەبا، بۆ چاککردنی رێگا، لە جەنابی وەزیر پرسیار دەکەین ئایا ئەو گوێ پێنەدانە لەلایەن رێکخراوەکانەوە تا کەی دەمێنێت؟.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، وەکو ئەو ئامارانەی لەبەردەستی ئێمەدایە (٢١٢) کم مین چێنراوە، باشە ئێمە چەند ساڵی ترمان پێویستە بۆ ئەوەی ئەو رووبەرە پاک بکەینەوە کە نزیکی (٢٠ ـ ٢٥) ملیۆن لوغمە لە کوردستان و، بری سەدو چواردە هەزار دینار بۆ هەر مینێک گەلێک زۆرە ئەمە یەک.

دوو، دەربارەی مەسەلەی تەندروستی ئەو زانیارانەی ئێمە لە دەزگاکانی حکومەت وەرمانگرتووە شتێکی زۆر سەیر هەیە بۆ نموونە:

لە فەیسی یەکەمدا (٢٨ر ٧٦)جۆر دەرمان گەیشتووە.

لە فەیسی دووەم: (٩ر١١) گەیشتووە.

لە فەیسی سێیەم: (٧ر٤) گەیشتووە.

لە فەیسی چوارەم: (١٩ر٠) گەیشتووە.

گەلێک دەرمانی بە ئێکسپایەری دەگات، یان هەندێکیان ماوەیەکی کورتیان ماوە بۆئەوەی ئێکسپایەر بن، هەندێ دەرمان دەگەن کە رێکخراوی جیهانی بەکارهێنانیانی قەدەغە کردووە،

بۆنموونە قەترەی (گرامایسین)ی چاو، چونکە کاریگەری هەیە لەسەر چاوی مرۆڤ بە لێکۆڵینەوەی زانستی دەرکەتووە کە کاریگەری سلبی هەیە سەرەرای دەرمانی تر. ئەو قەترەیە ئێستا لە کوردستان بەکاردەهێنرێت و بە پارەی ئەو فەقیرو هەژارانە دەکردرێت.
ئەمە پوختەیەک بوو خوازیارم لە جەنابی وەزیری هاوکاری حەزدەکەین بزانین هەوڵی ئەوان لەگەڵ وەزارەتەکانی تر چی دەکات بۆ راوەستاندنی ئەو بەفیرۆدانی پارانە؟، هەروەها داواکارین لە جەنابی وەزیر زیاتر لەسەر لایەنی کارەبا روونکردنەوە بکات، چونکە بەراستی هەستی ئێمە هەموومان وەکو هاوولاتیانی هەرێم لەوانەیە جەنابی وەزیریش لەگەڵ ئێمەدا کۆکە کە ئەمە فەیسی پێنچەم تەواو بوو و لەگەڵ ئەوەشدا هیچ هەست ناکەین کە باری کارەبا چاک بوویێت، لێرەدا ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان هیچ هەست ناکەین کە بەرەوپێشچوونێک هەبێت، بەڵکو رۆژ بە رۆژ بەرەو خراپتر دەروات بەتایبەتی ئەوە وەرزی گەرمی دەست پێ دەکات.
بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، باسی نووسینگەیەک کرا کە لە نیویۆرک بکرێتەوە کە نوێنەرایەتی میللەتی ئێمە بکات لە دانووستاندنەکاندا لەگەڵ دەزگا تایبەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بریارانە، چونکە تا ئیستا میللەتی ئێمە بێ بەشە لە ئامادەبوونی گفتوگۆکان، ئایا چارەنووسی ئەم نووسینگەیە چییە؟ و، جەنابی وەزیر چی کردووە بۆئەوەی ئەو نووسینگەیە بکرێتەوە، چونکە بێگومان پێویستە گیروگرفتەکانی ئێمە و ئاوات و داخوازی و بۆچوونەکانی ئێمە بە پەلەترو واقیعیانەتر بگەنە دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. د.رزگار.

**بەرێز شەفیق قەزاز/وەزیری هاوکاری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی د. رزگار زۆر گشتگربوو لەوانەیە هی ئەوانی تریش بگرێتەوە.
سەبارەت بە فەیسەکانی (١ ـ ٥) ئێمە دەبێ جیاوازی لە نێوان دوو شت بکەین، فەیسی یەک و دوو و سێ، برێکی دیاریکراوی نەوت فرۆشراوە کە بەشی کوردستان بە حسابی (١٣٪) دەیکردە (٢٦٠) ملیۆن ئەم پارەیە ئەوەی کە گەیشتووە، گەیشتووە، ئەوەی کە نەگەیشتووە ئەو نەوتە کە فرۆشرابێت ئێمە مافمان هەیە پێمان بگات و خەرج بکرێت بەلام هەروەکو لەیەکەم جارەوە گوتم بۆ نموونە با بلێین فەیسی چوار لەسەر ئەو بریارە ئەم فەیسە دەستی پێ کرد ئێمە بە بری (٥٥١) ملیۆن واتا (١٣٪)ی (٥ر٢) ملیار دۆلار وەربگرین، لە ماوەی شەش مانگەکەی کە ئەو فەیسی تیادایە، ئەگەر عێراق توانی ئەو نەوتە بەو مەبلەغە زەخ بکات و بفرۆشرێت ئەو پارەیە دەچێتە حسابێکەوە کە وتم دوو حساب هەیە (١٣٪) و (٥٣٪) هەر کەس بەرێژەی خۆی پێی دەگات و، ئەو پارەیە دەبێ سەرف بکرێت ئیتر لە سنووری ئەو شەش مانگە بێت، یاخود دوا بکەوێت تەنانەت من وا دەزانم لەمەو پێشیش بە جەنابتانم گەیاندووە کەوا ئێمە دەتوانین بلێین تێکرا لە

بەرنامەی (٩٨٦) واتا پیادەکردنی بەرنامەکە من بە خەملاندنی خۆم لە نێوان (١٢ـ ١٨) مانگ ئێمە لەدواوەین واتا ئەم بەرنامەیە دوا کەوتووە، هەندێکی پاساوی هەیە لەگەڵ ئەوەی بڕیاری (٩٨٦) لە مانگی (٤)ی ساڵی ١٩٩٥ دەرچوو ، بەڵام دەتوانم بڵێم ساڵی ١٩٩٧ پێش ئەوەی بەراستی فەیسی یەکەمی بەرنامەکە دەست پێ بکات، یاخود با بڵێین لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٦، بەڵام هەندێکی تریشی بێگومان ئەو کەموکوڕیەیە کە لە دەزگای پیادەکردنی بڕیارەکە بووە هەر لە نیویۆرکەوە تاکو کوردستان، تازەیی بەرنامەکە بۆ هەموو لایەک ئەمە عوزر نییە بۆیان و، ئێمە بەردەوام پێمان گوتوون، بەڵام لێرەدا مەبەستی وەڵامەکەم بۆ دکتۆر ئەوەیە، ئێمە تەنها دەتوانین داوای ئەو بڕە پارەیە بکەین کە لەو فەیزەدا دەست پێ دەکات کە بڕیارەکە دەڵێن (٢ر٥٠٥) بلیۆن ئەبێ نەوت بفرۆشرێ ئێمە ئەوەمان پێ دەگات کە لە راستیدا فرۆشراوە و، تا ئەمڕۆ لە هیچ یەکێک لەو فەیسەدا کە لەچوارە و پێنجەو ئێستاش وا شەش دەست پێ دەکات لە هیچ یەکێکیاندا ئەو بڕەنەوتەی کە نێردراوەتە دەرەوە نەگەیشتۆتە ئەو مەبلەغە، لەبەرئەوە دوو هۆکاریش هەیە کە کاریگەرییان لەسەر هەبووە یەکێکیان توانای حکومەتی عێراق بۆ دەرکردنی نەوت واتا بڕی نەوتەکە لەم دواییەدا دەرکەوت کە ئەم دامودەزگایانەی کە نەوتی پێ دەچێتە دەرەوە کۆن بوونەو پێویستیان بە هەندێ چاککردنەوە هەیە ئەمەو هەندێ پارەیان بۆ تەرخان کراوە لە بەرنامەی (٩٨٦) ئەمە یەکێک بووە لەو هۆیانەی کەنەمان توانیووە بگەینە ئەو پارەیەی کە بڕیارەکە بڕیاری لەسەر داوە.

دووەم نرخی نەوت لە بازاڕی دەرەوە وەکو ئاگادار بن تا ماوەیەک لەمەوپێش نرخی یەک بۆشکە نەوت گەیشتە (٩) دۆلار، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە و من تۆزێک گەش بینم کەوا فەیسی پێنج هێشتا ماوەتی و فەیسی شەش لەوانەیە پارەکانی زیاتر بێت، چونکە نرخی نەوت بەرز بۆتەوە بۆ (١٥ ـ١٦) دۆلار کە ئەمە جیاوازییەکی زۆرە، لەبەرئەوە فەیسی شەش ئەگەر بڕیاری لێ بدرێت و بەردەوام بێت ئومێدی ئەوە زۆر زیاترە کە پارەی فەیسی شەش زیاتر بێت لە فەیسی پێنج و چوار، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە ئێمە هەمیشە دەتوانین داوای ئەو بڕە پارەیە بکەین کە لە ماوەی ئەو شەش مانگەی فەیسەدا نەوتی تیا نێردراوە و، ئەو نەوتە بایی چەند بووە ئەوە روون کردنەوە بوو. بێگومان ئەو تەراکوماتەی کە هەیە ئێمە وەکو یاسا هەقمان هەیە، بڕیارەکەش دەڵێ ئەو پارەی کە دەمێنێتەوە دەبێ بۆ ئەم مەبەستە خەرج بکرێت کە بڕیارەکەی لەسەر دراوە واتا روخساری خزمەتگوزاری و مرۆڤی کەوا لە بەرنامەکەدا هاتووە.

سەبارەت بە گەنم من وەکو وتم ئەرکی هیچ تاقە کەسێک نییە، کڕینەوەی گەنم لە سەرەتای بەرنامەکەوە هەیە، من حەز دەکەم ئەوەش بڵێم ئێمە هەموو دەم ئەوانەمان پێگوتوون و ئەمجارەش باسیشمان کردۆتەوە کە ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان یاخود وەکو دەسەڵاتێک لە حکومەتی کوردستان لە داڕشتنی بەرنامەی (٩٨٦) لە پێکهێنانی یادداشتنامەی تێک گەیشتن (مذکرە التفاهم)، لە پێکهێنانی نەخشەی دابەش کردن ئاگادار نەبووین و پرسمان پێ نەکراوە پاش

ئەوەی ئەو بڕیارانە دراوە و زیاتریش لە نێوان ئەنجوومەنی ئاسایش و بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک کە بارەگاکەی لە نیۆیۆرکە و لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ئەمانە کراوە. لەوانەبوو ئەگەر ئێمە ئاگادار بکرابایەنەوە هەندێک لەو سەلبیاتانەی کە دوایی دەرکەوتووە لەوانەیە بمان توانیبایە خۆمانی لێ دوور بخەینەوە، بەڵام ئەوە شتێکە نەکراوە ئێمە بەردەوام ئەمەمان دووبارە کردۆتەوە، ئێستاش لەیەکەم ڕۆژەوە کە بووە تەنیا هەر کوردیش ئەم بابەتەی نەورووژاندووە، من دەتوانم بڵێم لە دەرەوە لە تەلەفزیۆن لە ڕۆژنامەکان لە ئەندامانی پەرلەمانی دەرەوە لەو ڕێکخراوانەی کە پەیوەندییان هەیە بەشێوەیەک لەگەڵ کاروباری مرۆیی و لەگەڵ بەرنامەی (٩٨٦) ئەمانە هەمووی بەشێوەیەک یان بەشێوەیەکی تر لە یەک کاتدا یان لە کاتێکی تر هەوڵیان داوە کە ئەوە دەربخەن کە ئەمە زەرەرو زیانێکی بۆ دوارۆژی بارودۆخی کشتوکاڵ لە کوردستاندا هەیە. ئێستاش وەکو وتم خۆش بەختانە لەوە دەچێ لە ئەنجامدا لە نەتەوەیەکگرتووەکان گەیشتوونەتە ئەوەی کە ئەبێ ئەمە چارەسەر بکرێت. دوایی من لەگەڵ د.رزگار نیم کە نرخی دیاری کرد، وابزانم بۆئێمە نییە ئەو نرخە دیاری بکەین کێ دەڵێ ئێمە ناتوانین (٢٥٠) دۆلار وەربگرین. ئەوە شتێکە بۆ بازاڕ عەرز دەکرێت و جووتیاران بزانن چۆن بۆیان باشە، بێگومان دەبێ ئێمە ئەو نرخە وەربگرین کە گەورەترین سوود بدات بە خەڵک و بەگوێرەی بازاڕ وەربگیرێت. سەبارەت بە (یونۆپس) لەگەڵتام کەموکوڕییەکی زۆری هەبووە و، من وا دەزانم یەکێک لەو کەموکوڕییانە ئەوەیە ڕاستە ئەوانی تریش هەرچەندە بەرەو روو کراونەتەوە هەریەکەیان بەرامبەر بە وەزارەتێک، بەڵام (یونۆپس) یەکێک بووە لەو دەزگایانەی کە بەراستی دەتوانم بڵێم بێ خاوەن لێرەدا ئیشی کردووە، بۆ نموونە (FAO) بە حکومی شێوەی کارەکەی زیاتر پەیوەندیی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ دا هەیە، (WHO) بە حوکمی کارەکەی پەیوەندیی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی هەیە، (یونۆپس) کە هاتووە هەرچەندە پێش ئەوەش ڕێکخراوی تریش هەبووە ئەمەیان تازەترە، بەڵام بەرەو رووی هیچ وەزارەتێک نەبوو ئێمە ئێستا بەرەو پیلی ئەمە چووینەوە و، ئەم ڕێکخراوە پاش ئەوەی لەگەڵ لایەنی یەکێتیشدا قسەمان کرد وا بەباش زانرا کە بەرەو رووی وەزارەتێک بکرێتەوە ئەو ئەرکە دراوە بە وەزارەتی مرۆڤایەتی لە هەردوولادا.

سێ ڕۆژ لەمەوپێش ئێمە بانگ کراین کە بچین لە دەشت شتێکیان نیشان داین لە سەرەتاو تا کۆتایی بەراستی من شەخسی خۆم زۆر سوودم لێ وەرگرت و ئەمڕۆ زیاتر لە هەڵگرتنەوەی میندا دەزانم و وەک ئەوەی لەمەوپێش دەمزانی پرسیارێکی زۆر کرا کە کۆمەڵێک کارمەند و برادەری ترمان لەگەڵدا بوون کە لە پارێزگاو لایەنەکانی ترەوەش هاتبوون و، هەندێ شتیان پیشان داین بەراستی من وادەزانم کاک د. رزگار ئێمە پێویستە هەندێ جار هەوڵ بدەین بزانین ئەم ڕێکخراوانە ئەگەر کەموکوڕیان هەیە، ئەگەر دوا کەوتوون، ئەگەر بەڵگەیەکیان هەیە گوێیان لێ بگرین. ئەمە هیچ عوزر نییە کە (یونۆپس) تا ئێستا بەو شێوەیەی کە پێویستە کاری خۆی ئەنجام نەداوە، بەڵام ئێمە بە نەخشە و رەسمی بەیانی بۆیان باس کردین لەگەڵ جەنابتام یەک

مەتری دووجا کە کردوویانە پارەیەکی یەکجار زۆری تێچووە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بە هێلی بەیانی بۆ ئێمەیان سەلماندووە کە تا بەرەو زیاتر دەڕۆن نرخی هەموو مەتر دووجایەک، یاخود کیلۆ مەتر دووجایەک کە دەیپشکنن و ئەو مینەی لێ دەردەهێنن کەم دەبێتەوە. تەوەقوعاتیان وایە کە ئەمە بەردەوام بێت، بەڵام گرفتێکی سەرەکی کە هەیان بووە و لێرەشدا روونکردنەوەی شتێک پێویستە بەراستی دەرهێنانی مین ئەو پارەی بۆ تەرخان نەکراوە کە بۆ سێکتەرەکانی تر کراوە و، ئێمە خۆشمان لەو بروایەدا بووین وەکو جەنابت باست کرد تەنانەت ئێمە ئەمەمان لە نەتەوە یەکگرتووەکان باس کرد گوتمان ئێمە لەکاتێکدا دەزانین (٢٠ ـ ٢١) ملیۆن مین لە کوردستاندا هەیەو، بەهەموو تەقدیراتێک کە باسی دەکەن لەوانەیە بە (١٠٠) ساڵی تر ئەمە هەمووی دەرنەهێنرێت.

باسی ئەوەمان لەگەڵ دەکەن کە ئێوە دەتانەوێ (١٣٪)ی کەم بکەنەوە ئەمە لە خۆیدا هیچ رەوایییەکی نییە، ئێمە ئاگادارین لەوەی کە زۆر بە سستی دەڕوات، بەڵام شێوەی کارەکە خۆی رەگەزی ترسناکی تێدایە و، شتێکە کە پەلەی زۆری لێ ناکرێت و، لە راستیدا ئەگەر تۆ سەیری تەرخان کردنی پارە بکەیت بۆ ئەو سێکتەرانەی کە تا ئێستا کراوە بۆ ئەو چوار پێنج فەیسەی کە هەیە، بەشی مین شتێکی (فوق العادە) نەبووە ئێمەش لەو بۆچوونەوە کە بەراستی واتا ئەوەندە شتەکە زلە ژمارەی مینەکە ئەوەندە زۆرە هەرچەندێکی بۆ تەرخان بکەین چۆن وەکو دەڵێ دڵۆپێکە لە دەریایەک واتا کاریگەرییەکی وای نییە، دووەمیش ئێمە بۆمان دەرکەوت کە گیروگرفتی زۆر بوو ماوەیەک ئەو ئامێرانەی کە پێویستیان پێی هەبوو نەیاندەتوانی بیهێنن و ئێمەش ئاگادارین هەندێ لایەن هەبوو کە مانع بوون و نەمان دەتوانی بۆیان بهێنین و، دووەم ئەوان خۆشیان ئەوەندە سەلیقەی ئەوەیان نەبوو کە بیگەیەنن و، ئایا ئێمە دەتوانین وای لێ بکەین بە رێژەیەکی خێراتر ئەم مینانە دەربهێنرێن؟، بەڵام ئەو رۆژەی کە ئێمە لەگەڵیاندا دانیشتین زۆر باس لەمانە کرا و پرسیارێکی زۆرمان لێ کردن، ئەوان دەڵێن دەکرێت، تەنانەت ماوەیەکە چەند تیمێکیان راهێناوە و مەشقیان پێ کردوون کەسی خۆمانن و، تا ئێستا ئەوەی من بزانم نزیکی هەزار کەسیان هەیە کە دەتوانن سبەی یان لەماوەیەکی کەمدا بچنە ناو ئەو کێڵگانەوە، ئێمە هەندێکیانمان دیتن کە هی خۆمانن زۆر شارەزان بەراستی ئەو وەسف و پیاچوونەوەی کە بۆیان کردووین زۆر رێکوپێک بوو، ئەمە دەبێ بەردەوام گەورەی بکەین بۆئەوەی بتوانین ئەگەر بەشێوەیەکی کەمیش بێت دەرەقەتی ئەو قەبارەو ژمارەیە بێین کە لەماوەی (١٥ ـ ٢٠) ساڵدا هەیە لەکوردستاندا چێنراوە و، بتوانین کارێکی وا بکەین کە شتێکی بەرچاو دیاری بکەین، بەڵام تا گەورە تر بێت ئەنجامێکی پێچەوانەیی هەیە تا بەرنامەکە گەورەتر بێت تا ژمارەی زۆرتر هەبێت لەوانەی دەتوانن مین هەڵگرنەوە خەرجی هەموو مینێک کە هەڵدەگیرێتەوە کەم دەبێتەوە، ئەمە بە کردارێکی حسابی و ئابوورییە کە ئەقل بۆی دەچێ. باسی ئەوەیان کردووە کە هەندێ شێوەی تر هەیە، هەندێ مەکائن هەیە کە دەتوانن بیهێنن، هەندێ سەگیان هێناوە کە راهێنراون بەراستی

شتێکی زۆر سەیر بوو کە ئێمە بە خۆمان دیمان کە هەمووی (١٠ـ١٢) سەگ دەبن و کارێکی باش دەکەن، لایەنێکی تریش ئەوەیە کە پارەیەکی زۆری بۆ تەرخان کراوەئێمە تاکو ئێستا وەکو جەنابیشی باسی کرد زیاتر خەریکی کارەبا بووین زیاتر لەوەی پارەکە زیاتر بۆ مین هەڵگرتنەوە سەرف بکەین بۆچی؟ نەک لەبەر ئەوەی کە مین گرنگ نەبێ، نەخێر مین هەڵگرتنەوە لایەنێکی زۆر گرنگە چونکە تەنها پەیوەندی بەوەوە نیە کە تۆ تەنها مینەکە هەڵدەگریتەوە بەڵکو پەیوەندی بە زۆر لایەنەوە هەیە پەیوەندی بەژیانی هەموو کەسێکەوە هەیە، ئێمە هەموومان دەزانین کە منداڵێک دەستی یان قاچی لەدەست داوە یان پیاوێکی بەعومر ژیانی لەدەست داوە ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە تۆ چەند مین هەڵگریتەوە ئەوەندە زەویت ئازاد دەبێت کەبتوانیت هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەیت ئەوندە دەتوانیت بەرنامەی نیشتەجێکردنی خەڵک چوست و چالاک تر بکەیت ، پەیوەندیەکی زۆری هەیە بە زۆر روخساری ژیانی خەڵکەوە وئێمە ئاگادارین لەمانە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا کراوە زۆر کەم بووە، زۆر لەسەرە خۆ بووە وابزانم هەندێ لەو هێواشیە دەمێنێت چونکە توخمێکی ترسناک لە بابەتەکەدا هەیە، وایەرەکەت زیاد رابکێشی دەتەقێتەو کەمتر بێ برێ دەتەقێتەوە، ئاگای لەخۆی نەبێت لە پشتیەوە دەتەقێتەوە، کردارێکی زۆر گران و ترسناکە من هەر ئەوەندەم پێ وتن کە ئەمە سەبر و تەحەملێکی زۆری دەوێت، هەر واشە بەڵام ئێستا کە بۆمان دەرکەوتووە لایەنی تریش هەیە کەلایەنی میکانیکیە تا بتوانیت مینەکە هەڵبگریتەوە ، بەڵام رای ئەوان ئەوەیە کە تەنها ئەوەش بەکەڵک نایەت ئەوەی تر هەر دەبێت بکرێت ئەویش ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆر بچن لەکێڵگەو لەشوێنی تر تۆزە تۆزە بچنە پێش و مەتر بەمەتر هەتا بتوانن هەڵیان بگرنەوە .بەهەر حاڵ ئێمە لەهەموو ئەوانە دەبێ بتوانین ئەو پارەیەی کەهەیە و تەرخان دەکرێت لەگەڵ یەکێتی دابنیشین و لەسەری رێک بکەوین ، بەڵام ئەگەر ئێمە بۆمان دەر بکەوێت کەئەمە سورعەتێک یان گورج و گۆڵیەک دەدا بەپرۆژەی مین هەڵگرتنەوە بێ گومان ئێمە بەرەو پیری دەچین وەچەند پێمان بکرێ پارەی زیاتری بۆ تەرخان دەکەین. بابەتی دەرمانی بەسەر چوو(ئێکس پایەر)رێژەی پیادەکردنی وائەزانم زۆر ئاشکرایە کە ئێمە زۆر لەزووەوە گلەییەکی زۆرمان لە رێکخراوی WHO هەیە وەکو رێکخراوێک کە پەیوەندیەکی راستەوە خۆی لەگەڵ بابەتی دەرمان و تەندروستی دا هەیە، وابزانم ئەمەش یەک دوو هۆی هەیە، دەرمان و خۆراک دوو شتن کرین و هێنانیان خراوەتە دەست حکومەتی عێراقەوە کە دەبێت ئێمە ئەوە بزانین و ئەوەی دەریش کەوەتوە من ناڵێم لەسێکتەرەکانی تر گرفتمان نیە و لەگەڵ رێکخراوەکانی تر گرفتمان نیە لەهەموویان هەمانە بەڵام ئەوەی دەرکەوتوو بەرادەیەکی زۆر لە WHOو هەندێ لەوانی تر هەبووە بابەتی دەرمان هێنان باسی بەسەر چوت کرد ئێمە زۆر لەو شتەمان کۆڵیوەتەوە WHO خۆی بەتاوانبار نابینێ ئەگەر لەبازارەکانی هەولێر یان سلێمانی یان دهۆک دەرمانی بەسەر چوو هەبێت چونکە ئەو دەڵێت ئێمە لێی بەرپرس نین ئەوان بەرنامەیەکیان بەدەر لەوەی کە دەرمان بۆ ئێمە دەنێرن بەشێوەیەکی رەسمی دەرمان دەدەن بە دەرمان خانەکان و

هەندێ لە مەرکەزە تەندروستیەکان لە ڕێگای ئەوانەوە ئێمە دەزانین دەرمان دێت بۆ ئێرە بەشێوەی قاچاغ و بازاری ڕەش وشتی تر، لەبەر ئەوە ئەو دەرمانەی کەدێت، ئێمە خۆشمان دەرمان دەکرین، تەنانەت یەکێ لەو ڕەخنانەی کە ئێمە بۆمان هات کاتێ بە ئامادەیی بەرێز وەزیری دارایی و سەرۆکی ئەنجومەن کە لەگەڵ WHO دانیشتین کەئێمە تاکو ئێستا برە پارەیەکی زۆرمان سەرف کردوە کە دەبوو بۆ پرۆژەکانی زۆر پێویستی حکومەت سەرف بکرێ بۆ دەرمانێک کە دەبوو WHOخۆی بیهێنێ،ئەمانەش هەیە لەمانەشا هەندێ کەم و کوری هەیە لەمانەسدا بەسەر چوی تێدایە لەمانەشدا دەرمانی تێدایە بۆ بەکارهێنان ناشێ بەلام WHOتاوانی هەیە ئەو کەم وکوریان هەیە لەجیاتی هەندێ دەرمان کەزۆر پێویستن و داوامان کردوە ئەوە نەهاتووە لەجیاتی ئەوە شامپۆیان بۆ هێناوین ، شامپۆیەکە شتێ نیە کە زۆر پێویستت بێت بەلام دەرمانەکە پێویستە و سێکتەری تەندروستی یەکێکە لەو سێکتەرە گرنگانەی کە ڕادەی جێبەجێ کردنیان هەر لە فەیسی یەکەمەوە دوا کەوتنێکی زۆری تێدایە بەڵام چاککردنیش بووە وەکو بڵێین خۆیان لێرە نین خوایان لێرەیە بەلام بەو شێوەیە نیە کە ئێمە لێی ڕازی بین، بەردەوام دانیشتنیان لەگەڵدا دەکرێ، بەراستی هەندێ لە کێشەکان لەدەسەلاتی ئێمەدا نیە چونکە وەکو وتم پەیوەندیەک هەیە لەگەڵ دەسەلاتی ناوەندی بۆ نموونە (ڕێکخراوی کەمادیە) هەیە لەعێراق کە ئەوە پەیوەندیەکی زۆری هەیە لەگەڵ WHO ، زۆر جار هەیە ئێمە لیست دەکەین ئەو لیستەیە پشت گوێ دەخرێت چونکە عێراق خۆی وەکو حکومەت هەندێ دەرمان و هەندێ کەل وپەل و هەندێ کەرستەی تەندروستی دروست دەکات ئەوەی خۆیان هەیانە ئەوە لە لیستەکەی ئێمە فەرامۆش دەکرێت بۆ نمونە سالغیمان بۆ نایەت چونکە عێراق خۆی دروستی دەکات . واتا هەندێ کێشە هەیە بەتەنها بەئێمە چارەسەر ناکرێت ،وەدەتوانم بلێم بەتەنها بە WHOش چارە ناکرێت وەکو گوتم لەوانەیە خەلەلێک لە بڕیارەکە دا هەبێت کە لە سەرەتاوە دراوە بۆ نمونە کڕینی خواردن و دەرمان بۆچی بدرێ بە حکومەتی عێراق؟ لەکاتێکدا پیادە کردنی بەرنامەی ٩٨٦بۆ کوردستان دراوەتە دەستی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێمە بەردەوام ئەوەمان پێ وتون، ئێمە وتومانە ئەگەر هەر کەم و کوریەک ببێ ئێمە یەخەی ئێوە دەگرین ئێوە بەرپرسیارن بەرامبەر بە ئێمە ئێوە ڕاستە گرفتتان هەیە بەلام، لەڕاستیدا ئەوانیش گرفتیان هەیەلەگەڵ نیویورک بێت لەگەڵ حکومەتی بەغدا بێت لەگەڵ هەر لایەنێکی تر بێت.

بابەتی ئۆفیسی نیویورک ئەوە لە ڕێکەوتن نامەی واشنتوندا هاتووە لەیەکێ لە برگەکانی دا هاتووە، لەڕاستیدا ئێمە داوای شتێکی گەورەترمان کردبوو بەلام ئەوە سەری نەگرت ئەمەیان داخل کردوە کە گوایە نووسینگەیەک کە ئەویش پەیوەندی بە (یکۆ سۆکە)وە هەبێت کە ئەویش کۆمەلەی ئابووری و کۆمەلایەتییە لە نەتەوە یەکگرتوەکان، وەک دەلێن لە نەبوون باش ترە بەلام ئەوە نیە کە ئێمە داوامان کردوە،بەلام ئەگەر ئەوە خۆمان بتوانین جەختی لەسەر بکەین و بەپیریەوە بچین و پەروەردەی بکەین لەوانەیە لەدوارۆژدا شتێکی گەورەتری لێ بێتە کایەوە بەلام

ئەوەی دەمەوێ بەڕێزتانی لێ ئاگادار بن ئەمە شتێکە دەبێت ئێمە لەگەڵ لایەنی تر (یەکێتی) لەسەری پێک بێین چونکە ئەوان دانانیشن لە نەتەوەیەکگرتووەکان نووسینگەیەک بۆ ئێرە دابنێن و نووسینگەیەکیش بۆ سلێمانی شتی وا نیە، من بەراشکاویش دەی لێم وای بۆ دەچم کە بەئەنجام گەیاندنی ئەوە زۆر شتی تریش بە ئەنجام دەگەیەنێ، لەوانە ساز دانی سەر ژمێریەکە لەوانە سەرپەرشتی هەڵبژاردنێکە کە بکرێ ومن خۆم باسی ئەوانەم هەمووی کردووە لە ئینگلتەراو لە واشنتۆنیش و لە شوێنانی تر بەلام ئەوانیش بەرەو رووی ئێمە دەبنەوە دەڵێن ئێوە کە باسی هەڵبژاردن دەکەن ، هەرکاتێک ئێوە هەڵبژاردنتان کرد ئێمە یارمەتیتان دەدەین ئەوەش هەیە بەلام ئەوە نابێت پشگوێ بخرێ چونکە من وادەزانم دەرفەتێکی باشە دەبێت بەرەو پیری بچین ، بەلام بەراستی هەر وەکو لە بەرنامەی رێکەوتن نامەی واشنتوندا هاتووە پەیوەندیشی هەیە بەشێوەی پیادە کردنی ئەو رێکەوتن نامەیە ، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە پرسیارەکان هەم کورت بن و یەک پرسیار بیت کاک شێخ یەحیا فەرموو

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەرەتا سوپاس بۆ جەنابی کاک د. شەفیق، سوپاس بۆ یەزدان بۆ کردنەوەی ئەو دەرگایەی بریاری ٩٨٦ کە بەراستی دەرگایەکی خێر و فراوانی بوو بۆ میللەتەکەمان ، ئەوە بوو میللەتەکەمان لە نەبوونی و لەمەینەتیەکی زۆر رزگاری بوو، ئەوەی کە من مەبەستمە لێرە بێ شک ئەو بریارەو هەندێ داهاتیش کە هەیە ئەمانە هەتا هەتایە نابن ئەو توانایەی کەبۆی تەرخان کراوە لەو چەند فەیسەوە وەئومێدیش دەکەم کە بەردەوامیشبێت داهاتێکی کەم نیە و داهاتیکی زۆرە دەتوانرێ خێری باشتری لێ ببیندرێ بەهاوکاری کردنی دەزگاکانی خۆمان و UN ئەوەی مەبەستمە لە بەرێزیان بپرسین چ پرۆژەیەکی گەورە بەدەستەوەیە کە ببێتە بنەمایەکی باش بۆ دوا رۆژ دەوری کاری گەری هەبێ لەسەر پتەو کردنی باری ئابووری هەرێم ئەوەی مەبەستم بوو هەر ئەو پرسیارە بوو، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شەفیق قەزاز/ وەزیری هاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێش ئەوەی راستەو خۆ ولامی پرسیارەکەی جەنابت بدەمەوە،ئێمە شتێ هەیە کە دەبێت ئاگاداری بین، بەرنامەی ٩٨٦ بەرنامەیەکی فریا گوزاری و مرۆییە، دووەم وەکو یاسایەکی نەنووسراو لە نەتەوە یەکگرتوەکان هەیە شێوەی ئەو بەرنامانە لەهەر شوێنێک کە پیادەی دەکەن جیاوازی لەبەینی دوو شت دەکەن ئەو کارو خەرجیانەی کە بۆ ئەو کارە تەرخان دەکرێ بۆ فریا گوزاری و

ئەوەی بۆ ئاوەدان کـردنـەوە، یان بۆنی ئاوەدان کـردنـەوەی لیّ دیّت، ئەم کـیّـشـەیە هەیە لە نـەتەوە یەکگرتوەکاندا و بەردەوام هەیە، ئیّمە خۆش بەختانە دوای سالّ و نیویّک جەخت کردن و گوتنەوەو یاداشت و نـامـەدان و ئەو شـتـانە توانیـومـانە هەندیّ شت بخـەینە نـاو بەرنامـەکەوە کـە بەراسـتی لایەنی ئاوەدانکردنەوەیە لایەنی فـریا گـوزاری نیە، بۆ نمونە زانکۆکان یان چاککردنی یان دروست کردنی ریّگاو پردەکان ، کە بەبیانووی ئەوە کردومانە و گـوتوومانە ئیّوە ئەگەر کاری نیشـتەجیّ کـردن ئەنجـام بدەن ئەوەی کـە دەچیّـتـەوە گـوندەکـەی خۆی هیچ نەبیّ پیّـویسـتی بەوە هەیە کـە ریّگایەک هەبیّت لەزستاندا لەقوردا نەچەقیّت و هاتوو چۆ بکات،دەبیّت ریّگایەکی ئەوەندە باشی هەبیت نەک هەر تەنها لەهاویندا بیّت و بچیّت زراعـەتەکەی بکات و زسـتان بیّـتەوە ناو شارەکە ئەوە نیشـتەجیّ کردنی بیّت ، واتا جۆرەها شتمان دۆزیوەتەوە دەتوانین پیّی بلّیّین حیلەی شەرعی .ئەگـەر بیـخـەینە قـالّبـیّـکەوە ئەوەی لەراسـتی دا ئاوەدان کـردنەوەی تیّـدایە توانیـومـانە داخلی بکەین،وەتـا رادەیەکیش ئەوە جیّ بەجیّ بووە ،دووەم بەرنامـەی سـتـراتیـجی هەیە، من شـەخـصی خۆم بەرنامـەی ستـراتیـجی بەوە دەزانم کەکارەبای کـوردسـتـان چاک بکەین کە خەلّکی کـوردسـتـان لەجـیاتی ئەوەی دوو سـەعـات رۆژانە کـارەبایان هەبیّت من نالّیّم معدل بە لّکو دە سـەعـات بەلانی کـەم کـارەبایان هەبیّت ، بەلام ئەگـەر بەریّزتان ئاگـادار بن ئەوە تەرخـان کـردنی پارەیەکی زۆر زۆری دەویّ ، ئیّمە کە پارەمان بۆ دیّت کە تۆ دەلّیّی ٢٦٠ملیون دۆلارمان بۆ دیّت دابەشی دەکەی بەسەر دە سیّکتەردا واتا ئەگەر هەمووشی وەکو یەک دابەش بکەی ٢٦ملیـونی بەر دەکەوی ئیّـمە هەمـوو کـات هەولّـمـان داوە ئەوی گرنگە وەک کـشـتـو کالّ و ئاوەدان کـردنەوە و کـارەباو شـتی تـر (حصه الاسد)مان داوەتیّ، بەلام بۆ نمونە دەتەویّ مەکینەیەک بیّنی بەبووخار کار بکات و کارەبای هەموو هەولیّر دەستەبەر بکات بەلام ئەوە لەوانەیە ٢٠٠ ، ٢٥٠ ملیون دۆلاری بویّت ، ئیّمە لە فەیزیّکدا نەمـان توانیوە ئەمە ئەنجـام بدەین،من خۆم ئەو بۆ چونەم هەیە و لەگەلّ زۆر کەس باسمـان کـردوە، من هەمـوو دەم دەبیّت بیـری خۆمـانی بخەمەوە کە دەبیّ لەگەلّ لایەنی تـر دانیـشین و باسی ئەوانە بکەین من لەمەو لا ئەگەر بتوانین لەو کاتەی کە نرخی نەوەت بەرز بۆوەتەوە و لەوانەیە بەشەکەی ئیّمە لەجاران زیادتر بکات،بتوانین لەهەموو فەیسیّک واتا بۆ هەر شەش مانگ سیّکتەرەکانی تر بیّ بەش نەکـەین بەلام پارەیەکی زۆر بۆ یەک دوو لایەنی تر دابنیّین کـەوا زۆر پیّـویسـتـە و زۆر گرنگە و زۆر پەلەیە و ئاسەواری دیار دەبیّت وەکو کارەبا ،لەو فـەیسە داوایان لیّ کردون کە لەسەر ٥٥٠ملیـون حسابیان بۆ کردووین دابەشی بکەین و تەرخانی بکەین ئەگەر ٤٥٠ملیـونیش بیّت ئەوە مەمنونیانین ئەگەر ٤٥٠ملیونت بۆ هات لەگەلّ ٢٦٠ملیون جیاوازیەکی زۆری هەیە ئەو کاتە دەتـوانین ١٠٠ ، ١٥٠ ملیـون لەوانەیە ئەویش بە ریکەوتن کـەبتـوانین تەرخـانی بکەین بۆ سیّکتەری کاربا ئەمەش لەو رۆژەوە کە تەرخانی دەکەین هەتا ئەو کاتەی کە جیّ بەجیّی دەکەین ، واتا ئەگەر ئیّمە بتوانین ئەو پارەیە بخەینە قەبەری سیّکتەری کارەبا لەوانەیە سالّ و نیویّک دوو سالّی تر بتوانین ئەوە بیّت کە بۆ هەولیّـر دەستـەبەر بکەین دەسەعـات کارەبای ببیّت ، لای من

پرۆژەی ستراتیجی ئەمانەن ،هەندێ کەس باسی ئەوە دەکات کە ئێمە بتوانین بەستاوی بێخمە زندو بکەینەوە، ئەو شتانە زۆر هەیە بۆ نمونە باری کشتوکاڵ چاک بکەین یان نیشتە جێ کردن، ئێمە ٥٠٠، ٦٠٠ هەزار کەسمان هەیە کە دەبێت نیشتەجێیان بکەین ئەگەر بمانەوێ زەخت لەخۆمان بکەین دەبێت لە سێکتەرەکانی تر کەم بکەینەوە دووەم ئەو پارەیەی کەبۆی دێت و بۆی تەرخان کراوە لەراستیدا نزیک بێت لەو پارەیە نالێم هەموو نزیک بێت لەو پارەیەی کە باسی دەکەین کە وەکوو وتم ٥٥٠ ملیون

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بەڕێز کاک شەفیق دەکەم زۆر شتی روون کردەوە لەوانەیە زۆر پرسیارمان هەبووبێت ئێستا دەتواندرێ پرسیارەکە نەکات بەتایبەتی هەندێ لە برادەران پرسیاریان کرد، من تەنیا ئەو تێبینیەم هەیە کە ئەو توانایە هاوبەشەی کە بەیەکەوە سەرفی دەکەن ئەوە گەورەترین سەرکەوتنە بۆ میلەتی کورد و زۆر شتی لێ دێتە جێ ، هەروەها ئەو شتانەی کە تئکیدکرایەوە بابەتی بەشەکەمان دەبێت بەهەر شێوەیەک بێت دەبێت بپارێزرێ لەبەر ئەوەی دەسکەوتێکی گەلەکەمانە ،بۆ یەکەم جارە لە بڕیارەکە بەشی کورد جیا بکرێتەوە، هەوڵ دان بۆ کڕینەوەی دەغڵ و دان لە جووتیارانی کوردستان شتێکی زۆر گرنگ و پێویستە لەبەر ئەوەی بازارەکانمان زیاتر چالاک دەکات بەتایبەتی ئەگەر گەنمەکەمان فرۆشرا و کارگەکانمان ئیشی تێدا کرد من ئەوەندە تێبینیەم هەیە کە لایەنی راپەراندن کەم و کوریەکی بەرچاوی تێدایە ئەوانیش واتا برادەرانی UN هەوڵ دەدەن لەو واقعە رابکەن، کارەکە بۆتە قۆناغ بە قۆناغ دێتە بەغدا ولەویوە دێت بۆ ئێرە لەوانە جۆری کەرستەکان کە گەمەی تێدا دەکرێ بۆ نمونە نۆک کەدەیهێنن نۆکە باشەکە بۆ ئوردن و شوێنەکانی تر دەگەرێننەوەو خراپەکە بۆ ئێمە دێنن.هەروەها یەکێ لەو شتانەی کە دەکردرێ و دەبەش دەکرێت و زۆر خەتەری لەسەر تەندروستی میللەتەکەی ئێمە هەیە بابەتی رۆنەکەیە ،رۆنەکە جۆرەکەی زۆر خراپە وە زۆر کاریگەری خراپی لەسەر تەندروستی هاولاتیان هەیە لەبەر ئەوە دەبێ ئەو بابەتە بە جدی وەر بگیرێ ، لەبەر ئەوەی ئەو رۆنە کاری گەری لەسەر داهاتووی تەندروستی میللەتەکەمان هەیە.

بابەتی مین کە باس کرا من وای بۆ دەچم کە یەکێ لە راپۆرتەکان و لە کۆنگرەیەکی رۆژنامە گەری خراوەتە روو بەو پێیە پێویستیمان بە ٨٠٠ساڵ هەیە بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو مینانە لەکوردستان ئەگەر بەو خێراییەی ئێستا بڕوات، کە ئەوە مەسەلەیەکی زۆر ترسناکە، داوا دەکەم لەبرادەران کە زۆر جەخت بکرێتە سەر رژێمی عێراقی کە نەخشەی شوێنی ئەو مینانەمان پێ بدات ، وا بزانم دوای ئەوەی کە مین چاندن قەدەغەکرا شتێکی ئیلزامیە لەسەر ولاتان، بابەتی ئاو و کارەبا کە

سـەبارەت بە ئێـمـە زۆر گـرنگە دەبێ زۆر گـرنگی پێ بدەین و سـەر پشکی پێ بدرێ لە بەرنامەکانماندا لەبەر ئەوەی خەڵک وەزعی زۆر خراپە و نازانم چۆن ئەو هاوینە دەبەینە سەر؟.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

کاک عبدالخالق پرسیارەکەت چیە؟

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

پرسـیـارەکـەم ئەوەیە کـەلایەنی ڕاپەراندن لەلایەن ئێـمـەوە زۆر گرنگی پێ بدرێ بۆ ئەوەی ئەگـەر لـەلایـەن UN بێت یان حکومەتی ناوەندبێت کە گەمە بە جێبەجێ کردنی بەرنامەکە دەکەن بیرۆکراتیەتەکەیان وایە کە کار دەکاتە سەر لایەنی جێبەجێ کردنی سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس، کاک ابراهیم فەرموو

**بەڕێزئیـبـراهیم سـەعـیـد مـحـەمـەد:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەم، یەکەم باسی کارەبای هەولێری کرد و هەروەها کارەبای دهۆکیش وەزعی زۆر خراپە، دووەم ڕێکخستنی دابەش کردنی خواردەمەنی لەراستیدا زۆر مانگ هەیە کە کەرستەکان ناگەن ، سوپاس

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

جا ئەوە ئیـشی بەکـاروباری مرۆڤـایەتی نیە، ئەو دانیـشـتنە لەسـەر ئەو گـەشـتـەیە کـە بۆ دەرەوە کـردیان ، لەراسـتـیـدا ئەو بابەتـانەی کـە برادەرانیش باسـیـیـان کـرد زۆربەی زۆری پەیوەندی بەو دانیـشـتـنەوە نیە ،ئەوە بۆ ئەوەیە ئەگـەر پرسـیـارێکی دیاری کـراو هەبێ لەسـەر ئەو گـەشـتـەی و ناوەرۆکی ئەو قـسـانەی کەجەنابیـان کردیان، ئەوانی تر پەرلەمـان دەتوانێ دابنیـشێ ئێـمـە ئەگـەر گـومـانمان لە باری خواردن هەبێ ئەوا دانیـشـتنێک دەکـەین و بە یاداشـتـێک دەی دەین بە UN بەپشگـیـری حکومـەتی خۆمـان، ئەگـەر وای بۆ دەچن ساردیەک لەلایەن UN لەجـێـبـەجێ کـردنی بەرنامـەکە هەیە یـاداشـتـێک دەدەین بە UN ، با پرسـیـارەکانمان دیاری کراو بێت ، کاک سەعید یاعقوبی فەرموو

**بەڕێز مـحـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

پرسـیـارێکی دیاری کراوم هەبوو چونکە درێژیەکەی وەکو دیارە باس کراوە،بۆ ئەو پارانەی کە لە فـەیسـەکـانی تر دەمـێننەوە ئەو لیـژنەیەی کـە لەگـەڵ UN قـسـەیـان کـردوە، ئەو پارەیەی کـە دەمێنێتەوە و دەخرێتەوە بەنکەکان ئایە ئەو پارەیە چی بەسەر دێت؟باسی کراوە یان نا ؟ئەوە یەک دووەم دیارە ئەو کەرستە یەدەگە یان ئەو سەمادە کیمیاویە کە دابەشی سەر هاولاتیان دەکرێ وەک

زاندراوە کە بەپارەی بریاری ٩٨٦ کراوە، باشە پارە وەرگرتن دووبارە لە جووتیارەکان کێ دای ناوە و چی بەسەر دێت ؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا مەحمود.

**بەڕێز مەلا محمود فندی عەبدوڵلا دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەکورتی و بەدیاری ئەوەیە کە جەنابی وەزیر چی لەمە دەوێت کە ئێمە هاری کاری بکەین وەکو پەرلەمان وەکو توێژەکانی گەلەکەمان بۆ ئەوەی ببێتە پلێپشت بۆی لەدەرەوە بۆ ئەوەی کارەکانی بەرێوە بچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس.کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەرکراوەکان زۆر و جۆراو جۆرن هەندێ لەو دەرکراوانە لەلایەن رژێمی دکتاتۆریەوە دەرکراون یان لەلایەن PKKوە یان دەرکراوەکانی کەرکوک و سلێمانین یان هی شوێنەکانی تر کە ماڵ و مڵکیان بەتالان براوە کە بژاردن و قەرە بوو کردنەوەی ئەو زەرەرو زیانانە زۆر زەحمەتە بۆ حکومەتی هەرێم ،ئایە باسی ئەوە نەکراوە کە بتوانن لەسەر برە پارەی زیادی فریاگوزاری بریاری ٩٨٦قەرەبوو بکرێنەوە و یارمەتی بدرێن بۆ گەرانەوەیان؟ کە ئەوە یارمەتیەکی باشە بۆ پێش وەبردن و جێبەجێ کردنی رێکەوتن نامەی واشنتۆن ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەمین مەولود.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس پرسیارەکانی من ولام درانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکانی من لەبارەی کارەبا و کشتوکاڵەوە بوو جەنابی وەزیر وڵامی دایەوە، پرسیارێکی ترم هەبوو بۆ ئەو کەرەستەو دەرمانە بەسەرچووانە ئایە پێشنیاریان نەکردوە بۆ هێنانی جهازێکی (سەیطرەی نەوعی) تاکو لە خاڵی پشکنینی بازگەکان دابندرێ بۆئەوەی نەدەرمان و نەشتی تری بەسەر چوو کوردستان نیبیە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەوهر شاواز فەرموو.

**بەڕێز جەوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دوو پرسیارم هەبوو پرسیارێکیان دەربارەی خراپی خۆراکە. پرسیارەکەی ترم لەجێ بەجێ کردنی بەرنامەی بڕیاری (٩٨٦)ـە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کۆمپانیانەی کە زەرەریان کردوە ، کوردیش خەسارەتێکی زۆری کردوە ،ئایە ئەو شتە خراوەتە روو کە میللەتی کوردیش قەرەبووی زیانەکانی بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستت ئەوەی ئەنفال و کیمیا باران و شتی ترە، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش هەمان پرسیارم هەبوو ئایە بۆ ئەنفال و لێقەوماوان هیچ کاتێک داوای قەرەبوو کردنەوەیان کراوە یان نا ؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک حوسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر باسی کارەبای کرد ئایە پڕۆژەیەکی دیاری کراو هەیە سەبارەت بە وێسگەکانی بەرهەم هێنانی بووخاری یان گەرمی؟چونکە گرنگیەکی زۆری هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەوە هەمووپرسیارەکان بوو ، ئەگەر ولامی بدەیتەوە.

**بەڕێز شەفیق قەزاز/ وەزیری هاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەوڵ دەدەین بەکورتی ولامی پرسیارەکان بدەینەوە ، دوارۆژی بەرنامەکە پێویستە و جێگای مەراق و ئەندێشەی هەموومانە،جارێ خۆش بەختانە باسی ئەوە دەکری کە فەیسی شەشەم دەبێ ، ئەوە دەبێ ئاواتی هەموومان بێت کە حەوت و هەشت و نۆ و بیستیشی بەدواوەبێت ،راستە کە بەرنامەی ٩٨٦ کەم و کوریەکی زۆری هەبووە دواکەوتنێکی زۆری هەبووە، بەلام بەرنامەیەکی زۆر زۆر گرنگ و بەنرخە بۆ باری ئێستا و دوا ڕۆژی کوردستان ، ئەگەر ئەو بەرنامەیە بەردەوام بێت و چەند فەیسێکی تری بەدواوە بێت ، دەتوانم بڵێم لە فەیسی چوارەوە روخسارێکی هەرەگرنگەکەی بۆ دوارۆژی کوردستان کەبووژاندنەوەی ژێر خانی ئابووری کوردستانە خەریکە بێتە دی

کەبووژاندنەوەی ژێر خانی ئابووری باروو دۆخی روخاوی ئابووری کوردستان بێنێتەوە جێگای خۆی، هی کێشەی خواردن ودەرمان لە کاتێکی زۆر چاک هات بەڕاستی زۆر بە فریای خەڵکەوە هات، دابەش کردنی خواردنەکەش، بەڵام لە راستیدا ئەوەی کە ئەمێنێ ئەوەی کاریگەری دوورو درێژی دەبێ بەشی سێکتەرەکانی(فەیسەکانی)ترە وە دەبێ هەوڵ بدەین وداوای ئەوە بکەین ئەوە بەردەوام بێ. بەرنامەی(٩٨٦)وەکو هەموو بەرنامەیەکی مرۆیی شتێکی هەتا هەتایێ نییەو شتی وا نییە، بەرنامەی فریاگوزاری بۆ ماوەیەکە، کەم یان زۆر لە کۆتاییدا ئەبڕێ، ئێمە لە ئێستاوە لە زۆر جێگاوە بەهەموو شێوەیەک وە لەدەسەڵاتی هەرە بەرزی سەرکردایەتی ئێرەوە هەتاکو ئێمەو خەڵکی تر داوای ئەوەمان کردووە کە بۆ سبەینێ وە لە کاتێکدا ئەگەر بەرنامەی(٩٨٦)خوا نەخواستە وەستا یاخود کێشەیەکی تیاکەوت ئەبێ لە ئێستاوە داوای زامنکاری شتێکی ئابووری بکەین سەبارەت بە کوردستانەوە پاش ئەو بەرنامەیە. باسی جۆرایەتی(نوعیە)تی کەرەستەی خواردن کرا من لەگەڵ ئەو قسانەم کە هەندێ لە برادەران کردوویانە، من ئەزانم ماوەیەک چایەکە خراپ بووە، ماوەیەک رۆنەکە خراپ بووە، ماوەیەک شتی تر خراپ بووە، بەڵام(W.F.P)کە دێ لەگەڵ ئێمە دائەنیشێ یەک شت ئەڵێ: ئەڵێ ئەو خواردنەی کە ئێمە دابەشی دەکەین هەموو بابەتێکی ئەوە نییە، کە بڵێی(أول باب)ەیاخود شتێکی زۆر باشە(ممتاز)یان شتێکی ئەو پەڕی باشیە. بەڵام ئەڵێ ئێمە نە لە بڕیاری(٩٨٦)وە نە لە هیچ شوێنێکی تردا بەڵێنمان نەداوە کە چاکترین خواردن بدەین، ئێمە بەڵێنی ئەوەمان داوە بەو بڕیارە کە خواردنێک بدەین کە باشە(صالح)ـە یاخود زیانی نەبێ بۆ لەشی مرۆڤ واتە ئەو رۆنەی هەیەو کە ئەیدەن خراپ نییە، بەڵام تامی خۆش نییە تۆ پێی رانەهاتووی یاخود چایەکە چای سیلان نییە چای ئێرانیە، واتە ئەم کێشەیە هەیە وەئەمەش هەتا رادەیەک بەڕاستی ئێمە ناتوانین گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر بکەین، بەڵام لێرە مەبەستم ئەوە نییە کە ئێمە جەخت ناکەین لەسەر چاککردنی ئەو شتانە. بەڵام ئەمە برگەیەکە کە ئێمە هەموومان ئاگاداری بین، ئەو ئەڵێ ئێمە خواردنێکمان هێنا تەنانەت ئەو سەبەتەی خواردنەی کە دابەش دەکرێ بە حسابی کالۆری گەرمی(سعرەی حراری)دابەش دەکرێ ئێستا(٢٣٠٠)یان(٢٤٠٠)کالۆری گەرمی هەیە ئەمەش بۆ مرۆڤێکی ئاسایی بەسە کە بتوانێ ژیانێکی ئاسایی بێ نەخۆشی بەرێوە بەرێ. ئەڵێ ئەمەی کە دانراوە جگە لەوەی پابەندی ئێمە لەوە دایە ئینجا تامی رۆنەکە خۆشە یاخود چایەکە بەدڵی خەڵکی هەولێرە یان سلێمانیە بەڕاستی ئێمە ئەو خاڵە هەیە کە ناتوانین زۆر بەرگری لێ بکەین بەردەوام ئێمە هەوڵ دەدەین کە بتوانین چاکتری بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ببوورە بۆ ماوەیەکی کورت قسەت پێدەبڕین، سەبارەت بەم کێشەیە لەناو خەڵک باسێک هەیە بەتایبەتی لەسەر جۆری رۆنەکە ئەوەی کە بڕیار دراوە ئەو جۆرە(رونە)یە کە لە(منشأة)کەوە دێت ئەو سیفاتانەی(مواصفات)لەسەر نییە بەو سیفاتە نییە کە بڕیاری لەسەر

دراوه بۆیه خەڵکێکی زۆری ئێمە بەڕاستی مەترسییان لە بارەی تەندروستییەوە هەیە، کە ئەیگەڕێنینەوە بۆ بابەتی ڕۆنەکە، ئەم باسکردنە لەوانەیە وەکو برادەران پێشنیاریان کرد کە (السیطرة النوعیة) مان نییە کە ئەم بابەتە ساغ بکەنەوە ئەمە یەکەم تێبینی. تێبینی دووەم ئەو سەبەتە خۆراکەی کە بۆ ئێمە تەرخان کراوە بەپێی بڕیاری(U.N)کە ئەوان ئەڵێن ئێمە بەڵێنمان داوە لەلایەنی جۆرەکەی وکالۆری گەرمیەکەی و لەلایەنی تەندروستیەوە خراپ نەبێت، بەڵام ئایا ئەو نرخەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەو(٢٣٠٠)یان(٢٤٠٠)کالۆری گەرمیە ئەو نرخە یان ئەو پارەیەی کە تەرخان کراوە بەو سەبەتە خۆراکە ئایا لەگەڵ ئەو جۆرەی کە دەگاتە دەستی ئێمە بەراورد کراوە؟! ئەو پارەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەم سەبەتە خواردنە لەگەڵ ئەوەی کە ئەیدەن بە ئێمە، مەبەستی پرسیاری خەڵکەکە زیاتر لەوانەیە ئەمە بێت، ڕاستە لەوانەیە خەڵکی ئێمە داوا نەکا باشترین جۆر لە ڕۆن باشترین جۆر لە چای بۆ بێت، بەڵام دیسان ئایا ئەو پارە کە تەرخان کراوە بۆ ئەو سەبەتەیە کە بەراوردی ئەکەی وایە یان وا نییە؟.. یاخود لایەنی پەیوەندیداری ئێمە لەسەر ئەوە داکۆکیان کردووە. زۆر سوپاس بۆ ئەم قسەپێ بڕینە(مقاطعة).

**بەڕێز د.شەفیق قەزاز/وەزیری هاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە جۆرەکەی هەر وەکو وتم هەرچەندە من باسی ئەوەم بۆ کردن کە وەڵامی ئەوان کاردانەوەی گفتوگۆی ئەوان بۆ پرسیارەکانی ئێمە بۆ گازندەو گلەییەکانی ئێمە چییە، دووەم ئێمە بەردەوام لەگەڵ(W.F.P) ئەوەمان وەرگرتووە کە جاروبار مەسەلە ڕێک ئەکەوێ(شحنة)یەک لەم خواردنە ئارد بێ برنج بێ هەر شتێکی تر بێ لەوانەیە لەکاتی هێنانیدا خراپ بوبێ، تەنانەت ئەمە ڕوویداوە هەندێک جار کە ئەوان پابەندن ئەبێ ئەو بەشەی کەوا خراپ بووە بیگێڕنەوە یان قەرەبووی بکەنەوە، ئەمەیان ئەبێتە هۆی ئەوەی کە کار بکاتە سەر ژیانی خەڵک، سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەو پارەی کە ئێمە ئەیدەین هەر ئەو خواردنەی پێ ئەکرێ، لێرە ئێمە کێشەیەکمان هەیە وەکو وتم ئەمە حکومەتی عێراق ئەیکڕێ، بەڕاستی نە(W.F.P) نە لایەنی تر، واتە وا ئەزانم تاکو ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەوەی تەنانەت ئێمە خۆشمان بیستوومانە لەوانەیە جۆرێکی باشتر لە دەرەوە بێت. بەڵام لەوانەشە عێراق خۆی ستۆکێکی هەیە شتێکە لە عەمباری خۆی هەیە ئەوە بۆ ئێمەی بنێری، ئەوانەش وەکو جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن وتی، هەمووی باسکردنی خەڵکە، قسەیەکە ئەکرێ من ناتوانم بڵێم(١٠٠٪)ڕاستە وە ناشتوانم حاشای لێ بکەم، وە(W.F.P)ش وا ئەزانم تا ئێستا لەو ڕایەدایە، تەنانەت من مەبەستم ئەوە بوو کە لە سەرەتاوە هەندێک بڕیار دراوە ئەمڕۆ ئەبینین کە ئەو بڕیارانە چونکە بەبێ ئاگاداری و بەبێ لێکۆڵینەوەی پێویست کراون لەوانەیە ئێستا ئەنجامی سەلبیان دەربکەوێ. دابەشکردنی خواردن ئەمە بەڕاستی کێشەیەکی زۆر دوورو درێژ بووە ئەوەندە خەڵک تۆمار کراوە هەندێ کەسیش تۆمار نەکراوە بەڕاستی بەرامبەر بەو گازندەو هێنانەی کە ئێمە هەمانە ئەوانیش لیستی دوورو درێژیان هەیە

ئەڵێن خەڵک هەیە دووجارو سێ جارو چوار جار خۆیان تۆمار کردووە. واتە ئەمە ماوەیەکی زۆری پێ چووە هەتاکو پاکتاو کراوە، ئەوەی کە بۆ ئێمە هاتبێ چ لە دهۆکەوە هاتبێ چ لە جێگایەکی ترەوە هاتبێ ئاگادار کرابین ئێمەش ئاگاداری(W.F.P)مان کردووە کەوا ئەوەندە خێزان لە فلان جێگا لە فلان شوێن، ئەمانە تا ئێستا تۆمار نەکراون کارتی دابەشکردنی خواردنیان پێ نییە ئەوەندەی ئاگاداربین ئەو شتانە ئەنجام دراوە، بەڵام من ناتوانم لێرە بڵێم ئێستا لەو سێ ملیۆن ودووسەد هەزار یاخود سێ ملیۆن ونیوەی کە هەیە کە هەموو کەسێک ئەمڕۆ ئەو خواردنە وەرئەگرێت ئەم تەواویە(کمال)ـە لەم کارە ببێ، کێشەی سەیتەرەی نەوعی پرسیارێکەو زۆر لە جێگای خۆیەتی، ئێمە زۆر دەمێکە بیرمان لێ کردۆتەوە، چونکە یەکێک بوو لە کێشەکانمان بەتایبەتی سەبارەت بە دەرمان یاخود خواردنی ئەمڕۆمانەوە، وەکو وتم ئەمانە لە ڕێگای حکومەتەوە دێ کە دێتە ئێرە ئێمە زۆر جار هەتا دەتوانم بڵێم نزیکەی دەستە ویەخە لەگەڵ(W.H.O) ڕووبەڕوو بووینەتەوەو داوامان لێ کردوون کە فلان شت ئەبێ بڕوانامەی سەیتەرەی نەوعی هەبێ ئەمان ئەڵێن لە بەغدا دەکرێ ئێمە وتوومانە بڕوانامەکە بێنن بڕوانامەکەیان تا ئێستا نە هێناوە بەحسابی ئەوەی کە لە حکومەتەوە دەستیان ناکەوێ.

من بەش بەحاڵی خۆم گەیشتوومەتە ئەو بڕوایەی کە ئێمە ئەبێ ئێستا بۆمان بکرێ لە فەیسی شەش یان حەوت یان لە هەشتدا داوای ئەوە بکەین کە دەزگایەکی(سیطره النوعیه)ی تەواو لێرە دابنرێ چونکە بەڕاستی ئەم کێشەیە بەو شێوەیە نەبێ، بە بۆچوونی خۆم چارەسەری ناکرێ.

کێشەی سوودی پارەی بانق ماوەیەکی زۆر بوو لێی کڕ بوون. هەتا من لە بیرمە شەش مانگ لەمەوپێش هێشتا (هەڵیدەی) لێرەبوو لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت لەگەڵیان دانیشتین،لێرە بوون من بەرێکەوت بەبەرچاووم کەوتبوو لە راپۆرتێکی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە مەبلەغێکی دیاری کراو هەیە ڕاستەوخۆ پێمان گووتن ئەو پارەیە هەیە سوودەکەی چی لێهاتووە؟، هەتا کو ئەتوانم بڵێم هەفتەیەک لەمەو پێش ئێمە وەڵامێکی وامان وەرنەگرتەوە. بەڵام هەفتەیەک لەمەوپێش بەرێوەبەری تازە کە بەڕێوەبەری بەرنامەی هەموو عێراقە (ۆونس بۆکن سپۆنیک) لێرە بوو شەو میوانداریمان کردووە و، من ئەم پرسیارەم دووبارە لێکردەوە. وتی من ئاگادارم لەوەو، یەکێکە لەو شتانەی کە ئەکرێ. چونکە من پێم وت ئەزانم لەوە پێش بڕێک (مقدار) پارە هەبوو، تەنانەت ئێمە پرۆژەمان هەبوو بۆ ئەو پارەیە، ئەو پارەیە کە بتوانین سوودەکەی سەرف کەین، بەڵام ئێوە گوێی خۆتان لێ کەڕ کرد، وتی نافەوتێت لەمەولا ئەیکەین، ئومێدەوارم رۆژێک بێت ئەو حسابەمان بدەنێ، ڕاستە ئەو پارەیە (١٣٪) ئەو سوودەیە هەر چەندێک بێ ئەو پارەیە حەلالی ئێمەیە، مافی ئێمەیە خۆمان پێشنیار بکەین ئەو پارەیە چۆن سەرف بکرێ. کێشەی ئاوارەکان هەفتەیەک لەمەوپێش کۆبوونەوەیەکی زۆر چاک لە سلێمانی کرا نەتەوە یەکگرتووەکان کردبوویان بەداخەوە خۆم نەمتوانی بچم، خۆتان ئەزانن ئێمە چەند جۆرێک لە ئاوارەمان هەیە ئاوارەی تەعریبمان هەیە ئاوارەمان هەیە لە ئێران دێنەوە، ئاوارەی شەڕی

ناوخۆمان هەیە، برا فەیلیەکان ماوەیەکە لە دەرەوەن ئەیانەوێ بگەڕێنەوە، ئەمانە هەریەکە حساب و کێشەو گیروگرفتی خۆی هەیە هەندێکی لەگەڵ عێراقە هەندێکی لەگەڵ ئێرانە، هەندێکی (U.N.H.C.A) خۆی کێشەی هەیە، هەندێکی ئێمە لەناو خۆمانە واتە هەندێک شت هەیە پێمان ناکرێ، بەڵام وا ئەزانم کۆبوونەوەیەکی زۆر چاک کراوە واتە مەبەستم شتێکە بەرەو پیری چووین خۆشتان ئەزانن هەندێک لەمانە بەڕاستی ئێستا چارەسەر ئەکرێ، بەڵام هەندێکی ناکرێ ئەوەی لە کەرکوک دەرکراوە ئەمڕۆ ناتوانین هیچی بۆ بکەین تەنانەت هەر ئەوەیە لێرە بتوانی گوزەرانی ئەوەندە خۆش بکەی بتوانێ بە جۆرێک بیحەوێنینەوە، بەڵام وا ئەزانم چارەسەر ئەوە نییە، ئەمە رای خۆمە کە ئێمە لێرە بە ئێجگاری نیشتەجێیان بکەین، چونکە بەراستی ئەمانە ئەبێ بگەڕێنەوە، وا ئەزانم مەبەستێکی سیاسی و نەتەوەیی لەم بابەتە هەیە تۆ ئەگەر بێت و هەر لێرە نیشتەجێی بکەی بەردەوام لەوانەیە سبەینێ کەرکوکت لە دەست بچێ واتە بە کورتی ئەمەیە، ئەمە شێوەیەکیانە، شێوەی ئەوانی تر بێگومان شەڕی ناوخۆ هەیە، ئەوە پەیوەندیدارە بە کێشەی پرۆسەی ئاشتییەوە کە پارتی و یەکێتی چۆن رێک ئەکەون لەسەر ئەمە، وا ئەزانم ئەوەش چارەسەری ئەکرێت لە نێوان ئەو پرۆسەیەدا، بەڵام بیرێکی تر هەیە سبەینێ تورکیا دێتە ناو خاکی ئێرە کۆمەڵێک ئاوارە ئەبن، ئەمەشیان لەژێر دەسەڵاتی تۆدا نییە بەراستی تا ئێستا لەژێر دەسەڵاتی ئێمە نەبوو. هەروەها وەکو وتم هی بەعارەب کردن و ئەمانە، بەڵام خۆش بەختانە بۆچوونێک هەیە ئەو کۆبوونەوەیە کراوە چاوەڕوانی ئەوەین کە بۆچوون و ئەو چارەسەریەو ئەو بیروڕایەو ئەو رێنماییەی کە کراوە بۆ کێشەی ئەم ئاوارانە بڵاو بکرێتەوەو بەپێی ئەوە چ وەکو حکومەت چ وەکو دەزگاکانی تریش هەموو لایەکمان بتوانین بەرەو پیری بچین، وا ئەزانم وەڵامی هەموو پرسیارەکانم دایەوە ئەوەی توانیبێتم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر بۆ ئەو باسەو بۆ ئەو وەڵامدانەوە، سوپاس بۆ برادەران ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەو موداخەلانە جەنابی کاک فەرەنسۆ تێبینی هەیە. فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

روونکردنەوەیەکم هەیە لەسەر ئەوەی کاک د. شەفیق زۆر بە تێروتەسەلی باسی کرد، بەڵام هەندێ کێشە هەیە کە ئێمە راستەوخۆ لەناو ئیشەکانین هەرجارێ جۆرە خۆراکێک یان جۆرە خواردنێک باش نییە خراپە واتە جاری وا هەیە چا خراپە پێیان دەڵێین چا خراپەو گوی مشکی تێدایە، جاری وا هەیە صابوون خراپە داوامان کردووە گوتوومانە سابوونێکمان بۆ بێنن، ئەم سابوونەی پێ خاوێن بکەینەوە بۆ ئێمە هاتووە، جاری وا هەیە ئارد خراپ بووە گەڕاندوو مانەتەوە، ئێستا بەم رۆژانە جۆرە برنجێک هاتبوو پێیانمان گەڕاندتەوە خراپە یان پیسە بەڵکو تەنەکەکەش خۆی ژەنگاویە، ئێمە وەکو ئیدارە لێرە چ وەزارەت چ ئیدارە چ دەزگاکانی تر زۆر (الحاح) دەکەین

لەسەر ڕێکخراوەکانی سەر بە (UN) ئەوە لەبیر مەکەن ئەوان پارەی مووچەیان یەکجار زۆرە ئەوان وەکو ئێمە ناچار نین ئەو سووربوونەی کە ئێمە دەیکەین ئەوان لەسەرووی خۆیانی بکەن، لەنانی خۆیان دەترسن، چەند جار پێیان دەڵێین ئەوان هەوڵ دەدەن پاساو بۆ کارە خراپەکانیان بهێننەوە. (سیطرەی نوعی) دکتۆر خۆی باسی کرد، دەڵێن لە بەسرە دەکرێ، هەموو دەرمانەکان و ئەوانە چەند سور بووین و، چەند داوامان کرد نەیان هێناوە نەک سەیتەرەی نەوعی بەڵکو (قەپان) بۆئەوەی ئەو شتانەی کە دێن پێییان بکێشین، قەپان کە بۆ هەولێر هاتووە لە مووسڵیان داناوە، لێرە نیمانە زۆر جار برنج یاخود ئارد دەدرێتە بریکار (بائع) کە دابەشی بکا بەسەر خەڵک دوو کیلۆی کەمە. نەک تەنها دەرمان ئامێرەکان کە دێن بە هۆی (W.H.O) دێ بۆ وەزارەتی تەندروستی ئەوانیش کۆنن، واتە هەندێ ئامێری تیشک (اشعە) دێت ماوەیەک دایدەنێن دوای ماوەیەک ناچار دەبن هەڵیدەگرن کۆنەکەی خۆیان کە پێش (١٥) یان (٢٠) ساڵ لەمەوبەر هەیان بووئەو بەکار دەهێنن،کاغەزێکم لایە ئەو ڕۆژەی کە(مستەر هانز) هاتبوو سەعاتێک بۆم باس کرد داوای کرد گوتی بە نووسین بۆم ئامادە بکە، ئەو قسانە کە دەکەم باسی هەولێر دەکەم ئاگام لە هی دهۆک و سلێمانی نییە پێم وت کاکە داومانە بە زۆر خەڵک بەڵام چارە نەکرایە دیسان لەگەڵ ئەوەشدا باسی دەکەین، وە یەک شت هەیە ئەویش بزانن ئەو خەڵکەی ئێرە {(W.H.O), (W.H.P), (F.A.O)}ی هەولێر زۆر گوناهیان نییە لە دابەش کردنی ئەم شتە خراپانە، چونکە ئەوانیش ئەو شتانەی کە بۆیان دێ ئەو شتە دابەش دەکەن، دەڵێ سەرم بخوا وەکو دۆمەکە لەوە زیاتر نییە ئەوەی هەمە هەر ئەو ئەتوانم دابەش بکەم، ویستم ئەو قسانە باس بکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک فرەنسۆ بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە وابزانم کاک حوسێن پرسیارێکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئێسگەی بەرهەم هێنانی وزەی گەرمایی یان هەڵمی، هیچ پێشنیاری دیاری کراو هەیە یان ڕێککەوتنێک هەیە بۆ ئەم بابەتە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز جەنابی د. یەک خاڵی بچووک لەگەڵ ئەوەی کاک حوسێن هەردووکیان یەک هۆن و لە بابەت کارەبان ئەوەی دهۆک و ئەوەی تۆربینات فەرموو.

**بەڕێز د.شەفیق قەزاز/وەزیری هاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا نەتەوەیەکگرتووەکان ئەتوانم بڵێم بڕوایان بەوە هێناوە کە لێرە لە ناو کوردستاندا ڕادەیەک ئاستێک لە شارەزایی تەکنیکی و زانین هەیە، من ناڵێم ئێمە ئەتوانین بەرە و ڕووی ئەمریکا و

ئەوروپا بوەستینەوە، چونکە خەڵکی ئێرە دابڕاو بووە لەم شتانە، بەڵام بەراستی ئێستا ئەوانیش بۆیان دەرکەوتووە کە کەسانێکمان هەیە شارەزا و لێزان و پسپۆڕن، من خۆم هەندێ پرۆژە و شتم بۆ هاتووە کە بەڵگەی ئەوەیە کە ئێمە خەڵکمان هەیە ئەتوانێ بەرەو رووی ئەم شتانە بێتەوە، بەڵام وەکو وتم ئەمانە کە دروست ئەبن بە تایبەتی لە کێشەی کارەبا، پارەیەکی یەکجار زۆری ئەوێ بۆ ئەوەیە بەراستی بارودۆخەکە باش بکا، من کە باسی ئەوەم کرد کە کارەبای هەولێر بدرێ، مەبەستم هەروەکو نموونەیەک بوو ئەگینا ئاگادارم بارودۆخی دهۆک زۆر خراپترە لە هەولێر و سلێمانی و لەکاتێکدا ئەگەر ئامێرێک و دەزگایەکی وا بێت کە کارەبای هەولێر بدات، ئەو کاتە تۆ ئەو کارەبایەی کە ئێستا لە دۆکان و دەربەندیخان وەریان ئەگری، یاخود هەموو شەبەکەکان دەبەسترێ بە یەکەوە سلێمانی و هەولێر و دهۆک بە یاری خوا کەرکووکیشی لەناو دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەوەش نەکرێ ئەو کارەبایەی کە ئەمڕۆ بەنداوی دوکان و دەربەندیخان ئەیدەن ئەتوانێ بیدەی بە دهۆک، یان بیدەیتە جێگایەکی تر ئەتوانی بیدەی بە دێهاتەکان، یان بە دەزگاکانی تر کە پێویستیان پێیەتی، واتە کارەباکە لەلایەک زیاد بکرێ و، کار لەسەر ئەوانی تر بکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە سێکتەری کارەبای هەولێر، ئەو پارەی کە بۆ کارەبای هەولێر دانراوە، فەیسی یەکەم تەواو بووە بە درووستی هاتووە، فەیسی دووەم لە ١٢ـ ١٥٪ لێی جێبەجێ بووە، فەیسی سێیەم و چوارەم و پێنجەم تەنها لەسەر کاغەزە هیچ نەکراوە، هیچیان نەهێناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ، پرسیار و تێبینییەکانی ئەندامان تەواو بوو، دانیشتنەکەمان لێرەدا تەواو دەبێت جارێکی تریش بە ناوی پەرلەمانەوە سوپاسی جەنابی وەزیری یارمەتی مرۆڤایەتی و هاوکاری، بەڕێز د.شەفیق قەزاز دەکەین، بۆ ئەو روونکرنەوەو بۆ ئەو وەڵامدانەوانەی، هیوادارین سوود بەخش بێت، فەرموو.

**بەڕێز د.شەفیق قەزاز/وەزیری هاوکاری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێ یەک شت زیادبکەم، باسی قەرەبوو کرا، من وا ئەزانم لە پەرلەمان باسی ئەوەش کرا کە پەرلەمان رۆڵێکی باڵا ببینێ، ئێمە زۆر شتمان هەیە کە باسی قەرەبووی تیا بکەین، بەراستی من وا ئەزانم ئەمە یەکێکە لەو روخسارانەی، یەکێکە لەو بوارانەی کە ئێوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وەکو دەزگایەکی نیشتمانی کوردستان ئەتوانن لەسەر ئەم کێشەیە چ بە یاداشت بێ، چ

به لێکۆڵینەوە بێ، چ بە گفتوگۆ بێ، ئێمەش ئەگەر لێرە بین ئەوە دەتوانین قسەیەکی لێ بکەین و، دەبێت ئێمە بەرزی بکەینەوە بۆ رای جیهانی، ئەتوانم بڵێم نەک هەر تەنها لە شێوەی بەرنامەی«٩٨٦» ، بەڵام زۆر بواری چەوسانەوەی ئێمە هەیە کە پێویستی بە قەرەبوو هەیە، وابزانم پەرلەمانی کوردستان چاکترین و شایستە ترین دەزگایە کە بەو کارە هەڵبستێ و، سەرقافڵەی کارەکە بێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جارێکی تریش سوپاستان دەکەین و، ئەوەی کە پێشنیارتان کرد دەربارەی رۆڵی پەرلەمان و کێشەی ئاوارە و قەرەبوو کردن، دریغییان نەکردووە چەند جار باس کراوە چەند جار یاداشتنامەمان داوە بە (UN) ودام ودەزگا وحکومەت پەیوەندارکان سەرەڕای باس کردنی لەگەڵ حکومەتی هەرێم وپێشنیار کردنی، لەگەڵ کۆمەڵێک لە رازونیازی ئەو خەڵکە دوا جاریش بڕیاری پەرلەمان سەبارەت بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵکی کوردستان کە لەم رۆژانەدا ئەنجام دراو لەم دواییەش بە یاری خوا دریغی ناکەین، ئەوەی کە حکومەتی ئێمە پێویستی پێ بێت لێرە ئەندامانی پەرلەمان، چ بەپرۆژە بێ چ بە گفتوگۆ بێ و، چ بە یاداشت بێ دریغی ناکەین، سوپاستان دەکەین، دانیشتنەکەمان لێرەدا کۆتایی پێ دێت، بۆ دانیشتنی ئایینده ئاگادارتان ئەکەینەوە و، لەوانەیە دانیشتنی ئاینده زیاتر تەرخان بکرێت بۆ ئەو پرسیارانەی کە هەتانە لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، هەندێکیانمان بۆ ناردوون و، ئەوانەی کە تا ئیستا ناردووتانە ئەویش ماوە هیوادارین بۆمانی بنێرن بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا هەماهەنگێکی وا بکەین و، بەرنامەیەکی وا دابنێین کە دانیشتنەکانی تر دەس پێ ئەکات، کاتی ئەوانیش وا رێک بخەن کە سوود بەخش بێ و بتوانن لێرە ئامادە بن، بتوانن وەڵامی پرسیارەکانتان بدەنەوە، بۆیە بەڕێزان ئەگەر چ پرسیارێکی تریان هەیە لە وەزیرە بەڕێزەکان پێش دەرچوونیان لە هۆڵی پەرلەمان ، یاخود پێش ئەوەی پەرلەمان جێ بهێڵن بۆمان رەوانە بکەن، تا لەو ماوەیەدا ئێمەش بیخەینە بەرنامە و لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا رێکی بخەین و، بەرنامەیەکی لەباری بۆ دابنێین، سوپاس.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٧**

**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٩/٤/٢٩**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ٢٨/٤/١٩٩٩دا یاسا کاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم بڕیارەمان دا:-

**یەکەم:**

ڕێزدار سوارە محەمەد ئەمین پاڵێوراوی یەدەگ لە لیستی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان شوێنی ئەندامی دەست لەکارکێشاوەی ئەنجوومەن ڕێزدار (ئەکبەر حەیدەر موسا) دەگرێتەوە.

**دووەم:**

ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ٢٨/٤/١٩٩٩ وە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٨**

**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٩/٤/٢٩**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٢٨ی دا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم بڕیارەماندا:-

**یەکەم:**

هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق ژمارە (٢٣) لە ڕۆژی ٦/ ١٠/ ١٩٩٧دا لەگەڵ تێکڕای ئەو کردارو بڕیارانەی کە بە گوێرەی بڕیاری ناوبراو وەرگیراون.

**دووەم:**

تێکڕای بڕی کرێی هەموارکراو لەبەرۆشنایی بڕیاری ژمارە (٢٣) لە ڕۆژی ٦/ ١٠/ ١٩٩٧دا وەک پێش دەرچوونی ئەو بڕیارەی لێ دەکرێتەوە.

**سێیەم:**

ئەو بڕە پارانەی کە لەلایەن کرێ گرتەوە دراون بە کرێدەر ناگەڕێندرێنەوە لە ئاکامی ئەو زیاد بوونەی کە بەسەر بڕی کرێدا هاتووە لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (٢٣)ی ڕۆژی ٦/ ١٠/ ١٩٩٧.

**چوارەم:**

بە کرێدەر مافی نەتەوەی نییە داوای ئەو زیادە کرێیە بکا کە بەسەر گرێ بەندییە کەداهاتووە لە ئاکامی جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (٢٣)ی رۆژی ١٩٩٧/١٠/٦.

**پێنجەم:**

دەبێ وەزیری دارایی و ئابووری رێنمایی پێویست دەربهێنێ بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە.

**شەشەم:**

دەبێ وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**حەوتەم:**

ئەم بڕیارە لە مێژووی دەچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣)

**چوار شەممە ڕێكەوتی ١٩/٥/١٩٩٩**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (۱۳)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ۱۹۹۹/٥/۱۹

***کاتژمێر (۱۰)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ۱۹۹۹/٥/۱۹ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (سیانزدەیەم)ی خولی ئاسایی یەکەمی، سالّی (۱۹۹۹)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە (۱)ی مادده (۲۰) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (۱)ی سالّی ۱۹۹۲ی هەموار کراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (۱۳)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (۱۰) دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ۱۹۹۹/٥/۱۹دا بەم شێوەیە بێت.***

***۱ـ ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی، هەروەها ڕێزدار وەزیری پیشەسازی و وزە بۆ وەلامدانەوەی پرسیارەکانی زارەکی و نووسراوەی ئەندامە ڕێزدارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە (۱۳)ی خولی یەکەمی سالّی هەشتەم لە ۱۹۹۹/٥/۱۹دا. بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان وەکو دەڵێن ڕۆژی حکومەتە، وئەو پرسیارانەیە کە بەڕێزان ئاراستەی وەزیری پیشەسازی و وزەو بەڕێز وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتیان کردووە، بەلام پێش ئەوەی دەست بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان بکەین وەکو هەموو لایەک ئاگادارن ئەمڕۆ (٥/۱۹)ە، حەوت سالّ تێپەڕی بەسەر یەکێک لە گەورەترین ڕووداوی مێژوویی ئەم سەردەمەی خەلّکی کوردستانی ئێمە، ئەویش هەلّبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بوو و، ئەو هەلّبژاردنەی بووە مایەی ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان دابمەزرێت، وحکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی ئەو ناوچەیە بکات کە لەژێر کۆنترۆلّی خەلّکی کوردستاندایە، بەبۆنەی حەوت سالّ بەسەر تێپەڕبوونی یەکەم هەلّبژاردنی ئازاد لە کوردستانی عێراقدا، پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی خەلّکی کوردستان دەکەین، بۆ ئەو دەسکەوتە گەورەیەو ئەو هەلّوێستە مەردانەی کە پیشانیان دا چی بۆ خۆمان

وناوچەکە، چی بۆ گشت خەڵکی جیهان کە خەڵکی کورد ئەگەر هاتوو دەرفەتێکی بۆ هەڵبکەوێ بەو شێوەیە رەفتار دەکات لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی ولەگەڵ رەوتی شارستانیدا، خەڵکی کوردستان تێنووی ئازادی بوو، خەڵکی کوردستان یەکەم جار بوو لەم سەردەمەدا هەلێکی مێژوویی بۆ رێکەوت لەچۆنیەتی بریاردان لە بەرێوەبردنی کاروباری خۆی و بریار دان لەسەر چارەنووسی خۆی، من هەموو جار دەڵێم و تەئکید دەکەمەوە (١٩/٥) گەورەترین ریفراندووم بوو کە خەڵکی کوردستان بریاریان دا چۆن لەم وولاتەدا بژین، بریاریان لەسەر ئازادی و لەسەر چارەنووسی خۆیان دا بێ هیچ گوشارو زۆرەملێ یەک، لە ئەنجامی گەورەترین راپەرین کە دیسان خۆی لەخۆیدا دەستکەوتێکی هەرە گەورە بوو ولە ئەنجامی گەورەترین رووداو لەمێژووی نوێی سەردەمی ئێمەدا ئەویش ئەو کۆرەوە ملیۆنییە بوو راپەرینەکەمان وەکو شۆرشەکەمان ریفراندووم(استفتاء) بوو، شۆرشی ئەیلولی مەزن کە ماکی ئەم دەستکەوتانە بوو ریفراندوومێک بوو کە خەڵکی کوردستان بەسەرۆکایەتی بارزانی نەمر دژی زوڵم وزۆرداری و دژی چەوسانەوەیەو، لەگەڵ هەموو هەنگاوێکی ئاشتیخوازانە دایە، لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە بەشێوەیەکی برایەتی و ئاشتی بەڵام کە زوڵم وزۆر بەردەوام بێت وگوشار بەردەوام بێت خەڵکی کوردستان ئەو میللەتەیە کە ئەوە رەفز دەکات، بۆیە ئەو شۆرشەی کە لە (١١)ی ئەیلول دەستی پێکرد تاکو راپەرین گلێپەکەی نەکوژایەوە، راپەرینیش گەورەترین وەڵام بوو بۆ سیاسەتی زەبرو زۆرو بەعەرەب کردن و راگوێزان و کیمیا باران، کەسەرتاسەری خەڵکی کوردستان راپەری وبەچەند رۆژێک وڵاتەکەیان ئازاد کرد وئەو کابووسە بەچەند دەقیقەیەک نەما، کە بوار درا جارێکی تر دوژمنی ئێمە دەست درێژی بکاتە سەر میللەتەکەمان وجارێکی تر رەوتی خۆی بهێنێتەوە وەکو جاران، خەڵکی ئێمە رەفزی کرد سەردانەوێنێ و ئەو گەرانەوەیە قەبووڵ بکات، بۆیە ئەو کۆرەوە مەزنە کەم وێنەیە وئەو بریارانەی کە دەرچووە لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیەوە بۆ چارەسەر کردنی ئەو وەزعە، دیسان خۆی لەخۆیدا دیاردەیەکی جۆری(نوعی) کەم وێنە بوو وبووە ماکی زۆر شت کە ئەمرۆ پاش حەوت ساڵ لەزۆر جێگای تر لەم دونیایەدا جێ بەجێ دەکرێت، ئەوە (کۆسۆڤۆ) هەموو جار کە بەراورد دەکرێت ئەڵێن ئەوەی بۆ کورد کرا بۆ کۆسۆڤۆ بکرێت، دڵنیا بن لەزۆر جێگا لەو دونیایەدا ئەگەر بهاتبایە ئەو وەزعە نەبوایە لەوانەیە هەندێ ئیجرائات زەحمەت بوایە، بۆیە هەڵبژاردنی (١٩/٥) رووداوێکی مێژوویی بوو و لەسەر بنەمای زنجیرەیەکی سەرکەوتن وهەڵوێستی مەردانەی خەڵکی کوردستان بوو کە بەخوێنی رۆڵە تێکۆشەرەکانیان ئەو زنجیرە دەستکەوتانەیان چەسپاند، ئەوەی ئەمرۆ لەسێبەریا دەحەسێینەوە رەنج و ماندوو بوون وبەرخۆدان وهیلاکی ئەو خەڵکەیە وبەتایبەتی شەهیدە نەمرەکانمان، ئێمە جارێکی تریش بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە سوپاس وقەدر زانی خۆمان بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ هەموو ئەو دۆستانەی کە لەکاتی تەنگانەدا هاتنە هاوارمانەوە ولەکاتی هەڵبژاردنەکەدا وەکو چاودێر هاوکاریان کردین وهەتا ئەمرۆش کەم یا زۆر هەوڵی پاراستنی ئەم کیانە دەدەن، ئێمە

منەت بارین بۆ ئەو شەهیدە نەمرانەی کە بەگیانی خۆیان ئەم دەستکەوتەیان هێنایە دی، وبە دەست وبازووی پێشمەرگە ماندوونەناسەکان و گیان لەسەر دەستەکانی کوردستان کە هەمیشە ئامادەن بۆ پاراستنی ئەم شەرعیەتە و ئەم کیانە، هیواداریین گفتوگۆ ودانیشتنەکانی ئاشتی کە لەسەر بنەمای رێک کەوتننامەی واشنتۆن چۆن بەردەوامە زیاتر بەرەو پێشەوە بڕوات وناوەڕۆکی رێککەوتننامەی واشنتۆن بەزووترین کات جێبەجێ ببێت وئاشتی باڵی بەسەر سەرتاسەری کوردستاندا رابکێشێت وخەڵکی ئێمە بەزووترین کات دەرفەتێکی وای بۆ هەڵکەوێ کە بتوانی هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام بدات کە خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی یەکجار گەورەیە بۆ چەسپاندنی ئەم کیانەو پتەو کردن و بەرەو پێشەوە بردنی، هەڵبژاردنێکی ئایندەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان دەبێتە رووداوێکی مێژوویی، من دڵنیام هەموو ئەندامانی پەرلەمان وخەڵکی دڵسۆزی کوردستان بە پەرۆشەوەن بۆ ئەو رۆژە، چ رۆژێک نزیکتر چ رۆژێک زووتر ئێمە بتوانین ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام بدەین هەنگاوێکی گەورەمان ناوە لەو رەوتەی کە دەستمان پێکردووە لە (١٩٩٢/٥/١٩)ەوە تاکو ئەمڕۆ بەردەوامین ودەیچەسپێنین و بەرەو پێشەوەی دەبەین، با هەموومان بەو گیانە ئیش بکەین، هەرچۆن ئیشمان کردووە با بەو نەفەسەوە بۆی بڕۆین وزاڵ بین بەسەر هەموو ئەو کۆسپانەی کە ئەکەوێتە رێگامان و نەفرەت بکەین لەشەڕ ولەشەڕ خوازان، نەفرەت بکەین لەوانەی کە یەکێتی ریزەکانی خەڵکی کوردستانیان ناوێ، ولەوانەی ئەیانەوێ پاشقوڵ بدەن لە ناوەڕۆکی ئەو رێککەوتنامەیەی کە ئەمانگەیەنێتە بەری نەجات، وئەم کیانە رزگار دەکات لەمەترسی یە گەورەکان بەتایبەتی مەترسی شەڕی خۆ بەخۆمان، هەمیشە سەرکەوتوو بێت پەرلەمانی کوردستان، و خەڵکی کوردستان وسوپاس وپێزانینیش بۆ ئێوەی بەڕێز لەم رۆژە پیرۆزەدا.

بۆ ئاگاداری بەڕێزان کە پرسیاریان ئاراستەی بەڕێز وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی کردووە لەوانەیە ئەمڕۆ نەتوانێت بێت، لەبەر ئەوەی کە ئیشوکارێکی زیادی هەیە وپێش وەخت ئاگاداری کردینەوە وئەویش وەکو ئەزانن جەنابی وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی سەرپەرشتی تاقی کردنەوەکانی کوردستان دەکات وسەرۆکی لیژنەیە، بۆیە لەوانەیە بەوەوە زۆر سەرقاڵ بێت، لەوانەیە لەسەرەتای هەفتەی ئایندەدا ئامادە بێ هەر کاتێک دابنیشن وبڕیار بدەن کە سێ شەممەی ئایندە بێت یاخود دواتر بێت ئەو ئامادەیە بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکان، بۆیە ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی کراون لەم دانیشتنەی ئەمڕۆ دوایدەخەین بۆ دانیشتنێکی تر. ئێستاش جەنابی کاک فەرەنسۆ هەریری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بابفەرمووێ.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمڕۆ (٥/١٩) حەوت ساڵ بەسەر دەست پێکردنی ئەو ئەزموونە رەت دەبی، کە هەموو

نووسەران و هەموو لایەنە سیاسیەکان داکۆکی لەسەر پاراستنی دەکەن، حەوت ساڵ لەمەوبەر ژن وپیاو، پیرو لاو، کوردو ئاشوری وتورکمان لەسەرتاسەری کوردستان روویان کردە سندوقەکانی هەڵبژاردن بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرە راستەقینەکانی خۆیان، ئەمەش وەنەبێ هەر لەخۆیەوە هاتبێتە کایەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەرەتای دەستپێکردنی خەباتی، دروشمەکەی دیموکراتیەت بۆ عێراق وحکومی زاتی بۆ کوردستان بووە، هەمیشە پارتی داکۆکی لەسەر دیموکراتیەت کردووە، پێم وایە لە (١٦/٣/٩١)دا لەگەرمەی راپەرین کاتێک کە سەرۆک بارزانی سەردانی (کۆیە)ی کرد لەکاتی قسە کردن بۆ دانیشتوانی کۆیە فەرمووی ئێمە نەهاتووین حوکم لەکوردستان بکەین، چاوەروانی دەرفەتێک دەکەین، هەڵبژاردنێک دەکەین بۆ ئەوەی ئەوانەی نوێنەری راستەقینەی میللەتەکەمان بن ئەوان حوکمی کوردستان بکەن، بەم بۆنەیەوە داوا لە (k.tv) دەکەم من دڵنیام شریتەکە لەوێ هەیە، نازانم لای دەزگاکانی تر هەیە یان نا ؟، بەڵام دنیا شریتی قسەکانی سەرۆک بارزانی لە (١٦/٣/٩١)بیست وببینی کە لەکۆیە کردی وداکۆکی کرد کە هەڵبژاردن هەیە، داوا دەکەم بەو بۆنەیەوە ئەمشەوە ئەگەر هەمووشی لێ نەدەن ئەو برگانەی کە سەرۆک بارزانی باسی هەڵبژاردن دەکات لێبدرێ، پەرلەمان یەکێکە لە سێ ئەستوندەکانی هەر رژێمێکی دیموکراتی و سیاسی کە لە دنیادا هەبێت، هەڵبژاردنی ئێمە کە بەشێوەی نسبی کرا، زۆربەی زۆری یاسا ناسەکان وفەقیهەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە ئەم جۆرە هەڵبژاردنە بۆ ئەم وڵاتە بچووکانەی کە (عەریقن) لە دیموکراتیەت دەست دەدا، بەڵام کوردستانی ئێمە بەو پاشکەوتەییەی خۆی سەلماندنی کە بۆ ئێمەش چاکەو دەتوانین سوودی لێ وەربگرین واش کرا کە خەڵکی تریش و رژێمەکانی تریش دەتوانن سوود لەو جۆرە هەڵبژاردنە وەربگرن، ئەزموونی ئێمە ئەزموونی کوردستان هەڵبژاردنی ئێمە نموونەیەک بوو لەناوچەکە ئێستاش زۆر دەوڵەت هەن لەو ناوچەیەی ئێمە تیایدا دەژین جورئەتی ئەوەیان نەکردووە بەم جۆرە دیموکراتیەتە رێگا بدەن بە خەڵکانی خۆیان نوێنەرەکانی خۆیان هەڵبژێرن، من نامەوێ زۆر لەسەری برۆم ئەو ئەزموونەی کە لە(١٩/٥/٩١) دەستی پێکرد هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەموو حزبە سیاسیەکانی سەرتاسەری کوردستانی گەورە، هەموو رۆشنبیرو زاناکان لەگەڵ ئەوەن کە ئەو ئەزموونە بمێنێ و پشتگیری لێدەکەن، تەنها رێکخراوێکی کوردی لەکوردستان، کەلەسەرەتای دەست پێکردنی ئەزموونەکە دوژمنی بابەکوشتەی ئەم ئەزموونە بوو (پەکەکە)یە، کە بەو بۆنەیەوە ئەبێ باسی بکەین و لەسەری رابوەستین، هەرچەندە من ئێستا زۆر بەکورتی باسی دەکەم بەڵام داوا لەسەرۆکی پەرلەمان دەکەم دانیشتنێکی تایبەتی تەرخان بکات بۆ باس کردنی هەڵوێستی ئەم دواییەی (پەکەکە) بەرامبەر بە ئەزموونی میللەتەکەمان، زۆربەی زۆری سیاسیەکان و کورد پەروەرەکان وای بۆ دەچوون دوای ئەوەی کە سەرۆکی تەلەفۆنی پەکەکە، تووشی ئەو کارەساتەی گرتنە بوو، پەکەکە سوود لە تاقیکردنەوەکانی رابردووی خۆی وەردەگرێ، هەڵوێستی خۆی دەگۆرێ کەچی ئێستا لە جاران گەلێک خراپترو توند تر دوژمنایەتی ئەو ئەزموونە دەکەن، پەکەکە سەلماندی

ئالەتی دەستی دەوڵەتە ئیقلیمیەکانە، دەوڵەتێک وازی لێ دێنێ وئەوی تر لەباوەش دەگری، دەوڵەتە ئیقلیمیەکان بەرژەوەندیان نییە کە ئەم ئەزموونە سەربکەوێ چونکە مەترسیان لەمیللەتی خۆیان هەیە کە ئەوانیش رۆژێک لەرۆژان مافێکی سروشتی خۆیانە کە ئەوانیش وەکو ئێمە ئازاد بن وبتوانن دەربڕی خواست وئامانجەکانی خۆیان بن، پەکەکە دوای گرتنی سەرۆکەکەی نەک شەڕی پێشمەرگە دەکات و دەستی پێکردیە شەڕی ئاژەڵەکانی کوردستانیش دەکات، نەک تەنها بەوەش واز دێنێ، مین لەسەر رێگای هاتووچۆی ئۆتۆمبیلەکان دادەنێت ومین لەسەر رێگای مەڕو مالآت وئاژەڵی تریش دادەمەزرێنێ بە بیکەیسی لەگارانەکانی ئاژەڵەکانی کوردستان دەدات، شەو دەچێت مەڕومالآتی خەڵک دەدزێ و دەیبات، لاوی کوردستان کە تەمەنیان نەگەیشتۆتە هەژدە ساڵ دەیگری و دەیکوژی ویاری بە تەرمەکانیان دەکات، ئێمە جیاوازی دەنوێنین لەنێوان خواستەکانی میللەتی کورد لەتووکیا ولەگەڵ هەڵوێستی دوژمنکارانەی (پەکەکە) لەگەڵ ئەزموونەکەی ئێمەدا، ئێمە لەگەڵ ئەوە داین کە میللەتی کورد لەتورکیا بەمافی خۆی بگات کە مافێکی رەوای خۆیانە، بەلآم دژی کردەوەکانی پەکەکە دەوەستین، ئێستاش با ئەو خەڵکەی کە وا نیشان دەدات کە سۆزی لەسەر کردەوەکانی پەکەکە هەیە با پێم بڵێت حاجی ئۆمەران چەند سەد مەتر لەتورکیاوە دوورە؟ گارانەکەی حاجی ئۆمەران چ خراپیەکی لەگەڵ پەکەکەو لەگەڵ سەرۆکی پەکەکەو لەگەڵ چەکدارەکانی پەکەکە کردووە؟ مەڕو مالآتی ناوچەی ئامێدی کەم شیرو ماستیان بە چەکدارانی پەکەکە داوە کە ئەو هەڵوێستە بەرامبەر بە مەڕومالآتی کوردستان دەنوێنن؟، من دووبارەی دەکەمەوە نامەوێ زۆر لەسەر ئەوە رابوەستم بەلآم داوا دەکەم سەرۆکی پەرلەمان دانیشتنێکی تایبەت بۆ باس کردن لە هەڵوێستی ئەم دواییەی پەکەکە کە لەکۆنگرەی دوایی خۆی دوای گرتنی (ئاپۆ) بریاری داوە کە شەڕی کوردستانی عێراق بکات بە بریاری کۆنگرە، لەپێناوی چی شەڕ لەکوردستانی خۆمان دەکا؟ من قەد ناڵێم باشور، کوردستانی عێراقە ئەم شەڕە لەپێناو چی؟ لەپێناو چی شەڕ لە حاجی ئۆمەران؟ لەپێناوی چی شەڕ لەناوچەی چۆمان و گەلآڵە؟ سوپای تورکی لێیە؟، میدی تورکی لێیە؟ چی لێیە ئەو شەڕە دەکات؟ پەکەکە نەماوە، پەکەکە زۆر لاواز بووە، بەلآم دەیەوێ لەسەر حسابی مەڕومالآتی ئێمە، لەسەر حسابی گارانەکانی ئێمە ئیسپاتی وجودی خۆی نیشان بدات بلێ من هەم و گارانی حاجی ئۆمەران ئیبادە دەکەم، مەڕو مالآتی ئامێدی دەدزم، ماڵی ساوا کە دەچن بۆ چیا بۆ گیا ئەوان دەکوژم، تەنیا وتەنیا لەو شوێنانە دەتوانێت ئیسپاتی وجودی خۆی بکات، ئەگەر نا بەکردەوە پەکەکە زۆر لاواز بووە، ئەگەر درێژە بەم کارە تیرۆرستانەی خۆی بدات لاواز تریش دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی کاک فەرەنسۆ بۆ ئەو مداخەلەوە، بۆ ئەو پێشنیارەش پاشان بریارێکی لەسەر دەدەین بۆ ئەو دانیشتنەی کەپێشنیاری کرد، دێینە سەر بەرنامەی کارمان، جەنابی وەزیری پیپیشەسازی و وزە کاک د.ئیدریس ئەگەر تەشریف بێنێتە سەر سەکۆ، دوو تێبینیمان هەیە

پێویستە دووبارەی بکەمەوە تێبینی یەکەم ئاگاتان لەکات بێت، ئەمڕۆ مەسەلەی پرسیارە دوو مەسەلەی جیاوازە ئەو ئەندامەی کە وا دەزانێت بەپرسیار کێشەکەی کە خستیتیەڕوو کاتەکە یارمەتی نادات دەتوانێت پێشنیار بکات و داوای دانیشتنێکی تایبەت بکات بۆ ئەو بابەتەی کە خودی پرسیارەکەی وەکو پێویست نەگەیشتووە بە ئەنجامی خۆی، ئەو کاتە دانیشتنێکی تایبەتی بۆ ئەم بابەتە دەکەین، ولەوانەیە بەتێروتەسەلتر باسی ئەو کێشەیە بکرێت، بەڵام ئەمڕۆ وەکو پرسیار لەجەنابی وەزیری پیشەسازی و ووزە تەنها ئەو برادەرانەی کە پرسیار دەکەن کە پرسیارەکەیان پێش وەخت ئاراستەی کردووەو لامانە، بۆ پرسیار سێ دەقیقەیە بۆ وەڵام دانەوەش پێنج دەقیقەیە وبۆ موداخەلەی دووەم دوو دەقیقەیە، بۆ جەنابی وەزیر سێ دەقیقەیە، تکا دەکەین ئاگاتان لە کاتەکە بێت دوای کاتی دیاریکراو ناچار دەبین کە ئاگاداری قسەکەر بکەینەوە وناچار دەبین کە قسەکانی ببڕین کاتیشمان دیاریکراوە وپرسیاریش زۆرە واتا نزیکەی چواردە پرسیار هەیە ئەگەر لقی تێدا هەبێ لە پرسیارەکان ئینجا حسابی ئەوەش بکەن دانشتنەکە کاتەکەی دیاریکراوە دەبێ پێش نیوەڕۆ تەواوی بکەین، تکایە راستەوخۆ داخلی پرسیارەکە بن وبێ پێشەکی وبێ درێژە پێدانی تر، بابەتی پرسیارەکانیش بۆ ئەوەی سورەتەکە لاتان روون بێت دوو سێ میحوەرە، زیاتر پرسیارەکان لەسەر رەوشی کارەباو، توتن و بیرەئاوەکانە، ئەمەیە سێ میحوەری پرسیارەکان، پرسیاری یەکەم بەڕێز ئەحمەد سالار با بفەرمووێ.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم ئاراستەی بەڕێز وەزیری پیشەسازی و وزەیە، سەبارەت بەوەیە کە باری کارەبا لەبارێکی ناهەمواردایە، وەک لەخانەی نەبووان دایە، ئەگەر رێگە بفەرموون لەم کاتەدا لەگەڵ ئەم کەمی و ئاڵۆزییەدا هەست دەکەین کارەبا بە کەرتە تایبەتەکان دراوە وەک کارخانە و کارگەکان و کێڵگەکانی مەزراو شینایی ودارستان و دراوە بەکێڵگەکانی پەلەوەرو ئاژەڵداری، لەکاتێکدا ئەو کەرتە تایبەتیانە خۆیان دەتوان کارەبای خۆیان دابین و مسۆگەر بکەن وئەوە خەمی خۆیانە، لێرەدا ئەگەر رێگە بفەرموون دەتوانم بڵێم لەوە دەچێ کە بەرژەوەندییە گشتییەکە کە کەرتە گشتییەکەیە کراوە بەقوربانی کەرتە تایبەتیەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی کاک ئەحمەد سالار، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی پیرۆزباییتان لێ دەکەم بەم بۆنە مێژووییەوە، لەم رۆژەدا حەوت ساڵ بەسەر هەڵبژاردنی سەرتاسەری یەکەم هەڵبژاردن لەکوردستاندا تێدەپەڕێ، هیوادارم کە ئەم دەستکەوتە مێژووییە پارێزراو بێت ودووبارە ببێتەوە وئاشتییەکی سەرتاسەری لەکوردستان سەقام گیر بێت. دەربارەی

ئەو پرسیارەی کارەبا دەمەوێ بەکورتی وەڵامی بدەمەوە، لەبەر بەرژەوەندی گشتیش تەنها لە کەرتی حکومییەوە بەدەر ناکەوێت، بەڵکو لە کەرتی تایبەتیشەوە دەردەکەوێت، ئێمە رۆژانە کارەبایەکی زۆر کەممان پێدەگات و، لە دۆکانیش تەنها یەک یەکە(وحدە) کار دەکات و، بڕی «٢٠»میگاوات کارەبا بە هەولێر دەگات، بۆ بەردەوام بوونی ئیشوکاری خەڵکی کوردستان ، بەتایبەتیش شاری هەولێر کە ناوچەکانی پیشەسازی ژوورو و، خوارو و، ناوچەی پەلەوەر و، لەگەڵ ئەو شوێنە گشتیانەی کەوا حکومەت بەرپرسە لێیان، وەکو پرۆژەی ئاو، ئێمە بە بەردەوامی کارەبامان بۆی دابین کردووە، لەگەڵ نەخۆشخانە و داموەزگاکانی خوێندن و، زانکۆکان و هەندێ داموەزگای تری گرنگ کە پێویستی بە کارەبا هەیە، ئێمە کارەبامان بۆی دابین کردووە و، ئەو بڕە کارەبایەی کە هەیە بەپێی بەرژەوەندی دابەشمان کردووە، ناوچەی پیشەسازی ژوورو رۆژانە تاوەکو کاتژمێری «١٢» کارەبای پێ دەدرێت و، ناوچەی پیشەسازی خواروش تاوەکو «٨»ی ئێوارە کارەبای پێ دەدرێت، هەروەها کشتوکاڵی ئەم ساڵ هەمووی لەسەر ئاوی بیرەکانە و، ئاوی بیرەکانیش بە ماتۆری ئاو دێتە سەر و، ماتۆرەکانیش بە کارەبا ئیش دەکەن و، زیاتر لە (٣)هەزار بیری ئاوی خواردن و کشتوکالیش هەیە لە ناوچەکەدا، ئەمانە ئەگەر ئێمە کارەبایان بۆ دابین نەکەین، خۆیان بە هیچ شێوەیەک توانای ئەوەیان نییە کەوا کارەبا بۆ خۆیان دابین بکەن، جووتیاری وا هەیە کە باری ئابووری زۆر لاوازە و ناتوانێت موەلیدەی کارەبا بکرێت و، ناشتوانێ کشتوکاڵەکەی بە توانای خۆی بەڕێوە بەرێت، جا بۆیە ئێمەش بڕیارمان داوە بەیانیان لە کاتژمێر «٤»ەوە تاوەکو «٨» کارەبا بدەین بە بیرەکان و، هەندێ جاریش لە کاتژمێر «١٢»ەوە تاوەکو «٣»ی پاش نیوەڕۆ کارەبا بە بیرەکان دەدەین.

سەبارەت بە دەزگا پەرەوەدییەکان هەرچەندە لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیشەوە هاوکاری دەکرێن، ئێمەش هاوکاریەکی تەواویان دەکەین، چونکە ئەو دەزگایانە لە بەرژەوەندی خەڵکیدان و، دەبێت ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم پاڵپشتیان بکەین بۆ ئەوەی نرخی گۆشت و هێلکە لە بازاردا دابەزێنین، ئەو پرۆژانە کە زۆر گرنگن دەبێت بەردەوام بن، چونکە سوودی میللەتەکەمانی تیادایە، ئێمە «٢» دەزگای پەلەوەری گەورە لە ناوچەکەماندا هەیە، کە یەکێکیان لێرەیە و، ئەوی تریشیان لە دهۆکە، لە پار ساڵیشەوە تاوەکو ئێستا توانراوە نزیکەی «١٦٠» پرۆژەی پەلەوەری بچوکیش بخرێتە کار، ئەویش بە پاڵپشتی رێکخراوی «فاو» و حکومەتی هەرێم، ئێمە ساڵانە «٤» بەشە گازیان بۆ دابین دەکەین، هەروەها تاوەکو لە تواناشدا بێت کارەبایان بۆ دابین دەکەین، بەتایبەتیش پرۆژەی (ئەحمەد ئیسماعیل) و ئەو پرۆژە گەورەیەی دهۆک کە سەرچاوەی دابین کردنی جوجکن بۆ پرۆژە بچوکەکانی تری پەلەوەرە و، هەروەها تەنها سەرچاوەی بەرهەم هێنەری هێلکەن لە کوردستاندا، ئایا ئەوە بەرژەوەندی تیادایە کەوا کارەبای لێ ببڕێت و، پرۆژەکانی تریش بوەستێ، یاخود نە؟!، لەکاتێکدا کە نرخی هێلکەو مریشک لە ٥٠٪ دابەزیوە، ئەگەر نرخی یەک کیلۆ مریشک پارساڵ «٣٠»دینار بوبێت، ئەوە ئەمساڵ دابەزیوە بۆ «١٠»دینار، هەموو

مـوحـەویلەکـان بگۆڕدرێن، دەبێت  هەمـوو مـاڵەکـان وایەرەکـانیـان بگۆڕن و، بۆردەکـانیش فیوزەکانیان بگۆڕدرێن، کەواتە ئێمە خەرجییەکی زیاترمان پێیان کرد، لەکاتێکدا کە ئێمە زیاتر لە (٩)ملیـۆن مـەتر وایەرمـان بەسـەر خـەڵکی هەولێردا سـەپاند، کەواتە بازارێکی زۆر گـەرممان خستەوە بۆ کرێن و فرۆشتنی وایەر، جگە لە مانگی «٣٥»دینارەکە. حەوتەم پشتگوێ خستنی مقیاسی کارەبا، ئەمە خۆی لە خۆیدا کارێکی خراپە، مقیاسی کارەبا خۆی بۆ ئەوە دانراوە کە بەشێوەیەکی زانستیـانە بکاربهێنرێ، هەر بەڵێندەرێک ١٠ تا ١٥ بۆردی هەیە، هەر بۆردێکیش ٢ کـرێکاری هەیە، ئەم کـرێکارانەش زۆر جـار هەر نادۆزرێنەوە و، بەتایبـەتیش بە شـەوان، ئەم بەڵێندەرانەش ناپسپۆڕن و قوتابیان و کرێکار و بەرگدوور و فەرمانبەری وەزارەتەکانمانی تیادایە، (عـەقـدی)بەڵێندەرەکـانیش لە (٣١) ئەم مـانگەدا تەواو دەبێت، کـەچی بەڵێندەرەکـان پارەی (٦/١٥)یشیـان وەرگـرتووە، باشە بە چ مافێک ئەو پارەیە وەردەگرن؟، حکومـەت فـەرمـانیـشی دەرکـرد کـەوا پارەکـە وەرنەگـرن، بەڵام ئەوان هەر وەریان گـرت، چونکە دڵنیـان کـەوا دیسـانەوە مـوقـاوەلاتەکـەیان پێ دەدرێتـەوە، لێـرەدا ئەمـە هەمـوو لایەنە خـراپەکانی ئەم پرۆژەیە بوو، ئەگـەر بەشێوەی فیوز دانان بووایە نە سیمای شارەکەمان دەشێوا و، نە بەڵێندەر و وایەر کرین و بۆردی تیـادا دەبوو و، هیچ زیـانێکیش نەئەکـەوتەوە و، هیچ تەزوویەکی کـارەبامـان لەدەست نەدەچوو، قاتعی دەورە نەدەبوو، مقیاسی کارەباش هەر وەکو خۆی دەمایەوە، بەم هەموو کەموکوڕیەوە بەڕێز وەزیری پیشەسـازی بڕیار دەدات ئەم پرۆژەیە بگۆڕدرێت بە فیـوزدانان بۆ هەر ماڵێک، لەکاتێکدا کـە فـیـوزیشـمـان لە بەڕێوەبەرایەتی  کـارەبا و، لە بازاریشـدا هەیە، دووەم بەڵێندەرەکـان پارەی «١٥»ڕۆژ زیادەیان وەرگـرتووە و، بە چ نرخێـک و بە چ بابەتێـک (٦٠ تا ٧٠)ئەمـپـێـر دراوە بە هەندێک لە عـیـادەی پزیشکەکـان لە کاتێکدا ئەوان دەتوانن بە خۆیان ئەو کارەبایە دابین بکەن، زیاد کردنی پارەی هەندێ لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆمان ١ بە ١٠٠٠زیادی کردووە، حەز دەکەم ئەمـەمـان بۆ روون بکاتەوە و، پاشـان ئەگـەر کـارەبا هەر بەم شـێـوەیە مـایەوە ئایا بەڵێندەرەکـان دەگۆڕنەوە بە پسپۆڕ، یان نە؟، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، جەنابی وەزیر وابزانم پرسیارەکان روونن فەرموو.

**بەڕێز د.ئیـدریس هادی/وەزیری پیشـەسـازی و وزە:**

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من حـەز دەکەم کاک حـەمیـدیش پرسـیـارەکەی بکات، تاوەکو هەمـووی بەیەکـەوە وەڵام دەمـەوە، چونکە تەنهـا من پرسیـارەکەی کاک حەمیدم پێگەیشـتووە و، پرسیـارەکـانی کاک شێخ یەحیام پێنەگەیشتووە.

**بەڕێـز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کاک ئیـدریس نابێت، دەبێت هەر پرسیـارێک و وەڵامەکەی بدەیەوە و، ئەگـەر پرسیـارەکەی کاک شێخ یەحیات پێ نەگەیشتووە، دەتوانی دوایخەی بۆ دانیشتنی داهاتوو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/وەزیری پیشەسازی و وزە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە پرۆژەی کارەبای «٤»ئەمپێری، حەز دەکەم بزانن و هەموو کەسێکیش دەزانێت کەوا باشەی لە خراپەی زۆرترە، ئەو شتانەی کە باس کرا لەوانەیە لە رووی تەکنیکی هەندێ کۆسپی تیادا هەبێت و، تۆڕێکی نیزامی نەبێت، بەڵام هیچی بەو جۆرە نییە کە هێزی تەزوو بە فیرۆ بچێ، ئێستا هەمووی روون دەکەمەوە، ئەمساڵ لەبەر کەم بارانی ئاستی ئاو لە بەنداوەکانی دۆکان و دەربەندیخان زۆر کەم بوو و، هەتاوەکو ئاستی ئاوی ژێر زەویش کەم بووەتەوە، ١/٣ی بڕی بارانی پار باریوە، کەواتە ئەمساڵ لە نێوان ١٥٠تا ١٧٥ملم باران باریوە و، پار ساڵ گەیشتووەتە ٦٥٠ملم باران، هەمووتان دەزانن کەوا سەرچاوەی پێکهێنانی وزەی کارەبا لەسەر ئەو دوو بەنداوە و، لەسەر ئاستی ئاوە، پار ساڵ کە باران باش بوو و، هەر دوو بەنداوەکە پڕ بوون، کارەبای بەردەوام لە ئێستاوە دەستی پێکردبوو و، تاوەکو مانگی ١١ و١٢ش هەر بەردەوام بوو و کەم نەکرابووەوە و، ئەم ساڵ لەبەر بارانی ئاستی ئاو کەمە ناچار بووین کەوا بەرنامەیەک دانێین، چونکە دەمانزانی ئەو بڕە کارەبایەی کە دێت بۆ هەولێر بەشی ئەوە ناکات کە رۆژانە یەک سەعات کارەبا بدات بە ماڵەکان، لەبەر ئەوە ئەم پرۆژەی «٤»ئەمپێریەمان دامەزراند، هەچەندە ئەم کارەبایە کە «٤»ئەمپێرە بە دامودەزگاکانی ئێمە جێبەجێ نەدەکرا بە ماوەیەکی کورت، چونکە نزیکەی «١٠٦»هەزار بەشداربوو لە شاری هەولێر هەیە، دامودەزگای کارەبای هەولێر چەند تیم پێک بێنێ بۆ ئەوەی کارەبای «١٠٦»هەزار ماڵ ببەستێ؟، جا ئەم کارە کارێکی ئاسان نییە، زۆر کەس هەر لە خەیاڵیشدا نەبوو کە ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکرێت، هەتاوەکو بەرپرسی «UNDP» کە هات بۆ لام وتی: (پیرۆز باییتان لێ دەکەم بەراستی ئێمە باوەڕمان نەدەهات کە ئەم پرۆژەیە سەربگرێت)، ئێمە پاش ئەوەی کە رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانمان وەرگرت، فەرمانیان کرد کەوا ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت و، ئەم کارەبایە بەیەک سانی بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش بکرێت، راستە ئەم پرۆژەیە ناوی لێ نراوە «٤»ئەمپێری، بەڵام یەکسانە بەسەر هەموو ماڵەکاندا و، ئێمە بەم «٤»ئەمپێرەوە دەستمان پێکردووە، ئەگەر کارەبا بڕەکەی زیاد بوو ئەوە ئەم «٤»ئەمپێرەش زیاد دەکات، ئێستا لە «٨»ی ئێوارەوە تاوەکو «١»ی شەو تەنها «٣»یەکە(وحدە) کار دەکات«٢»لە دەربەندیخان و، «١»یش لە دوکان، ئێستا کێشەکەمان ئەوەیە ئەو بڕە کارەبایەی کە دەدرێتە هەولێر پاشان دێمە سەر ئەوەی کەوا چەندمان لێ دەبڕن و دەیخەنە سەر بەشی سلێمانی، چونکە ٤٨٪مان نادەنێ، تەنها لە نێوان (٦٨ تا٧٢)میگاواتمان دەدەنێ، کەچی شاری هەولێر ئەگەر کارەبای بەتەواوەتی بدەیتێ لە نێوان (٢٥٠ تا ٣٠٠)میگاواتی پێویستە، ئێمە هەستاین لەو بارەمان کۆڵییەوە، «٣»پێشنیار هەبوو کەوا چۆن ئەم کارەبایە جێبەجێ بکرێ؟، پاشان ئەم شێوەیەمانە هەڵبژارد کەوا باشترین شێوەیە کە دەتوانین کۆنترۆڵی دزینی کارەبای پێ بکەین، ئەگەر لە سەعاتی ماڵەوە بێت، ئەوە هەر کەسێک

«٢»کار دەکەن، واتە پاش تەواو بوونی دەوام لە دامودەزگا حکومییەکاندا، جا ئێمە ئەمەمان بە بەرژەوەندی میللەت زانی، چونکە خەڵکێکی زۆر هاتووچۆی ئەو عیادانە دەکەن و، بەڵکو ئەوانیش بتوانن بەشێوەیەکی باش کارەکانی خۆیان بەرێوەبەرن. سەبارەت بە تەلەفونیش، ژمارەی تەلەفونەکانی ناو شاری هەولێر«١٠,٠٠٠»تەلەفونە، کە بەراوردی کەین لەگەڵ ژمارەی بەشدار بووانی کارەبا کە«١٠٠,٠٠٠»بەشداریکەرە و، ئێمە هیچ تێپەرکارییەکمان بەسەر هێڵەکانی تەلەفوندا نەکردووە، هەقوایە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن تۆری خۆی هەبێت و، ئەگەر ئێمەش هەر تێپەرکارییەکمان بەسەر تۆرەکانی ئەواندا کردبێت با پێمان بڵێن، بەڵام ئەوان تێپەر کارییان بەسەر هێڵەکانی ئێمەدا کردووە، چونکە وایەری تەلەفوونیان بەسەر ستوونەکانی کارەباوە راکێشاوە و، ئەوە خۆی سەرپێچییە و نابێت، چونکە ئەوە «های تیشن »ە و دەبێت« ضغط عالی» بەسەردا رانەکێشی و، ستوونی تایبەتی خۆی بۆ دانێی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس بۆ بەڕێزتان، بەراستی ئەم دانیشتنە زیاتری دەوێت، هەق وایە دانیشتنێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت و، مەبەستی ئێمە لێرەدا تەنها ئەوەیە کە ئەو کارەبایەی کە دێت بۆمان بە راست ترین شێوە دابەشی کەین و سوودی لێ وەرگرین، ئیتر ئاو چەندە و چۆنە ئەوە گرنگ نییە، جەنابی وەزیر فەرمووی کەوا ئەم پرۆژەیە زۆر بە خێرایی ئەنجام دراوە وهیچ کەموکورییەکی نییە، بەڵێ ئەم پرۆژەیە کەموکوری زۆرە، ئەگەر فیوزەکە بووایە وەکو بەڕێزتان فەرمووتان کە دەست ناکەوێت، بەڵام ئەو فیوزانە هەندێکی هەیە و، جیوەکەش(زئبق)کە لەسەر ستوونەکان دادەنرێت و ئۆتوماتیکی کاتێ کوژایەوە دووبارە خۆی هەڵبێتەوە، راستە ئێستا ئێمە ئەوەمان دەست ناکەوێت، بەڵام فیوزی تر لە کۆگاکانی وەزارەتدا هەیە، پاشان دروستیش دەکرێت و، ئێمە خۆمان لەماڵەوە دانەیەکمان دروست کردووە، فیوزێکی زۆر ئاساییە، ئەو وایەرەی کە بەڵێندەرەکە دەیبەستێت لەسەر ستوونەکە کە سووتا یەکەم جار کە باشیان کردەوە، دووەم جار پارەم لێ وەردەگرن. بەڕێزتان فەرمووتان کەوا ئەو تەزووە زیاد دەبێت، کەواتە هەر ماڵێک جارێکی تر خۆی ئامادە کات کەوا «١٠٠»دیناری تر دانێت بۆ وایەرەکان و، ئەمەش یەکێکە لە عەیبەکانی کەوا وایەر کرین و وایەر گۆرینە. هەروەها بەڕێزتان فەرمووتان ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، بەپێچەوانەوە ئەمە ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو بەشێوەی فیوز بوو ئەو کاتە کە شۆرتی کرد، ئەگەر خۆشی فەرمانبەری فەرمانگەی کارەباش بێت ئەوە دەستی ناگاتە فیوزەکە و دەبێت ئاگاداری فەرمانگەی کارەبا بکاتەوە، ئەو کاتە ئەگەر یەکەم جار فیوزی کرد، دووەم جار سزای بدرێت، کۆنترۆڵەکەش هەر دوو وایەرە، سەبارەت بە سەعاتی کارەباش، راستە سەعاتی

کارەبا لە ماڵەکاندا هەیە، بەڵام کارەبای بۆ ناچێ و، هیچ پەیوەندییەکی بە کارەباکەوە نییە، ئەگەر کارەباشی پیادا بچێ حسێب ناکرێت و، خوێنەری سەعاتەکە ناچێت سەیری کات کە ئایا ئەو ماڵە لەماوەی ئەو مانگەدا چەند کارەبایان خەرج کردووە. سەبارەت بە بەڵێندەرەکان من وتم پسپۆریان تیادا نییە و، مەرجی زانستییان تیادا نییە، چونکە قوتابییە، یان بەرگ دروە، یان خاوەن پرۆژەی پەرەوەرە چ لە کارەباو موەلیدە دەزانێت و، ئەگەر خراپیشن بۆ رای نەگەیەنین و سەدان کەسی کارەبایی و دەرچووی کولێژی ئەندازیاری کارەبامان هەیە کە پسپۆرن لەو بوارەدا بێن و ببن بە بەڵێندەر، هەروەها سەبارەت بە عیادەی تیشکەکان، من ناڵێم کارەبایان مەدەنێ، بەڵام من دەڵێم لە شوێنی ئەوەی کە «٦٠»ئەمپێر کارەبا دەدەن بە عیادەی فلان پزیشک بیدەن بە بیرێکی ئاو، هەر هیچ نەبێت ئاوەکە بگاتە ماڵەکان، جا لەبەر ئەوەی کە کارەباش نییە و ماتۆری ئاو ئیش ناکات ئاوەکە وەکو یەک دەگاتە هەموو ماڵەکان، ئێستا ماڵی وا هەیە بە چەند رۆژ ئاوی پێ ناگات، سەبارەت بە تەلەفۆناتیش، جەنابتان لە پێشاندا وەزیری گواستنەوە وگەیاندن بوون و، ئەگەر ئەو تۆری تەلەفۆناتە خراپ بن ئەوە لە جەنابتەوە ماوەتەوە بۆ وەزارەتی ئێستا، راستە وەزارەتی گواستنەوە نەچووە هێڵی تەلەفون بەسەر وایەری کارەبادا بکێشێ، بەڵکو بەڵێندەرەکان وایەری کارەبایان بەسەر تەلەفونا کێشاوە، وایەری تەلەفۆنیش کە وایەری کارەبای کەوتە سەر خۆی لە خۆیدا دەسووتێ، جا بۆیە بە هۆی ئەم پرۆژەیەوە تەلەفۆنەکانمان تێک چوونە و، ئەگەر ئێستاش دەکرێت بیگۆڕن هەر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/ وەزیری پیشەسازی و وزە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە فیوزەکان، وەکو روونم کردەوە فیوز هەر ئەوە نییە کە دایدەنێین بەڵکو دەسووتێت، لەوانەیە لە مانگێکدا ماڵێک سێ چوار فیوز دەسووتێنێ و، ئێمەش «١٠٠,٠٠٠»بەشداریکەرمان هەیە، جا ئەگەر لەیەکی دەی کۆمەڵێکی زۆر فیوز لە مانگێکدا دەسووتێ و، زیانێکی یەکجار زۆرمان دەکەوێتە سەر و، راستە ئێمە هەندێ فیوزمان هەیە لە وەزارەتدا، بەڵام ئەو ژمارەیە نییە کەوا بەش بکات و، بەڵکو لە عێراق هەموویدا ئەو ژمارە فیوزەمان بەدەست ناکەوێت، ئێمە هەوڵێکی زۆرمان داوە کەوا ئەو ژمارە فیوزە پەیدا بکەین، بەڵام بەدەستمان ناکەوێت، قسە کردن شتێکە و کارپێکردنی شتێکی ترە و، ئێمە ئێستا دوو گەمارۆمان لەسەرە هەتاوەکو شتێکی کارەبایی دێتە ناو کوردستانەوە دەبێت بەرێگای قاچاغەوە بێت، دەنا ناتوانین بە رێگای رەسمییەوە بیهێنین، جگە لەو چەند موحویلەی کە لە رێگای UNDP وە هاتووەتە کوردستانەوە، ئەویش پرۆژەی تایبەتی پێ کراوە و بۆ ئەو مەبەستە نییە، ئەگەر وا نەبووایە ئەم پرۆژەیە بەم شێوەیە نەبوایە بەهیچ شێوەیەکی تر جێبەجێ نەدەبوو. سەبارەت

به کۆنترۆڵ کردن راستە ئەو بەڵێندەرانە کەسیان پسپۆر نین، بەڵام شارەزاییان هەیە لەو بوارەدا، لەوانەیە یەکێک بتوانێت کارەبای ماڵێک دابمەزرێنێت و دەرچووی ئامادەیی پیشەسازیش نەبێت، خوێندن مەرج نییە بۆ شارەزایی، بەڵکو سەردەرچوون و شارەزاییە، جگە لەوە ئێمە«٥٦»تیمی تەکنیکیمان هەیە و، سەرۆکی ئەو تیمانە ئەندازیاری کارەبا و دەرچووی ئامادەیی پیشەسازین کە سەرپەرشتی ئەو بۆردانە دەکەن و، بەڵێندەرەکانیش لەژێر رێنمایی ئەو تیمانە کار دەکەن و، لە رووی هونەرییەوە پەیوەندییان بە ئێمەوە هەیە. سەبارەت بە عیادەکانیش ئێمە کارەبا بە چەند عیادەیەک دەدەین و، ئەو کارەبایەش کە دیدەین بە عیادەکان چەندە تاوەکو بیدەین بە بیری ئاوەکان و، بیرەکانیش هەمووی کارەبای هەیە تەنها چەند بیرێک نەبێت کە کارەبای پێ نەگەیشتووە، ئەویش لەبەر هۆی هونەری نەمانتوانیوە کارەبای پێبگەیەنین، نەک لەبەر ئەوەی کە ئێمە کارەبامان نەداوەتێ، «٢٥٠»بیری ئاو لە ناو شاری هەولێردا هەیە، نەمان توانیوە هەموویان بە تۆڕێکەوە گرێ بدەین، ئەویش لەبەر نەبوونی کەرەستەیە، دەبێت تۆڕێکی هاوتەریب(موازی) دروست کەین بۆ ئەوەی بیرەکان هەمووی بەیەکەو ببەستین، چونکە بیرەکان هەمووی پەرتوو بڵاون لەناو شاری هەولێردا، لەگەڵ پرۆژەی ئیفراز کە «٢٤»کاتژمێر کارەبای هەیە و کارەبای لێ نابڕێت، جا لەبەر ئەوە کارەبای عیادەکان هیچ پەیوەندی بە بیری ئاوەکانەوە نییە. سەبارەت بە تۆڕی تەلەفۆنەوە، بەپێی رێنمایی زانستی رێگا دەدرێت لە دووری «٢٠٠ تا ٣٠٠»مەترەوە لە خاڵی دابەشکردنەوە تەلەفون بۆ ماڵی خۆت راکێشیت، بەڵام یەکێک کە ماڵی دەچێتە گەڕەکێکی تازە لە دووری «٢٠٠٠»مەترەوە تەلەفۆن بۆ ماڵی خۆی رادەکێشێت، ئەوە پێشێل کارییە و، هەمووشی بەسەر ستوونەکانەوە دەبات، کاتێک کە من وەزیری گواستنەوە و گەیاندن بووم، ئەم شتە نەبوو، ئێستا ئەو شتە دروست بووە، ئەویش لەبەر ئەوەی لە گەڕەکەکاندا خانووی تازە دروست بووە و شار گەورە بووە، بەرپرسێک، یا بازرگانێک کە خانووی تازەی کردووە و چووەتە گەڕەکێکی ترەوە بەسەر ستوونەکانی کارەباوە هێڵی تەلەفۆنی کێشاوە ئەوە پێشێلکارییە و لادانە لە یاسا، ئێمەش لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندندا قسەمان کردووە و تیمێکی هاوبەشمان دروست کردووە، لەوانەشە ئێستاکە نەتوانین ستوونی تازە بۆ تەلەفون دانێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من دوو پرسیارم هەیە ئاراستەی بەڕێز د. ئیدریسی دەکەم.

یەکەمیان لەکاتی باس کردن هەندێکی وەڵام داوە هەرچەندە برادەران زیاتر جەختیان لەسەر هەولێر کرد، لەبەرئەوە من زیاتر باسی دهۆک دەکەم چونکە ئەو گرفتەی کارەبای لە دهۆک هەیە لەوانەیە

گەلێک قورسترە لە هی ئێرە بەلانی کەم ئەوەی ئێرە بەرهەمی ناوخۆیە دەتوانین تەحەکومی پێ بکەین هەرچەندە برادەرانی تر یاری پێ دەکەن بەلام لەسەر ئەوەش گەلێک ساناترە لەوەی دهۆک ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێت کارەبا نییە هیچ ئیجرائات وەرنەگیراوە و هەوڵ نەدراوە کە هاریکاری ئەو خەڵکە بکرێ لەبەرئەوە پرسیاری من ئەوەیە هەرچەندە کاک دکتۆر لەکاتی قسەکردنی وەڵامی داوەو گوتی رێککەوتنی ئێمە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی ئەوەیە کە (٤٨ ٪ )ی بۆ هەولێرە ئەویش کە بەرهەمی هەردوو بەنداوی دەربەندیخان و دوکانە، لێرە ئەو پرۆژەی لە وەزارەتی پیشەسازی بەجێهێنراوە ئێمە کۆکین لەگەڵ دکتۆر کە ئیجابیاتی هەیە هەرچەندە سەلبیاتیشی هەیە ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە پرۆژەیەکی مەزن ( ١٠٠ ٪ ) جێبەجێ ناکرێ، ئەگەر ( ٦٠ـ ٧٠ ٪ ) جێبەجێ بکرێ شتێکی زۆر باشە.

پرسیاری من بۆ دکتۆر ئەوەیە:

١ـ لە پارێزگای سلێمانی برادەران ئەوانیش هەمان ئەزموونیان دەست پێ کرد بەلام بە (٦) ئەمپێر، ئەگەر (٤٨ ٪ ) بۆ ئێمە بێت ئەوا (٥٢ ٪ ) بۆ دەڤەری سلێمانی و گەرمیانە ئایا ئەوە بەش دەکات ئەوان (٦) ئەمپێر دابەش بکەن؟، ئەگەر نا ئیزافەی لە کێ کرد؟.

٢ـ ئایا لە تواناد‌ا هەیە ئەو پرۆژەیە تەعمیم بکرێ و بگوازرێتەوە بۆ دهۆک و لەگەڵ بەرپرسانی دهۆک دیراسەت بکرێت؟، چونکە لە ناوچەی دهۆک ئێستا یەک ئەمپێر بە ( ٦٠ـ ٧٠) دینارە، هەر ماڵێک دوو ئەمپێر بۆخۆی رادەکێشێت تەقریبەن دەکاتە ( ١٥٠ ) دینار لە مانگێکدا، بەلام لێرەدا چوار ئەمپێر بە (٣٥) دینارە دەڵێن زۆرە، ئینجا ئەگەر وەزارەت هیمەتێک بکات ئێمەش هاوولاتیانی ئەوانین و هەوڵێک بدەین ئەو تەنگژەیە لەسەر ئەوان کەم بکەینەوە ئەوە شتێکی ئیجابییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. رزگار. کاک دکتۆر پرسیاری د. رزگار دوو بەشە بەشی یەکەمیان دەربارەی (٤٨ ٪ ) و ئەو پروپاگەندەی کە دەکرێ کە گوایە (٦) ئەمپێر لەوێ هەیە.

دووەمین ئایا پرۆژەیەک هەیە بۆ دهۆک؟.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی/وەزیری پیشەسازی و وزە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە دهۆک بێگومان سەرچاوەی کارەباکەی لە موسڵەوە دێت ئەو برە کارەبایەی کە دێت ئێمە زۆر هەوڵمان داوە تیمی تەکنیکمیان ناردووە کە زیاد بکرێت، بەلام ئەوە لەژێر دەسەلاتی ئێمەدا نییەو، خۆیان بریاری لێ دەدەن لە موسڵەوە هەر ئەوەندە کارەبایە دێت ئەو برە کارەبایەی کە دەیدەن زۆر کەمە کارەباکەش ئەو برەی کە دەدرێ بە شێوەیەکی رێک نییە ئەگەر ئێمە بزانین بۆ نموونە (٥) میگاوات یان ( ١٠ ) میگاوات بە شێوەیەکی رێک دەدرێ، دەتوانین هەمان پرۆژەی چوار ئەمپێری لە دهۆک بکەین بەلام هەندێ جار ئەوان ( ١٠ ) سەعات هیچ کارەبا نادەن هەندێ

جار دوو سێ سعات (٥) میگاوات دەدەن و، سێ چوار سەعاتی تر (١٠) میگاوات دەدەن ئەو بڕە کە گۆڕانکاری کرد ئێمە ناتوانین پڕۆژەیەکی وا دابنێین کە بەشێوەیەکی یەکسان کارەباکە دابەش بکەین چونکە گۆڕانکاری زۆری دەکەوێتە ناوێ ئێمە دیراسەتی ئەو حاڵەتەمان کردووە.
ئێستا هەوڵی ئەوەمان داوە لەگەڵ بەرپرسی (UNDP) لە عێراق قسەمان کردووە کە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغداد قسە بکات بڕی کارەبای دهۆکمان بۆ دیاری بکات بۆئەوەی ئێمە باری خۆمان بزانین پڕۆژەیەکی لەو جۆرەێ هەولێر لە دهۆکیش جێبەجێ ی بکەین. لە بڕیاری (٩٨٦) داوای وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبامان کرد بۆ دهۆک کە بە (وقود) ئیش دەکات دوازدە ملیۆن و نیو دۆلاری بۆ تەرخان کراوە لە قۆناغی یەکەمدا ئێستا بەزیاد بوونی پارەی نەوت لە بڕیاری (٩٨٦) بۆتە هەژدە ملیۆن ئێمە پێشنیاری (١٠) میگاواتمان کردبوو ئێستا بەو پارەیە (٢٠) میگاوات دێت ئێمە جێگامان بۆ تەرخان کردووە لە فەیسی چوارەم ئەو شتە ڕەزامەندی لەسەر کراوە چاوەڕوانی ئەوە دەکەین کە بێتن لە وێستگەی دهۆکی تازە کە لە باشووری دهۆکە دابنرێت بۆئەوەی بەلانی کەمەوە کەمترین ڕادەی (حد الادنی)ی کارەبای دهۆک دابین بکات بۆ خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان وەکو نەخۆشخانەو ، ئاوو، زانکۆ و، هەروەها خزمەتگوزارییەکانی تر، وەکو قۆناغی یەکەم بەڵام پڕۆژەی ستراتیژیمان بەدەستەوەیە ئەگەر بێتو کوردستان هەمووی بەیەک تۆڕ ببەسترێ وێستگەیەکی هەڵمی گەورە نزیکەی (١٥٠ ـ ٢٠٠) میگاوات دابین بکات دەتوانین کارەبا لێرەشەوە بگوازینەوە بۆ دهۆک و ئەو کاتەی کە ئاوی دوکان و دەربەندیخانیش کەم دەبێتەوە دەتوانین کارەبا بدەینەوە ئەولاش.
مەسەلەی چوار ئەمپێری و شەش ئەمپێری بێگومان دەستپێشخەرییەکە هی ئێمە بوو کە (٤) ئەمپێریمان کرد ئەو بیرۆکەیە لە سلێمانی هەر نەبوو، ئەوان چاوەڕوانیان کرد دوای ئەوەی هی ئێمە سەرکەوتوو بوو ئەوان لاسای ئێمەیان کردەوە بەڵام هەر بۆ پڕۆپاگەندەیەکی ڕاگەیاندن کردیانە (٦) ئەمپێر. من دەمەوێ بۆ جەنابتان و خەڵکی تری کوردستان لێرەدا روون بێتەوە کە ئەوە لەبەشی کارەبای هەولێر لادەبرێ دەخرێتە سەر سلێمانی بۆئەوەی ئەو (٦) ئەمپێرییەی ئەوانیان بۆ جێبەجێ بکرێ.
ئێمە ئەو بەشەمان چۆن حساب کردووە (٤٨٪) بۆ هەولێر (٥٢٪) بۆ سلێمانی لە هەولێر (١٠٦) هەزار بەشداربوو هەیە بە ناوخۆو دەوروبەرەوە، لە سلێمانی لەگەڵ ئەوە بەشەی کەرکوک (١٠٧) هەزار بەشداربوو هەیە ئەو کارەبایەی کە بەرهەم دەهێنرێ بەشەو لە دەربەندیخان ئیش دەکات لە حەوتی ئێوارە تا یەکی شەو، یەک یەکە(وحدە) لە دوکان بە بەردەوامی ئیش دەکات بەپێی حساباتی ئاو، بەپێی زانیارییەکانی کە ئێمە هەمانە بە وردی یەکەکانی دەربەندیخان (٧٠) میگاوات بەرهەم دەهێنن ئەو دوو یەکەیە مانای وایە بەشەو (١٤٠) میگاوات بەرهەم دێنن ئەوەی دوکان (٦٠ ـ ٦٥) میگاوات بەرهەم دێنێ ئەگەر لە (٨)ی شەوەوە تا (١)ی شەو ئەو سێ یەکەیە هەموویان کاربکەن ئەوا نزیکەی (٢٠٠) میگاوات بەرهەم دێنن، سێ چوار

میگاوات بەفیرۆ دەچێ تا هێلەکە دەگاتە هەولێر خۆی نزیکەی (١٩٥) بەرهەم دێنێ (٤٨٪)ی ئەو برە هەرچۆنی حساب بکەین ئەوە (٩٠) میگاواتی بەبەر هەولێر دەکەوێت.
ئێمە ئەگەر دابەشی بکەین بە چوار ئەمپێری ئەگەر لەسەر (١٠٠) هەزار هاوبەشیش بێت، جارانی ڤۆڵتیەکەشی بکەیت، ئێمە حسابمان کردووە (٨٥ ـ ٩٠) میگاواتمان پیویستە ئێمە بەپێی حسابکاری خۆمان چوار ئەمپێرمان بریار دا، ئەگینا پرۆژەکەی ئێمە لەسەرەتاوە (٥) ئەمپێر بوو نەک چوار ئەمپێر کە کورتمان کردەوە بۆ چوار ئەمپێر، لەبەرئەوەی ئەو کارەبایەی کە بەرهەم دەهێنرا بەشی نەدەکرد ئێستا لە سلێمانی بۆ ئەوەی پرۆژەکەی خۆیان بە چوار ئەمپێری جێبەجێ بکەن پێویستیان بە نزیکەی (٩٠) میگاوات هەیە ئەوان بە ئێمە دەڵێن هەر یەکەیەک (٥٠) میگاوات بەرهەم دێنێ کە هەرسێ یەکە (وحدە) دەکاتە (١٥٠) میگاوات ئەگەر هەر سێکیان کاربکەن، کەواتە لە (١٥٠) ئەوە (٧٥) میگاواتیان بەدەست دەکەوێت، باشە هێشتا (١٥) میگاوات کەم دەکاتەوە ئەگەر بە چوار ئەمپێر بیدەنە خەڵکی، ئەگەر شەش ئەمپێر بدەن هێشتا دوو بەرامبەر ئەوە پێویستیان بە کارەبا هەیە بەو چوار ئەمپێرە ئێمە رۆژانە یان بەشەو (٦٨) میگاوات وەردەگرین هەندێ جار دەگاتە (٧٢ و ٧٣ و ٧٤)یش کەچی پێویستیمان بە (٨٥ ـ ٩٠) میگاوات هەیە رۆژانە دەوری (٢٠) میگاوات لەبەشی ئێمە دەبرێ یاخود بە زاراوەیەکی تر دەدزرێ و دەدرێتەوە ئەوبەر بۆئەوەی کەموکورییەکەی خۆیانی پێ پر بکەنەوە ئەگینا شەش ئەمپێر بە هیچ جۆرێک دەری ناهێنێ، ئەگەر ئێمە حساباتێکی وردی بۆ بکەین هەر لەبەرئەوەشە ئێمە تووشی کێشەی ئاو بووین ئێمە حساباتمان کردبوو بەو برە گرفتی ئاومان نابێ، ئێستا ئیمە کە دوو فیدەر کەم دەکەینەوە لەبەر ئەوەی ئەو برە کارەبایەی کە بەشەو بۆمان نایەت یان لێمان دەبرن بەناچاری دوو سێ گەرەک کارەبایان نابێ واتە کەم دەکرێتەوە لەو شوێنانە کە بیری ئاوی لێیە ئەوە بیرەکان کار ناکەن و بەو شێوەیە ئەزمەی ئاو دروست دەبێت.
ئەگەر بێتو برەکە بەتەواوی بدرابایە بە ئێمە ئەو کاتە کێشەی ئاویش لەبۆ ئێمە دروست نەدەبوو، ئینجا ئەو (٦) ئەمپێرەی لەوێ راگەیەندراوە یان دەبێ لە بەشی هەولێر کەم بکرێتەوە و بدرێتە ئەوێ یان دەبێ بەشەو ئەوان یەکەیەکی زیاد بۆخۆیان ئیش پێ بکەن بۆئەوەی قەرەبووی ئەو کەموکورتییە بکەنەوە کە لە کارەبایاندا هەیە ئێمە بە یادداشتی رەسمی ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانمان کردۆتەوە و هەروەها ئاگاداری لیژنەی باڵای ئاشتیمان کردۆتەوە دوو جار داوامان لێ کردوون کە لەگەڵمان دانیشن و ئەو حیساباتە بکەین، کە دانیشتن ئەوان هیچ وەڵامێکیان پێ نەبوو هەتا هەندێ لە فەنییەکانیان دەڵێن ئێمە هەروا شەش ئەمپێریمان راگەیاندووە، بەڵام ئەوە لە راستیدا لە چوار ئەمپێر زیاتر نییە، بەڵام بە هەموو حساباتێکی زانیاری و ئەو حساباتەی ئێمە هەمانە لێرە دەبرێ و دەدرێتە ئەوان ئێستا ئەورۆژە چەند میگاواتێکیان زیاد کردووە هەست دەکەن کە چەندیان بریوە، بەڵام بەوە حساب ناکرێت بەرۆژ یەک (یەکە) (٦٥) (٢٠) میگاوات بەرهەم دێنێ (٢٠) میگاوات لەو (٦٥)ە دەدەرێت ئایا (٤٨٪)

(٦٥) دەکاتە (٢٠) میگاوات؟! لەوەش (٨ـ ١٠) میگاواتمان لێ دەبڕن ئەگەر ئەو (٨) میگاواتەشیان نەبڕیبایە ئێمە کارەبای ناو بازاڕیشمان دەدا هەروەها گرفتی بیری جوتیارەکانیشمان نەدەما هی دەورو بەری هەولێر کە گرفتی ئاومان هەیە، ئینجا بۆئەوەی ئەوە بۆ جەنابتان روون ببێتەوە وەزعەکە وایەو هەولدانیش هەر بەردەوامە ئەو بەشەی کە(٤٨ ٪ ) ئەگەر بەتەواوی بماندەنێ لەکاتی ئێستادا کێشەمان نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر بەلام سەرەرای ئەوەش داوایان لێ دەکەین کە هەولێک بۆ دهۆک بدەن، چونکە ئیستا ئەمپێری بۆ هەر مالێک (١٠٠) دینار، یان بە معدل (٧٥) دینارە، باشە لێرە بۆ (٣٥) دینار دەلێن قیامەت رابووە، لە دوا کۆبوونەوە لەگەل خاوەن مولیدەکان گوتیان ئەگەر گازو دیزل بدەن بە ئێمە ئێمە پارەی ئەو ئەمپێرە کەم دەکەینەوە، ئایا لە تواناداا هەیە وەزارەتی پیشەسازی هاوکاری ئەو خەلکە هەژارە بکات ئەوانەی لەناوچەی دهۆکن بەلانی کەمی رۆژانە چەند لیتر دیزلیان پێ بدرێ و نرخەکە دێتە خوارێ، ئەمە یەک.

دوو، سەبارەت ئەو برەی لە موسلەوە دێت بەراستی وەکو دکتۆر ئاماژەی بۆ کرد (مدو جزر)ی تێدا هەیە، بە ئاوەزووی خۆیان بلندو نزمی دەکەن ئەوە راستە هەیەو ئێمە زانیاریمان هەیە، سەرەرای ئەوەش ئەگەر لەگەل (UN) باسی بکەن لەوانەیە چارە بکرێت، دوو، برادەرانی یەکێتی وەکو کاک دکتۆر گوتی کە بەشی خەلکی هەولێر دەخۆن، بە بروای من ئەگەر بەردەوام لە لیژنەی تەنیسقدا بخرێتە روو و کاک دکتۆریش یەکێک لەوانەیە کە لەوێ ئامادە دەبێ و لەگەل لیژنەی تر و دەزگای تری مرۆڤایەتی و گوشارێکیان بخرێتە سەر بۆئەوەی پابەندی پێوە بکەن نەک خەلکی هەولێر بکوژن بۆ خەلکی سلێمانی یان خەلکی سلێمانی بکوژن بۆ خەلکی هەولێر، ئێمە هەموومان کوردین و لەو میللەتەینە ئێمە هەمووومان برای یەکین و ژانی هەمووومان یەکە، ئیمە لە روانگەیەکی مرۆڤانەو کوردانە و نیشتمان پەروەرییەوە دەروانینە مەسەلەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ د. رزگار تەنها روونکردنەوەیەکی بچووک، ئەو (٧٠) دینارە یان (١٠٠) دینارەی کە لە دهۆک دەدرێت وابزانم لەوێ ئەو موەلیدانە هی کەرتی تایبەتە، جەنابی وەزیر ئەگەر ئەو مەسەلەیە روون بکاتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی/وەزیری پیشەسازی و وزە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەرتی تایبەتی کە کاتی خۆی لە هەولێر کارەبای بە مالان دەدا ئاگادارن (١٥٠) دیناریان

وەردەگرت بۆ (٦) سەعات لەوێش ئەوە پەیوەستە بە نرخی گازوایل ئەگەر نرخی گازوایل بەرز بێت ئەوە زیاتر دەکات ، موەلیدەکانیش پێویستیان بە (صیانە) هەیە و بە روون گۆڕینەو ئەمەش خەرجی زۆری دەوێ ئەهلیشە و حکومی نییە ، بەڵام ئیمە دەتوانین قسە لەگەڵ پارێزگای دهۆک بکەین بۆئەوەی بزانین ئەگەر لە تواناد هەبێ نرخەکە دابەزێنین و دەعم بکرێن بە گازوایل و شتی وا ئەو شتە دەکەین، گازوایلیان دەدینێ بە پارە بەڵام بە نرخی حکومەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەولێردا تا ئێستا شێوەی دابەش کردنی کارەبا بەسەر دانیشتواندا لەسەر بنەمای چوار ئەمپێرییە بەرامبەر بەوە مانگانە (٣٥) دینار لە هەموو ماڵێک وەردەگیرێ و، کرێنی وایەرەکەش لەسەر خاوەن ماڵەکانە و شێوەی دابەش کردنی بەهۆی سندوقێکی تەختەوەیە کە هەموو کەس دەتوانێ بیکاتەوەو دەستکاری بکات ئەم کارەش لەلایەن مقاولەکانەوە بەدی دێت و بەڕێوە دەچێ.

پرسیارەکە:

یەکەم: ئایا هۆی چیبە لێرە (٤) ئەمپێرو لەوێش شەش ئەمپێر دەدرێت لە کاتێکدا حکومەتی هەرێم بەشی خۆی لە مەسروفاتەکانی دەزگاکانی کارەبا بەپێی رێککەوتن بە رێکوپێکی دەدات؟.

دووەم: بۆچی هەموو ماڵێک بەبێ جیاوازی (٣٥) دیناری لێ وەردەگرن لە کاتێکدا هەژاری وا هەیە دوو گڵۆپی هەیە دەتوانرا یەک دوو ئەمپێری بدرێتێ پارەی کەمیشی لێ وەرگرن.

سێ، مقاول لەو پارەیە چەندی وەردەگرێت باقیەکەی هەمووی بۆ وەزارەتە یان نا؟. چوار، بۆچی یەکسەر لە عاموودەکانەوە نەکراوە لە کاتێکدا ئەو شێوەیە مەترسی کەمترە دەستکاری کردنی لەلایەن دانیشتوانەوە کە ئێستا دەکرێت ناهێڵێت. بێنچەم دەتوانرا لە جیاتی مقاول کارەکە لەلایەن کارمەندانی کارەباوە بکرێ. بەهەر حاڵ ئەم کارە کە کرا وەکو کارێکی بە پەلە بە بڕوای من خراپ نەبوو لە کاتی خۆیدا کارەبامان وەرگرت بەڵام نابێت ئەم کارە ببێ بە کارێکی کۆتایی، بەردەوام هەر لە رێی مقاولەکانەوە بێت، بە بڕوای من کاتی ئەوە هاتووە وەزارەتی پیشەسازی:

١ـ بیر لە گۆڕینی نرخەکەی بکاتەوە سەبارەت بەهەندێکیانەوە.

٢ـ بیر لەوە بکاتەوە کە بیگرێتە دەستی خۆی چونکە ئەم شێوەیەی ئێستا زۆر نارێکی تێدا هەیە هەندێ ماڵ هەیە پەستانی کارەباکەی (١٥٠) ڤۆڵتە زۆر لە ئامێرەکانی ئیش ناکەن، بۆ نموونە سەلاجە لەو ناوچانە ئیش ناکات لە کاتێکدا لە هەمان گەڕەکدا (٢٢٠)ە، (٢١٠)یە ئیش دەکات بە بڕوای من کە جەنابی وەزیر دەفەرموێ کارەبامان کەم دەدرێتێ هەر ئەوەندە نییە کەوا لە مێگاکاندا ئەوەندە مێگایەت ئەدەنێ یان ئەوەندەت نادەنێ بەبڕوای من لەو پەستانەی کە دەبێ

بێت بۆ نموونە کارەبای (١٣٢) هەزار ڤۆڵت دەبێ لەوێوە بگوازرێتەوە بۆ ئێرە، بەبڕوای من ئەوەش خەلەلی تێدا هەیە (١٣٢) هەزار ناکرێ زۆر جار بە (١٠٠) هەزار دەکرێت بێگومان ئەوە دەبێتە هۆی خەلەل حەق وایە هیچ نەبێت وا بکەن کە ئەو حاڵەتەیان بۆ چارەسەر بکەن. ئەو پرسیارێکە دەربارەی کارەبا، ئەوەی تر دەربارەی ئاوە نازانم ئەو پرسیارە دوا بخەم یان نا؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەیەکەوە بیان کە چونکە ئەویش هەر پەیوەندی بە کارەباوە هەیە.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیاری دووەم، کورتەی بابەتەکە:

بیرەکانی ئاوی شاری هەولێر کە ژمارەیان دەوری (٢٠٠) بیر دەبێت (٢) ساڵە لە بوودجەی هەرێمدا پارەی بۆ تەرخان کراوە بۆ بەستنی ئەو بیرانە بە کارەبای بەردەوامەوە، بەڵام تا ئێستا شەست تا حەفتا بیر کارەکەی ئەنجام داوە لە کاتێکدا ئەم کارە زۆر پێویستە.

پرسیارەکە:

ئایا ئەم کارە کەی تەواو دەبێت و ئەو پارانەی کە تەرخان کرابوون خەرج کراون یان نا؟.

دووەم: ئایا لە هیچ لایەنێکی ترەوە رێکخراوەکان یان (UN) یارمەتییان بۆ ئەو کارە داوە یان نا؟. بەبڕوای ئێمە ئەو بیرانە لە (٢٠٠) زیاترن (٢٥٠) بیرن، لەم (٢٥٠)یە تا ئێستا وابزانم (٦٨) بیر تەواو کراوە. ئەوە ساڵی سێیەمە ئەوان کاری لێ دەکەن دەبوایە تا ئێستا تەواو ببوایە، چونکە ئەمە هەر ئیشی دوو مانگ سێ مانگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک حەمید پرسیارەکان روونن، پرسیاری یەکەم وابزانم جەنابی وەزیر لە میانی قسەکانی ئێستا وەڵامی دایەوە ئەگەر تەنیا بە کورتی بەسەریدا بچێتەوە، مەسەلەی سەرەکیش مەسەلەی بیرەکانی ئاوە، با بفەرمووێت. زیاتر ئەگەر مەسەلەی پرۆپاگەندەی ئەو (٦) ئەمپێرییە جەنابی وەزیر بۆمان شەرح بکات، فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی/وەزیری پیشەسازی و وزە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە (٤) ئەمپێری و شەش ئەمپێری روونم کردەوە کە ئێمە کە کاتی خۆی حساباتی خۆمان کرد ئەو برە کارەبایەی دەربەندیخان و دۆکان بەرهەمی دێنێ چەندە کە کۆبوونەوەی هاوبەش دەکرێ لەگەڵ سلێمانی ئێمە دادەنیشین رێک دەکەوین لەسەر ئەوەی چەند یەکە ئیش دەکات؟ و چەند کارەبا بەرهەم دێن (٤٨٪) دەدرێت بە هەولێر لەسەر حسابی ئەو (٤٨٪)ە ئێمە حسابی چوار ئەمپێری خۆمان کرد ئەوانیش دەبوایە بەپێی ئەو بەشە لە چوار ئەمپێر زیاتر نەدەن، چونکە ئەو برەی کە بەرهەم دەهێندرێ دابەش دەکرێت، کارەبای زیاد لە کوێ دێت؟، یان

دەبێ یەکەی زیاد لەوێ بە ئیش بێخن، یانیش پێچەوانەی ڕێککەوتنی ئێمەو ئەوانە کارەبا چەند بەرهەم بێت دەبێت (٤٨٪)ی بێت بۆ ئێرە (٥٢٪)ش بۆ ئەوان بێت، یاخود دەبێت لە بەشی ئێرە کەم بکەنەوە بیدەنە ئەوێ جا ئەوان پێم وایە لە ماوەی یەکەمدا ڕێگای یەکەمیان بەکار هێنا هەندێ یەکەیەکی زیادیان لە دەربەندیخان کار پێ دەکرد، بەڵام وا دیارە ئیستا تەنها دوو یەکە لە دەربەندیخان ئیش دەکات و یەک لە دۆکان بەڵام لە بەشی هەولێر دەبڕدرێ و کەم دەکرێتەوەو دەدرێتە بەشی سلێمانی کە ئەوەش بە پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنەیە، شەوانەش من دەتوانم بڵێم بە معدل (٢٠) میگاوات لە ئێمە دەبڕێ ڕۆژانەش لە نێوان (٨ - ١٠) میگاوات، ئەوە کاری کردۆتە سەر بەرنامەی ئێمە کاری کردۆتە سەر ئەوەی کێشەی ئاومان بۆ دروست بکات، چونکە ئێمە حساباتمان لەسەر ئەو بنەڕەتە کردبوو. لەو زووانەش کۆبوونەوەی تر دەکرێت ئێمە جارێکی تر تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە هەروەها لە کۆبوونەوەکانمان چەند کۆبوونەوەیەکی تایبەت کراوە لەسەر پاڵەپەستۆی ڤۆڵتییە کە کاک حەمید باسی دەکات ئێستا خەریکین چارەسەری دەکەین دوو سێ ڕۆژە گرفتی ڤۆڵتیەمان نەماوە چونکە لەوێوە کە ئەو کارەبایەی کە ئێمە داوای دەکەین نایێ فشار زیاتر دەبێت لەوەی کە هەیە ئەو دابەزینی ڤۆڵتییە ڕوو دەدات، بەڵام ئێمە وا خەریکین چارەسەری دەکەین، بەڵام سەبارەت بە خۆمانەوە وەکو تۆڕی ناو شاری هەولێر هەموو ئەو ئیختناقاتەی کە هەبووە چارەسەرمان کردووە ئێمە تەنیا پارساڵ نزیکەی (١٧٠) محەویلەمان دابەش کردووە ئەوەی لە (UNDP) وەرمانگرتووە نزیکەی زیاتر لە هەزار محەویلە لە وەرشەکانی خۆمان چاکمان کردۆتەوە و دامانناوەو کریومانەو زیادمان کردووە و، هەموو ئیختناقاتی ناو شاری هەولێر ئێستا چارەسەر کراوەو ئەو ڤۆڵتیەش لەو سەرچاوەوە دێت گرفتەکە لای ئێمە نییە.

سەبارەت نرخی کارەبا من حەزدەکەم بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بزانن ئێمە وەکو حکومەت دەبێت داهاتێک پارەیەکمان هەبێت، لە هەموو دونیادا کارەبا و ئاو بەبەلاش نادرێت، بەڵام حکومەتیش پاڵپشتی دەکات حەز دەکەم بزانن وا تەسەور نەکرێت ئەو پارەی کە ئێمە وەری دەگرین ئەو پارەیە بازرگانی پێ دەکرێ و برە پارەیەکی زۆرەو دەشمێنێتەوە لە داهاتی ئێمە، نەخێر وەزارەتی دارایی و ئابووری هەموو مانگ بەچەند ملیۆن دینار دەعمان دەکات من ئێستا حساباتتان بۆ دەکەم کە ئەو (٣٥) دینارە چۆن سەرف دەبێت چەندی دەبێتە داهات ئێمەش چەند لەو سیستەمەی کارەبا کە هەیە چەند خەرج دەکەین.

مانگانە (٣٥) دینار وەردەگرین (١٣)ی بۆ مقاول دەڕوات، (٥) دیناری بۆ تیمەکان دەڕوات کە ئوتومبێلیان بە کرێ گرتووە ژمارەیان (٥٦) تیمە موتابەعەی ئەو پرۆژەی چوار ئەمپێرییە دەکەن بۆئەوەی بەرێکوپێکی ئەنجام بدرێ ئەوە دەکاتە (١٨) دینار. ئەوەی دەمێنێتەوە (١٧) دینارە لەو پارەیەی کە وەکو داهات دێت بۆ ئێمە مانگانە (١,٥) ملیۆن دەدەینە یەکێتی لە سلێمانی لە بری ئەو کارەبایەی دەیدەنە ئێمە، نیو ملیۆن دینار مووچەیە، (٥٠٠) هەزار دینار بەس خەرجی

ئەو تۆڕەیە کە ئێمە لەناو شار دەیکەین ئەوە دوو ملیۆن و نیو هەر چۆن پارە کۆبکەینەوە بەو (١٧) دینارە ناگاتە ملیۆنێک کەچی مانگانە دوو ملیۆن و نیو بەس لەو سیستەمە خەرج دەکرێت ئێمە پار تەنیا (٢٠) ملیۆن دینارمان تەرخان کرد بۆ گەیاندنی کارەبا بۆ گوندەکان و هەندێک چاککردنی کارەبا لەناو شار. نزیکەی زیاتر لە (٤٠ ـ ٥٠) ملیۆن دۆلار بەس (UNDP) بۆ سیستەمی کارەبای تەرخان کرد، ئەگەر بە حساباتێک بەراورد بکەین بەو بڕە داهاتەی کە ئیمە لە کارەبا وەریدەگرین لەگەڵ خەرجییەکان دەبینین جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەیە، لەبەرئەوە ئەو (٣٥) دینارە پێموایە پارەیەکی زۆر نییە بەپێی ئەو پارەی کە ئێمە خەرجی دەکەین، چونکە ئەگەر ئێمە پاڵپشتی کارەبا نەکەین بە داهات خۆی ئیش ناکات و سیستەمەکە رادەوەستێت لەگەڵ ئەوەشدا جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەن و ئەوانە بایەخ بە کارەکە دەدەن و داوایان لێ کردین کە دیراسەیەکی بکەین و ئەگەر لە تواناادا بێت هەندێکی لێ کەم بکەینەوە، بەڵام لەوە زیاتر کەم بکەینەوە لەوانەیە سیستەمەکە بەڕێوە نەڕوات بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دیراسەتی دەکەین و دەیخەینە بەردەمی جەنابتان.

سەبارەت ئەوەی کە بۆچی هەموو ماڵێک (٣٥) دیناری لێ وەردەگیرێت، هۆیەکەی ئەوەیە ئیمە بە برێکی یەکسان پێیان دەدەین ناکرێت ماڵێک چوار ئەمپێری پێ بدەین ، (٢٠) دیناری لێ وەربگرین ماڵێکی تریش هەر هەمان چوار ئەمپێرە بچێ زیاتری لێ وەربگرین، بەڵام ئاسانکارییمان کردووە گوتوومانە لە گەڕەکە میللییەکان و گوندەکان دەتوانن نیوە وەربگرن، لە جیاتی چوار ئەمپێر هەردوو ماڵ یەک خەت وەربگرن هەریەکە دوو ئەمپێر وەربگرێ ئەوان نیوەی ئەو پارەیە دەدەن ئەو کاتە (١٧) دینار دەدات بەڵام ناکرێت ماڵێک (٨) ئەمپێر وەربگرێت لەبەر ئەوەی کارەباکە بەش ناکات، بەڵام ئێمە بواری ئەوەمان داوە کە کەم بکرێتەوە ئەگەر (١) ئەمپێریشی بوێت دەیدەینێ بەپێی ئەوە پارەکەی لێ وەردەگرین.

سەبارەت بەو پرسیارەی کە بە چ شێوەیەک دراوەتە مقاولەکان؟.

پێموایە ئەوەم روون کردەوە کە ئیمە راگەیاندنمان کردووە و بانگمان کردووەو، کۆبوونەوەمان لەگەڵ هەموو مقاولەکان کردووە، کۆبوونەوەی هاوبەشمان کردووە لەگەڵ پارێزگای هەولێر و مقاولەکان لەگەڵ تیمەکانی تەکنیکی ئینجا بڕیاری ئەوەمان داوە و عەقدیش هەیە لەنێوان ئێمەو مقاولەکان کە سەرپێچی بکەن لە عەقدەکە تەئمیناتمان لێ وەرگرتوون و ئیجرائاتیان لەگەڵ دەکەین و ئەوەی کە لە عەقدەکە نووسراوە دانەیەکیش لە عەقدەکەتان بۆ دەنێرین.

ژمارەی ئەو ماڵانەی کە لەلایەن مقاولەکان هەیە بە تێکڕا کەمترینیان نزیکەی (٢٠٠)یا (١٩٧)ە، زۆرترینیشیان هەزارە، ژمارەی مقاولەکانیش (٢٤٣) مقاولمان هەیە لەناو شاری هەولێر تا ئێستا (١٠٢) هەزار بەشدار (مشترک)مان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر. کاک حەمید فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر تەنیا وەڵامی کارەبای داوە، لەسەر کارەباکە بەرای من ئێمە بەراستی دەزانین کەوا هەوڵ بدرێت ئەگەر ئەمڕۆش ناکرێت ماوەیەکی کەم دابنێین بۆ ئەو بارەی کە لەلایەن مقاولەکان بڕوات، با لەسەر تۆڕی کارەباکە کە بە ڕێگەیەکی زانستی دروست کراوە جیاوازی پەستان نابێت لە نێوان لایەک و لایەکی تردا و، جادەیەک و جادەیەکی تردا ، کۆڵانێک و کۆڵانێکی تر بەو ڕێگەیە بە فیوزی هەوایی لەسەر ستوونەکان دایبنێین بیبەستن و ئەو فیوزە هەر فیوزێک بێت دەبێت، بەڵام هاووڵاتیش لەماڵەوە خۆی فیوزێک دابنێت لەو کەمتر بێت ئەوەکەی خۆی دەسووتێت ئەو ناسووتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک حەمید. فەرموو کاک د. ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت ئەو تۆڕە هەروەکو لە وەڵامی شێخ یەحیا باسم کرد گوتم ئەو تۆڕە راستە نیزامی نییە بە پەلە جێبەجێ کراوە راستە ئێمە داوای هەندێ سێرکت بڕێکەرمان کردووە کە فیوزەکە دەبێت ئۆتۆماتیکی بێت، چونکە تۆ لەسەر ستوونەکە لە وایەری سەرەکی کێبڵەکەوە دەیبەستی ناکرێ کە فیوزەکە سووتا هەموو جارێک قالدرمە دانێیت فەنییەک بنێریتە سەرەوە و فیوزەک تێ بێخیت، لەوانەیە ماڵ هەیە شەوانە دوو جار فیوزی دەسووتێ ئەوە تایوەری هەیە ئۆتۆماتیکی دوای نیو سەعات پاش سەعاتێک کارەباکە کە کوژایەوە کارەباکە جارێکی تر دووبارە دەکاتەوە داوای ئەو سێرکتەمان کردووە، ئەو سێرکتەش ئێستا لە هەندێ کۆمپانیای ئەورووپی هەن نرخیان گرانە دوێنێ من لەگەڵ نوێنەرەکەی (UNDP) دانیشتم دەیگوت داوای (عروض)مان کردووە (١٠) ملیۆن دیناری دەوێ بۆ ئەو مەسەلەیە ئێمە داوامان کرد لە هەندێ کۆمپانیای کۆری و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەرزانە کە لەوانەیە (٢٠) دۆلاری تێ ناچێ لەگەڵ ئەولا قسە بکەن ئەوان بەڵێنیان دا فاکس بنێرن ئێستا گرفتی ئێمە بۆ ئەوەی بیکەنە تۆڕێکی نیزامی کەرەستەکانە کە دەست ناکەوێت، ئەگەر ئەو کەرەستانە دەست بکەون بە زووترین کات جێبەجێی دەکەین ئەو کاتە پێویستمان بە مقاول نابێت، پێویستمان بەو تیمانە نابێت، پێویستمان بەو خەرجییانە نابێت تۆڕەکەش دەبێتە نیزامی ئەو مەوادانە کە دەستکەوت و هات ئەوە پشت بە هێنانی دەبەستێ، ئێمە خۆمان ناتوانین بیهێنین چونکە ئابلووقەمان لەسەرە ئەوە دەبێ کۆمپانیایەکی تایبەت ئەوە دروست بکات بەو مواسەفاتانە لە بازاڕ و لە هیچ شوێنێک هی حازر نییە نە لە ئەورووپا و نە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو نە لە عێراق بە حازری ئەو فیوزە دەست ناکەوێت، کەی ئەوە هات تۆڕەکە دەبێتە نیزامی.

سەبارەت ئاو، ئێمە تاکو ئێستا لەو (٢٥٠) بیرە توانیومانە بە توانای خۆمان حکومەتی هەرێم (٧٥) بیر بە کارەبای بەردەوام ببەستین ئێمە لەناو شاری هەولێر (٦٦) فیدەری کارەبامان هەیە لەوانە (٩) فیدەری بەردەوامە، ئەو فیدەرە بەردەوامانە هەموو ئەو بیرانەمان پێوە بەستوون بیرەکان دەبێت ببەستریێن عامودیان پێوە ببەستی تەلی بۆ ببەستی لەو شوێنەی کە محەویلەت دانا دەبێ بیرەکەی ببەستی بە کارەباوە.

ئێمە بەسێ قۆناغ دامانناوە ئەو بیرانە ببەستین، قۆناغی یەکەم تەواو بووە، قۆناغی دووەم لەسەر پارە نەوەستاوە، بەڵکو لەسەر کەرستە و کەلوپەل وەستاوە لەسەر ستوون و محەویلە وەستاوە، ئێمە هەرچەندە ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندیشی بۆ کردین بە سوپاسەوە بەڵام کەرستەکەمان پێ پەیدا نەبوو داوامان کرد لە (UNDP) کە مەوادەکەمان بۆ دابین بکات، ئێستا مەوادی (٦٥) بیر هاتووە لە تەل و ستوون و شتی وەها ئەوە قۆناغی دووەم دەست پێ دەکەین، لە قۆناغی سێیەم بیرەکان دەبەسترێ، چونکە وەکو بۆ جەنابتانمان خستەروو ئێمە دەبێت تۆڕێکی (موازی) دروست بکەین، ئێمە ئێستا ئەوەی کردوومانە بۆ بیرەکانی ئاوی هەولێر، هەر لە فەیسی یەکەمەوە چوار موەلیدەی گەورە کە هەریەکەیان (٢ر٢) میگاواتە ئێستا نەسب کراوە تەنیا ماوە تاقی بکرێنەوە، یەکێکیان تاقی کراوە ئەوانی تریش ئێستا پسپۆرە فەرەنسیەکان لە کۆمپانیای (وارسەلەی) فەرەنسی داوا کراوە ئێستا لێرەن لەگەڵیان ئیش دەکەین، ئەو چوار موەلیدەیە (٥ر٨) میگاوات ئاو بۆ بیرەکان دابین دەکەن، ئەگەر لە حاڵەتێک کارەبا بەتەواوی لە هەولێر ببرێ ئێمە دەتوانین تۆڕی ماڵەکان جودا بکەینەوەو بیدەینە بیرە ئاوەکان و هەولێر بێ ئاو نابێ، واتا ئێمە دەمانەوێ دڵنیاتان کەینەوە کە گرفتی ئاو چارەسەر کراوە بەڵام ئێستا دوو تۆڕی (موازی)مان نییە بۆ ئەوەی بیرەکان بە جیا (تغذیە) بکەین و ماڵەکانیش بەجیا بۆ ئەوەی کێشەی ئاو چارەسەر بکەین، لەبەرئەوە کە قۆناغی دووەمی بیرەکانمان دەست پێ کرد و تەواومان کرد، ئەوا قۆناغی سێیەمی بیرەکانی ناو شاری هەولێریش تەواو دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، بەڕێز سەعید محەمەد هروری پرسیارێکی هەیە وابزانم پرسیارەکەی لە میانی وەڵامی برادەران درایەوە، پرسیارەکە باسی پڕۆژەکان دەکات کە بۆ هەندێک لە پڕۆژەی پەلەوەرو پڕۆژەی کشتوکاڵی کارەبای پێ دراوە جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوە. پرسیارەکەی تریشی پەیوەندیدارە بە کارەبا ئەوەی کە هەیە دەڵێ ئایا بۆ هەموو ماڵەکان کارەبا گەیشتووە؟. جەنابی وەزیر وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە.

دێینە سەر پرسیاری کاک محەمەد ئەمین مەولود، ئەگەر هەردووکی بەیەک پرسیار بکەیت.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرسیاری یەکەم بە پێی برگەی یەکەم لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٣)ی یاسای وەزارەتی

پیشەسازی و وزە پێویستە لە دیوانی وەزارەتدا ئەنجوومەنی ئیستشاری وەزارەت هەبێت کە بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیر و ئەندامانی و بریکاری وەزارەتی پیشەسازی و وزەو دارایی و کشتوکاڵ لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکان و نوێنەرانی یەکێتی پیشەسازی و سەندیکای کرێکاران ئەندامن لەو ئەنجوومەنەدا، بەراستی کاتی خۆی ئەو ئەنجوومەنە دروست کرابوو و دەست بەکار بوو و هەموو نەخشەو کاروباری گرنگی دارایی و ئابووری بە ئاگاداری ئەو ئەنجوومەنە بوو، بەڵام ئێستا نەماوەو پشتگوێ خراوە کە ئەمەش لەلایەکەوە پێشێل کردنی یاساو لەلایەکی تریشەوە مەترسی لە نەخشەو کاروباری ئابووری و دارایی دەزگاکانی سەربە وەزارەت دەکات.

پرسیارەکەم ئەوەیە:

ئایا پشتگوێ خستن و نەبوونی ئەو ئەنجوومەنە هۆی چییە؟، بۆچی کاری پێ ناکرێ؟ بۆ زانیاریش لیژنەی پیشەسازی و وزە لە سەردانەکانی بۆ دیوانی وەزارەت و قسەکردن لەگەڵ بەڕێز وەزیر ئەم باسە چەند جارێک خراوەتەروو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باجاری ئەم پرسیارە تەواو بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە لە یاسای وەزارەتی پیشەسازی ئەو ئەنجوومەنە باسی لێوە کراوە باسی ئەوەش کراوە دوو مانگ جارێک یان هەر کاتێک پێویست بێت ئەو ئەنجوومەنە کۆبوونەوەی خۆی دەکات ئێمە بە فەرمانێکی وەزاری ژمارە (٢١٥) لە ١٠/١١/١٩٩٧ ئەو ئەنجوومەنەمان پێکهێناوە ناوەکانمان دەستنیشان کردووە کە زۆربەی لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان پێک دێت جگە لە بریکاری وەزارەتی دارایی و بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵ و، دوو پسپۆڕی تریش کە دەستنیشان دەکرێت.

ئێمە هەمیشە کە کۆبوونەوەی خۆمان دەکەین هەموو بەڕێوەبەرە گشتییەکان ئامادە دەبن لە سەرەتاوە کە بریکاری وەزارەتی دارایی دامەزراندنی تۆزێک دوا کەوت ئامادەنەدەبوو بەڵام ئەمە هەموو شتێک کە پەیوەندیی بە داراییەوە هەبێ لەگەڵ دارایی هەماهەنگیمان کردووە و گفتوگۆمان کردووە بە ئاگاداری ئەوان بووەو هەروەها کارەکانمان بە ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وزیرانیش بووە، ئەو کارانەی کە پەیوەندی بە وزارەتی کشتوکاڵەوە هەبێ دیسان تەنسیقێکی تەواو کراوە بۆ نموونە زۆر جار کۆبوونەوە بە هاوبەشی لە لەنێوانماندا کراوە بۆ دانانی نرخی توتن

نوێنەری وەزارەتی دارایی تێدا ئامادەبووە هەروەها هی وەزارەتی کشتوکاڵ و ناوخۆشی تێدابووە، ئینجا بەپێی یاساکە دەڵێت هەر کاتێک پێویست بێت، هەر کاتێک کە پێویست بووە ئێمە کردوومانە، بەڵام دیارە ئەگەر کۆبوونەوە نەکرابێ پێویست نەبووە، چونکە ئێمە لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکانی خۆمان دانیشتووین و گفتوگۆمان لەسەر بەرنامەی وەزارەت و پلانی وەزارەت

کردووەو هەموو شتێکیش کە کراوە بە ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە و، بەئاگاداری وەزارەتی دارایی کراوە بە ئاگاداری ئەوان پلانی وەزارەت جێبەجێ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر کاک محەمەد ئەمین مەولود.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی ئەو بەڵگانەی وەزیر هێنایەوە پاساو نین بۆ ئەوەی ئەو ئەنجوومەنە نەبێت، نەبوونی ئەندامێک لە نێوان (١٠-١٥) ئەندام مانای ئەوە نییە ئەو ئەنجوومەنە پێویست ناکات کۆببێتەوە با نوێنەری بریکاری وەزارەتی دارایی تێدا نەبێت ئەوە (١٠ -١٥) نوێنەری تری تێدایە،یەکێتی پیشەسازییە و، سەندیکای کرێکارانە، بریکاری وەزارەتی پیشەسازییە، بریکاری وەزارەتی کشتوکاڵە هەر پسپۆڕێکی تر کە بەڕێز وەزیر بیەوێ دەتوانێ کۆبوونەوەی خۆی بکات و ئاسایی بێت، لە پاشان بەراستی بوونی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و کۆبوونەوە لەگەڵیاندا پاساو نییە بۆ ئەوەی کە تۆ ئەو ئەنجوومەنە پشتگوێ بخەیت، ئەنجوومەنێکی راوێژکاری کە گەورەترین دەسەڵاتی هەیە لە وەزارەتدا پشتگوێی بخەیت بۆ ئەوەی بڵێیت من لەگەڵ بەڕێوەبەرە گشتییەکاندا کۆبوومەتەوە، ئەو برگەی کە ئاماژەم بۆ کرد دەڵێ دەبێ بەلای کەمەوە هەر دوو مانگ جارێک کۆببێتەوە، یاخود لە کاتی پێویستیدا، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر تەماشای یاسای وەزارەت بکەین هەرچەند یاساکە کەموکوڕی زۆری تێدایە، ئێمە پێشنیارمان کردووە کە هەندێک هەمواركردنی تێدا بکرێت، چونکە بەراستی دیارە ئەو یاسایە لەکاتی خۆیدا زۆر پەلەی لێ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک مامەند فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئایا کام لا لەمە بەرپرسیارە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د.ئیدریس.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی/وەزیری پیشەسازی:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی کڕین و فرۆشتنی جگەرە ئێمە کە کاتێک خۆتان دەزانن، دوو ئابلووقەی ئابووریمان لەسەرە، نەشت بە ئاسانی دێتە ناوەوەی وڵات و نە بە ئاسانیش دەچێتە دەرەوە بەتایبەتی ئەگەر بڕێکی زۆر بوو ئەوا ناتوانی بازاڕی بۆ دابین بکەیت و بینێریتە دەرەوە، ئێمە هەموو شتەکانمان بەیاسایی کردووەو ڕامانگەیاندووە، وە کە ڕاگەیاندنەکەمان کرد کەس نەبوو بێت بیکڕێت، جاروبار پەیوەندیمان بە بازرگان کردووەو جاروباریش هەبووە پێنج شەش کەس پەیوەندی کردووەو، ئەوەی کە ناوت هێنا، لەنێوان ئەوانەیە کە ئێستا داواکارییەکانیان لەبەر دەستم دایە، ئێمە پاش گفتوگۆ کە بزانین کامیان دەتوانێت زیاتر بیات بە هەمان نرخ ئەوەی کە دانراوەو ڕاگەیەندراوە داومانەتە ئەو بۆ نموونە ئەگەر یەکێک بڵێت من لە ٢٠٠ کارتۆن زیاتر نابەم و یەکێکی تر بڵێت من ٣٠٠ کارتۆن دەبەم ئەوا دەیدەم بەو کەسەی کە ٣٠٠ کارتۆن دەبا چونکە من ئەبێ بەرهەمی ڕۆژانەم بفرۆشم لەگەڵ ئەوەی کە ماوەیەکە ماوەتەوەو ئەو جگەرەی ئێمە دەچێتە دەرەوەو شاراوە نییە هەرچەندە هەموو شتێک بۆ ڕاگەیاندن نییە چونکە زەرەرێکی زۆرمان لێ دەدات، بەڕاستی حەق نییە بەڵام من بۆتانی ڕوون دەکەمەوە تاوەکو بڕواتان پێی بێت، کە بازاڕی جگەرە گەرم دەبێت ئەوا سەدان کەس دێت و سەردانمان دەکات کە ئێمە ڕاگەیاندنێک دەکەین، بەڵام کە بازاڕ نابێ لەبەر ئەوەی جگەرەی بیانی زۆرە پێشبڕکێی تۆ دەکات و بە نرخێکی هەرزانتر، چوار کارگەی جگەرە هەیە دووانیان لە بەغدایە یەکێکیان لەهەولێرو ئەوەی تریان لە سلێمانی و ئەوانیش بەرهەمی خۆیان دەکەن و ئەو کاتەی کە تۆ جگەرە بەرهەم دێنی دەبی بازاڕی بۆ بدۆزیتەوەو بیفرۆشیت و لەبەر ئەوە زۆر ئاسان نییە و بەتایبەتیش بەم دواییە ڕێگای موسڵ بە ڕەسمی قەدەغە کراو نایەڵن یەک پاکەتی ئێمە بچێتە ئەو دیو و بفرۆشرێت تەنیا ڕێگە ڕێگەی قاچاغەو بۆ زانیاریتان بردنی ئەو هەموو جگەرەیە بۆ ئەو دیو بە قاچاغ ئاسان نییەو، دەبێ بیبەی و بیفرۆشی و ئەمەش ئاسان نییە چونکە لە بازاڕی هەولێر سەرف نابێ بەڕادەیەکی زۆر کەم نەبێ خەڵکی ئیمە ئەو جۆرە جگەرەیە ناکێشێ لەبەر ئەوەی بارودۆخی ماددی باشە جگەرەی بیانی دەکێشێ و کامەتان لەو بەڕێزانەی کە جگەرە دەکێشن تا ئێستا پاکێتێکی «سۆمەر»تان کێشاوە؟ بڕۆنە ناو خەڵک دەبینن کە بەکار هێنانی ئەم جۆرە زۆر کەمە و دەتوانم بڵێم لە هەزارا یەک نەبێ، لەبەر ئەوە دەبێ تۆ بەرووبوومەکە بەم جۆرە بفرۆشیت و ئەوەشیان شێوەی یاسایی خۆی هەیە ئەوەشیان هەمووی بەڵگەنامەی هەیەو لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنیش ڕاگەیەندراوە، ئینجا ئەوە هەڵبژاردراوە کە باشترین سوود بە کارگەکە دەگەیەنین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاکەتێکی سۆمەر بەچەندەو پاکەتێکی بیانی بەچەندە؟

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پاکەتێکی سۆمەر لەوانەیە بە دوو دینار بێت، بەڵام بیانییەکە لەوانەیە لەنێوان (هەشت و دە) دینار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە سێ جار یان چوار جار بەقەد پاکەتێکی سۆمەر زیاترە.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم شتانەی دەیڵێین بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە چونکە ئەوە شتێکی کەم نییە تۆ بڕێکی زۆرت هەبێت بایی چەند ملیۆنێک بێت و بچیت بازاڕی بۆ بدۆزیتەوە، پرسیاری دووەم: نرخی فرۆشتن لە ئەنجامی مەزاتکردن بووە بەڵام جگەرە بە قۆناخ نرخی دابەزیوە، کاتێک لە سەرەتادا بە ٦٩ دۆلار بووە ئێستا گەیشتووتە ٤٨دۆلار و ئیمە دەزانین لە هەولێر وسلێمانی و جێگاکانی تر نرخ چەندەو ڕایدەگەیەنین دەکەین و خەڵک دێت بەشداری دەکات و ئەو نرخە بگاتە چەند لەوە زیاتری نەکرد چونکە ئەم مەسەلەیە دەبێ بازرگانی گەورە بیکات و بازرگانی بچووک ئەمەی پێ ناکرێت و بۆیە دوا نرخەو بەرژەوەندی تێدایە ئەوا ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت و ئەو هەموو شتەش بە ئاگاداری و هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری و لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک مامەند موداخەلە هەبوو لەسەر ئەوەی سێیەم و ئەگەر جەنابی وەزیر ڕێگا بدات ئەوا من وەڵامی دەدەمەوە، چونکە ئەمە پەیوەندی هەیە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانەوە ئەندامێکی پەرلەمان هەر زانیارییەکی ویست دەتوانێت بەشێوەیەکی ڕەسمی داوا لە سەرۆکایەتی بکات و ئەو کارانەش تایبەتمەندە بە جەنابی سکرتێری پەرلەمان و ئەو دەتوانێت مفاتحەی لایەنی پەیوەندیدار بکات و ئەو زانیاریانەی کە پێویست بن جا نهێنی بن یان ئاشکرا بن بۆی دێت و لەوانەیە کاربەدەستێک ڕاستەوخۆ نەتوانێت ئەو کارانە ئەنجام بدات و کلفەش بێگومان یەکێک لە نهێنییەکانە لە هەموو پیشەسازییەکانی جیهاندا، ئەو دەزگایە مافی خۆیەتی کە بە شێوەیەکی ڕەسمی ئەم کارانە بکات و ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان زانیارییەکی دیاری کراوی ویست دەتوانێت بەپێی ئیجرائاتی ڕەسمی داوا لە سەرۆکایەتی دەکات و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئێمە بە نووسراو ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکەین و ئەوسا بەپێی شێوەی یاسایی خۆی ڕێڕەوی خۆی وەردەگرێت و وەڵامەکەی بۆمان دەگەڕێتەوە، ئەو پرسیارە تەواو بەڵام ئەگەر تەعقیبی تر هەیە فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەدئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە لەلای جەنابی وەزیر بەخۆیمان گوت ئەوەی کە جەنابت فەرمووت ڕاستە، سەبارەت بەوەی کە بەشێوەی یاسایی کراوە ئێمە لە کارگەی جگەرە پرسیارمان کرد هەندێک شتی نا یاسایی تێدایە

بەتایبەتی لە بارمتە (تەئمینات) وەرگرتن و بەڵێندەر بەپێی یاسا دەبێ تەئمیناتی لێ وەربگریت و ئەوجا کە مەزاد ڕادەگەیەندرێت لەوانەیە لیژنەی خستنە ڕوو نرخەکان دابنێت و کە نرخی دانا ڕادەگەیەندرێ و کە ڕاگەیەندرا چەند کەسێک دێن بۆ ئەوەی ئەو کارە ئەنجام بدەن و ئەگەر نەگەیشتنە ئەو نرخەی کە دانراوە یان نەگەیشتە ٨٥٪ی نرخەکە ئەوە جارێکی تر دەبێ ڕابگەیەندرێتەوە وماوەی بۆ سێ جارە و ئەگەر نەبوو ئەوا دەبێ نرخەکان بگۆڕن ئەوەیان لایەک و لای دووەمیان سەبارەت بە تەئمینات ئیمە لە بەڕێوەبەری کارگەی جگەرەمان پرسی ئەوەی کە بۆ ئێمەی باس کرد زۆر شتێکی کەمە، واتە نیوەی نرخی کلفەی یەک جارە، باسی خانوو و شتی وای کردو کە لێکمان داوە زۆر کەم بوو و لەوانەیە لەدوا ڕۆژدا ئەو کەسە کارێکی نارێک بکات، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

واتە تەئمینات کەمەو ئەو نرخەی کە دانراوە بە قۆناخی خۆی تێناپەڕێ، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئیـدریس هادی/وەزیری پیـشـەسـازی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سەبارەت بەڕاگەیاندن ئەوە ئیمە ڕامانگەیاندووە، جاری وا هەبووە دوو جار ئیعلانمان کردووەو نەگەیشتووەتە ئەم نرخەی ئێمە و نرخەکەشمان کەم کردۆتەوەو جارێکیان من ڕازی نەبووم و نرخەکەم کەم نەکردۆتەوە، جارێکی تریش ئیعلان کراوەو کەس نەهاتووە بۆیە دوا جار ناچار بووین نرخەکەمان کەم کردۆتەوە، واتە تۆ ناتوانیت سوور بیت و بڵێیت من لەمە کەمتر نایدەم چونکە بەسەرتا دەمێنێتەوەو دەبێ بەپێی بازاڕ نرخ دیاری بکەیت ئەوە ڕوونە، سەبارەت بە تەئمینات ئەو برەی کە دێت بایی چەندە ئێمە لیژنەی یاساییمان هەیە ئەوان یاساییینە دەزانن بۆ شتێک لەوانەیە ١٠ هەزار دۆلار دابنێن یان ٢٠ هەزار دۆلار دابنێن و زۆر جاری وا هەیە ئێمە تەئمیناتمان دەست بەسەرداگرتووە و ئەگەر بچیتە کارگەی جگەرە دەبینیت بازرگانێک هەبووە نەیتوانیوە گرێ بەندییەکەی جێبەجێ بکات لەگەڵ ئێمە ئەوە ئێمە دەستمان بەسەر بارمتەکەی داگرتووە، ئێستاش هەموو ئیجرائاتەکان هەیە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و ئەگەر یەک حاڵەتی نایاسایی هەیە بۆم بێنەوە و ئەو کات ئیمە بەرپرسیار دەبین و بەڵام کەمی و زۆری تەئمینات من ناتوانم تەئميناتێکی زۆر بخەمە سەر بازرگانێک بایی ئەو کەمییە زۆرە پێشەکی پارە بدات، ئێمە ناهێڵین بەبێ تەئمینات یەک پاکەت لە کارگەکە بیات و تەئميناتێکی زۆریشی بخەمە سەر ئەوەندە تەئمینات دادەنێم و جیاوازی ئەوەی ئەگەر بێی چەند زەرەرم لێ دەدات کە ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ دوا دەکەوێت ئەوەندە حساب دەکەم بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەوە بکەمەوەو دەبێ حسابی تەئمینات بەو جۆرە بکرێت نەک هەر لەخۆت برێک پارە دابنێیت و نەتوانیت پارەکەشت بۆ بێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک مامەند.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شکاتێکی زۆر لەلایەن جوتیارانەوە هەیە لەسەر دانانی نرخی توتن وەرگرتن لە جوتیاران بەتایبەتی ئەم کارە زیانێکی زۆر لە جوتیاران دەدات و لەگەڵ ئەو مەسروفاتەش ناگونجێت کە جوتیاران بۆ بەرهەم هێنانی توتن دەیکەن و لە هەمان کاتدا کارێکی سەلبی هەیە بۆ دوا رۆژمان و وا لە جوتیاران دەکات کە بۆ ساڵێکی تر واز لە بەرهەم هێنانی توتن بێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، واتە لە دانانی نرخی وەرگرتنی توتنی ئەم ساڵ و نرخی پار جیاوازی هەیەو پرسیارەکەش ئەوەیە بۆ ئەو جیاوازییە هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکە ئەوەیە خاڵی یەکەم: ئایا ئەم نرخانە لەسەر چ بنەمایەک دانراون، دووەم: نرخی توتن کرین پێویستە پێش مەوسمی چاندن ڕابگەیەندرێت، سێ: بۆ ئەوەی جوتیار هەڵوێستی خۆی بزانێت کەچی نرخی توتن کرینی وەرزی پار چەند هەفتەیەک لەمەو بەر ئیعلان کراوە، بۆچی؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ دیاری کردنی نرخی توتن ئێمە لیژنەیەکی پسپۆڕمان هەیە لە وەزارەت پاریش هەر هەمان لیژنە بوون کە نرخیان داناو ئەمساڵ کە ئەو نرخەیان داناوە دیارە بەپێی ڕۆژو خشتەکانی ئابووری ئەم نرخە لێکدراوەتەوەو دانراوە و لیژنەیەکی تر نەبووە بڵێین ئەوە شارەزا نەبوون یان لێیان نەزانیوەو لیژنەکە لە (٩) کەس پێکهاتووە، سەرۆکایەتی لیژنەکە بریکاری وەزارەت بەڕێز کاک حەمید کاکە زیادە کە ڕاوێژکارەو، هەروەها بەڕێوەبەری گشتی توتنە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و، بەڕێوەبەری گشتییە لە وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەری توتنە لە هەولێر و بەڕێوەبەری گشتی گومرگە لەوەزارەتی دارایی و ئابووری و سەرۆکی یەکێتی جوتیارانی کوردستان و لە نووسینگەی تایبەتی خۆم بەڕێوەبەرم و بەڕێز شێروان ئەنوەر لەچاودێری دارایی کارگەی جگەرەی هەولێر (٩) کەسن لەو بوارە دانیشتوون و نوێنەری جوتیارانیشی تێدایە بۆ دانانی نرخی توتن، ئێمە نرخی توتن بەپێی ئەوە هەڵدەسەنگێنین و دایدەنێین کە بەرهەمی دێنین و خشتەی ئابووری حساب

دەکەین کارتۆنێک جگەرە لەسەر ئێمە بەچەند دەکەوێت و دەبێ بەچەند بیفرۆشین و چین ئەو فاکتەرانەی یان ئەو هۆکارانەی کە دەچنە نێو دروست کردنی جگەرە، (٢٠) فاکتەر داخلی دروست کردنی جگەرە دەبێت تووتن یەک لەو فاکتەرانەیەو بۆ هەر یەک کارتۆن جگەرە (١٢) کیلۆ تووتنی دەوێت، فاکتەرەکانیش ئەوانەن: توتنە، فلتەرە، کاغەزی جگەرەیە، کاغەزی فلینە، کاغەزی بەتانەیە، بەرگی پاکەتە، سلڤانە، شریتی فەتحە، کارتۆنی شەحنە، بەرگی گرۆسە، باندۆری پاکەتە، باندۆری گرۆسە، کەتیرەی جگەرەیە، صمغی سپییە، صمغی دکسترینە، کەرستەی یەدەگە، صیانەی ئامێرییە، ماکسی دارایی و ئیندساری ئامێرو موچەیە، ئەوە (٢٠) فاکتەرە کە داخلی دروست کردنی جگەرە دەبێت لەوانە هەموو کە مەوادی ئەوەلین جا چ فلتەر بێت یان هەر شتێک بیت ئەوە هیچی نەگۆڕاوەو بە هەمان نرخ دێت، ئەوەی کە گۆڕاوە ئێمە پار کە تووتنمان لە جوتیاران وەردەگرت بە سێ قۆناخ وەرمان گرت و بە سێ نرخ، چونکە ڕۆژانە نرخ دەگۆڕاو لە قۆناخی یەکەم لە ٢٠ دینار پلەیەک بوو ١٦دینار پلە دوو بوو کە زۆربەی ئەو دوو پلەیە بوون و ئەگەر سەرژمێری ئەو دوو پلەیەتان بدەمێ دەبینین کە پلە مومتازو پلە خراپەکان زۆر کەمەو ناکاتە لە ١٪ کە بەکار هێنراوە، هەمووی لەنێوان ئەو دوو پلەیە ماوەو، قۆناخی دووەم لە ١٦ تا ١٣دینار و قۆناخی سێیەمیش لە ١٤ تا ١١دینار بوو واتە بە موعەدەل دەیکرد ١٢دینار، هی ئەو ساڵ بەپێی ئەو فاکتەرانەی کە لێک دراوەتەوە، ٨دینارو ٦ دینارو ٤دینارەو خراپ خراپەکەی ٢ دینارە کە زۆر کەمەو ئەوەش دەشتی هەولێر تووتنێکی زۆری کردووەو زۆربەشی لە جۆری خراپە و لەگەڵ ئەوەی یارمەتیشیان دراوەو پار کە بەو نرخانەمان وەردەگرت کارتۆنی جگەرەمان بە ٦٩دۆلار دەفرۆشت و ماوەیەک بە ٦٥دۆلار و لەدواجار هەتا بە ٦٣ دۆلاریش فرۆشراوەو ئەمساڵیش گەیشتۆتە ٤٨ دۆلار واتە جیاوازییەکە ٢١ دۆلارە، کەچی نرخی تووتن حساب بکە ١٢ کیلۆغرام ئەگەر بەپێی ئەو جیاوازییە حساب بکرێ لە نرخی تووتندا ئەوا هەر کیلۆیەک لەنێوان پلە یەک و دوو لەنێوان (٥) دینار دەکات پارەکە ١٢دینار بوو و کەواتە جیاوازییەکەی ٧ دینارە، حەوت لە دوانزە بدە (٧×١٢) چونکە دوانزە کیلۆی تێ دەچێت دەکاتە ٨٤دینار ٨٤دیناریش دەکاتە ٤ دۆلار واتە کارتۆنێکی جگەرە سەبارەت بە ئێمە کە جیاوازییەکەی لەنێوان ٤ هەتا ٥ دۆلار دابەزیوە کەچی من دەیفرۆشم لە ٦٩ دۆلارەوە بە ٤٨ دۆلار واتە ٢١ دۆلارم لێ دابەزیوە لە نرخەکەم و هێشتاش بواری زۆرەو ئەو (٢٠) فاکتەرە حساب بکە نرخی یەک کارتۆن جگەرە لەگەڵ ئەوەی ئەوە نەهێنییە من باسی دەکەم ٤٤ دۆلارو ٧٧ سەنت لەسەر ئێمە دەکەوێ، من بە ٤٨ دۆلار دەیفرۆشم جا ئەوەیە و لەسەر ئەو بنەمایە نرخ دانراوە زۆر جاریش دانیشتووین و گفتوگۆمان کردووە کە نرخی تووتن چۆنە، بەڵام ئەگەر لەشوێنی تر بە نرخی تر ئیعلان کراوە ئەوە ئێمە لێی بەرپرس نینە، بەڵام هەر حەز دەکەم بۆ جەنابیشتان بۆ زانیاری کە بزانن کابینەی سێیەم شتێکی چەند گەورەی کردووە، پار بایی ٤٧ملیۆن و ٥٠٠هەزار دینار تووتنی لە جوتیاران وەرگرتۆتەوە کەچی لەساڵانی ١٩٩٢و ١٩٩٤و

١٩٩٥و١٩٩٧ لەکاتی کابینەی یەکەم و دووەم یەک کیلۆ وەرنەگیراوە، نە لە سلێمانی و نە لەهەولێریش، ئەوە بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە کارگەی جگەرەم وەرگرتووە، کەرەستەی خاو لە کابینەی یەکەم و دووەم بایی ٢ ملیۆن کراوە ئیمە بایی ١١١ ملیۆن دینارمان کڕیوە، تەنیا بۆ ماوەی ئەو دووساڵە بایی ٤٧ملیۆن و ٥٠٠هەزار دینار توتنمان کڕیوە لەوێ هیچ نەکراوە کەرەسەتەی یەدەگ لە کابینەی یەکەم و دووەم هیچ نەکراوە ئیمە بایی یەک ملیۆن و شەس سەد و شەست و سێ هەزار دینارمان کڕیوەو چاک کردنەوەی باڵەخانە ٢ملیۆن دینارمان لێ داوە، ئەگەر بێی و جیاوازییەکی خێرا بکەی و باسی بەرهەم هێنان بکەیت خۆ ئەوە تەواو نابێت و ئەگەر بە ژمارە باسی بکەم کە ئێمە لەو ماوەیەدا چەندمان بەرهەم هێناوەو، لەماوەی چوار ساڵی پێشووی کابینەکانی تر تەنها ٦١٥٥٢ کارتۆن بەرهەم هێنراوە کەچی ئێمە بەتەنها لەماوەی ساڵی ١٩٩٧ و ١٩٩٨ ئەو ماوەی تریش واتە لەماوەی دوو ساڵ و هەشت مانگ ٢٢١٩٧٨ کارتۆن بەرهەم هێنراوە کەچی پێشتر تەنها ٢٢٠٠٠کارتۆن بەرهەم هێنراوە واتە دە بەرابەری ئەوەیە ئەگەر بەراورد بکرێت، جا ئێمە حەز دەکەین ئەو ساڵ ئەو دەست پێشخەرییەمان کردووە، ئەم ساڵیش کە ئیعلانمان کردبوو، کە ٢٠٠٠هەزار تەن تووتن لە برا جوتیارەکان وەربگرین چونکە پارەکە ٢٠١٠تەن تووتنمان وەرگرتبووەو بەحسابی پار بەپێی ئەو بەرنامەی کە پار دامان نابوو و هێشتا رصیدمان ماوە لەم تووتنە لە کۆگاکان و تا ئێستا تووتنی پارە ئێمە کاری پێ دەکەین و، بەپێی ئەو حساباتەی کە کراوە ئەو مەبلەغەی کە دامان ناوە تاجر هەبوو بێت کە هەموو تووتنەکەمان بداتێ و ئیمە قبوڵمان نەکردو بەرژەوەندی جوتیارانمان لەپێش چاو گرت، کە خەڵکێکی زۆر تووتن بێنێت و ڕاستەوخۆ لە کارگە لێی وەربگرینەوەو هەر یەکێکیان دامان نابوو کە ٥ تەنی لێ وەربگرین کە دەکاتە ١٠٠باڵە کە ٤٠٠جوتیار بەری دەکەوێت و کە ئیعلانمان کرد سرە گەیشتە ١٢٠٠ئەوانەی کە ناویان تۆمار کردبوو، تا ئێستا لەو ماوە کورتەی کە نزیکەی ٣ هەفتەیە نزیکەی ٦٠٠تەن تووتن وەرگیراوە و نزیکەی ٥٠٠و هەندێک تەن تەسلیمی کارگەی جگەرە کراوە، کەچی نازانم لە سلێمانی کە ئیعلان کراوە نە برەکەی دیاری کراوە کە چەند وەردەگرن و نە پارەکەیان دیاری کردووەو ئەوەش لەوانەیە وەکو جەخت کردنێک بێت لەسەر ئێمە بۆ ئەوەی نرخ بەرز بکەینەوەو زەرەر بکەین و ئەوانیش تووتنی خۆیان بنێرن و بەپێی زانیاری خۆم لە پار مانگی (٨)ـەوە کارگەی جگەرەی سلێمانی کار ناکات، دوایی ئێمە بۆ برا جوتیارەکان سنوورمان کردۆتەوە دەیبا بۆ بەغدا یان سلێمانی دەیبا لەکوێ دەیفرۆشێت ئازادەو، ڕێی لێ ناگیرێت و کارگەی جگەرە بەپێی توانای خۆی چەند بەرهەم بهێنێ ئەوەندە تووتن وەردەگرێ و ئیمە تووتنی پارمان ماوەو من ناتوانم هەموو تووتنەکە وەربگرم دوایی کارگەی جگەرەی تر هەیە چوار کارگەی تر هەیەو دووانی لە بەغدایەو بەپێی زانیاری ئێمە شەش هەزار تەن تووتنی لە برا جوتیارەکان وەرگرتووە، بەو جۆرە نییە نرخی ئەوان لەنێوان ٤ تا ٥ دینار بووەو هی بەغدا لەنێوان ٦دینار تا ٧ دینار بووەو دەبێ کرێکەشی بۆ زیاد بکەی و لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە نرخمان داناوەو لە بازاڕی

هەولێرمان پرسیوەو لە بازاڕی بەغدامان پرسیوەو خشتەکانی ئابووری کە کارتۆنێک چەند تەکلیف دەکات و دانیشتووین گفتوگۆیەکی تێروتەسەلمان کردووەو ئینجا نرخەکەمان داناوەو جا ئەگەر جوتیارێک بلێت زەرەر دەکەم یان پار قازانجێکی وەهای نەکردووە ئەوا من نازانم جوتیار زەرەر دەکا یان نا بەلام منیش وەکو کارگە قازانجی خۆم لەبەر چاو گرتووەو بەلام مراعاتی ئەوە دەکەین کە تووتن وەردەگرین و ئێستاش لەگەڵ ئەوەی کە تووتنی زیادمان هەیە تووتن وەردەگرین و تا کۆتایی ئەم ساڵ تووتنی زیادمان هەیە بەپێی بەرنامەی خۆمان کە دامانڕژتووەو لەگەڵ ئەوەش تووتن وەردەگرم وەکو یارمەتییەک بۆ برا جوتیارەکان و، لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و نووسینگەی سەرۆکیش بەتایبەتی زۆر بایەخیان بەو بابەتە داوەو هەتا لە پۆلێن کردن یارمەتی جوتیارەکانمان داوە، ئەو تووتنەی ناوچەش کەچاندراوە خۆتان دەزانن ئێمە کە بەرپرسین خەڵکی ئاوارەی تێدایەو خەڵکی تێدایە کە بژێوی ژیانیان لەسەر ئەوەیە، ناوچە شاخاوییەکان زۆربەیان دەکەونە سەر ناوچەی سلێمانی و ئەوانیش کارگەی خۆیان هەیەو با لە خەڵکی خۆیان تووتن وەربگرنەوە، بەو نرخەی کە دایان ناوە ئێمە پێخۆشحاڵ دەبین ئەگەر ئەوان ڕاست دەکەن و ئێستا ڕۆژانە برا جوتیارەکان تووتن دێنن و ڕۆژانە لێیان وەردەگیرێت و بەشێوەیەکی ڕێک و پێک دەکرێت و دەتوانن داوای خشتەکان بکەن کە ڕۆژانە چەند تووتن وەردەگیرێت و ئەوە بەگوێرەی نرخ دانانی تووتن و چۆنیەتی خشتەی ئابوورییە کە چۆن ئێمە حساباتمان بۆی کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک مامەند فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەبارەت بە جەنابی وەزیر کە دەڵێت تووتنی ئێرە خراپە هی جێگایەکی تر باشە، لەبەر ئەوەی پلە دانرا پلەی مومتاز لێرەو لە بەغداو لە هەر جێگایەکی تر بێت پلەی مومتاز هەر یەکە، مانای دەبێ ئەو سیفاتانەی کە لە مومتاز دا هەیە بۆیە پلەی دەدرێتێ و لەبەر ئەوەی کە پلە هەبوو چاک و خراپی نامێنێت و بەپێی پلەکەی دەرەجەی دەدرێتێ و ئەوجا نرخی بازاڕ و ئەو نرخەی کە ئەوان پێی وەردەگرن جیاوازە، بازاڕ تووتنی کێشان دەهێنن و تووتنی کێشان مەسرەفی کەمترە لەو تووتنەی کە دەخرێتە ناو فەردەوە ئەوان بە داری وەدەکەن و هەندێک مەسرەف هەیە کە لە فەردە دەکرێ لەو ناکرێ و نزیکەی زیاتر لە نیوەی تەکلیفی ئەوی نییە بۆیە نرخی بازاڕ جیاوازی هەیە جا ئەوەی کە باستان کرد نرخی کولفە جەنابتان وا وەلامتان داینەوە کە دەستمان نەکەوت بەلام من نرخی پار هی پاکەت و هی توتنیش لەگەڵ ئەمساڵ بەراورد دەکەم و پار وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد با باسی پلەی مومتاز نەکەین چونکە کەم بووە و بایی ٤٨ هەزار مومتاز هەبووە بە هەمووی بەلام ئەمساڵ هێشتا دیار نییەو دێیینە سەر پاکەت و نرخی تووتن پار ئەوەل بە بیست دینار بووەو ئەمساڵ ئەوەل بە شەش دینارە و و مومتاز بیست و پێنج بووەو بیستی پار بۆتە

شەش و پاکەت پار بە ٥٤دۆلار پاکەتی شین فرۆشراوەو بە٥٢ دۆلار پاکەتی سۆمەری سپی فرۆشراوەو ئەمساڵ بە ٤٨و ٤٧ دۆلارە بەو ڕێژەیە نرخی پاکەت هاتۆتە خوارێ لەوەی بەو ڕێژەیەی کە نرخی تووتن دابەزیوە؟ جا ئەو خەڵکە ئەگەر مەغدور نەبێ هاوار ناکات و هاواری خۆی ناگەیەنێتە هەموو جێگایەک و هاواری خۆیان گەیاندۆتە نووسینگەی سەرۆک بارزانی و چوون مراجعەتیان کردووەو سەرۆک نوێنەری تایبەتی خۆیانی پێ داون، بۆ نووسینگەی سەرۆکی حکومەت و نووسینگەی سەرۆکی پەرلەمان و مەکتەبی ناوەندی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و هیچ کەسێک نەماوە پەنای بۆ نەبەن، ئەوە دەرەنجامی مەغدوریيە وەکو نەخۆشێک کە هەندێک ئازاری هەیە دەنگ ناکات بەڵام کە ئازارەکەی لە تواناداا نەما ناچارە هاوار بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕوونە جیاوازی نرخی توتن لەنێوان ئەمساڵ و پار بەو شێوەی کە باست کرد و جەنابی وەزیر ڕوونی کردەوە ئەگەر ئێستاش ئەوەی ترمان بۆ ڕوون بکاتەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ سەبارەت بە ڕێژەی سەدی توتنی مومتاز، پار ئەوەی کە وەرگیراوە لە هەزارا سیانزدە بووە ئەوەل لە ٣٩٪ بووەو ثانی لە ٥٠٪ بووە و ثالث لە ٩٪ بووەو رابع کە خراپەکەیە لەسەدا نیو بووەو ئەگەر سەیری بکەی دەتوانی تۆ مومتاز و رابع دەربهێنی، ئەو نرخەی کە باسی دەکەی بۆ مومتاز لە هەزارا دە بووە واتە لە ١ر٠ بووە ئەوە مومتازەکەیە و لە چیاکان دەبێت و خەڵک دەتوانێ بیباتە دەرەوەش و پەکی نەکەوتووە کە کارگەی جگەرە لێی وەربگرێ یان نا چونکە جۆرە باشەکەیەتی. دوو، ئەمساڵ مومتاز سفر و لەسەدا چوارە واتە چوار لە هەزارا و لای ئێمە کەمەو تەنها لە ناوچە شاخاوییەکان دا هەیەو ئێمە بەپێی ئەو سەرژمێرییانە دەڕۆین و من ژمارەی ڕاستەقینەت پێ دەدەم هی ئەوەل ٥٤٪ و ثانی ٣٩٪و ثالث ٥٪ ئەوەی ئێستا وەرمان گرتووە لەو شەش سەد تەنە دوای ئیمە ئەو ئاسانکاریانەمان کردو لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی دانیشتین و هەندێ ئاسانکاریمان بۆ کردن و ئێمە ناچاریان ناکەین کە بێن تووتنیان بدەن بە ئیمە، هەتا جەنابی وەزیری دارایی لە باجی گومرگی عەفووی کردن و دەتوانن توتنەکەیان ببەنە هەر کوێیەک بیفرۆشن، ئێمە نامانەوێ خەڵک ناچار بکەین کە بەزۆری تووتنمان پێ بدەن، بەڵام ئەگەر لەهەمان کاتدا نرخی ئەم شتە لە بازاڕ بە دە دینار بێت من ناچم پانزە دیناری پێ بدەم کەسیش نرخ زیاد ناکات ئەگەر بزانێ نرخەکەی چەندە و من بۆتانم ڕوونکردەوەو، لەوە زیاتر نابێ و لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگامان کردۆتەوە سەبارەت بەو پرسیارەی کە کێ دەتوانێت ساڵێک پیش وەخت ڕابگەیەنێ کە نرخی تووتن بەو هێندەیە وەردەگرم، لەگەڵ ئەوەی ڕۆژانە نرخ دەگۆڕێت و ئێوە خۆتان لەناو ئەو کۆمەڵە دەژین و من ئێستا کارگەی ئاوی تەماتە لە هەریر دادەنێم و لە ئیستاوە ڕادەگەیەنم کە تەماتەمان دەوێت بەڵام ئایا دەکرێ ئێستا من نرخەکەی ڕابگەیەنم لەوانەیە

نرخەکەی بگاتە پەنجا فلس و لەوانەیە بگاتە دینارێک و ناتوانیت نرخ پێش وەخت دابنێت و من نازانم بەرهەمەکەم لە بازاڕ چەند دەکات ئەوە بەپێی ڕۆژەو ئەو حکومەتە ئەگەر داهاتێکی بچووکی نەبێت ئەو مووچەو پرۆژەو ئەو کارو چالاکییانە چۆن بەڕێوە دەبات ئەگەر ئەم وەزارەتەو ئەو وەزارەتەی تر داهاتیان نەبێت؟ ئەی حکومەت داهات لەکوێ بێنێت و چۆن ئەو دام و دەزگایە بەڕێوە دەچێت؟ ئەگەر ئێوە بتانەوێ هەموو شتێک لەسەر زەرەر بڕوات حەقە پرسیارەکە بەو جۆرە گفتوگۆ بکرێت با بزانین داهاتت چەندە؟ یان بۆ هیچت نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر ئەوە موحاسەبە نییە پرسیارێکە لەو توێژەی کۆمەڵی ئێمە جوتیاران تووتنیان چاندووە دەیانەوێ بزانن بۆچی پار ئەم نرخە وابوو و ئەمساڵ ئەم نرخە وایە، بۆیە ئەو پرسیارە لە جێگای خۆیەتی و وەڵامەکانیش لەجێگای خۆیانن و کاک مامەند تەواو بوو کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئاماژەی بەڕای من کرد لە هەندێک شتدا پرسیارەکەی منیش هەر لەسەر تووتنەو وەکو دەزانن لەساڵانی پێشوو بە گۆڕینەوە(مقایضە) تووتن لە جوتیاران وەردەگیرا و ئاشکرایە کە شێوەی گۆڕینەوەی ڕاستەوخۆ لە ئاڵوگۆڕا پێش دۆزینەوەی پارەیە واتە پێش چاخی بەردینە، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریش ئەو جوتیارە هەژارە چی لەو جگارەیە بکات کە بەرامبەر تووتن پێیان دەدا ئەبوایە دە ڕۆژ لە بازاڕ دابنیشێ و پاکەت پاکەت بیفرۆشێت تاوەکو پارەکە ساغ دەکاتەوە، ئەمە لەساڵانی پێشوو لەم ساڵە شێوەیەکی تر داهاتووە کە دەڵێن ئێمە تەنها ٢٠٠٠ تەن تووتن وەردەگرین و ئەوەی تر با بۆخۆی بیباتە دەرەوەو بیفرۆشێت، لە پێشوودا کە بە نیزامی مقایضە بوو ئاشکرایە کە جوتیارێکی هەژار نەیدەتوانی ١٠٠پاکەت وەربگرێ و لە بازاڕ بیفرۆشێ و پارەکەی ساغ بکاتەوەو چی دەکرد ناچار دەبوو چەند دەلالێکی دەگرت کە تووتنیان دەکری و بە نیوە قیمەت و ئەمساڵیش کە دەڵێن ٢٠٠٠تەن وەردەگرین ئەی جوتیار چی لەوەی تر بکات؟ ئەبێ بچێت لە دەرەوە بیفرۆشێت من پرسیار دەکەم جوتیارێکی هەژار دەتوانێ ٤٦ فەردە تووتن ببات بۆ دەرەوەی هەرێم و بیفرۆشێت؟ هەندێکیان ناتوانێ بچێت بۆ بەغداو ناوێرێت و دیسان دێتەوە پەنا دەباتە بەر دەلال تا لێی بکڕن و بە نیوە قیمەت، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تر جەنابی وەزیر فەرمووی ڕاگەیاندنی نرخ ناتوانم پێش وەخت بیکەم و یاسای ئینحساری تووتن زۆر ئاشکرایە کە لە وەزارەتی کاروباری ژوورو خۆمان دامان نا نرخی تووتن ئەبێ پێش چاندنی ڕابگەیەندرێت و تووتن شتێکە پێش چاندنی دەبێ تۆ نرخی ڕابگەیەنیت تا جوتیار هەڵوێستی خۆی دیاری بکات و لام وایە کاک شێخ جەعفەر و برادەرانی تریش لەم بوارە کاریان کردووە باشە نرخی بازاڕی ئێمە کە ئێستا بەراوردی دەکەین بەڕاستی بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەو نرخەی کە کارگە دەیەوێت و ئەو تووتنە جۆرێکی ترە و بۆ ئەوە ئامادە کراوە کە لە بازاڕ بفرۆشرێت و لەپاشا

کە دەڵێن خەڵک جگەرە ناکڕێت چونکە توانای مادیی ئەوەیان هەیە کە جگەرەی پاکەتیان هەیە من لە وەزیری بەڕێز دەپرسم چەند کەس سەبیل دەکێشێ نەک تەنها پاکەت و جگەرەی پێ ناکێشرێ بەڵکو سەبیل دەکێشێ، جا پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا کڕینی تووتن بەشێوە گۆڕینەوەی ڕاستەوخۆ هۆی چی بوو لەساڵانی پێشوو؟ ئایا نەدەتوانرا بە پارەکەی جگەرە بفرۆشرێت؟ بۆچی کارگەی جگەرە پێش چاندن ڕاینەگەیاندووە کە تەنها ۲۰۰۰تەن تووتن وەردەگرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پرسیارەکەی کاک ئەمین ڕوونە، فەرموو کاک دکتۆر.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی/وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ مەسەلەی ئاڵ و گۆڕکردن شتێکی زۆر نوێیە لەبواری ئابووری دا بەتایبەتی تۆ شتیک بە شتێک دەگۆڕیتەوە بەتایبەت ئەگەر سیولەی نەقدیت نەبێت ئێمە هەر جارێ پیش ئەوەی وەلامی پرسیارەکە بدەمەوە ئەو بڕەی کە وەرگیرا هەمووی بە مقایضە نەبوو زیاتر لە ۲۰ملیۆن دینار بە کاش بوو دامان و ئەوەی تر بە مقایضە بوو ئێمە کە هاتینەوە هەولێرو هەولێرمان ڕزگارکرد لە ۳۱/ئابی۱۹۹٦ خۆتان هەمووتان دەزانن کارگەری جگەرەیان سووتاندبوو و هیچیان لێ نەهێشتبوو، جارێ بەڕێوەبردن و ئەوانەی تر هەموویان ببونە خەڵوز و هیچی لێ نەمابوو هەڵساین چاکمان کردەوەو بایی ۳۳ ملیۆن دۆلار تووتن بە نەخت فرۆشرابوو ئەوان بۆخۆیان بردبوویان و مەواد و کەرەستەی تێدا نەمابوو، بۆ زانیاریتان باری ئابووری زۆر خراپ بوو جارێ وەزارەت خەریکی جێگاو ڕیگاو دەزگاکان بۆ چاکیان بکاتەوەو پارە دابین بکات بۆ ئەوەی ئیدارە تەشکیل بکات بۆ ئەوەی شتەکان بخاتە سەر سکەی خۆی لەو کاتە ناسکەدا کە هێشتا نە داهات ڕێک خرابوو نە کۆنترۆڵ کرابوو و سەرچاوەکانی پارە دیاری نەکرابوو و ئێمە تووشی شەڕیکی ناوخۆ بووین و باری ئابووری زۆرخراپ بوو، من پیویستیم بە کەرستەی خاو و توتن و فلتەرو ئەوانە بۆ بایی ۲ ملیۆن (دۆلار) نەک دینار، ئەو پارەیە چۆن بە نەختی دیاری دەکرا ئەگەر من مەسەلەی مقایەضەم پەیڕەو نەکردبایە؟ کە پرۆژەی زۆر کردووە، ئەوەشی خستۆتە پاڵ ئەوە، یەکەم جارە لەوەتەیَ کابینەکان تووتن بەم شێوەیە لە برا جووتیارەکان وەردەگرێتەوە، لە سلێمانی لە ساڵی ۱۹۹۱ـەوە هەتا ئێستا هیچ وەرنەگیراوە لە هەولێریش لە پار زیاتر ئەو ڕێژەیە بەهیچ شێوەیەک وەرنەگیراوە ئەگەر ژمارە هەیە وەرگیرابێت حەزدەکەم بالێرەدا باس بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە یەکەم جارە؟

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ؛ بۆ یەکەم جارە لە مێژوو کە کابینەی سێیەم ئەم هەنگاوەی هاوێشتووە ئەو تووتنەی لە برا جووتیارەکان کڕیوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر بە دواداچوونی تر هەیە، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە دواداچوونێکی هەیە.

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس/ سەرۆکی حکومەت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من بە دواداچوونێکی بچکۆلەم هەیە لەسەر پرسیارەکەی کاک ئەمین مەولود، لە ڕاستیدا حکومەت وەختێ دەتوانێت نرخ دیاری بکات کە بەتەواوەتی بزانێت چەندی پێویستە، حکومەت وەختێ بە دۆنم ئەیدا بە خەڵک بە مۆڵەت دیاری دەکرا کە چەند تووتن بچێنرێت بەپێی پێویستی خۆی دیاری دەکرد ئەوەندە تووتن ئەچێنرێت، بە مولەتی ڕەسمی و ئەوەندە تووتنیشی دەکریەوە، بەڵام ئێستا هەر کەسێ بە ئارەزووی خۆی بەپێی بەرژەوەندی خۆی تووتن دەچێنێت و هەوڵ دەدات بیفرۆشێت، ئێمەش وەکو حکومەتی هەرێم پێش هەموو شتێ دەبێ ڕەچاوی بەرژەوەندی خۆمان بکەین، ئایا ئەمە بۆمان دەردەهێنێ، یان نا؟ بەچەندی بکرین بۆ ئەوەی بتوانین قازانجێکی لێ بکەین؟ بەچەند بکرێ بۆ ئەوەی بتوانین کارگەشی ئیش پێ بکەین؟ بەچەندی بکرین کە لە هەمان کاتیشدا هەندێ هاوکاری برا جووتیارەکانیشمان بکەین؟ کە توانای ئەوەیان نییە، تووتنەکان ببەنە شوێنێکی دیکە بیفرۆشن،کردارەکە بەزۆری نییە وکو جاران کارێکی ئازادە ئەوەی ئەیفرۆشێتەوە، ئەیفرۆشێتەوە بە وەزارەتی پیشەسازی ئەوەی نایفرۆشێ ئازادە بۆ کوێی دەبا، هیچ ڕسوم و شتی لەسەر نییە ئەمە ڕاستی بابەتەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، کاک محەمەد ئەمین موداخەلەکەی خۆی تەواو دەکات.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم، لەبارەی ئەوەی وەزیری پیشەسازی فەرمووی دەڵێ کارگەی تر هەیە، بەڵی کارگەی تر هەیە، لە کوێ؟ ئەمە پرسیارێکە، کارگەی تر یا لە سلێمانییە یا لە بەغدایە تووتنەوانێکی هەژار دەتوانێ تووتنەکەی بباتە سلێمانی، یاخود تووتنەکەی بباتە بەغدا، تەنها کۆمەڵێک دەڵاڵ نەبێ ئەو تووتنە بە نیوە قیمەت دەکرن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وەختی خۆی پێش ڕاپەرین لە سەردەمی حکومەتی پادشایەتی یا کۆماری ،جووتیارێک لە گوندێک دوو فەردە تووتنی هەبوایە لە گوندەکەی خۆی باری دەکرد ئەیهێنا بۆ هەولێر ئەیفرۆشت یا بۆ سلێمانی، یان ئەو دەڵاڵانە لەبەینا نەبوون؟

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر نەبوون ئەمە لە سەرەتاوە هەبوو لە سەرەتای پێکهێنانی «انحصار»ەوە لە سالّی پەنجاکانەوە، بەلاّم لە پاشا «انحصار» هات لە قەزاکاندا هەموو ناوەندی کۆکردۆتەوە لە زۆرترین ناحیەکاندا ناوەندی فەحس کردنمان کردەوە، ئامانجیش لە کردنەوەی ئەوە بوو کە نزیک بینەوە لە جووتیارەکان، ئێستا ئەوەتا لە تورکیا باوە ئەبێ تۆ بچیت لە گوندەکە لێی بکڕی، بەلاّم لەبەر ئەوەی کە ئەو توانایە نەبوو خۆت دەزانی سیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر تووتن دژایەتی بوو هەتاوەکو لەودواییەدا «انحصار»یشیان هەلّوەشاندەوەو نەیانهێشت بمێنیت، بەلاّم هەنگاوەکانی «انحصار» ئەوەبوو کە لە لیواکانەوە چووە قەزاکان چووە ناحیەکان چووە گوندەکانیش، جا لەبەر ئەوە تۆ ئەلّێ ی ناچاری ناکەین تووتن تەسلیم کات، بەلّێ ناچاری دەکەین حکومەت بلّێ تووتن بیات بۆ سلێمانی، یان بۆ بەغدا ئەی ئەوە ناچار کردن نییە؟ قوڕ بەسەری چۆن بیبات ئەم جووتیارە چۆن ئەتوانێ بچێ بۆ بەغدا ئی وا هەیە هەر ناوێرێ بچێت، باشە ئەو پارەیەی ئەو شەش حەوت فەردەیەی بەشی خەرجییەکەی ڕێگای ناکات یا ئەوێرێ بچێ لە سلێمانی تووتنەکەی تەسلیم بکات، ئەمە ایجبارە بە ڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئەمین کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سەبارەت بە جووتیاری ئێرە دەرگامان کردۆتەوە لەناوچەی ئێمە لە (٢٠٠) هەزار تەن تووتن زیاتر نییە من وەکو ئاماژەم بۆ کرد زانیاریم هەیە «٦» هەزار لە بەغداوە وەرگیراوە دیارە خەلّک بردویەتی، ناوچەی خۆشمان ئەوەی لای قوشتەپەیەو ئەوەی دەشتی هەولێرە کە تووتنەکەی خراپە لەوانەیە لەوێ وەری نەگرن ئێمە لەگەلّ تووتنی باش تێکەلّی دەکەین و لێیان وەر دەگرین هەر ئەو نرخەش دەکات، چونکە نرخی بازاڕیشمان لێک داوەتەوە ئێمە ئەگەر جووتیاریش هەبێ لە ناوچەی سلێمانی ئەوانیش ڕایانگەیاندووە «اعلانیان» کردووە، با بۆ خۆی بیفرۆشێتەوە کارگەی جگەرەی سلێمانی، ئێمە ناچاری کەسمان نەکردووە، نرخی خۆی داناوە، ئەمەوێت شێتکتان بۆ باس بکەم، لە یەکێ لە کۆبوونەوەکانمان کە لەگەلّ یەکێتی کردمان گلەییان لێ کردم لەوێ گوتیان: پارساڵ ئێوە زۆر گران تووتنتان لە جووتیارەکان کڕیوەتەوە، ئێمە نەمان توانیوە بیکڕینەوە زەرەیەکی زۆرتان لە بەرژەوەندی ئێمە دا،هەماهەنگیتان لەگەلّ ئێمە نەکردووە، گوتم: کاکە ئێمە دوو ئیدارەین هەر کەسە ئیشی خۆی بەپێی بەرژەوەندی خۆی دەکات، ئێمە بەرژەوەندی جووتیارمان ویستووە، توانیومانە کارگەی جگەرەی خۆمان ئیش پێ بکەینەوە، تووتن لە جووتیار بکڕینەوە، ئێمە پەیوەندیمان بەو بابەتە نییە، واتە هەر بۆ زانینتان جا ئەگەر ئەوان ئێستا

کاردانەوەیان بەو جۆرەیەو دەیانەوێ بە نرخێکی زیاتر، با بیکڕنەوە، ئێمە پێمان خۆشە جووتیار قازانج بکات، با تووتنی ناوچەی خۆیان بکڕنەوە، بەڵام «اعلانی» کەن بایی چەند دەکڕنەوە، پرسیارەکە لێرە ئەوەیە بەراوردەکە لە نێوان ئەو نرخەیە ئەوەی بۆ من هاتووە بەراشکاوی باسی بکەین ئەوەی کە لەبەر دەمایە، بەڵام ئەوان هەتا ئێستاکەش ئەو ساڵ نەبێت چەند کیلۆیەکیان کڕیوەتەوە پار و پێرارو شەش حەفت ساڵ پێش ئێستاکە یەک کیلۆ نەکڕدراوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەنها یەک روونکردنەوە هەیە جەنابت بیرت چوو بەینی نرخی پار کە بە بیست بوو و ئەم ساڵیش بەشەشە لەگەڵ ئەو نرخەی کەداتان ناوە ئەگەر زەحمەت نەبێ کاک د. ئیدریس ئەوەمان بۆ روون بکەیتەوە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پارەکە گوتم بەسێ قۆناغ بوو پلە یەک بە(٢٠، ١٦، ١٤ بوو) پلە دووبە (١١،١٣،١٦) بوو نیسبەکانیشم گوت «محصور»بوو لە نێوان یەک و دوو و چوارو مومتازم لێ دەرهێنا، کە زۆرە ئەوانە شمولیان ناکات، هی ئەمساڵ ممتازەکە (٨)ە پلە یەک (٦) ئەوی کە (٤)ە معەدەلی (٥) دەکات هی پار معەدەلەکەی (١٢)ی دەکرد، جیاوازی نرخەکەم دەرهێنا دەکاتە (٧) دینار گوتم یەک کارتۆن جگەرە (١٢) کیلۆ تووتنی تێ دەچێت، دابەشی حەوتی کەن دەکاتە هەشتاو چوار دینار، نرخی پار (٤) دۆلار دەکات ئەمە پیشانی دەدەم بە (٦٩) دۆلار جگەرەمان فرۆشتووە بە (٦٧، ٦٥) ئەمساڵ بیدایەتی هەیە بە (٥٤،٥٣) بەشێک فرۆشراوە ئەگەر بە (٥٥)یش فرۆشرابێت لەگەڵ (٤٨) دۆلاری فەرقەکە چی یەک کارتۆن جگەرە بەو نرخەی ئەو ساڵ کە تووتنەکەمان کڕیوە (٤) دۆلار کەمتر دەکەوێ، بەڵام من دەیفرۆشم بە (٢١) دۆلار کەمتر، واتا جیاوازییەکە لێرەدایە، زۆر روونە، بەڵام مانای ئەوە ناکا زەرەرم کردووە، بەڵام قازانجەکەی کەمە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ یەک موداخەلەی هەیە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک د. رۆژ شتێکی وروژاند ئەویش مەسەلەی دۆنم بوو، مەسەلەی دۆنم هەندێ شتی بەبیرهێنامەوە، من زۆر لە ناوچەی باڵەک ژیاوم، ئەو خەڵکەی کە کاک ئەمین باسیان دەکا دوو فەردە توتنیان هەیە، هەموو لەو سنوورانەن کە دوو فەردە تووتنیان هەیە، کە قەت و قەت هەرگیز تووتنی خۆیان نادەنە «انحصار» لەوەختی کە شۆڕشی ئەیلوول بووە ئێمە شەڕی حکومەتمان کرد لە ناوچەی دەرگەڵەو وەرتێ و کەڵێتەوە ناوچەی باڵەک هەموو ئەو وەختەی کە شەڕمان بووە ئەم تووتنە بە قاچاغی بردویانەتە موسڵ ولەوێ فرۆشتویانە، خەڵکی پشدەر خەڵکی ڕانیە هاتوونەتە

ناوچەی باڵەک واستەیان لای من کردووە دۆنمیان بۆ بکڕم لە جووتیارەکانی ناوچەی باڵەک دۆنم بۆ کڕیوون کە بچن تووتنەکانی خۆیان لە «انحصار» بەو دۆنمانە بفرۆشن بە پارەیەکی زۆر دۆنمیان دەکڕی وەکو کاک دکتۆر گوتی ئێستا کراوەیە بە کەیفی خۆیەتی چەند دەکا ئەو وەختە کراوە نەبوو جووتیاری ڕانیەو پشدەر دۆنمی پەیدا نەکردبایە نەیدەتوانی تووشی خۆی بکا، ئەو خەڵکانەی تەئکید دەکەن کە ئێمە لە شەڕدا بووین شەڕمان لەگەڵ عێراق بوو هەموو بە قاچاغچی تووتنی خۆیان دەبرد بۆ موسڵ لەوێ دەیان فرۆشت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ کاک فرەنسۆ، پرسیارێکی دیکە دیسان لەسەر تووتنە، ئەمە دوا پرسیارە، کاک شێخ یەحیا فەرموو، وابزانم پرسیارەکەت وەڵام درایەوە.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکم هەیە لە ضمنی پاکەت و کارتۆنی جگەرەو فرۆشتنەوەو گومرگەکەی جا پەیوەستە بە وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دوا دەخەین بۆ کاتێکی تر. کاک یوسف میران پرسیارێکی هەیە لەسەر سووتەمەنی کە دوا پرسیارە، فەرموو.

**بەڕێز یوسف جەمیل میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەی من دەربارەی سووتەمەنییە کە لە ڕژێم وەردەگیرێت، پرسیارەکەیشم ئەمەیە، ئایا چەند سووتەمەنی لە هەموو جۆرەکان ئەدرێتە هەولێرو دهۆک و شێوەی هێنانی چۆنە وە نرخی کڕینی هەر جۆرێک لە سووتەمەنیەکان چەندەو بە چەند دەدرێتە هاوولاتیبیان؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک یوسف میران، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح/ وەزیری پیشەسازی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت بڕی سووتەمەنی ئەوەی کە ڕۆژانە دەگاتە هەولێر لە بەنزین (١٥٠) هەزار لیترە، نەوت (١٣٠) هەزار لیترە، گازوایل (٧٥) هەزار لیترە، ئەوەی کەدەگاتە دهۆک بەنزین (٦٥) هەزار لیترە نەوت (١٠٥) هەزار لیترە گازوایل (٦٥) هەزار لیترە نرخی سووتەمەنی دیاری کردنی نرخەکە بێ شک چۆنیەتی دابەش کردنی ئەمە بەنیسبەت نەوت ڕوونە، هەمووی بەسەر بریکارەکان بەسەر خەڵک دابەش دەکەین هەرماڵەی (٢٠٠) لیتری دەدرێتێ بەپێی بەرنامەی سالانەی خۆمان بەنزینەکان بەسەر بەنزینخانەکان بەپێی بەرنامەی خۆمان دابەشی دەکەین،

گازوایلیش بەسەر دام و دەزگا خزمەتگوزارییەکان ئەوەی با بلێین ئەشغاڵە ئاوەدان کردنەوەیەو وەزارەتی تەندروستییە کە بۆ نەخۆشخانە دەیانەوێ زانکۆیەو دام و دەزگاکانی حکومەتیە، هەروەها پرۆژەی پەروەرەو جووتیارەو وەختی دروێنەو کشتوکاڵ و بیرەکانی ئاوەو، واتا خشتەو شتی تایبەتی خۆمان هەیە بەپێی ئەوە دابەشی دەکەین ئێمە پارساڵ نزیکەی (٤٤) ملیۆن لیتر نەوتمان دابەش کردووە تەنیا لە پارێزگای هەولێر لە ناوەوەو با بلێین ناوەندی پارێزگاو دەوروبەری ئێمە هەر لەناوچە سنوورییەکان لە حاجی ئۆمەرانەوە دەستمان پێکردووە، وەکو هەنگاوی یەکەم بە (١٠٠) لیتر دەستمان پێکرد، دوای قۆناغی دووەم بە (١٠٠) ەکەی ترمان بۆیان تەواو کرد، هەروەها نەوت بەسەر هەموو قوتابخانەکان دابەش کراوەو وەزارەتی پەروەردە نووسراویان کردووە چەندیان پێویستە نەوت بەسەر مزگەوت و کلیساکان دابەش کراوە بە سەر دام و دەزگای حکومی بەسەر ئاوارەکان و دەرکراوەکان ئەوانەی پەناهەندەن لە تورکیاوە هاتوون برا کوردەکانی کە لە ئێرانەوە هاتوون، خشتەیەکی تەواویان هەیە، کە هەموو کەسێک بەشێکی یەکسانی بەپێی ئەو بڕەی کە بۆمان دێت ئێمە دابەشمان کردووە نرخی سووتەمەنی هەر ئەویشە ئەو نرخەی کە لە موسڵ یان لە بەغدا دەفرۆشرێت لە بەنزینخانەکان بەنزین ئێمە کە لەسەرەتا نرخەکەمان دانا (٥) دینار کردیانە (١٠) دینار بەو دواییە (٥) دیناری کەیان هاوێشتە سەر کردیانە (١٥) دینار ئەوەی کە ئێمە دەیکڕین لەوێ (١٥) دیناری ئەوان دەکاتە (١٥٠) فلسی ئێمە، ئێمە بۆ گواستنەوە و شتی تر بۆ ناو هەولێر جگەلەوەی بۆ دەوروبەرو قەزاو ناحیەکان و شتی تر و خەرجی، نزیکەی «٢٣» دەکەوێت بۆ هەر لترێ گواستنەوەی، واتە ئەگەر هەندێ خەرجی دیکەشی بهاوێیتە سەری دەگاتە (٤٠) فلس واتە لیتری دەگاتە (١٩٠) فلس، چەند بەنزینخانەمان هەیە؟، ئێمە لێرەو لە دهۆک ئەماندا بە بەنزینخانەی حکومەتی ناوەندی بە ئاگاداری دابوویە چەند مقاولێک ناوەکانیان لەلاجێگرە، ئەوان ئەوە بە موڵکی خۆیان دەزانن، دەبێ ئێمە ساڵانە کرێیان بدەینێ بێ ئەو کرێیە یەک قەترە نەوت و بەنزینمان نادەنێ، ئەگەر نەیاندەینێ، ئێمە ساڵانە نزیکەی هی ئێرەو دهۆک (١٢٠) ملیۆن دیناری چاپی عێراقی زیاتر کرێی ئەو بەنزینخانانە دەدەین ناوە ناوەش داوای بەخشیشمان لێ دەکەن، ئەوە بینایەی قوتابخانەیە نازانم چییە، ئەگەر نەیدەین برو بیانوومان پێ دەگرن لەوانەیە لێمان ببڕن ئەوەش هەیە، جگە لەوەی خەرجی تر کە دێتە ئەو عەمەلییە خەرجی موتەفەرقەیە هی چاککردنەوەی بەنزینخانەکانەکە ئەمانەش هەمووی نزیکەی (١١٥) فلسی دێتە سەر نرخەکەی لەسەر ئێمە دەگاتە نزیکەی (٣٠٥) فلس ئێمە بەنزینخانەکان هەموو بەیەک نرخ نایاندەینێ بەنزینخانەی موشەیەدە هەیە بەنزینخانەی حکومی هەیە ئەو موشەییەدانە ئەو بەنزینخانەن کە کرێ نادەنە حکومەت لەبەر ئەوە نرخەکەی ئێمە پێشان بە (٤٠٠) فلس دامان بە بەنزینخانەکانی حکومی بە (٣٥٠) فلس دامان بە ئەوان، ئەوانیش بە نیو دیناریان دەفرۆشت یانی (١٥٠) فلس قازانجە، بۆ بەنزینخانەکانی بەجێ دەهێشت، بەڵام ئێستاکە لەبەر ئەوەی نرخەکەی لە موسڵ بە دوو مەرحەلە زیاد بووە (٥) دینار جارێک و (٥) دینار جارێکی تر، دەبا (١٠٠) فلس بخەینە سەر ئەمە، تەنها (٥٠) فلسمان خستە سەر نرخەکە، کردوومانە (٥٥٠) فلس، بەنزینخانەکانی تر ئێستاکە کە

دەیاندەینێ ئەوان دەیفرۆشنەوە بە (٥٥٠)، بەڵام ڕەسمییەکان دەیفرۆشنەوە بە (٥٠٠)، کەچی نرخی نەوت هەتا ئێستاکەش ئێمە بە (٢٥٠) فلس دەیدەینە هاووڵاتی کە بە نرخێکی (مدعوم) دەیاندەینێ، بەڵام جیاوازییەکە لە گازوایلە، بابڵێین ئەوەکەی تر بەنزینەکە دەدەین، بەڵام لەسەر هاووڵاتی نرخمان زیاد نەکردووە تا ئێستاش نرخی نەوت کە دابەشی دەکەین بەسەر بریکارەکان، بە (٢٥٠) فلس دەیاندەینێ، ئەوە بەنیسبەت ئەو کەمیانەی کە دێن، چۆن دابەش دەکرێ و نرخەکەش چەندە، ئەگەر قسەیەکی تر هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، بۆ جەنابی وەزیر. دانیشتنەکەمان لێرە تەواو دەبێت، سوپاسی برایانی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین بۆ ئەو پرسیارانەو بۆئەو تەعقیبانە، سوپاسی جەنابی وەزیری پیشەسازی و وزە دەکەین، کاک د. ئیدریس هادی سالح بۆ ئامادەبوونی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لێی کرابوون، ئەو بەڕێزانەی کە لەسەر ئەم کێشانەی ئێستاکە باسیان کرد، کێشەی تر بەپێی پرسیار ئەگەر وای بۆ دەچن بابەتەکە یەکێ لەوانە یان هەندێک لەوانە پێویستی بە دانیشتنێکی تایبەتی هەیە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەتوانن ئەو بابەتە لەگەڵ جەنابی سکرتێردا باس بکەن، ئێمەش لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران موفاتەحەی ئەو بابەتە دەکەین، دانیشتنێکی تایبەتی بۆ کێشەیەکی تایبەتی دیاری دەکەین، سوپاستان دەکەین بۆدانیشتنی ئەمڕۆ بۆ دانیشتنی ئایندەش ئاگادارتان دەکەینەوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٦/٥

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤)

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٦/٥

***کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٦/٥ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (چواردەهەم)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (٩)ی سەر لە بەیانیی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٦/٥دا بەم شێوەیە بێت.***

***١- وتاری ڕێزدار سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەبۆنەی حەوتەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و بەستنی یەکەم دانیشتنی ئەنجوومەن.***

***٢- وتاری ڕێزدار سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە بۆنەی حەوتەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و بەستنی یەکەم دانیشتنی ئەنجوومەن.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بە خشندەو میهرەبان بەناوی گەلی کوردستانەوە، دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکات دانیشتنی ژمارە (١٤) لە ١٩٩٩/٦/٥دا.

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێزان ئەندامانی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**خوشک و برایانی خۆشەویست**

ئەمڕۆ (٦/٥) حەوت ساڵ بەسەر دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستاندا ڕادەبورێ، ئەو پەرلەمانەی لە ڕۆژی (٦/٤) واتا دوێنێ بەر لە حەوت ساڵ دامەزرا، ببورن دوێنێ هەینی بوو نەمانتوانی لەکات و ساتی خۆیدا ئەم دانیشتنە بکەین، وەکو ئاگادارن یەکەم دانیشتنی پەرلەمان لە ١٩٩٢/٦/٤ دەستی پێ کرد ئەو پەرلەمانەی کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتی ڕۆژی

(١٩/٥/١٩٩٢) دامەزرا، ئەو هەڵبژاردنەی کە خۆی لە خۆیدا کارێکی کەم وێنە بوو لە مێژووی میللەتی ئێمەدا و، بگرە لە ناوچەکە چونکە ئەو رۆژە وەکو کەرنەڤاڵێک خەڵکی کوردستان تەعبیری لە ئیرادەی خۆی کرد و، نوێنەرانی خۆی هەڵبژارد و بریاری ئەوەی دا کە ژیانێکی پەرلەمانی فەرە حزبی دیموکراسی لە وڵاتی خۆیدا پیادە بکات.

ئەو هەنگاوەش واتا هەڵبژاردنی گشتی و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سات و کاتێکی وەها ناسک دابوو کە تەسەور نەدەکرا خەڵکی کوردستان بتوانن بەو شێوەیە چارەسەری گیروگرفتەکان بکەن، نەیارانی ئێمە تەسەوریان دەکرد ژێرخانێکی رماو، وڵاتێکی گەمارۆ دراو ململانێیەک لەسەر دەسەڵات پاش چەند ساڵ لە شۆرش و تێکۆشان نیزامێکی میلیشیات و، پاش کۆرەوێکی ملیۆنەها خەڵکی ئێمە پاش ئەو هەموو هەڵچون و داچوونە، لە بۆشاییەکی ئیداری و یاسایی دایەو ئەو قەیرانە خۆی لە خۆیدا بەسە کە خەڵکی ئێمە چەسپاندنی بێ توانایی (کفاءە) و (فشلی) خۆی بکات لە ئیدارەی خۆی و، جارێکی تریش مل کەچ بێت بۆ داگیرکەرانی و، مل کەچ بێت بۆ ئەوانەی کە ساڵەهای ساڵە ئەیچەوسێننەوە و هەقی دەخۆن و وڵاتەکەی کاول دەکەن و سامانی تاڵان دەکەن، بەڵام خەڵکی ئێمە ئەو واقیعەی گۆری و، بەیەک دەنگ و بەیەک دەست بەرەو پیری پێشنیاری جەنابی سەرۆک بارزانییەوە هاتن بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخەو بەتایبەتی کێشەی دەسەڵات کە ئەبێت بە هەڵبژاردنێکی گشتی چارەسەر بکرێت ئەوە بوو بریاردراو، لە ژێر چاودێری دەیەها خەڵکی پسپۆرو لایەنی پەیوەندیدار بە کێشەی دیموکراتی چ رەسمی و چ مرۆڤایەتی خەڵکی کوردستان ئیرادەی خۆی دەربری و ئەنجامەکەشی پەرلەمانێکمان دامەزراند، سەرەرای هەموو ئەم کەموکوریانە و، سەرەرای ئیرادەی ناحەزانیش ئەوا حەوت ساڵمان لەو ئەزموونە گوزەراندووە ئەورۆ پێ دەخەینە هەشت ساڵەوە، ئەگەر مرۆڤ بەراوردی ئەم حەوت ساڵە بکاتەوە، بە رەغمی هەموو ئەو گیروگرفتانە کۆمەڵێک دەستکەوت ئەبینێت جارێ دەستکەوتی هەرە گەورە ئیدارەکردنی خۆمانە واتا رەت (رد) کردنەوەی بۆچوونی ناحەزان کە گوایا کورد ناتوانێ ئیدارەی خۆی بکات، سەرەرای ئەوەش ئەزموونێکمان لەم ناوچەیە پیادە کردووە، کە کەم وێنەیە، ئەزموونێکی فرە حزبییە با بەراوردی بکەینەوە لەگەڵ دەورو بەری خۆمان و لەگەڵ زۆر کون و قوژبنی ئەم دنیایەدا کە بەساڵەهای ساڵە دەوڵەتن ئەورۆ لە پایتەختی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی شەرعی کە بە ئیرادەی خەڵکی کوردستانەوە لەلایەن پەرلەمانەوە بروای خۆی وەرگرتووەو کاری خۆی دەکات لەم پایتەختەدا ئەمرۆ زیاتر لە (٣٠-٤٠) حزب و رێکخراو هەیە کە بە ئازادی ئیشوکاری خۆیان دەکەن، برایانی ئاشووری و تورکمان بە پێی تواناو بارودۆخی ئێمە مافەکانیان چارەسەر کراوە، بەپێی یاسا زامین کراوە و، بەپێی یاسا زامینی ئازادی بیروراو بۆچوون و چاپەمەنی کراوە، ئەورۆ لەوانەیە زیاتر لە (٦٠-٧٠) رۆژنامەی رۆژانە، گۆڤاری هەفتانە، مانگانە فەسڵی ساڵانە بە ئازادی بڵاو دەبێتەوە ئەو رۆژنامەی لە زۆر وڵات قەدەغەیە، لێرەدا لە وڵاتی ئێمە ئازادە، ئەو رۆژنامەی کە لە لەندەن و

له جێگای تر دەردەچێت پاش چەند ڕۆژێک له بازارەکانی ئێمەدا بە ئازادی دەفرۆشرێت، ئەو حزب و لایەنانه، کە بە ڕەسمی مۆڵەت دراون رادیۆی خۆیان هەیە ڕۆژنامەی خۆیان هەیە، گۆڤاری خۆیان هەیە تەلەفزیۆنی خۆیان هەیە بنکەو بارەگای خۆیان هەیە چالاکی و کۆڕو کۆبوونەوەی خۆیان دەکەن، شانازی دەکەین کە تەلەفزیۆنی سەتەلایتمان هەیەو بارودۆخی کوردستان پیشانی دنیا دەدرێت و خەڵک دەیبینێت، له ولاتی ئێمەدا خەڵک ئازادە بە ئارەزووی خۆی تەماشای چ کەناڵێکی ئاسمانی بکات، ولاتی تر هەیە باری ئابووری لەوانەیە یارمەتیشی نەدات کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئاسمانی هەبێت کەچی کەناڵیان کردوەتەوە بەلام قەدەغەی هاوولاتییان دەکات لەتەماشای کەنالەکانی تەلەفزیۆنی ئاسمانی.

ولات هەیە سێ چوار کەناڵی ئاسمانی هەیەو پڕۆپاگەندە بۆخۆی دەکات، بەلام هاوولاتی خۆی قەدەغە کردووە کە تەماشای هیچ کەناڵێکی خەڵکی تر بکات با بەراوردی یاساکانی خۆمان بکەینەوە ئەو دەستکەوتانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەشی خەڵکی کردووە سەرەڕای ئەو هەموو کەموکورییە و، سەرەڕای ناهەمواری بارە ئابووریەکەمان، تا پێمان کراوە ڕێزمان له بنەماکانی مافی مرۆڤ گرتووە، ئەگەر خوانەخواستە هەڵەیەکیش کرابێت بە ئەنقەست نەبووە، بەڵکو لەوانەیە بەسەرماندا تێپەڕیوە و بەزووترین کات چارەسەر کراوە، تەماشا کەن ولاتانی تر یاسایان هەیە هەتا بۆ قیافەی هاوولاتییان، ئەبێ شواربی وا بێت ئەبێ ریشی وا بێت دەبێ جلکی وەها وا لەبەر بکات هەتا دەبێت واش قسە بکات، بەداخەوە خەڵکانێکی نەفام و کالڤامیش هەنە لاسایی ئەو ولاتانە دەکەنەوەو دەیان کەنە سۆمبۆلی خۆیان.

ئەوە ولاتی ئێمەیە بەو هەموو کەموکوڕییەوە، بەو هەموو بارە ناخۆشییەی کە تێیدا دەژین بەو بارە گەمارۆدراوەیە بەو دوژمنایەتییەی کە دەکرێن ئەو ئازادییە هەیەو ئەو بارەی کە خەڵکی ئێمە تیایدا دەژیت دیسان دەڵێین با بەراورد بکرێنەوە، بەش بە حاڵی خۆمان سەربەرزین له پەرلەمانی کوردستان، کە توانیومانە بە گوێرەی توانا بڕیارو یاسای وەها تەشریع بکەین، کە پێداویستی و خواستی خەڵکی ئێمە بە گوێرەی توانا جێبەجێ بکات و، ڕێز بگرێت لەو بنەما بنەڕەتییانەی کە خەڵکانێکی ئازادی خوازو دیموکراتی خواز تەئکیدی لەسەر دەکەنەوە.

شانازی بەوە دەکەین له پەرلەمانی کوردستان سەرەڕای ئەو بارودۆخەی لەم حەوت ساڵە بەسەرماندا تێپەڕیوە، بە تایبەتی شوێنەواری شەڕی ناوخۆ، کە تاکو ئیستا زیاتر لە (٣٠٠) دانیشتن کراوە زیاتر لە (٢٥٠) یاساو بڕیار وەرگیراوە هەمووشی له خزمەتی خەڵکی کوردستاندا بووە و، ئەگەر دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەراورد بکەین لەگەڵ زۆر لە پەرلەمانەکانی دنیا کە بە نفوس و بە ئەزموون لەئێمە لە پێشەوەترن تێکڕای دانیشتنەکانی پەرلەمانی ساڵانەی ئێمە لە دانیشتنی پەرلەمانەکانی ولاتانی تر زۆرترە و بایەخەکانی پەرلەمانی ئێمە بە کێشەو خواستی خەڵک کەمتر نییە لە بایەخدانی ولاتانی تر و، مامەڵە له نێوان هەردوو دەزگا، دەزگای یاسادانان و، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تەنسیق و هاوکاری و، لە پرسین و پرسینەوە بە

گوێرەی تواناو بارودۆخ و هەلو مەرجی ئێمە ئەنجام دراوە و وابزانم جێگای ڕەزامەندی خەڵکی ئێمەیە.

ناڵێین لەم حەوت ساڵە کەموکوڕیمان نییە ئەگەر بڵێین کەمو کوڕییمان نییە ڕاست ناکەین، کەموکوڕییمان هەیە و زۆریشە، بەڵام عیبرەت لەوەدا نییە کە کەمو کوڕیت هەبێت، عیبرەت لەوەدایە کە چۆن ئێمە بتوانین چارەسەری کەموکوڕییەکانمان بکەین و، هەردەم لەم پەرلەمانەدا باسی ئەوە کراوە چ خۆمان بە خۆمان وەکو پەرلەمان و ئەرکەکانی کە دیاری کراوە بۆمان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بڕوامان پێ دراوە دەبێت جێبەجێی بکەین و، چ ئەوەی پەیوەندیی بە کارگێرییەوە هەیە چ لە ڕێگای کەناڵی دیتنی هەردوو لامان و، چ لەم هۆڵەی پەرلەمان دا، بەراورد کردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان بەتایبەتی ڕۆژانی حکومەت خۆی لە خۆیدا گەواهی ئەوە دەدات کە پەرلەمان و حکومەت لەم بوارەدا ئەوەی پێیان کراوە هەوڵیان داوە ئەو شتانەی کە پێویستە ڕوون بکرێتەوە بۆ خەڵکی ئێمە کراوە و، ئەو شتانەی کە خەڵکی ئێمە هەستی پێ دەکات و پێویستە بکرێت هەوڵی بۆ دراوە ئەوەی جێبەجێ بکرێت زۆریشی بووەو جێبەجێ کراوە، ئەوەی جێبەجێش نەکراوە بێگومان لە بەرنامەدا هەیە ئومێدەوارین لە ئایندەیەکی نزیکدا بتوانین ئەویش جێبەجێ بکەین، بۆیە ئەم پەرلەمانە کە بەرهەمی خەباتی خەڵکی کوردستانە، خوێنی شەهیدانمانە، تێکۆشانی سەدەها ساڵی خەڵکی ئێمەیە حەقە هەموو لایەکمان بەو بایەخەوە تەماشای بکەین و، ئەو دەنگە نەشازانەی کە داوای ئەوە دەکەن کە پەرلەمان نەمێنێ و، ئەو دەنگە نەشازانەی کە گومان دەخەنە سەر شەرعییەتی پەرلەمانەوە دڵنیا بن بەرێزان ئەوانە خزمەتی دوژمنانی کورد دەکەن، ئەو دەنگە لە خزمەتی دوژمنی کوردە، لە خزمەتی ئەوانەدایە کە دژی ئەم ئەزموونەن، چونکە پەرلەمانی کوردستان شەرعییەتی لە خەڵکی کوردستانەوە وەرگرتووە، یاسای پەرلەمان یاسای هەڵبژاردنی یاسای ژمارەی (١)ی ئێمە کە دەستووری ئێمەیە و، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە بەدەنگدانی هەموو ئەندامانی پەرلەمانەوە چەسپاوە، پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات، و بۆ کەس نییە گومان بخاتە سەر شەرعییەتی ئەم پەرلەمانە، چونکە بەپێی یاسای ژمارە (١) و بەپێی یاسای ناوخۆی پەرلەمان زۆرینەی پەرلەمان بڕیار دەدەن کە شەرعییەتە یان شەرعییەت نییە. دانیشتنەکانی پەرلەمان بە زۆرینەی پەرلەمان دەکرێ و، زۆرینەی پەرلەمانیش ئەوەیە کە یاسا دیاری کردووە پەنجاو سێ کەسە.

ئەوەی کە گومان دەخاتە سەر درێژە پێدانی ئەم خولە ڕاست ناکات، چونکە کە دوا جار ئەم خولەی پەرلەمان کە درێژەی پێدرا زیاتر (٣/٢)ی ئەندامانی پەرلەمان ئامادەبوون بە ئازادی و، بە ئارەزووی خۆیان ئێستاش ئەندامانی پەرلەمان کە لە هۆڵی پەرلەمان ئامادە دەبن زیاتر لە (٦٠) ئەندامی پەرلەمان دەبن و بەپێی یاسا دانیشتنەکانی پەرلەمان بە (٥٣) ئەندام پێک دێت و، ئەوە یاسای پەرلەمانە و، لە هەموو پەرلەمانێکی دنیادا لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆکن کە زۆرینە

بڕیار دەدات بۆیە بۆ کەس نییە گومان بخاتە سەر شەرعییەتی پەرلەمانەوە بۆ کەسیش نییە گومان بخاتە سەر بەردەوام بوونی پەرلەمان یان دەستکاری پەرلەمان جگە لە ئەندامانی پەرلەمان نەبێ. جێگای داخە ماوەیەکە ئەم دیدو بۆچوونانە لە هەندێ ڕۆژنامە بڵاو دەبێتەوە. ئومێدمان وابوو کە ڕێککەوتنامەی واشنتون چارەسەری گرفتەکان بکات و، بەندەکانی ڕێککەوتنامەی واشنتون روونە بۆ هەموو کێشەکان و، ئەگەر بەش بە حاڵی خۆمان لە پەرلەمانی کوردستان بمانزانیبایە بەندێک لە بەندەکانی ڕێککەوتننامەی واشنتون گومان دەخاتە سەر شەرعییەتی پەرلەمانی کوردستان بە تەئکید لەو پەرلەمانەدا باس دەکرا، بە تەئکیدیش ئەو بەندە دەبوایە راست بکرابایەوە، بۆیە ئێمە لەو بڕوایەداین ڕێککەوتنامەی واشنتون بەرامبەر بە پەرلەمان روون و ئاشکرایە. باسی ئەم پەرلەمانە دەکات کە دەڵێت پەرلەمان کۆببێتەوە لە باڵەخانەی خۆی دەبێت بڕیاری واو وا بدات، بۆیە لەلایەنی ئێمەوە هیچ گومانێک نییە کە ڕێککەوتنامەی واشنتون باسی پەرلەمانێکی تر ناکات، ئەگەر باسی پەرلەمانێکی تری بکرادابایە دەبێ بە مواسەفاتی ئەو باسە ببوایە، ئەو مواسەفاتەی کە لە ڕێککەوتنامەی واشنتوندا هاتووە ئەم پەرلەمانەیە و هەر ئەم پەرلەمانەش تەعبیر لە ئیرادەی خەڵک دەکات و ئەم پەرلەمانەش بڕیاری داوە هەتا هەڵبژاردنی ئاییندە بەردەوام بێت لە ئیشوکاری خۆی، تاکو زۆرینە لەسەر ئەو رایە دابن، ئەم پەرلەمانە بەردەوامەو ئیشی خۆی دەکات و، ئەو دەنگە نەشازانە تەنها شەرمەزاریی نەبێت بەرامبەر بە مێژوو هیچ شتێکیان بۆ نامێنێتەوە، چونکە کەس نییە ئەمڕۆ قەبووڵی ئەوە بکات ئێمە بێین ئەم ئەزموونە تێک بدەین، ئەم پەرلەمانە تێک بدەین و، شتێکی تر لە جیاتی ئەوە دروست بکەین، چ زامینێک هەیە سبەی هەتا ئەگەر هەڵبژاردنێکی تریش بکەین ئێمە ئەویش تێک نادەین؟. ئەمە ئیرادەی خەڵکە و، پێویستە ئێمە ڕێز لە ئیرادەی خەڵک بگرین. ڕێککەوتنامەی واشنتون هەنگاوی زۆر زۆر ڕێکوپێکی بریوە و، ئومێدمان وا بوو کە لە دانیشتنەکانی ئەم دواییەی لیژنەی تەنسیقی باڵا کێشەکانی تریش چارەسەر بکات. وەکو بەڕێزان ئاگادارن منیش ئەندامێکی لیژنەی تەنسیقی باڵام لە دوا کۆبوونەوەکاندا وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند پێشنیارێک و چەند مویادەرەیەکی پێشکەش کرد وابزانم لە میدیاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەوانی تریش ئەو مویادەرانە کاتی خۆی راگەیندراو بڵاو بۆوە و، باشە بە پەلە بەسەریدا بڕۆین، یەک لەوانە ئەوەبوو کە پێشنیار کرا نوێنەرایەتی هەردوولا لە سلێمانی و لە هەولێر دەستنیشان بکرێت وە لە ئاستی مەکتەبی سیاسی پێشنیاری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو هەتاکو ئێستاکە برادەرانی یەکێتی تەجاوبیان لەگەڵدا نەکردووە.

پێشنیار کرا کە هێڵی بەرەنگاربوونەوە(خط التماس)ی نێوان هەردوولامان هەم سووک کردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بکرێت و، هەم کێشانەوەی هەندێ هێز لە هەندێ جێگا کە هەردوو لا لەسەری ڕێک بکەون، ئەویش پێشنیاری وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەداخەوە برادەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەتاکو ئێستاکە وەڵامیان بۆ ئەو بابەتە نەبوو.

له دوا دانیشتنەکانی لیژنەی تەنسیقی بالاّ ڕێککەوتن، کە کێشەی گیراوەکان و بێ سەروشوێنەکان یەکلا بکرێتەوە، لە دانیشتنەکانی ئاییندە و، لیژنەی فەرعی ڕاسپێردا کە لە کاتێکی دیارکراودا ئەو بابەتە چارەسەر بکات و، ئێوەی بەڕێزو خەڵکی ئێمەش دەزانن ئەو بابەتە چەندی لەسەر گوترا و، چۆن ئیستغلال کرا، وەفدی پارتی داوای کرد بۆ دانیشتنەکانی ئاییندە ئەو بابەتە دەبێت چارەسەر بکرێت و یەکلا بکرێتەوەو ئەنجامەکانیش ڕابگەیەندرێت، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە ژێر ناوی بێ سەرو شوێندانن و دیار نین. لە کاتێکدا وەفدی پارتی باش دەیزانی ئەوانەی کە ناویان نراوە بێ سەرو شوێن لیستی پارتی زۆر زۆرترە لەوانەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بانگەشە دەکەن کە ئەمانە بێ سەرو شوێنن، بەڵام بەداخەوە ئەویش پشتگوێ خراوە تاکو ئێستا تەجاوبی لەگەڵ نەکراوە.

لە دوو سێ دانیشتنی دوایی لیژنەی تەنسیقی بالاّدا وەفدی پارتی لە بەرنامەی کاردا تەئکیدی کرد کە دەبێت باسی پەرلەمان و حکومەت بکرێت و بەتایبەتی حکومەتی ئیئتلافی، چونکە بەش بە حاڵی خۆمان کێشەی پەرلەمان لای ئێمە چارەسەر کراوە، پەرلەمان خۆی بڕیاری خۆی دەدات ئەسڵەن زیادیشە کە لە لیژنەی تەنسیق و لە شوێنی تر باسی پەرلەمان بکرێت، چونکە پەرلەمان پێڕەو و یاسای خۆی هەیە برادەرانی تر لیستی کەسک دێنەوە ناو پەرلەمان ئەو کاتە پەرلەمان خۆی بڕیار دەدات ئایا خۆی (حەل) دەکات، لیژنەکان دەگۆڕێت سەرۆکایەتی پەرلەمان دەگۆڕێت خەڵکی تر دادەنێت، بە حەقیقەت ئەمە لە دەسەڵاتی پەرلەمانە و ئەمە ڕوونەو ئەمە ڕای پارتی بووە لە ڕۆژی یەکەمەوە تاکو ئێستا و، چەندین جار لە لیژنەی تەنسیق دووپات کراوەتەوە و، جەنابی سەرۆک بارزانی چەند جار بەرەسمی ئەمەی ڕاگەیاندووە کە ئەوەی پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە بیهێڵین بۆ پەرلەمان خۆی بڕیاری لەسەر بدات و، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ئەو ڕایەین و هەمیشە پشتگیری ئەو ڕایەمان کردووە و، تەسەور دەکەین ئەوە ڕای دروستەو ئەوە زامنی ڕێڕەوی دیموکراتییەتەو مەسیرەی ژیانی پەرلەمانییە، بەداخەوە هەرجار برادەرانی یەکێتی ئەو بابەتەیان دواخستووە، هەر جار کە هاتینە سەر ئەو خاڵە، بەتایبەتی لە دانیشتنەکانی ئەم دواییەدا ئەوان دوایان خستووە، لەگەڵ ئەوەشدا تەقدیری بارودۆخەکەمان کردووەو، گوتوومانە هەر کات ئێوە ئامادەبن ئێمە ئامادەین باسی ئەم بابەتە بکەین واتا باسی خاڵی حکومەت و خاڵی گەڕانەوەی برادەرانی تر بۆ ناو پەرلەمان و، ئیشوکاری پەرلەمان دەست پێ بکات لەسەر ئەو بنەمایەی کە ڕێککەوتنامەی واشنتون بڕیاری لەسەر داوە، بەڵام وەکو ئێوە هەمووتان ئاگادارن ئەوە ماوەیەکە لەسەر داخوازی ئەوان لیژنەی تەنسیق ڕاوەستاوە، کارەکە بەوەش ڕانەوەستا ئەوا هەڵمەتێکی ڕاگەیاند بەداخەوە دەستی پێ کردووە لە ئاستەکانی بەرز کە ئەمەش خزمەتی ڕەوتی ئاشتی ناکات، خزمەتی ناوەڕۆک و ئامانجی ڕێککەوتنامەی واشنتون ناکات و، نیگەرانییەکیشی لەناو خەڵکی کوردستان دروست کردووە، من بەم بۆنەیەوە، بەبۆنەی حەوت ساڵ تێپەڕ بوون بەسەر پەرلەمانی کوردستاندا داوا لە برایانم دەکەم لە لیستی کەسک لە

یەکیێتی نیشتمانیی کوردستان کە تەشریف بێنن بۆ ناو پەرلەمان با بەیەکەوە باسی هەموو کێشەیەک بکەین ئەم پەرلەمانە بەپێی یاسا، بەپێی رای خەڵک، بەپێی ئیرادەی خەڵک هەموو دەسەڵاتێکی هەیە کە هەموو کێشەیەک باس بکەن با بفەرموون ئێمە لێرە هەموو کێشەیەک باس بکەین هەر چۆن جاران پەرلەمان ببوو بە مەڵبەندی جێبەجێ کردن و مەڵبەندی ئاشت بوونەوە، با ئێمە لەم پەرلەمانە جارێکی تر ئەم پەرلەمانە بکەین بە مەڵبەندی زاڵ بوون بەسەر کۆسپەکان و ببین بە عاملێکی خێر، چونکە داوێکی بەهێزە لە نێوان هەردوولادا و هێشتا ئەو داوە ماوەو هیوادارم برایانی لیستی کەسک وەڵامی ئەم داخوازییەی پەرلەمانی کوردستان بدەنەوە بە ئیجابی و، بەش بە حاڵی خۆمان ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان ئامادەین پێشوازیان لێ بکەین هەتا ئامادەین برۆین لە سلێمانی لەگەڵیاندا دابنیشین، چونکە قۆناغەکە ناسکە نەیارانی کورد هیچ بوارێک نییە بەکاری نەیەنن دژ بەم ئەزموونە و، خەڵکی تریش تا دوێنێ ژیانیان کارەسات بوو وا ئەمرۆ بە ئامانجی خۆیان گەیشتن. تەماشای کۆسۆڤۆ بکەن پێش دە هەفتە حاڵی چ بوو، ئەمرۆ حاڵی چییە؟، دوێنێ راگەیەنرا کە بەرامبەر ئامادەیە بەو مەرجانەی کە بۆی دانراوە و، خەڵکی کۆسۆڤۆ پەنا بەخوا لەم رۆژانە دەگەرێنەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان و، بە هەرێمی خۆیان شاد دەبنەوە، ئەوانیش دەکەونە لیستی وڵاتانی ئازادی ئەم دنیایەوە. بەم بۆنەیەوە ئێمە پیرۆزبایی لە خەڵکی کۆسۆڤۆ دەکەین و داوای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین و، ئومێدەوارین خەڵکی ئێمەش بە زووترین کات بگات بە ئامانجی خۆی.

جارێکی تر پیرۆز بێت یادی حەوت ساڵەی دامەزراندنی پەرلەمان، هەر سەرکەوتوو بێت رەوتی دیموکراسیەت و پەرلەمانی لە وڵاتی ئێمەداو، جارێکی تریش سوپاستان دەکەین. ئێستاش وتەی جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەبیستن با بفەرموویت.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاویس/سەرۆکی وەزیران:**

**بسم اللـه الرحمن الرحیم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان**

**بەڕێزان برا وەزیرەکانی کابینەی سێی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

بەبۆنەی تێپەربوونی حەوت ساڵ بەسەر یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستاندا، بەناوی خۆم و برا وەزیرەکانمەوە گەرمترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەم، لەهەمان کاتدا ئەم پیرۆزباییە ئاراستەی سەرۆکی خۆشەویست کاک مەسعود بارزانی و هەموو ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان وهەموو پێشمەرگەی کوردستان و خانەوادەی شەهیدانی سەر بەرزی کوردستان دەکەم، تێپەڕ بوونی حەوت ساڵ بەسەر دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان بەسەر هێنانەدی ئامانجێکی دێرینی گەلەکەمان خۆی لەخۆیدا نیشانەیەکی گەورەیە و سەرکەوتنێکی گەورەیە کەلەم بارودۆخە ناهەموارەدا لەم بارودۆخەی، کە بەسەر میللەتەکەماندا تێپەڕ دەبێت لەناو ئەم هەموو دوژمنانە

سەرەڕای ئابلوقەی دوولایەنی سەرەڕای شەڕی ناوخۆ میللەتی کورد وخەڵکی کوردستان توانیویانە وەزعی خۆیان رابگرن وحەوت ساڵ بەسەر ئەزموونێکی دیموکراتی بێ وێنەدا تێپەڕ بێن وهێشتا بەردەوام بن لەسەر ئەم ئەزموونە، ئەگەر لەبواری سیاسەت و مێژوودا نەبێت لە هەر بوارێکی تردا بێت بەنیسبەت گەلی کوردستانەوە ئەمە ژمارەیەکی قیاسییە، ئەم بینایەی تا ئێستا هێناومانە هەر رۆژێکی تازە، کە بەرینە سەر بەردێکی تازەیە یان ریزێکی تازەیە لەسەر بناغەو بینایەی تازەی گەلەکەماندا دایدەنێین، واتا هەر رۆژێکی تازە بەرەو پێش بردنی ئەزموونی گەلەکەمانە، نزیک کردنەوەی گەلەکەمانە لە ئامانجە سەرەکیەکانی، کە ساڵەهای ساڵە خوێنی ئاڵی لاوەکانی بۆ ئەرژێ و ساڵەهای ساڵە خەباتی بێ وچانی بۆ ئەکات و ساڵەهای ساڵە لەرێگەی زەحمەترین شێوەی خەباتەوە لەرێگەی شۆڕشەوە رەنجی بۆ دەدات.

پەرلەمانی کوردستان لەماوەی ئەم حەوت ساڵەی رابردوودا نیشانەیەکی بێ هاوتای ئەزموونێکی دیموکراتی بووە لە کوردستانی عێراقدا، بۆ یەکەم جارە لەمێژووی گەلەکەماندا، کە تاقیکردنەوەیەکی وا هەیە، بە تەجروبەیەکی وا تێپەڕ بووبێ بواری ئەوەی پێ درا بێ کە بەئازادی وبە دیموکراتیەت باسی گیروگرفتەکانی بکات، ورێگەی چارەسەریان لەرێگەی یاساو بڕیاری قانونییەوە بۆ دابنێ، ئەم تاقی کردنەوەیە ئێمە حەقە هەموومان شانازی پێوە بکەین بەم حەوت ساڵە هەر یەک لە ئێمە هەر یەک لەوانەی کە ئەم دەرفەتەیان پێ دراوە کە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بن یان لەم هۆڵە پیرۆزەدا ئامادە بن چ لەوەرگرتنی بڕیارێک یان چ لەموناقەشەی یاسایەک یان لەهەر شتێک کە پەیوەندی هەبووبێت بە چارەنووسی گەلەکەمانەوە، شایەنی باسە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە سەدەها بڕیار ویاسای رێکوپێک لەم پەرلەمانەی کوردستان دەرچووە و لەسەرووی هەموویانەوە بڕیاری فیدرالیزم بۆ عێراق، کە لەسایەی عێراقێکی دیموکراتی فیدرالدا گەلی کوردستان بە ئامانجە دێرینەکانی وبە مافەکانی خۆی بگات.

چاکە ئەمەش بخەمەوە یاد، کە ئەم پەرلەمانە و ئەم ئەزموونە بەگشتی یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرهەمی خەباتی پەنجا ساڵەی بارزانیی نەمرو بەرهەمی خوێنی شەهیدانی کوردو کوردستانە، بەرهەمی خەباتی هەموو لایەنە کوردستانییەکانە، کە پێکەوە راپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمانیان ئەنجامدا و لەسەر پێشنیاری سەرۆکی خۆشەویستمان کاک مەسعود بارزانی رازی بوون، کە هەڵبژاردنی گشتی لەکوردستاندا بکرێت بۆ ئەوەی ئەزموونی گەلەکەمان بگاتە ئەم قۆناغەی ئەمرۆ ئێستاش رۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی کاک مەسعود بارزانی پاراستنی ئەم ئەزموونەیە خەملاندن وپێشخستنی ئەم تجروبەیە بەپێچەوانەی خەڵکانێکی تر، کە بێ ئەوەی هەست بە لێپرسینەوە بکەن، بێ ئەوەی بەرژەوەندی گەورەی گەلی کوردستان لێک بدەنەوە تا رادەیەک، کە هەندێکیان سوێندی ئەوەشیان خواردبوو، کە رەچاوی بەرژەوەندییە مەزنەکانی گەلەکەیان بکەن بەبێ ئەوەی هەوڵی ئەوە دەدەن کە ئەم ئەزموونە هەڵبوەشێننەوە وپەرلەمان بە نەبوو یان بە مردوو لەقەڵەم دەدەن، ئەمە

دوژمنایەتی نییـە بەرامبـەر بە پەرلەمـان و ئەزمـوونی گـەلی کـوردسـتـان تەنیـا بەڵکو ئەمـە دوژمنایەتییە بەرامبەر بە مێژووی هەمووی گەلی کورد، ئەمە پاشگەزبوونەوەیە لە خەباتی ساڵەها ساڵی خەڵکی کوردستان، ئەمە پاشگەزبوونەوەیە لە ئامانج وبیروبۆچوون و قوربانیدانی هەزاران شەهیدی نەمرمان، لێرەدا ئێمە ئەبێت تەئیکد لەوە بکەینەوە کە خەباتمان بەردەوامە، کارمان لە پەرلەمانی کوردستاندا بەردەوامە ئێمە پێمان خۆشە ئەم ئەزموونە لەگەڵ خەڵکی تردا بەرێوە بەرین ئەگەر نا ئامادەین بەتەنیا چی تێ ئەچێ با تێی چێ هەتا سەر بیبەین و پێشی خەین و بەردەوامی خەین.

راستە پاراستنی ئەم هەموو دەستکەوتە وپێشخستنی ئەم ئەزموونە بە پلەی یەکەم بە تەبایی و بەیەک بوون وبە ئاشتی ناوخۆیە، ئەمە راستیەکە کەس گفتوگۆی لەسەر ناکات، راستیەکیشە کەس نییە نەیسەلمێنێ، بەڵام ئاشتی دەبێت چ ئاشتییەک بێت ئاشتی ئەبێت لەسەر بنەماییێکی راست و دروست بێت، ئاشتی ئەبێت لەسەر ئەساسێک بێت کە بناغەی ساڵەهای ساڵی ئاشتی و تەبایی و رێک وپێکی دروست بکات ئاشتی نابێت لەسەر بنەماو وبناغەی ئەزموونێکی فاشل بێت، ئاشتی ئەبێت دراسەت بکرێت، ئاشتی ئەبێت هەنگاو بەهەنگاو بێت، هەنگاوەکانی ئەبێت رێک وپێک بن بەپێی زنجیرەی خۆیان بن نەک لەخوارەوە بۆ سەرەوە بەڵکو لەسەرەوە بۆخوارەوە، ئاشتی لەکوردستاندا بەوە ئەبێت کە یەکەم جار ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەگشت ئەندامانیەوە بێن لەم هۆڵەدا کۆبنەوە، ئاشتی و (تەطبیع) دوای ئەوە بەوە ئەبێت حکومەتی ئیئتلافی پێکەوە دروست بکرێت پاش ئەوە ئەو حکومەتە دەتوانێ هەنگاو بەهەنگاو بهاوێژێ بۆ هەموو مەسەلە گرنگەکانی تر تا ئەگەینەوە هەڵبژاردنێکی گشتی ئازادو دیموکراتی ئەگەر بەم زنجیرە نەبێت بەپێچەوانەوە بێت مەبەست لە بنەڕەتەوە، کە ئێمە نامانەوێ ئاشتی بکەین، ئەگەر راستە هەر لایەنێک ئەیەوێ ئاشتی هەبێت ئەبێت بەو تەسلسلە بێت ئەبێت زنجیرەیەکی منطقی زانستی واقعی بێت، کە جێ بەجێش بکرێت نەک بە زنجیرەیەک بێت لە بنەڕەتدا ئیشەکە هەڵبوەشێنێتەوە.

ئاشتی لە کوردستاندا وەکو باسم کرد بەرێزان بەردی بناغەی پێشخستنی ئەزموونەکەمان وسەرکەوتنمانە بۆیە ئێمە رۆژێک لەرۆژان وەک پارتی دیموکراتی کوردستان و بگرە بەیەکەوەش و وەکو ئەندامانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان درێغیمان لەوە نەکردووە پشتگیری لە هەنگاوە راستەقینەکانی ئاشتی بکەین رۆژێک لە رۆژان درێغیمان لەوە نەکردووە کە هەموو زەمینەیەک خۆش بکەین بۆ جێبەجێ کردنی رێککەوتننامەی واشنتۆن، چونکە ئیمە چاک دەزانین جێبەجێ کردنی رێککەوتننامەی واشنتۆن بە پلە یەک لە قازانجی بەرزی گەلی کوردستانەو، جێبەجێ کردنی رێککەوتننامەی واشنتۆن لە سوودی بەردەوام بوونی ئەم ئەزموونە دیموکراتییەمانە و جێبەجێ کردنی رێککەوتننامەی واشنتۆن نزیک کردنەوەی گەلی کوردستانە لە رۆژی سەرکەوتن و سەرفرازی ئایندەی، بۆیە منیش بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تەئکید لەسەر

پێشنیارەکەی برای بەڕێزم کاک جوهر دەکەم کە با برادەرانی فراکسیۆنی سەوز بفەرموون بێنەوە پەرلەمانی خۆیان و بێنەوە ئەم هۆڵە پیرۆزەو لێرە گفتوگۆی هەموو مەسەلەکان بکەن و با ئەوە یەکەم هەنگاوی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن بێت، من لێرەدا نامەوێ باسی دەسکەوتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم، حەوت ساڵە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە بەپێی یاساکانی پەرلەمان دامەزراوە، حەوت ساڵە کار دەکات و خزمەت دەکات و هەوڵ دەدات تەواوکەرێکی ڕاست و دروستی ئەم ئەزموونە دیموکراتییە بێت، بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی دواییدا پاش دروست بوونی کابینەی سێیەم، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو بەرنامەی لێرە پێشکەشی بەڕێزتانی کرد بەپێی ئەوەلیات تەئکیدی کردە سەر سەقامگیرکردنی یاسا، سەر ئەمن و ئاسایشی هاووڵاتیان و سەر بووژاندنەوەی باری ئابووری وڵاتەکەمان و لەسەر پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری گشتیی بۆ خەڵکی کوردستان، شاراوە نییە ئەگەر بەچاوێکی ئینسافەوە سەیری بکەین لەم دوو ساڵەو شتەی ڕابردوودا وە ئەویش لەم نزیکانە لەوانەیە ببێت بە سێ ساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی بەشێکی زۆری ئەم پرۆگرامەی جێبەجێ بکات ئەویش بە هاوکاری و پشتیوانی هەموو کەسێکی دڵسۆزی ئەم گەل و نیشتمانە بەتایبەتی سەرۆکی خۆشەویستمان کاک مەسعود بارزانی ئەوەی ئیشیش بکات و ئەگەر ئیشیش بکرێت کەم و کوڕی پەیدا دەبێت و ئەگەرکەم و کوڕیش پەیدا بوو مەرج ئەوەیە واز نەهێنین لەو کەم و کوڕییانە، کە زیاد بن یان پەرە بسێنن بەڵکو ئەبێ بەپێی توانا بەزووترین کات کار بۆ ئەوە بکەین چارەسەریان بکەین، وە ئێمە وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەپێی ئامۆژگارییەکانی سەرۆکی خۆشەویستمان کاک مەسعود بارزانی خەریکین بەخۆمان دادەچینەوە بە هەموو دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا و ئامادەین هەر گۆڕانکارییەک کە ببینین سوودی گەلی کوردستانی تیادا بێت ئەنجامی بدەین، بەڕێزان ئەمڕۆ وڵاتەکەمان بەشێوەیەکی تایبەتی تووشی گێروگرفتی ئاو و کارەبا بووە، نە بڕی ئاو بەدەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و نە بڕی کارەباش کە لەم وڵاتە بەرهەم دەهێنرێت لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دایە، هەردووکیان پەیوەستن بە چەند هۆکارێک کە لە دەرەوەی ئیرادەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، بەڵام لە هەمان کاتدا بەهۆی ئەو تەنگو چەڵەمەیەوە هاووڵاتیانمان تووشی گیروگرفتێکی زۆر دەبن، تووشی بارێکی نالەبار تووشی زەحمەتێکی زۆر دەبن کە ئەویش ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانی هەموومان پێکەوە کە هەوڵ بدەین لەو ئەرک و زەحمەت و بارە نالەبارەیان کەمێک سووک بکەینەوەو بە پلەی یەکەمیش ئەویش بەهاوکاری و لێک تێگەیشتنی هەموو دەزگاکانی ئەم میللەتەیە، هەموو پارتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لە هەمان کاتدا پەرلەمانی کوردستان، ئێمە هەموو ئەبێ بەدوای چارەسەری واقیعی و عەمەلی دا بگەڕێین، تواناو مەقدیرەتی خۆمان بزانین و بزانین چیمان پێ دەکرێ و چیمان پێ ناکرێ و بزانین چی لە دەسەڵاتی ئێمە دایەو چی لەدەسەڵاتی ئێمە

دانییه، بۆ ئەوەی لە هەمان کاتدا بتوانین خزمەتی هاوولاتیان بکەین و هاوولاتیانیش لەخۆمان نارازی نەکەین و وایان لیّ بکەین کە بزانن وەزعەکە بۆچی وایە، لە حەقیقەت ئاو و نەبوونی باران ئەمسال کاریّکی ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر کشتوکال و کاریّکی ڕاستەوخۆیشی کردۆتە سەر کارەبا و لە هەمان کاتدا ئەو کارەی، کە کردۆتە سەر کارەبا دووبارە کار دەکاتە سەر ئاوی خواردنەوەو جگە لەوەی کە کەمی باران کار دەکاتە سامانی ئاژەلیمان، ئەمانە هەمووی گیروگرفت و مەشاکیلیّکن ئەگەر بە هیّمنی و بە زانستیانەو بە یەکەوە و دەست لەناو دەستی یەکتر نەکەین و کاری بۆ نەکەین ئەوا لەوانەیە تووشی زەرەرو زیانیّکی زۆر ببین ئەوە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە، ئەم بارەی ئەم سال ڕاستە بەدەرە( ئیستیسنائییە )، بەلام دەلالەتی ئەوەیە، کە لەوانەیە سالیّکی تریش دووبارە ببیّتەوە لەوانەیە دوو سالیش جاریّک دووبارەببیّتەوە و لە میّژووشدا هەیە جاری وا هەبووە حەوت سال بارەکە ئەوها بووە، لەبەر ئەوە ئەرکی سەرشانمان ئەوەیە، کە پیّشبینی ئەو حالەتە بکەین و بە حالەتیّکی ئیستیسنائی سەیری نەکەین و لە ئیستاوە ئەبیّ بیر لە چاسەریّ بکەین و هەر چەندە پیّش هەموو شتیّک بیر لە چارەسەری کورت خایەن بکەینەوە بەلام لە هەمان کاتدا ئەبیّ بیر لە چاسەری دریّژ خایەنیش بکەینەوە بۆ حالەتیّک ئەگەر شتی ئەوها دووبارە ببیّتەوە کە ئیّمە پیّشوەخت بەسەریا زالبین، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی هەریّمی کوردستان وەکو ئاگادارن ماوەیەکی زۆرە خەریکی دیراسەت و کۆنفراسات و پەیوەندییە بۆ زال بوون بەسەر ئەم گیروگرفتانە داو بۆ کردنەوەی دەرگایەک بۆ ئەوەی بتوانین بە شیّوەیەکی ڕیّکو پیّک پلانی کورت خایەن و دریّژ خایەن دابمەزرێنین، من لیّرە ئەو مزگیّنییەتان دەدەمیّ، کە ئەو دەرگایانەی مەبەستمان بووە بەتایبەتی لە ڕیّگای بڕیاری ٩٨٦ـەوە کە تەنها ئیمە حسابی ئەوە نەکەین لە پلان دانان دا بەتایبەتی هی دریّژ خایەن تەنها حسابی شەش مانگ نەکەین بەلکو حسابی چەند شەش مانگیّک بەسەر یەکەوە بکەین و بەپیّی ئەوە پلانەکانمان دابریّژین ئەو دەرگایەمان بۆ کراوەتەوەو لیّی ئاگادار کراوین لەبەر ئەوە بۆ ئەم مەبەستە بەم زووانە کۆنفرانسیّکی تر دەبەستریّت و پیّمان باشە کە لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان خۆیان بۆ ئامادە بکەن کۆنفرانسیّکی تر دەبەستریّت بەتایبەت سەبارەت بە کارەبا و ئاوەوە کە ئیمە چۆن بتوانین بە زووترین کات کیّشەی ئاو و کارەبا چارەسەریّکی خیّرای بۆ بکەین و لە ئازارو تەنگوچەلەمەکانی کەم بکەینەوە لەهەمان کاتیشدا پلانیّکی دریّژ خایەن دابنیّین، کە لەماوەی دوو سال بەرەو ژوور بتوانین چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی بکەین لەسەر هەموو ئاستی کوردستان ئەم کۆنفرانسە بە هاوکاری هەردوو وەزارەتی پیشەسازی و وزەو کشتوکال دەکریّت، ئیمە ئەوەمان پیّ چاکە، ئەوە بخەینە ڕوو کە بەتەماین بە زووترین کات داوای کۆمەلیّکی زۆر لە موەلیدات بکەین و ڕەزامەندی هاتووە کە ئەو موەلیدانە بکردریّت، بۆ ئەوەی بەخیّرا چارەسەری بەشیّک لەو گیروگرفتەی کارەباو ئاو بکەین چ لە هەولیّر و چ لە دهۆک و هەمان داواکاریی سەبارەت بە سلیّمانی لە ئارادایە، ئەمە چارەسەری خیّرای ئەم گرفتەیە و لە هەمان کاتیشدا بە تەماین

پلانێک دابنێین، کە چۆن ویستگەی وەبەرهێنانی کارەبای گەورە دابمەزرێنین و پێش هەموو شتێک دیراسەتی ئەوە بکرێت کە چ جۆرە ویستگەیەکی کارەبا گونجاو دەبێت لەگەڵ مەوادی ئەوەلی ولاتەکەمان دا و چ جۆرە ویستگەیەکی کارەبا دەگونجێت لەگەڵ ئیمکانیاتی خۆمان ولەگەڵ ئەو بارەی کە تیایدا دەژین و لێرە بیر لە دوو جۆر دەکرێتەوە یەکەمیان (حەرارییە) و ئەوەی تریان (هایدرۆلیکییە) و بێگومان دیراسەتەکانیش لەسەر ئەوەیە، کە ئایا کامیان ئیمە بە ئازادی دەتوانین کە بەبێ ئەوەی گرفتمان هەبیت و بێ ئەوەی موحتاجی لایەکی تر بین دایبمەزرێنین و بەکاری بهێنین، ئەمە بیگومان ئاکامی ئەو کارە دەبێت کە لە داهاتوودا دەکرێت، بۆیە هیوادارم کە لیژنەکانی تایبەتمەندی پەرلەمان دەوری خۆیان لەو کۆنفرانس و ئیشانەدا ببینن.

لە ئەرکەکانی تری سەر شانی حکومەتی کوردستان کە ئەرکی بەپەلەن ئەمڕۆ لە بارودۆخی ئێستای کوردستان باری ئاوارەکانمانە، خۆتان دەزانن کە ئاوارەکان بەهۆی بارێکی سیاسی نالەبار و بەهۆی شەڕی ناوخۆ و لەژێر گوشارێکی سیاسی و لە ترسی ژیانیاندا هاتوونەتە پایتەختی هەرێم و هاتوونەتە دهۆک و هاتوونەتە ئەم دەوروبەرە، هیچ کەسێک لەوانە لەبەر بارودۆخی دارایی یان ئابووری یان معاشی نەهاتوونەتە ئێرە و بۆ دەسکەوت نەهاتوون ئەوانەی کە هاتوونەتە ئێرە بەشی زۆریان خانەوادەی شەهیدان یان کەس و کاری پێشمەرگەن، یان کەوادری ئەم گەل و نیشتمانەن، ئەمانە لە بارودۆخی شەڕی ناوخۆ ناچار بوون موڵک و زەوی و خانوو کەسابەت و کاری خۆیان بەجێ بهێڵن وبێنە ئێرە، ئیمە لەسەرەتادا بەدوای چارەسەری هەمیشەیی بۆیان نەگەڕاین هۆکاریش ئەوەنەبوو  کە نەمان دەویست چ وەکو حکومەت یان وەکو پەرلەمان یان وەکو دزگاکانی تر هی حزبی و هی شەعبی ئیمە مەبەستمان ئەوە بووە ئەم بارە بارێکی ئیستیسنائییە و بارێکە هەمیشەیی نییە و هەموو رۆژێک و هەموو ساتێک ئێمەش لەگەڵ ئەو خەڵکە بەتەما بووین کە ئەو خەڵکە بە زووترین کات بگەڕێنینەوە سەر باری خۆیان بۆبە بیر کردنەوە لە نیشتەجێکردنیان لە شوێنی یەکجاری و بارێکی (ثابت) لەوانە بوو ئەو کاتە ئەو شعورە دروست بکات کە ئێمە بەدوای چارەسەرێکی هەمیشەیی دەگەڕێین و بەدوای ئەوە دەگەڕێین کە ئەو خەڵکە لێرە جێنشین بکەین، سیاسەت ئێستاش ئەوە نییە، بەلام ئەمڕۆ و پاش تێپەڕبوونی ئەو هەموو کاتە بەسەر ئەم بارودۆخەدا کە زیاد لە دوو ساڵ و نیوە ئیجاب دەکات کە بەدوای چارەسەری بنەڕەتی تردا بگەڕێین، ئیجاب بەوە دەکات تۆزێک زیاتر گرنگی و سەرپشکی بە بارودۆخی ئاوارەکان بدەین، بۆ نموونە ئەگەر ئیمە نەمانتوانی کارەبای ئەو هەموو خەڵکە بەیەکجاری چاک بکەین با هەوڵێک بدەین باری ئاوارەکان چاک بکەین ئەگەر نەمانتوانی لە بارودۆخێکی وەک ئەمڕۆ لە بارودۆخی زەحمەتی ئەمڕۆ بۆ نموونە ئاو یان بەفر بۆ هەموو خەڵکێک بەیەکجاری چاک بکەین با بە حسابێکی تایبەتی بۆ برا ئاوارەکان چاکی بکەین، من لێرەدا هیوادارم ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەندێ لەو ئیجرائاتانە هەڵسا وە دەستیشی کردووە بە دیراسەتی ئەوە، ئێوەش ئەو بارودۆخە بزانن، کە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە دەکات و بە حەقیقەت ئەوە ئەرکێکەو

قەرزێکیشە لەسەرمان دەبێ بیکەین و جگە لە هەندێ شتی تر کە ئەو بەڵێنە لێرە دەدەین، کە بەتەمـاین بە زووترین کـات بۆ ئاوارەکـانی ئەنجـام بدەین، من ئەو هەلەش بە کـار دەهێنم و ئەقۆزمەوە کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە ئەمڕۆ ڕووبکەمە هەزاران قوتابی کە ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی تاقیکردنەوەکانی گشتیی «بەکالوریا»ی قوتابیانمانە تەمەنای تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوویان بۆ دەکەم تەمەنای ئەوەیان بۆ دەکەم کە لە تاقیکردنەوەکانیان سەرکەوتوو بن و بە ڕێک و پێکی هەتا ئێستا سەعیان کردبێت و خۆیان بۆ ئامادەکردبێت و تاقیکردنەوەکان بە پێی یاساو نیزام ئەنجام بدەن و إنشاالله لە داهاتووشدا پێشکەوتووتر دەبن و دەوریی خۆیان دەبێ لە ژیان و باری کۆمەڵایەتی گەلەکەیان دا ببینن و دەوریان دەبێ لە پێشخستنی ئەم ئەزموونە دیموکراتییەدا.

بەڕێزان لە کۆتاییدا دووبارە پیرۆزبایی لە خۆمان و لە خۆتان دەکەم بەبۆنەی تێپەڕ بوونی حەوت ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکەم پەرلەمانی ئازادی کوردستان دا و تەمەنای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و تەمەنای بەردەوامی و پێشکەوتنی ئەم ئەزموونە دیموکراتییە دەکەم و تەمەنای هاوکاری پێکەوە کارکردنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دەکەم باشتر لەوەی کە تا ئێستا کراوەو، ئاواتە خوازی تەبایی و یەکبوونی گەلی کوردستان دەخوازم.

بژی کورد

بژی کوردستان

بژی پەرلەمانی کوردستان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆجەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو وتە بەنرخەو، إنشاءالله کاروبارو ڕێبازو بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە بەرەو پێشەوە دەڕوات و پشتگیری و هاوکاری لە ئێمەو لە خەڵکی کوردستان بەردەوام دەبێت و پتەو تر دەبێت چونکە سەرکەوتنی ئەو حکومەتە سەرکەوتنی خەڵکی کوردستانە و پێشکەوتنی پێشکەوتنی کوردستانە، ئێستاش جەنابی کاک فرەنسۆ سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەماندا وتەیەکی هەیە با بفەرموویێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزداران سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرە بەڕێزەکان، برایانی خۆشەویستم کاک جوهر و کاک د. ڕۆژ هیچیان بۆ من نەهێشتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بەناوی هەموو ئەندامانی پەرلەمان پیرۆزباییەکی گەرم لە هەموو میللەتی کوردستان بکەم بە بۆنەی تێپەڕبوونی حەوت ساڵ و ڕۆژێک بەسەر یەکەمین دانیشتنی پەرلەمانی کوردستاندا، تا ئێستا پەرلەمانی کوردستان نزیکەی ٣٠٠ دانیشتنی کردووە و نزیکەی ٢٠٠ بریار و یاسای دەرکردووە، کە زۆر بریار و یاسای چاکن و لەگەڵ ئەوەشدا گوێمان لە هەندێ خەڵک دەبێت کە باس لەوە

دەکەن، کە پەرلەمانی کوردستان دەزگایەکی شەرعی نییە، جارێ من پێشەکی داوا لە سەرکردایەتی پارتی دەکەم کە پەرلەمان نەخاتە ناو یارییەکانی سیاسی و حەقە پەرلەمان بۆ ئەندامانی پەرلەمان بەجێ بهێڵێن و خۆیان چ بڕیارێک دەدەن، بەلای منەوە حەق نەبوو لە واشنتۆنیش باس بکرێت بە ئەمریکییەکان بڵێن پەرلەمان لەلایەن میللەتەوە هەڵبژێردراوە پەرلەمان چ بڕیارێک دەدات ئامادەین، من پشتگیری و دووبارەی قسەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران دەکەم و نەک داوا لە ئەندامانی پەرلەمانی سلێمانی دەکەم حەز دەکەین ئێمە دەچینە سلێمانی و ئیتر زۆری بەسەر داچوو دەبێ جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش هەڵبژێرین، دەبێ پەرلەمان لەمەودوا بڕیار بدا جێگرەکەی خۆیشی هەڵبژێری، شتێکی زۆر سەیر هەیە حەز دەکەم ئێوە سەیری ئەم سەیرە بکەن، ئەو ئیدارەی لە سلێمانییە، کە ئەوان بە حکومەتی کوردستان ناوی دەبەن و هەموو شانازییان بەوەیە، کە شەرعییە، چونکە پەرلەمانی کوردستان شەرعییەتی پێ داوە، سەیرەکە لێرەیە، شەرعییە، چونکە پەرلەمانی کوردستان شەرعییەتی پێداوە، بەڵام پەرلەمان شەرعی نییە!، وەرن سەیری ئەم سەیرە بکەن!!، پەرلەمان کە دوای ٣١/ی ئابی/١٩٩٦ی پیرۆز بەڵێ، ٣١/ی ئابی/١٩٩٦ پیرۆز، پەرلەمانی کوردستان، کە کۆبوونەوەی کرد و تەمەنی خۆی درێژ کردەوە زۆربەی زۆری ئەندامانی کە ئامادەبوون و بڕیاریان دا لەسەر درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئەندامی سەر بە لیستی سەوز بوو قسەی کرد و جێگری فراکسیۆنی سەوز قسەی کرد و بەناوی جەلال تاڵەبانیشەوە وایان نیشان دا، کە ئەویش زۆر لای مەبەستە و زۆریش لای گرنگە، کە تەمەنی پەرلەمان درێژ بێتەوە و من لەوە زیاتر قسە ناکەم، چونکە ئێوە هیچتان بۆمن نەهێشتەوە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی کاک فرەنسۆ بۆ ئەو وتە بەنرخەی، دانیشتنەکەمان لێرەدا کۆتایی پێ دێت و جارێکی تریش سوپاسی کابینەی سێیەم بە سەرۆکی کابینە و برا وەزیرەکانمانەوە دەکەین بۆ ئامادەبوونیان و سوپاسی هەموو لایەک دەکەین و جارێکی تریش یادی حەوت ساڵەی پەرلەمان پیرۆز بێت، سبەی سەعات دە لێرەدا کۆدەبینەوە و دانیشتنی ئەمڕۆمان لێرەدا تەواو دەبێت، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)

**یەک شەممە ڕێکەوتی ٦/٦/١٩٩٩**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٦/٦

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٦/٦ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (پانزدەهەم)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٥)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (١٠) دەی سەر لە بەیانیی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٦/٦دا بەم شێوەیە بێت.***

***١ـ یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای خودان پیشە تەندروستییەکان.***

***٢ـ ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری گواستنەوەو گەیاندن، هەروەها وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بەوەکالەت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە زارەکی و بەنووسینەکانی ئەندامە ڕێزدارکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە پانزدە لە ١٩٩٩/٦/٦ بەرنامەی کارمان دوو خاڵە، خاڵی یەکەم خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای خودان پیشە تەندروستییەکان و خاڵی دووەمیش ڕێزدار وەزیری گواستنەوەو گەیاندن و وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بەوەکالەت دەبوایە ئامادەبێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەڵام ئێمە دوامان خست بۆ بەیانی چونکە تەنها دەتوانین ئەم پرۆژەیە لەم دانیشتنەدا تەواو بکەین و دوای کاتژمێر ١٠/٥ هەندێ کارمان هەیە، بە خاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی یاسای خاوەن پیشە تەندروستییەکان کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووەو لێرە دەخوێندرێتەوە، با جەنابی سکرتێر بفەرموێت.

بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:
بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

## قانون نقابة ذوي المهن الصحية لإقليم كوردستان العراق

### الفصل الأول
### (التأسيس والأهداف)

**المادة الأولى:**

يقصد بالتعابير التالية المعاني المبينة إزائها لأغراض هذا القانون:

١ـ الإقليم: إقليم كوردستان العراق.

٢ـ الوزير: وزير الصحة والشؤون الإجتماعية.

٣ـ النقابة: نقابة ذوي المهن الصحية.

٤ـ النقيب: نقيب المهن الصحية.

٥ـ الهيئة العليا: ويشملها ممثلي المحافظات.

**المادة الثانية:**

تؤسس بموجب هذا القانون نقابة ذوي المهن الصحية في إقليم كوردستان العراق تسمى فيما بعد بالنقابة ويكون مقرها مدينة أربيل وتتمتع بالشخصية المعنوية الكاملة.

**المادة الثالثة:**

تشكل النقابة بناءً على طلب يقدمه مالايقل عن خمسة عشر عضواً مارسوا المهن الصحية لمدة لاتقل عن خمس سنوات إلى الجهة المختصة وتعتبر الهيئة التحضيرية هيئةً لإدارة أعمال النقابة لحين إجراء إنتخاباتها.

**المادة الرابعة:**

تعمل النقابة من أجل تحقيق الأهداف الآتية:

أولاً: تنظيم أعمال المهن الصحية في مجال النشاط العام والخاص والإرتقاء ورفع المستوى العلمي والمهني للأعضاء في الاقليم.

ثانياً: تنظيم وتقوية علاقات الأعضاء فيما بينهم ومع المؤسسات الحكوميةو الافراد والدفاع عنهم وعن حقوقهم و تأمينها و تمكينهم من أداء واجباتهم.

ثالثاً: تطوير وإبراز دور ذوي المهن الصحية في المجتمع الكوردستاني.

رابعاً: تشجيع ودعم الأبحاث العلمية للأعضاء وعقد الندوات والدورات الخاصة بالمهن الصحية من أجل مواكبة التطور العلمي والصحي.

خامساً: الاتصال والتعاون مع النقابات والجمعيات و الهيئات المحلية والخارجية التي تلتقي أهدافها مع أهداف النقابة والمشاركة المتبادلة في المؤتمرات والدورات والنشاطات الصحية.

**المادة الخامسة:**

أولاً: الهيئة العامة: تتألف من النقيب و ستة أعضاء أصليين و عضوين إحتياط وينتخب المجلس في أول إجتماع له نائباً للنقيب و أميناً للصندوق.

ثانياً: لجنة الإنضباط: تتألف من ثلاثة أعضاء أصليين و عضوين إحتياط يرأسها من حاز على أكثرية الاصوات بينهم في الانتخابات.

ثالثاً: فرع النقابة في المحافظة: تتألف من ثلاثة أعضاء أصليين و عضو إحتياط يرأسها من حاز على أكثرية الاصوات في إنتخابات فرع النقابة في المحافظة.

**المادة السادسة:**

أولاً: تعين الهيئة العليا للنقابة مجموعة من الموظفين والمستخدمين في مقر النقابة لإدارة شؤنها حسب الحاجة الضروريية.

ب ـ تتكون إدارة المقر العام للنقابة من:

١ـ الادارة و شؤون الاعضاء.

٢ـ الحسابات و أمانة الصندوق.

ج ـ يتم تحديد أعمال و إختصاصات الموظفين و المستخدمين و رواتبهم و أمور خدمتهم المهنية و الانضباطية و مدة ترفيعهم والعلاوة التي يستحقونها بسبب الخدمة وفق أحكام النظام الداخلي للنقابة.

**المادة السابعة:**

ينتخب أعضاء الهيئة العامة النقيب و أعضاء النقابة و لجنة الانظباط الاصليين والاحتياط في مكان واحد بطريقة الانتخاب السري و بأغلبية أصوات الحاضرين.

**المادة الثامنة:**

أولاً: تعقد الهيئة العامة إجتماعاتها لغرض الإنتخابات كل ثلاث سنوات و يحدد الشهر في حينه.

ثانياً: يتم النصاب في إجتماعات الهيئة العامة لغرض الانتخابات بحضور أكثر من نصف عدد الاعضاء في الموعد المقرر.

ثالثاً: إذا لم يتم النصاب في الاجتماع المذكور فيعد إجتماعاً أخر في الشهر الذي يليه من نفس السنة ويتم النصاب بغض النظر عن عدد الحاضرين.

**المادة التاسعة:**

تختص الهيئة العامة بما يلي:

أولاً: تصديق الحساب الختامي للسنة السابقة و إقرار الميزانيية التخمينية.

ثانياً: مناقشة التقرير السنوي و شؤون النقابة و حساباتها.

ثالثا: النظر في إقتراح تعديل قانون النقابة وأنظمتها.

رابعاً: تقرير تصفية ممتلكات النقابة وماليتها عند حلها.

**المادة العاشرة:**

كافة قرارات الهيئة العامة تصدر بأغلبية عدد أصوات الحاضرين.

**المادة الحادية عشرة:**

لايشارك العضو في إجتماعات الهيئة العامة:

أولاً: مالم يكن قد جدد إجازة العمل و الممارسة السنوية.

ثانياً: إذا كان معاقباً بمنع مزاولة المهنة و ضمن مدة المنع.

**المادة الثانية عشرة:**

يجب أن يكون مرشح لإشغال أي من المناصب له ممارسة مهنية لا تقل مدته عن:

أ- عشر سنوات للمرشح لمنصب النقيب.

ب- سبع سنوات للمرشح لعضوية هيئة النقابة و لجنة الإنضباط.

ج- خمس سنوات للمرشح لعضوية اللجان النقابية في المحافظات.

## الفصل الثالث

## العضوية و ممارسة المهنة

**المادة الثالثة عشرة:**

شروط الإنتماء:

أولاً: أن يكون خريج إحدى الشرائح التالية:

أ ـ خريج كلية التمريض.

ب ـ خريج كلية العلوم «فيزياء كيمياء بكتريولوجي و بايولوجي» الذين يعملون في حقل الصحة.

جـ ـ كافة خريجي معاهد المهن الصحية بكافة فروعها.

د ـ خريجي إعداديات التمريض.

هـ ـ خريجي مدارس التمريض.

و- خريجي دورات التمريض الخاصة قبل تشكيل پرلمان كوردستان.

ز- خريجي إعداديات القبالة.

ثانياً: أن يقدم طلباً تحريريا مرفقاً بوثيقة التخرج من الكلية أو المعهد أو الإعداديات أو المدارس أو الدورات الخاصة و التعهد بإلتزام القانون و أنظمة النقابة مع صورتين شخصيتين حديثتين.

ثالثاً: غير محكوم عليه في جناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف.

رابعاً: أداء الرسوم المقررة.

**المادة الرابعة عشرة:**

أولا: تبت الهيئة في طلب الانتماء خلال مدة ثلاثين يوماً إعتباراً من تاريخ تسجيل الطلب لدى النقابة.

ثانياً: يعتبر المتقدم عضواً في النقابة إعتباراً من تاريخ موافقة المجلس على الطلب و تسجليه في سجل النقابة إعتبارا من ذلك التاريخ.

ثالثاً: لصاحب الطلب الذي رفض طلب إنتمائه تمييز قرار الرفض لدى محكمة تمييز الاقليم خلال خمسة عشر يوما من تاريخ التبليغ و يكون قرارها باتاً.

المادة الخامسة عشر:

لا يحق لأي جهة أخرى غير النقابة منع العضو من ممارسة المهنة ما لم تشمله أحكام قوانين أخرى.

## الفصل الرابع
## (الاحكام الإنضباطية)

**المادة السادسة عشرة:**

تقوم هيئة النقابة بالنظر في القضايا التي ترد اليها و أن تتخذ إحدى الاجراءات التالية خلال مدة عشرين يوما من تاريخ تسجيل الشكوى لدى النقابة.

أولا: رد الشكوى أو غلق التحقيق مع بيان الاسباب.

ثانيا: فرض العقوبات التالية بحق العضو المخالف.

أ- التنبيه.

ب - الانذار.

ج - المنع من ممارسة المهنة لمدة لاتتجاوز (ثلاثون يوماً).

ثالثاً: إحالة القضايا الى لجنة الانظباط إذى إقتضى ذلك.

**المادة السابعة عشرة:**

أولا: يمنع العضو من ممارسة المهنة خلال المدة المحكوم بها في حالة صدور حكم نهائي ضده من

محكمة مختصة عن جناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف أو جريمة ناشئة بسبب سوء ممارسة المهنة عقوبتها الحبس لمدة لاتزيد عن سنة.

ثانياً: إذا صدر حكم نهائي بالغرامة من محكمة مختصة عن جنحة مخلة بالشرف أو جريمة ناشئة بسبب سوء ممارسة المهنة ضد أي عضو يمنع من ممارسة المهنة المدة المساوية لمدة الحبس المقابلة للغرامة.

ثالثاً: إذا حكم على العضو بعقوبة أشد من العقوبات المذكورة في هذه المادة يشطب أسمه من سجلات النقابة ولايجوز له ممارسة المهنة الا بعد تسجيله مجدداً وفق أحكام هذا القانون.

**المادة الثامنة عشرة:**

للنقيب أو أحد طرفي النزاع تمييز قرار لجنة الانضباط لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ التبليغ بالقرار و يكون قرارها باتاً.

## الفصل الخامس
## (الاحكام المالية)

**المادة التاسعة عشرة:**

تتكون واردات النقابة من:

أولاً: الرسوم وهي كالاتي:

أـ رسوم الانتماء و التجديد سنوياً تجديد إجازة المهنة (٢٥)دينارا.

ب ـ رسوم فتح عيادة أو مختبر أو محل للمواد الطبية (٧٥)دينارا.

جـ ـ روسم التزود بكتاب (١٠)دنانير.

ثانياً: منح حكومة الإقليم.

ثالثاً: الارباح الواردة من الحفلات و المطبوعات والاكتتابات والمشاريع التي تقوم بها النقابة.

رابعاً: المنح و الهبات وأية واردات أخرى.

**المادة العشرون:**

للهيئة العليا اقتراح تعديل جدول الرسوم المقررة في هذا القانون.

**المادة الحادية والعشرون:**

يعفى الاعضاء الذين يكملون الدراسة من دفع الرسوم سنويا طيلة مدة الدراسة اذا لم يمارسوا المهنة في تلك الفترة و عليهم إخبار النقابة قبل المباشرة بالدراسة و عند الانتها منها.

## الفصل السادس
## الاحكام العامة و الختامية

**المادة الثانية والعشرون:**

تقوم هيئة النقابة باعداد واصدار النظام الداخلي لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الثالثة والعشرون:**

لايعمل بأي نص يتعارض و أحكام هذا القانون.

**المادة الرابعة والعشرون:**

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الخامسة والعشرون:**

ينفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ صدوره و ينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**الأسباب الموجبة:**

حيث أن الحركة التحررية الكردية التي قادها الزعيم الخالد مصطفى البارزاني كان من أهدافها الحصول على حقوق الشعب الكوردي لكوردستان العراق بكافة شرائحه الإجتماعية ونظراً لأهمية كوادر المهن الصحية لتقدم الوعي الصحي والاجتماعي والنشاط الانساني وإنعكاس الواقع الصحي بين المجتمع و وسلية فعالة للحفاظ على حياة المواطنين من كوارث الامراض التي تصيب المواطنين وتسعى المهن الصحية لإزالتها والإرتقاء بالمجتمع وتعزيزاً لمكتسباتها المشروعة وواقعنا الكوردستاني أوجب تشريع قانون نقابة المهن الصحية الكوردستاني دعماً ومساندةً للحركة الكوردية التي شكل ركيزة اساسية للدفاع عن مكتسبات شعبنا المناضل وترسيخاً للفدرالية.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سکرتێر ئەوە خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پڕۆژەیە بوو کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجـوومـەنی وەزیرانەوە نێردراوە بۆ پەرلەمـانی کـوردسـتـان بـۆ ئەوەی باس بکرێت و، ئەدرێت بە لیژنەی یاسا و لیژنە پەیوەندیدارەکان هیوادارین ئەو کەموکوڕییانەی کە تیایدا هەن چارەسەری بکەن بۆ ئەوەی بە زووترین کات بخرێتە ناو بەرنامەی کاری ئایندەمان.

وەکو لە سەرەتاوە گوتمان خالّی دووەمی پڕۆگرام دوا دەخەین بۆ سبەی، سبەی سەعات (١٠) لێرە کۆ دەبینەوە. سوپاستان دەکەین بۆ ئامادەبوونی ئەمڕۆتان.

**فەسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)

**دوو شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٩/٦/٧**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٦)

## دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٦/٧

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٦/٧ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (شانزدەهەم)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (١٠) دەی سەر لە بەیانیی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٦/٧دا بەم شێوەیە بێت.*

*١ـ ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری گواستنەوەو گەیاندن، هەروەها وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بە وەکالەت بۆ وەلامدانەوەی پرسیارە زارەکی و بەنووسینەکانی ئەندامەڕێزدارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.*

*٢ـ خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر سیاسەتی دوژمنکارانەی (PKK)ە دژ بەگەلی کوردستانی عێراق و ئەزموونە دیوکراتییەکەیو سیستەمی سیاسی و کیانی دامەزراوە دەستووری و کارگێرییەکانی لە هەرێمدا.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە (١٦) لە ١٩٩٩/٦/٧، بەرنامەی کارمان دوو خاڵە یەکەمیان ئامادەبوونی ڕێزدار وەزیری گواستنەوەو گەیاندن، هەروەها وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری بە وەکالەت بۆ وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لە بەڕێزیان کراوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە.

خاڵی دووەم ئەو پێشنیارە بوو کە پێش ماوەیەک برادەران ئەندامانی پەرلەمان کردیان دەربارەی باس کردنی دەست درێژییەکانی یاخود ئەو سیاسەتە دوژمنکارییەی کە پەکەکە دەرهەق بە هەرێمی کوردستان و هاوولاتیانی بێگوناە دەیکات.

بەخاڵی یەکەم دەست پێ دەکەین ئەویش وەلامدانەوەو باس کردنی ئەو پرسیارانەی کە لە ڕێزدار

وەزیری گواستنەوەو گەیاندن کراون لەلایەن چەند ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانەوە با جەنابی وەزیر تەشریف بێنێ بۆ سەر سەکۆ، قۆناغی یەکەم تەنها ئەو برادەرانە پرسیاریان هەیە کە پرسیاریان کردووە و، کاتێکی دیاریکراویش ئەگەر هەبێ دایدەنێین بۆ هەندێ پرسیار لە یەک دوو ئەندامی پەرلەمان ئەگەر وەزیر ئامادەبێت بۆ وەڵامدانەوەی هەمان بابەت.

سێ پرسیارمان هەیە ئەویش زیاتر پەیوەندییان بە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێرییەوە هەیە کە جەنابی وەزیر بە وەکالەت ئێستا سێ وەزارەتی لە ئەستۆیە، لەوانەیە یەک دوو پرسیاریش هەبێت لە ڕێزداران چەند ئەندامێکی پەرلەمان سەبارەت بە تەلەفۆنات و ئەو شتانە ئەویش ئەگەر ماوە هەبێت ئەوە کاتی پێ دەدەین، بەڵام دیسان تکام وایە کە ماوەی پرسیار (٥) دەقیقەیە وەڵامی جەنابی وەزیریش (٥ـ ٧) دەقیقەیە موداخەلەی ئەندامی پەرلەمانیش سێ دەقیقەیە بۆ جەنابی وەزیریش (٥) دەقیقەیە تەنها برادەران کە پرسیارەکە دەکەن و موداخەلە دەکەن ئاگاداری کاتی خۆیان بن.

ئێستاش پرسیاری یەکەم لەلایەن بەڕێز (جوهر ئەحمەد شاواز)ەوە با بفەرمووێ.

**بەڕێز جەوهەر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پایتەختی هەرێمدا مەیدانی ئاژەڵ فرۆشتن هەیە، ئەو مەیدانە ئەوە بۆ سێ ساڵ دەچێت حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە دەستی بەسەردا بگرێت و چەند کەسانێک بەڕێوەی دەبەن تاکو بازاڕی رەشی کڕین و فرۆشتن لە ژوورەوەی سەیارە هەیە خۆیان بەکاری دێنن ئەو مەیدانە دەستکەوتێکی زۆری هەیە بۆ حکومەتی هەرێم ئەگەر بتوانێت دەستی بەسەردا بگرێت کە بە هەزارەها دینار دەستکەوتی ساڵانەی هەیە، نازانین بۆچی تاکو ئێستا دەستی بەسەردا نەگیراوە؟ بۆ نموونە هەتا سەیارەی تایبەتیش بچێتە ناو مەیدانەکەوە (٣) دینار پارە وەردەگرن، حەیوانێک بچێتە ژوورەوە دینارێک وەردەگرن ئەگەر دەرچێت نەفرۆشرابێ هەر دینارێک وەردەگرن، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا حکومەتی هەرێم تاکو ئێستا بۆ نەیتوانییوە دەست بەسەر ئەو مەیدانەدا بگرێت؟ چونکە خەڵک نارەزایی زۆریان لەو مەیدانە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەوهەر جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز حەمید ئاکرەیی/ وەزیری گواستنەوەوگەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان رۆژتان باش. پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە دەمەوێ پیرۆزباییتان لێ بکەم بەبۆنەی هەفتەمین ساڵ یادی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان بەناوی خۆم و کارمەندانی هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و گواستنەوەو گەیاندن پیرۆزباییتان لێ دەکەم ئەم پەرلەمانە بەرهەمی خەباتی چەندین ساڵی بێ وچانی گەلەکەمانە. ببورن من رۆژی (٥)ی مانگ

له جەولەیەکدا بووم لەناوچەی مێرگەسوور و بارزان بۆ مەسەلەی وشکەساتی (جفاف) و چارەسەرکردنی ئەو ئاژەڵانەی کە لەناوەراست و خوارووی عێراقەوە هاتوون، تا بتوانین ئایا لەو ناوچەیە چی بکەین؟

ئێستا دێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکە. ئەمە راستە بەسەر ئەو مەیدانەدا پێ شێلکاری هەیە، وابزانم هەموومانیش دەزانین لادان هەیە لەسەر ئەوە، وابزانم هەر وەزارەتێک بۆ ئیدارە دەنووسی بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەنووسی کە ئەو شتانە لابدرێت، بەراستی ئێمە ئەو دەسەڵاتەمان هەیەو نووسراومان کردووە، بۆ نموونە ئێستا نووسراوەک لای من هەیە ئەو نووسراوە لە پێش من بووە لە کاتی یوسف حنا کە کاتی خۆی وەکیل وەزیری کشتوکاڵ بووە، ئەم نووسراوەی ئاراستە کردووە لە ١٩٩٨/٨/٤ بۆ پارێزگای هەولێر ـ کارگێری کە باسی ئەو تێپەڕکارییە دەکات. بەراستی ئێمە بە بەردەوامی لەسەر ئەو مەسەلەیە ئیش دەکەین و، راستە مەیدانەکە تێپەڕکاری لەسەر کراوە هەنگاوەکانیشی ئەوەیە ئێمە نووسراو بۆ ئیدارە دەکەین و، ئیدارەش دەبێت ئیجرائاتی خۆی وەربگرێت. ئینجا نازانم ئەو وەڵامە بۆ جەنابت بەسە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، کاک جوهر فەرموو.

**بەڕێز جوهر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو سەرپێچییە بۆ سێ ساڵە تاکو ئێستا چارەسەر نەکراوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز حەمید ئاکرەیی/ وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

راستە ئەوە ماوەیەکی درێژە ئێمە جارێکی تر تەئکید دەکەینەوە کە ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکرێت. بەراستی من ئەو سێ ساڵە وەزیر نەبووم، ئەوە دوو سێ مانگە ئەم وەزارەتەم وەرگرتووە بەراستی من ئاگاداری ئەو بابەتەم جارێکی تر ئێمە لەگەڵ کارگێری دەست پێ دەکەینەوە کە جارێکی تر ئەو تێپەڕکارییە هەڵبگرن و جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، کاک فرەنسۆ وابزانم روونکردنەوەیەکی هەیە لەسەر ئەو بابەتە با قسە بکات.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی پرسیارەکەی کاک جەوهەر شاواز ئەوەی کە ئەو دەڵێت «خەڵکێک» دەزگایەک بەم کارە

هەڵدەستێ (سوپای دوو) کە بەشێکە لە وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بەم کارە هەڵدەستێ و، پارەکان بۆ کەسوکاری شەهیدان خەرج دەکات و، لە سەرەوەی سەرەوەی لێپسراوەکانی ئێمە ئاگادارن لێی و رەزامەندیان لەسەر کردووە، وەنبی بەتێپەڕکاری(تجاوز) بێت کە دەڵێت چەند کەسانێک تەجاوزیان کردووە ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری داوا دەکات من بەیانی دوو بەیانی لێپسراوی سوپا لێرە ئامادە دەکەم با رێک بکەون و لەسەری هەڵگرن، بەڵام ئەوەی ناچتە گیرفانی کەسێک یان دوو کەس کە ئەوان بەناوی (شخص) ناویان دەبەن سوپای دوو بە لیست شتەکان دەکات و شەخسی کاک مەسعودیش لێی ئاگادارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام وەکو تەعقیبێک لەسەر ئەو تەعقیبە وابزانم سوپای دوو هیچ سیفەتێکی یاسایی نییە بێت زەوی بە کرێ بدات بەو شێوەیەی کە باس کرا، ئەگەر مەسەلە خێزانی شەهیدەکانە ئێمە دەزگای شەهیدمان هەیە ئەو دەزگایە بەپێی یاسا دەتوانێت هەندێ مەسەلە بەرهەم بێنێ بۆیە تەسەور دەکەم بۆ سوپای دوو و هیچ کەسێک نییە بێت مەیدانێک بە ئارەزووی خۆی داگیر بکات سەیارەیەک چووە ژوورەوە سێ دیناری لێ وەربگرێ، هاووڵاتییەک بزنێک بباتە ژوورەوە ئەوەندە پارەی لێ وەربگرن، ئەگەر بفرۆشرێ و نەفرۆشرێ دەبێت بیدات. نازانم پشتیان بە چ یاسایەک و ماددەیەک بەستووە کە ئەو مافەیان بەخۆیان داوە ئەگەر وابێت سبەی هەر دەزگایەک یان هەر کەسێک بێ بە ئارەزووی خۆی مەیدانێک داگیر بکات و ئەو ئیشانە بکات بەرای ئێمە لەنگیەکە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بوار بەو کارانە بدات هیوادارین جەنابی وەزیرو جەنابت وەکو پارێزگاری هەولێر سەرەڕای ئەوەی ئەندامیت لە کابینە ئەم جۆرە مەسەلانە باشترە بخرێتەوە قالبی یاسا ئێمە رێزمان هەیە بۆ ئەم دامودەزگایانە چ لەشکری بێت چ ئیداری بێت چ ئەوەی تر بێت هەوڵ بدەن شتێکی زۆر باشە شتێکی پیرۆزە، بەڵام بخرێتە چوارچێوەی یاسایی خۆیەوە و، دەزگا بەرپرسەکانی کە یاسا بواری پێداون ئەوان بەو کارە هەستن نابێتە گلەیی و گازاندەی خەڵک لەوانەیە خەڵک وا تەسەور نەکات وەکو جەنابت ئێستاکە باست کردکە بۆ ئامانجێکی (نەبیل) ئەم ئیشە کراوە. کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە موبالەغە کراوە لە کارەکە، جارێ یەکەم شت ئەمە تەجاوز نییە ئەوە کە کراوە ئێمە لە لیژنەی ئەمنی چەند جار باسمان کردووە و قسەمان لەگەڵیان کردووە ئەم ئیشەی کە ئەوان پێی هەڵدەستن بە ڕەزامەندی بووە، لایەنێک رەزامەندی کردووە دوور بە دوور ئێمە ئاگامان لە حساباتیان نییە، بەڵام بەبێ ئاگاداری ئێمە نەچووینە ئەوێ ئەوەی کاک جەوهەر دەیڵێت پێم وایە زۆر موبالەغە دەکات بزن بچێتە ژوورێ و بێتە دەرێ نازانم چ دەکەن و چ دەکەن؟.. خەڵک موبالەغەی کردووە حەزدەکەن لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێک دەنێن و دەپرسین، بەڵام من پێموایە

پارەکە لە دەستێکی ئەمین دایە و دەگاتە شوێنێکی کە خەڵکێکی شایستە سوودی لێ دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا تەئکید دەکەم ئەوان ئامادەن کە هەر کاتێک وەزارەتی کشتوکاڵ داوای زەوییەکە بکات ئەوان تەسلیمی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ گرفتەکە ئەوە نییە کە ئەم پارەیە لە دەستی ئەمینە یان نا، پرسیارەکە دوو بڕگەیە بڕگەیەکی لایەنە یاساییەکەیەتی کێ مافی بە ئەوانە داوە ولەسەر چ بنەمایەک و لەسەر چ ماددەیەکی یاسایی و لەسەر چ قانونێک ئەوانە ئەو پارەیە لە خەڵک وەردەگرن؟، پرسیارەکە زیاتر لەوەیە من دڵنیام دەستەی ئاسایشی ئێمەو خەڵکی ئێمە ئاگادارن، ئەوان سەربەخۆ ئەم کارە ناکەن، بەڵام ئەو ئاگادارییە لەسەر چ بنچینەیەک دەکرێت؟ مەزندەکە لەوەیە ئەگەر ئێمە ئەو هۆیە(عیللە)یە هەڵگرین با ئەو شتە بە کەم کردنەوە (مناقصة) بێت ئەگەر لە زمنی شارەوانییە با شارەوانی موناقەسە بکات و بیدات بە خەڵک، ئەگەر بۆ بابەتێکی وایە دەزگایەکی دیاری کراو لەوانەیە گازاندەکە تەنها لەسەر ئەوەیە کە هیچ بەندێکی یاسایی نییە هیچ ماددەیەکی یاسایی نییە کە پشتی پێ بەسترا بێت خۆت ئاگاداری کە هیچ گومان لە(حرسی) کاربەدەستانی ئێمەدا نییە لە شاری هەولێر و جگە لە موتابعەکردنی منیش، لەگەڵ جەنابتم کە کاری وا موبالەغەی هەر تیایدا دەکرێت تۆ چەند بانی بدەیت، من دڵنیام هەر موبالەغەی تیادا دەکرێت چونکە وەکو گوتم بناغەکەی لەسەر ئەوە بینا کراوە کە پشت نابەستێ بە شتێکی یاساییەوە هیوادارین جەنابت و برادەران لە وەزارەت و حکومەت ئەو بابەتە دیراسەت بکەن، بەڵکو ئەو گلەیی و گازاندەیەش نەمێنێت، سوپاس.

دێینەوە سەر پرسیاری دووەم بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود با بفەرمووێ.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەسانێکی زۆر (بەناوی متفرغی زراعیەوە)زەوی زۆریان وەرگرتووە بۆ پرۆژەی کشتوکاڵ و بەپێی مەرجەکان (شروط) عەقدیان لەگەڵ کراوە بەشێکی زۆر لەمانە ئێستا هەرێمیان بەجێ هێشتووەو یان لەبەغدا یاخود لەدەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراقن وە زەویەکانیان یان فرۆشتوە وەیاخود داویانە بەکرێ، کە ئەمە پێچەوانەی مەرجەکانی گرێ بەندییەکانیانە.

١ ـ ئایا لەو روەوە هیچ اجراءات کراوە، بۆلێسەندنەوەی ئەو زەویانە و گەڕانەوەی بۆ حکومەتی هەرێم یان نا؟ وەئەگەر نەکراوە هۆی چییە؟، بۆ زانیاری ئەگەر سەیری عەقدەکانیان بکەیت لە بڕگە سێ دا هاتووە (لا يجوز استغلال الارض المؤجرة لغير الاغراض التي أستأجرت من أجله وعدم تأجيل أو إعطائها الى الغير بأية وسيلة كانت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس جەنابی وەزیر ئەم گرفتە تەنها لە خۆ تەرخانکەر (متفرغ)ی کشتوکاڵی نییە ئەمە لە زۆر

جێگا هەیە، بۆ بۆ نموونە ئەگەر هاتوو حکومەت خانوویەکی دا بەیەکێک بە عەقد خۆی لە دەرەوە فرۆشتوویەتی بەیەکێکی تر ئەمە ئێستا لە موتەفەرغی زراعیش هەیە بەراستی کە کابرایەک دەردەچێت ئێمە نازانین ئەم کابرایە دەگەڕێتەوە یان ناگەڕێتەوە؟ ئێمە هیچ سەرژمێرییەکمان نییە کە ئایا ئەم کابرایە دەگەڕێتەوە یان نا؟ دوایی خاڵێکی تریش هەیە دەمەوێ بۆ جەنابتانی باس بکەم بەراستی ئێمە هانی سەرمایەی (رأس مال)ی دەرەوە دەدەین کە لە کوردستان سوودی لێ وەربگیرێت، من لەو رایەدام ئەگەر ئێمە هەتا یاساکەش بگۆڕین بۆ نموونە کابرایەک لە سویدە، بەڵام کێڵگەیەکی هەیە لێرە تەمویلی دەکات و چەند کەسێک ئیشی تێدا دەکەن کێڵگەکە بە گوێرەی مواسەفاتی ئێمە بەڕێوە دەچێت بەڕای من ئەوە سوودە بۆ کوردستان ئەمە زیانی تێدا نییە، چونکە ئەو موتەفەریغ زراعییانە کە ئێمە شتمان پێداون پێشان حکومەت پاڵپشتیانی دەکرد ئەوان بەپێی ئەو پاڵپشتییە ئیشیان دەکرد، بەڵام «ئێستا ئێمە توانامان نییە پاڵپشتیان بکەین بۆ نموونە ترومپایان پێ بدەین و بیریان بۆ لێدەین و هەتا لێکۆڵینەوەی کشتوکاڵیان بۆ بکەین، دوایی خەڵکەکەش خۆی باری باشترە، لەوانەیە ئێستا زۆر موتەفەریغی کشتوکاڵیمان هەیە ناتوانن سوود لە زەوییەکان وەربگرن، چونکە لەلایەن حکومەتەوە یارمەتی نادرێن، ئێمە بەدوای ئەو بابەتەدا چووین ئەوانەی کە چوونەتە دەرەوە، بەڵام ئەوانە بەبەردەوامی دێنەوە، هەیە دەچێتە دەرەوە دوو مانگ لە تورکیا دەبێت دوایی دێتەوە، یان ماوەیەک لە ئەڵمانیا دەبێت دوایی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئێمە هیچ فەرمانگەیەکمان نییە بڵێین ئیتر ئەم کابرایە لە دەرەوەی کوردستان دەژێت بەراستی ئەو مەسەلەیە زەحمەتە بۆ ئێمە بیزانین، یان سێ مانگ چووتە بەغدا دوایی دێتەوە ئەوە نییە بڵێین ئەو کەسەیە یەکجاری ڕۆیشتووەو وازی لەکارەکەی هێناوە لەسەر ئەوەش ئێمە تەئکیدمان کردووە ئەوانەی کە لەدەرەوەن بەرای من سەیری زەوییەکە بکەین باشترە ئەگەر سوودی لێ وەرگیرابێ با ئێمە لەسەری بەردەوام بین، ئەگەریش سوودی لێ وەرنەگیرابێ بێگومان زەوییەکەی لێ بستێنینەوە و بیدەین بەیەکێکی تر، ئێمەش هەندێ ئیجرائاتمان کردووە دەربارەی ئەو مەسەلەیە بەڵام هێشتا من دەڵێم با سوود لەوانە وەربگرین کە لە دەرەوەن و دەتوانن سوود لەو زەوییە وەربگرن و یارمەتی بەرهەم هێنانەکە دەدەن لەبەر بارودۆخی تایبەتی ئێمە، ئەو یاسایەی ئەو کاتە حکومەتی عێراقی بە هەموو توانای خۆی یارمەتییانی دەدا کشتیارەکان هاتوون بۆ لای من باسیان کردووە کە چ پاڵپشتییەک هەبووە کاتی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستەکەی من ئەو موتەفەریغە کشتوکاڵیانە کۆمەڵێک کەسن لەوانەیە (عناصری) باشیان تێدا بێت، بەڵام زۆرترینیان لەو رەگەزانەن کە کاتی خۆی رژێم ویستوویەتی یارمەتیان بدات

وزەوی پێداون. ئەمانە نیمچە راکردنێک رایان کردووە و هەرێمیان بەجێهێشتووە یان هەیە چۆتە بەغداد دانیشتووە یان چۆتە دەرەوەو ناوێرێت بێتەوە، ئەمانە بەپێی ئەو عەقدانەی کە لەگەڵیاندا کراوە وەکو برگە (٣) باسم کرد ناتوانن نە بیدەن بە کرێ و نە بشیفرۆشن، ئێستا لە (٩٠٪)یان بە کرێ داوییانە، یاخود فرۆشتوویانە بەچەند کەسانێک لەلاوە، لە پاشان ئەگەر بێینە سەر برگەکانی تر لە برگە (٦) دا دەڵێت: (اخبار فرع الزراعة في حالة عدم تمكنه من الاستمرار في العمل). کە چووە دەرەوەو نەیتوانی ئیش بکات دەبێت ئەو زەوییە بداتەوە بە وەزارەتی کشتوکاڵ هەروەها لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەیری برگە (٣)ی عەقدەکانیان بکەیت دەڵێ: (يعتبر العقد مجددا تلقائيا سنويا في حالة بقاء المستأجر متمسكا بإلتزاماته القانونية) واتا دەبێت پابەند بێت بە عەقدەکەیەوە، لەبەر ئەوە ئەو کەسانە بەرای من پێویستە ئەو زەوییانەیان لێ بسەنرێتەوە و بدرێ بە کەسانی تر و یاخود حکومەتی هەرێم دەتوانێ خۆی سوودی لێ وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئەمین، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز حەمید ئاکرەیی/ وەزیری گواستنەوەوگەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەتوانین لە رێگای ئیدارەوە داوا بکەین ئەو ناوانە کە ئێستا وەکو جەنابت فەرمووت کاتی خۆی لەگەڵ رژێم ئیشیان کردووە یان لەگەڵ حزبی بەعس بوونە، یاخود رگەزی خراپ بووینە دەتوانین ئیجرائاتی تایبەتی لەگەڵ ئەوانە بکەین ئێستا سەبارەت بە (گردە رەشە) کە ئەویش ناوچەیەکە کاتی خۆی فرۆشراوە بە کەسانێک، نیوەی لای ئێمە دەستی بەسەرداگیراوە و ئێمە بە کرێی دەدەین بۆ دەزگای شەهید واتا دەتوانین ئەوە بکەینە نموونە بۆ ئەوانەی کە لە بەغدان، بەڵام ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێمن زۆر زەحمەتە تۆ لیستت هەبێت بۆ ئەوانەی کە لە دەرەوەن دەبێ ئەوە نووسراو بکەین بۆ وەزارەتی مرۆڤایەتی چونکە دەبێت ئەوانە لیستیان هەبێت، لەوانەیە ئێمە لێرەدا عەقدەکە هەڵبوەشێنینەوە بەڵام ئەو کەسە دوا رۆژ بگەرێتەوە ئێمە ناتوانین ئەوە بکەین چونکی زۆر کەس هەن لە دەرەوەن بەڵام دوایی دەگەرێنەوە، بەڵام بۆ ئەوانەی کە لە بەغدان من لەگەڵتام و ئێستاش لەگەڵ رژێمن دەتوانین ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکەین و زەوییەکانیان دەست بەسەر دابگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، زیاتر پرسیارەکە دەربارەی ئەوانەیە کە هەمیشە لێرەنین و عەقدیان هەیە، بەڵام خۆیان لێرە نین وابزانم ئەوانەی عەقدی کشتوکاڵیان هەیە ژمارەیەکی زۆر نین لەوانەیە مرۆڤ یەکە بەیەکەیان بناسێت، ئەو لیستانە من وا دەزانم کە ناوەکان دیاریکراون (محدودن) جەنابی وەزیر راست دەکات دەبێت تەماشا بکەین کە ئەوە چۆن (استثمار) دەکرێت لەرووی ئابووریەوە لە کوردستان ئەگەر بە شێوەیەکی باش (استثمار) دەکرێت دەبێت ئێمە هانی

بدەین، بەلاّم بە مەرجێک (إخلال) نەکات بەو گرێ بەستەی کە هەیە ئەو گرێ بەستە ئەگەر هاتوو پێویستی بە هەموار کردن بوو وەکو ئەوەی کە جەنابی وەزیر مەبەستیەتی و شتێکی نەبیلە بەرای من داوا بکرێت عەقدەکە دەستکارییەکی وای لێ بکرێت کە بوار بدات بە (مستثمرین)ی دەرەوە بێن لێرە (استثماراتی) خۆیان لە زەوییەکانی ئێمەدا بکەن ئەمە شتێکی باشە، بەلاّم ئەوەی کە جەنابی کاک محەمەد ئەمین مەولود باسی کرد عەقدێکە ئەو خەڵکەی کە ئیمزای کردووە پابەندە بەو خالاّنەی کە هەیە ئەگەر بکرێت دووبارە چاو بخشێنرێتەوە هەم بەناوەکان و هەم لە ناوەڕۆکی عەقدەکان بەشێوەیەکی وا ئەو عەقدە بکرێت کە ئەو کەموکورییەی ئێستاکە بۆتە نیگەرانی چارەسەر بکرێت ئەویش دەمێنێت بۆ وەزارەت و بۆ لایەنی پەیوەندیدار.

کاک نیهاد نورەدین پرسیارێکی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز نیهاد نورەدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێکی زۆر لە جوتیاران (لە اصلاحی زراعی بەپێی عقدێک کە لەگەڵیان کراوە زەویان بەسەردا دابەش کراوە) لەو گوندانەدا کە ئێستا لە ژێر دەسەلاّتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقدایە، پرسیارەکە ئەوەیە:

ئایا هیچ اجراءات کراوە بۆ گەڕانەوەی ئەو جوتیارانە بۆ سەر زەویەکانیان لەو گوندانەدا کە ئاوەدان کراونەتەوە ولە ژێر دەسەلاّتی خۆماندایە؟ ویاخود هیچ پلانێک هەیە بۆ هاندانیان بۆ گەڕانەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز حەمید ئاکرەیی/ وەزیری گواستنەوەوگەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە گەڕانەوەی جوتیاران بۆ سەر گوندەکانی خۆیان، لە راستیدا ئەوە پرۆژەیەکە کە نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی لە زمنی بڕیاری (٩٨٦) هانی دەدات کە ئەوانە بگەڕێنەوەو بچنەوە سەر جێگای خۆیان، بەلاّم گرفتێکی زۆر هەیە کە خەڵکەکە ناگەڕێنەوە، وابزانم ئەو گرفتانە لای هەموو کەسێک زانراوە کە هەندێک خزمەتگوزارییەکان لەوێدا کەمن یان ئێستا گرفتی وشکەساتی (جفاف) بۆمان پەیدا دەبێت کە زۆر کانی و ئاو وشک بووە، بەلاّم ئەوەی کە من ئاگادارم ئەوەی سەبارەت بە وەزارەتی کشتوکاڵ، ئێمە لەگەڵ رێکخراوی فاو کۆمەڵێک ئیشمان کردووە، چ لەسەر حسابی ئەوان چ لەسەر حسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە تۆویان بۆ دابین کردوون، پەینی کیمیاویان پێداون، بۆ نەهێشتنی نەخۆشیەکانی کشتوکاڵی یارمەتیان دراوە، ئەمە زۆربەی زۆری لە زمنی بەرنامەی رێکخراوی (فاو) و بڕیاری (٩٨٦) دا کراوە پێشی بڕیاری (٩٨٦) رێکخراوی فاو بەرنامەی خۆی هەبووە و پارەی داناوە بۆ ئەو شتانە.

دوایی ئیمە کەرستەی یەدەگمان دابین کردووە بۆ دەراسەو تراکتۆرەکان ئێستاش لە کۆگاکانی فاو ژمارەیەکی زۆری ئەو کەرەستانە هەیە، بۆ نموونە گازوایلیان بۆ دابین کراوە کە بە نرخی حکومەتی پێیان دراوە یان لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی و ئەوانە، بەراستی ئێمە بەردەوام هانی خەڵکیمان داوە کە بگەڕێنەوە سەر شوێنی خۆیان، بەڵام ئەم مەسەلەیە زۆر بەیەکەوە بەستراوە کە ئەو خەڵکەی لەو دێهاتانە هاتوون تا بچنەوە سەر جێگای خۆیان دەبێ هەموو خزمەتگوزارییەکان تەواو بێت نەک بەتەنیا وەزارەتی کشتوکاڵ لەوان بەرپرسە، بەڵکو دەبێ ئەو دێهاتانە ڕێیان بۆ بچێت، دەبێت دەزگای تەندروستیان هەبێت شتی وایان هەبێت کە ئەوان بتوانن لەوێ بژین و لەوێ بمێننەوە، ئەوەی کە لەسەر ئێمەیە لە وەزارەتی کشتوکاڵ ئێمە کەمتەرخەمیمان نەکردووەو ڕێکخراوی فاوی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەرنامەیدا زۆر زۆر بایەخ دەدات بەوەی کە ئەو خەڵکانە بگەڕێنەوە سەر شوێنی خۆیان و هانی ئەوانیش دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی جەنابی وەزیر پرسیارەکە بەدیاری کراوی ئەوەیە کاتی خۆی ئەو جووتیارانە عەقدیان کردووە لەگەڵ وەزارتدا بەپێی یاسای چاککردنی کشتوکاڵ کە زەوییان بەسەر دابەش کراوە بەبێ ئەوەی بیچێنن. پرسیارەکە ئەوەیە ئەو ناوچانەی کە کاتی خۆی ئەو جوتیارانە عەقدیان لەگەڵدا کراوە و ئێستا لەژێر دەسەڵاتی ئێمەدایە، چی کراوە تاکو ئێستا بۆئەوەی ئەو جووتیارانە بڕۆن زەوییەکانی خۆیان بچێنن و کشتوکاڵی خۆیان بکەن؟، بۆ ناڕۆنەوە ئەوانەی تا ئێستاکە ماونەتەوە بۆ ناچنەوە سەر زەوییەکانی خۆیان وبچێنن؟، یان چ ئیجرائێک هەیە بکرێت بۆئەوەی ئەو خەڵکە بگەڕێتەوە سەر زەوی و زاری خۆی؟ زیاتر مەبەست لە پرسیارەکە ئەوەیە حکومەتی هەرێم چ پلانێکی لەبەردەستدایە بۆ ئەم بابەتە؟. جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز حەمید ئاکرەیی/ وەزیری گواستنەوەوگەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو باسم کرد ئەم بابەتە زۆر پەیوەندیی بە پرۆگرامی (فاو)ەوە هەیە لە بڕیاری (٩٨٦) ئەمە زۆر گرنگە چونکە ئێستا سەبارەت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان خەرجیەکانی کشتوکاڵی کەم کردۆتەوە چونکە بڕیاری (٩٨٦) تەغطیەی ئەمە دەکات، ئەگەر ئەوان تەغطیەی بکەن پێویست ناکات ئێمە خەرجی بکەین، ئەو بەرنامەی کە دامانناوە لەگەڵ ڕێکخراوی (فاو) ئەوە بوو کە باسم کرد، بۆ نموونە تۆو پەینی کیمیاوی و کەرستەکانی تر هەموویان بۆ دابین دەکەین، بەڵام مەرج نییە ئەوان بگەڕێنەوە سەر جێگای خۆیان، مەرجەکە ئەوەیە کە زەوییەکە بەرهەم بهێنرێت، جەنابت جەخت لەسەر ئەوە دەکەیت کە دەبێت خۆیان بگەڕێنەوە، چونکە بۆ نموونە ئەگەر مرۆڤەکە لە هەولێر دانیشێ و زەوی خۆی بە ڕێکوپێکی بەکاردێنێ ئەمە دژی بڕیارەکەیە یان دەبێت بچێت لە دێیەکە دابنیشێت تۆ مەبەستت چییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مەبەستی برادەران ئەوەیە کە کاتی خۆی یەکێ لە بەرنامەکانی حکومەتی ئێمە ئەوە بوو گەڕانەوە لەشارەوە بۆ دێ و ئاوەدان کردنەوەی دێیەکانمان و خەڵکەکە بچێتەوە سەر زەوی و ماڵی خۆیان کەسابەت و کشتوکاڵی خۆیان بکەن.

**بەڕێز حەمید ئاکرەیی/وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کێشەی گەڕانەوەی ئەوان بۆ دێهاتەکانی خۆیان ئەمە وەکو گوتم بەستراوە بە هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەو جێگایەدا دەکرێت و ئیستاش ئەگەر جەنابت دەفەرموی کە خزمەتگوزاری هەیەو ئەوان بۆ ناگەڕێنەوە؟ ئەوە نازانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، پرسیارەکە وا دەڵێ من وا ناڵێم و ئەگەر کاک فرەنسۆ تەعقیبی هەیە، با بفەرمووێ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کاک نیهاد گوتی ڕاستە هەندی دێهات هەیە هەموو شتێکیان بۆ دابین کراوەو کەچی ناگەڕێنەوەو تەنانەت خانووشیان بۆ دروست کراوە، کەسانی وا هەیە خانووەکە تیک دەدات و ئەو خانووەی لەڕێگای حکومەت و ڕێکخراوەکان بۆی دروست کراوە تێکی دەدات و، شتەکانی دەهێنێتە هەولێر، لەبەر ئەوە باشترین شت کە هانی جوتیاران بدات بگەڕێنەوە سەر ڕێگاو شوێنی خۆیان ئەوە دەبی وەزارەتی کشتوکاڵ وئاودێری بانگی ئەو جوتیارانە بکات و ئەوەی عقدی لەگەڵ کردووە پێی بڵێت دەبی بچیتەوە سەر گوندی خۆت و ئەگەر نەچیتەوە ئەوا جوتیارێکی تر کە ئامادە بێت و هی هەمان گوند بێت یان هی هەمان ناوچەبێ بانگ بکرێت و عقدەکە بەناوی ئەو بکرێت و ئەوەی تر لەغو بکرێتەوەو بدرێت بەوەی تریان و ئەوە باشترین ڕێگایە بۆ هاندانی جوتیاران بۆ گەڕانەوە بۆ سەر جێگاو شوێنی خۆیان و، هیچ ڕێگای تر نییە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک فرەنسۆ، پرسیارەکان لێرە بە حەقیقەت تەواو بوون و، ئەوەی بە نووسین بۆمان ناردوون سوپاسی وەڵامدانەوەکانی دەکەین و ئەو موداخەلاتانە ئەگەر جەنابی وەزیر لاری نەبێت ئەوا دوو سێ برادەر دەسنیشان دەکەین لەوانەیە هەندێ پرسیاری تریان هەبێت و جەنابی وەزیر ئازادە لە وەڵامدانەوەی یان وەڵام نەدانەوەی و ئەگەر ئامادە نەبیت ئەوا دەتوانێت وەڵامەکەی دووا بخات بۆ دانیشتنێکی تر، لەوانەیە دوو پرسیارمان هەبێ کە پەیوەندیان بە تەلەفۆنکاری و بە وەزارەتی گواستنەوەوە هەیە ئەگەر لاری نەبێت ئەوا ئێمە دوو سێ برادەر دەسنیشان دەکەین، کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کێشەیەک هەیە و حەزم نەدەکرد لێرە باسی بکەم ئەویش گرفتێکە لە نێوان وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن و وەزارەتی شارەوانی لەسەر بابەتی گەراجەکان یان بەکرێ دانیان، حەز دەکەم نەچینە ناو ئەو بابەتەوە و گرنگ ئەوەیە لێرە دوو نووسینگەی ئەهلی هەن نووسینگەی کوردستان و نووسینگەی هۆزان کە سەر بە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنن و ئەم دوو نووسینگە زۆر سەربەخۆن و کە دەڵێم سەربەخۆن واتە گوێڕایەڵی وصولاتی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن نین، بە ئارەزووی خۆیان شوفیر دادەنێن و لەوانەیە وەزارەت ئاگاداریش نەبێت و لەبری ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لەگەراجەکانی تر دەردەچن کە (هیئە النقل) لەوێ سەرۆکایەتییان دەکات، هەر ئۆتۆمبیلێک لەوان (٢٠) دینار دەدەن بە مۆجرەکە و ئەوان لێرە ٥٠ دینار دەدەن واتە دوو بەرابەر و نیو، لێرە بەڕاستی سەربەخۆییەکەیان زۆر لە ڕادە بەدەرە و ئەوانیش کارێک دەکەن کە شوفێرەکانمان لەناو شاری هەولێر یان دهۆک و ئەوانەی لەو هێڵە کار دەکەن ئەتوانین بڵێین گرفت کەوتۆتە نێوانیان و مافی خۆیشیانە چونکە لەوێ (٥٠) دینار وەردەگرن کەچی لێرە (٢٠) دینار وەردەگرن و لەوێ وصلات هەیەو لێرە وصولات نییە و لێرە ڕێک و پێکی هەیە لەوێ نییە و لەڕستیدا لەلایەنی ئەمنیش ئەوە زۆر نادروستە چونکە هەر شوفێرێک کە لە هیڵی دهۆک و هەولێر کار دەکات ئەبێ مۆڵەتی لێخوڕینی هەبێت ئەبێ ناسنامەی باری کەسیی هەبێت ئەبێ ژمارەو ڕۆژی سەفەرەکەشی وەزارەت یان (هیئە النقل) لێی ئاگادار بێت، جا من بەڕاستی ئەگەر مۆڵەت بدەن پێشنیار دەکەم ئەم دوو نووسینگەیە هەڵبگیرێت کە لەناو بازاڕ دایەو زۆر جار قەڵەباڵغی دەخەنە سەر شەقامەکانیش ئەگەر وەزارەت بەباشی دەزانێت کە ئەمانە هەبن با بەتەواوەتی کۆنترۆڵی بکات و شوێنێکیان بۆ تەرخان بکات و هەر بە کرێش بیان داتێ و وصولاتیشیان بۆ بکەن و ئەو شوفێرانەی کە لێیان ناترسن ئەوان دابنێن، ئێستا ئەمانە ڕێژەیەکی کەم لەوانە لە ٥٪ لەو پەنجا دینارەی کە وەری دەگرن و من وا بڕوام هەیە ئەو(٥٪)ەش دەبێت بە ٥ر٠٪ چونکە زانراو نییە چەند ئۆتۆمبیل دەردەچێت و وەزارەتیش ئاگاداری نییە و ئەگەر وەزارەت چارەسەرێکی ئەمە بکات زۆر چاکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز حەمید ئاکرەیی/وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گرفتی گواستنەوە بیگومان لەنێوان وەزارەتی شارەوانی و گواستنەوەدا لە ڕۆژی یەکەمەوە کە من هاتمە وەزارەتی گواستنەوە ئەم کێشەیە هەیەو تا ئەمڕۆش بەردەوامە، بەڕاستی ئەمە دوو سیستمی جیاوازن کە بەیەکەوە سیستمێک بازاڕی سەربەخۆیە کە نووسینگەکان بەخۆیان بە ئابووری سەربەست دەتوانن منافسە بکەن و نرخ کەم بکەنەوە ئەمە سیستمی نووسینگەکانەو ئەو

نووسینگانەش دەبێ مەرجی خۆیان هەبێت و ئەوەی دەیەوێت کە نووسینگەیەک بکاتەوە دەبێ چەند مەرجێکی هەبێت لەوانە دەبێ گەراجێکی هەبیت و کۆمەڵێک ئۆتۆمبیلی هەبێت و شوێنی دانیشتنی هەبێت بۆ ئەوانەی کە سەفەر دەکەن، جا نووسینگەکانی گواستنەوەی هاووڵاتیان هەیەو نووسینگەی گواستنەوەی (بضائع) هەیەو نووسینگەی گواستنەوەی سووتەمەنی هەیەو ئێستا وا سەبارەت بە ئاو لەوانەیە نووسینگەی تایبەت بکرێتەوە بۆ گواستنەوەی ئاو، ئەو نووسینگانەش ڕێنمایی خۆی هەیەو ئەبێ ئەو کەسە پێش ئەوەی نووسینگە بکاتەوە ئەوا دەبێ بزانێت چی هەبێت، ئەوە سیستەمی نووسینگەکانی بازاڕی سەربەستە بۆ نموونە ئەگەر دوو سێ نووسینگە هەبێت ئەوا وەکو هەموو دنیا منافسەی یەکتری دەکەن و ئەوەی تر کە جەنابت باسی دەکەی ئەمە سیستەمی کۆنە هێشا ماوەتەوە کە دەڵێی (هیئە النقل) گەراجێکی یەکگرتوو هەیەو هەموو شوفێرەکان لەوێ دەردەچن هێشتا ئێمە چەند جار ئەمەمان خستۆتەبەردەم ئەنجوومەنی وەزیران و هەتا ئێستاش لەوانەیە پێنج شەش لیژنە دروست بووەو ئەمە هەر گرفتی ئێرە نییە بەڵکو بیر بکەوە لە زاخۆ دەزانن ئەمە چ داهات و چ حساباتێکی تیادایەو ئەمە سیستەمی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنە ئەو سیستەمەیە کە لە پەرلەمان دەرچووە کە ئێمە بەرپرسین لە گواستنەوەو، واتە وەزارەتی گواستنەوە بەرپرسە لە گواستنەوە، وەزارەتی شارەوانی بەرپرس نییە، سیاسەتی ئێمە سیاسەتی منافەسەیەو بازاڕی ئازاد و نووسینگەکان بابێن بۆخۆیان نووسینگە دابنێن و بەگوێرەی مەرجی وەزارەت کار بکەن و ئێمە ڕەسمی خۆمان هەیەو ئێستا لەبیرم نەماوە ئێمە لەسەر نووسینگەکان دایدەنێین و ئەوانە دێن ساڵانە لەلای ئێمە مۆڵەتەکانیان نوێ دەکەنەوەو مفتشینی ئێمە دەچن سەیری نووسینگەکان دەکەن ئاخۆ بەگوێرەی مەرجی ئیمەیە یان نا؟ بەڵام لە هەمان کاتدا ئێمە دەست لە کاری ئەوان وەرنادەین کە ئایا ئەوان شوفێرێک دەردەکەن یان نا، چونکە ئەوە خاوەن مۆڵەت بڕیاری ئەمە دەدات و ئێمە تەدەخولی ناکەین چ شوفێرێک دادەنێت یان نا، ئێمە تەنها سەیری ئۆتۆمبیلەکەیان دەکەین ئاخۆ بەگوێرەی مەرجی ئیمەیە یان نا؟ گەراجەکەی تەواوە یان نا؟ جێگای دانیشتن هەیە بۆ ئەوانەی کە سەفەر دەکەن یان نا؟ بەڵام ئەو بچێت ئەحمەد یان ساڵح یان فلان کەس بێنێت ئەوە کاری من نییە ئەوە کاری خاوەن گەراجە، ئێستا گرفتێکی ترمان هەیە لە گەراجی لۆرییەکان هەمان گرفتمان هەیەو ئێمە وەکو وەزارەتی گواستنەوە بەرپرسین لە گواستنەوە بەپێی یاسا لەناو سنووری کوردستاندا، ئەمەش دیاری کراوەو ئەوەی کە شارەوانی دەیکات ئەوە تێپەڕکاری و دەست تێوەردانە لە کاری ئیمەو ئەوەی ئێستا کردوومانە دوا ڕاپۆرت ئێستا لە دهۆک وەزارەتی دارایی لەگەڵ پارێزگا دانیشتوون و بڕیاریان داوە هەر شتێک بێ هی وەزارەتی گواستنەوە بێت ئەوا تەسلیمی وەزارەتی گواستنەوەی دەکەین، چونکە گەیشتینە قۆناخێک کە ناتوانین چی تر بکەین و (هیئە النقل) پەیوەندیی بەوە نییەو ڕاستە لەناو شار ئەوە پەیوەندیی بە (هیئە النقل) و وەزارەتی شارەوانییەوە هەیە بەڵام لە نێوان پارێزگاکان و شارەکاندا بەگوێرەی یاسا ئەوە کاری وەزارەتی گواستنەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز شێخ یەحیا بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من باسی ئەوەم کرد کە حەز ناکەم لێرەدا باسی ئەو گرفتە بکەم و لەڕاستیدا ئەوە ساڵێک پێش ئێستاو بەڵکو زیاتریش، ئەنجوومەنی وەزیران لەو کێشەیەی کۆڵیوەتەوەو بڕیاریشی دەرکردووە بەڵام بڕیارەکە جێبەجێ نەکراوەو من سوپاسی بەڕێزیان دەکەم و ئەوە کێشەیەکە پەنا بەیەزدانی مەزن چارەسەر دەکرێت بەڵام ئێستا ئەم دوو نووسینگەیەی کە جەنابت دەفەرموویت هەردووکیان سەر بە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنن ئێمە حەقمان نییە بەسەر شوفێرەکانەوە خاوەن نووسینگە بە ئارەزووی خۆی شوفێر دادەنێت بەڵام پارەی لێ وەردەگرێت و پارەکەیش ناگەڕێتەوە بۆ وەزارەت و ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریش کە دەفەرموویت مونافەسە هەیە ئەوە شتێکی چاکە کە دوو سێ نووسینگە هەبێت و مونافەسەی یەکتر بکەن بەڵام ئەگەر لە حاڵەتێکدا نووسینگەکان نرخ دابەزێنن، ئەی ئەگەر نرخیان زیاد کرد؟ جا ئەگەر مەرج بۆ شوفیر و مەرج بۆ ئۆتۆمبیلەکان دابنرێت و نووسینگەکان کە دووکانێکیان گرتووەو کردویانە بە نووسینگە ئەوە نییە گۆڕەپانێکی گەورە بێت و مواصفاتی هەبێت، نەخێر بەڵکو دوکانێکی بچووکەو چەند ئۆتۆمبیلێکیان هێناوەو بە هەوەسی خۆیان لەو شەقامە پارە وەردەگرن و سەفەر بە خەڵک دەکەن، بەهیچ جۆرێک مەرجی نووسینگەی سەفەریان تێدا نییە، بەڕێزتان و وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنیش بەرپرسن لەمەو کۆمەڵێک شوفێری زۆریش نارەزاییان دەربڕیوە لەمە، ئێستا ئەوانە دەتوانن لە هەولێر کێشەی گواستنەوە بۆ دهۆک بخولقێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن چی دەڵێت؟

**بەڕێز شێخ یەحیا بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لە خاڵی پێنجەم دا وابزانم بوار دەدات کە وەزارەت ئاسانکاری بکەن بۆ گواستنەوە، بەڵام نەک ئاسانکارییەکە ئەوە بێت کەشەقامێکی پێ بگرن یان مواصفاتیان نەبێت یان ئەمری وەزارەت جێبەجێ نەکەن چونکە تا ئێستا وەصڵێکی وەزارەت نەچووە بۆ ئەو نووسینگەی گواستنەوەو ئەمە ناکرێ نووسینگەی سەفەر هەبێت و وەصلی لە وەزارەتەوە بۆ نەچێت، ناکرێ شوفێرەکان و (هیئە النقل) و هەتا ئەمن و ئاسایشیش دەڵێم، نابێ ئاسایش ئەو شوفیرانە نەناسێ کە خەڵک لێرەوە دەگوازنەوە بۆ دهۆک، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، بەهەر حاڵ ئێمە لێرەدا دوو بابەتمان هەیە یەک، یاسای وەزارەتمان هەیەو دووەم، ئەو

یاساو بڕیارانەی کە لە حکومەتی ناوەندی دەرچوونە هەتا ئێستا ئیلغا نەکراونەتەوە هاودژ نینیە لەگەڵ یاساکانی ئێمەدا بەتەئکید وەزارەتی گواستنەوە دەبێ ڕەچاوی ئەم بابەتانە بکا وە ئەو پرسیارەش کە لەلایەن کاک (شێخ )ـەوەکرا جەنابی وەزیر ڕوونی کردەوە کە بەڵێ گرفتێک هەیە لەنێوان ئەوان و وەزارەتێکی تردا، وا خەریکن چارەسەری دەکەن هیوادارین ئەو بابەتە زوو چارەسەر بکرێت و ئەو نیگەرانییەی کە وەکو نیمچە ئاژاوەیەک لە مەسەلەی گواستنەوەی ئێمەدا هەیە ببێتە مایەی ئەوەی کە بن بڕ بێت، کاک ئەحمەد عومەر با بفەرمووێت.

**بەڕێز ئەحمەد عومەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم لەسەر کشتوکاڵە و لەبەر ئەوەی ئەو ساڵ باران نەبوو کشتوکاڵ زۆر خراپە و من پێشنیارێکم هەیە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ ئەگەر بکرێت ئەمساڵ جوتیاران لە کرێی زەوی ساڵانە ببەخشرێن ئەوە زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا من لەجیاتی جەنابی وەزیر وەڵام دەدەمەوە، وەڵامدانەوەی ئەمە زۆر زەحمەتە و با بەنووسین بینێرین بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران چونکە دەبێ ئەمە وەزارەتی تر تێیدا بەشدار بن، سوپاس بۆ کاک ئەحمەد، کاک دکتۆر ڕزگار پرسیارێکی کۆنی هەبوو لەوانەیە ئەو بەکورتی ئاماژەی پێ بکات، فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی وەکو جەنابت فەرمووت ئەوە بابەتێکی کۆنە هەرچەندە کۆنەو تا ئێستاش چارەسەری نەکراوە بۆیە هیوادارین هاتنی جەنابی وەزیر هاندەرێک بێت بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتە و ئەویش پێش ڕاپەڕین چەند جوتیارێک سلفەی کشتوکاڵییان وەرگرت و بەگوێرەی یاسای سلفەی کشتوکاڵی ئەو کاتە ئەگەر لە دەهەزار کەمتر بێت ئەوا لە پارێزگا وەری دەگرن و ئەگەر لەمە زیاتر بوو ئەوا لە مەڵبەندی پایتەخت وەری دەگرن بۆیە ئەوەی وەریان گرتووە بێگومان ئەوە لە ١٩٩٠ تا ١٩٩٩ کەوتۆتە سەر یەک و سوودی هاتۆتە سەرو بوتە مەبلەغێکی گەورە، حکومەتی ئێمە داوا دەکات کە ئەو بڕە پارانە بدرێنەوە چونکە ڕەهینە هەیە، پرسیار ئەوەیە ئایا لەتوانادا هەیە وەزارەت چارەسەرێک بکات یان بوار بداتە ئەوانە؟ بێگومان ئەوە من باوەڕ ناکەم دەبێ بچێت بۆ حکومەتی ناوەندی و بە دیناری ئستینساخ بیدات چونکە ڕازییە، یان حکومەتی ئێمە هەوڵێک بدات داشکانێک بکات و ڕێژەیەکی لێ بێنێتە خوارەوە تاوەکو بتوانن بیدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، جەنابی وەزیر ئەگەر ئامادەی دەتوانین وەڵام بدەیتەوەو ئەگەر نا دەتوانیت دوای بخەی بۆ دانیشتنێکی تر، فەرموو.

**بەڕێز حەمید ئاکرەیی/وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەبارەت بەمە زانیاریم هەیە بەڵام ئەگەر ئەمە بە شێوەی پرسیاری نووسراو بێت باشترە چونکە ئێمە دەبێ لەگەڵ وەزارەتی دارایی دابنیشین و لەگەڵ ئەوان ئەو گرفتە چارەسەر بکەین چونکە ئەگەر بابەتەکە بووە پارە ئەوا دەبێ لەگەڵ وەزارەتی دارایی چارەسەری بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ڕزگار ئەمە بەنووسین بۆمانی بنێرەو ئێمە بۆیان ڕەوانە دەکەین، وابزانم ئەگەر پرسیاری تر هەیە پەیوەندی بە تەلەفۆنکارییەوە هەیە بفەرموون چونکە باسی کشتوکاڵ تەواو کاک شێخ عەفان فەرموو، ئەمە دوا پرسیارە.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری گواستنەوەو گەیاندن دەکەین و بەڕاستی وەزارەتی گواستنەوە دەورێکی باشی هەبووەو زۆر شتی کردووەو دیارە کە پەیوەندی لە نێوان پارێزگاکان دروست کردووە، بەڵام بابەتی ئەم دوو ڕەقەمەی تەلەفۆنات کە چوار ڕەقەمی و پێنج ڕەقەمی بەڕاستی زۆر گرفتی دروست کردووە ئەگەر تۆ ئەو بەدالەت دەست نەکەوێت ئەوا پەکت دەکەوێت و کارەکەت بۆ ناکرێ، جا ئایا شتێکی وا هەیە کە لە داهاتوودا چارەسەر بکرێت؟، ئەمە پرسیاری یەکەم بوو، پرسیاری دووەم سەبارەت بە تەلەفۆنکاری کرێیەکەی زۆرەو نازانم بەرزەفتییەکانی (ضوابطی) چییە، کابرایەک تەلەفۆنی هیچ نەکردووە و لەگەڵ دهۆک تەلەفۆنی نەکردووە و دوای دوو مانگ لیستێکی بۆ دێت لە سنووری (٥٠٠) دینارە و کە موراجەعەت دەکەیتەوە دەبینی لەپڕ کەم دەبێتەوە دەبێت بە (٢٠٠) و جاری وا هەیە دەبێ بە (١٥٠) و دیسان زۆر دەبێتەوەو دەبێت بە (٥٠٠) نازانم ئەوە لەسەر چ بنەمایەکە؟، جگە لەوە کە تەلەفۆنێک قەردار دەبێت بەبێ ئەوەی ئاگاداری خاوەنەکەی بکەنەوە یان فەرمانگەی ڕەسمی و نارەسمی دەبینی تەلەفۆنەکە بڕاوە کە دەڵێی ئەمە چییەتی وەڵامت دەداتەوە دەڵێ قەرزاری، باشە با بەتەلەفۆن تەلەفۆن بکات و بڵێت کاکە قەرزاری خۆ تەلەفۆنەکە بەستراوە و دەتوانی تەلەفۆنی بۆ بکەیت نەک لە پڕ و لە نیوەشەودا یەکسەر تەلەفۆنەکەت بڕاوە بەڕاستی ئەوە حەز دەکەین جەنابی وەزیر لەو بارەیەوە ئاگادار بێت و ئەوە کێشەیەکی گەورەی دروست کردووە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پرسیارەکەی کاک شێخ عەفان سێ بەشە، بەشی یەکەم کێشەی بەدالەی چوار ڕەقەمی و پێنج ڕەقەمی و بەشی دوو، ڕسومی تەلەفۆن زۆرەو سێ، بڕینی تەلەفۆن زۆر جار ڕاستەوخۆو بێ ئاگاداری دەکرێت، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز حەمید ئاکرەیی/وەزیری گواستنەوەو گەیاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بەدالەی هەولێر بەتایبەتی ئەم بەدالەیە زۆر کۆنەو لە زۆر جێگاش باسمان کردووە هەتا مەوادی یەدەگی خۆی نەماوە هەتا کۆمپانیای بەرهەم هێنەر کە بەرهەمی هێناوە ناوی (کرۆس وار میکانیکیە) بە هیچ جۆرێک ئێمە هیچ چارەمان پێ ناکرێت و هیوادارم بەردەوام بێت بۆ چەند مانگێکی تر تا ئەوەی UN دێت، ئێمە ئەو بارەمان ڕزگار کرد بە بارێکی تر کە بەدالەی چوار رەقەمیمان هێنا بۆ دەزگاکانی حکومەت و دەزگاکانی ئاسایش و کۆمپانیاکان و بەرپرسانی حکومی و حزبی و ئەوانەمان خستە سەر ئەو بەدالەیەو ئەگەر ئەوە نەبووایە ئەوا زۆر گرفتمان دەبوو و ئەوە دوو جیلە لە بەدالەکان بێگومان جیلێک زۆر کۆنەو ئەوەی تریشیان زۆر نوێیەو یەکتر ناگرنەوە و بۆیە کە لە بەدالەی چوار رەقەمی کە دێی بۆ بەدالەی پێنج رەقەمی ئەوا دەیگرێ، چونکە ئەوەی تریان دەتوانێت کۆنترۆڵی بکات و ئێمەش هیچ توانایەکی هونەریمان نییە لەناو کوردستان کە بەڕاستی ئێستا پێویست ناکات ئێمە ئەوە بکەین چونکە لەسەر پرۆگرامی UN پانزە هەزار ژمارەی ئەلکترۆنی نوێ بۆ هەولێر دێت وە پانزە هەزار بۆ سلێمانی و دە هەزار بۆ دهۆک و ئەم بەدالەی ئەلکترۆنی بێگومان پانزە هەزارە دەبێت بە پێنج رەقەمی و وەکو پێنج رەقەمی ئێستا وایە هیچ جیاوازی نییەو زۆر بە ئاسانی لەگەڵ چوار رەقەمی دەبەسترێت و دەتوانین تەنها ژمارەکە لێ بدەیت و هەستیشی پێ ناکەیت و یەکسەر وەردەگیرێ و من داواکارم کە سەبرتان هەبێت تا ئەوەی UN دێت چونکە ئێمە ئەوەندە داوامان کردووەو ئەوە بۆ ماوەی دوو ساڵە ئێمە بەردەوام ئەمەمان باس کردووە بەڵام عێراق ڕەتی دەکردەوەو ئەبوایە عێراق ڕەزامەندی بکردبایە لە ڕاستیدا شتی تری گرنگترو پێویستر هەبوو، بۆ نموونە ئاو و خۆراک و کارەبا گرنگترە و ئەوە بە گوێرەی گرنگی و بایەخی ئەم شتە دەبێت و بەڵام لە فێسی شەشەم سەد لە سەد تێیدا هەیەو کۆمپانیایەکی مسح هاتبوو بۆ ئێرەو مەسحێکی تەواوی کوردستانی کردو چی پێویستیمانە وەکو گوتمان سێ بەدالەی ئەلکترۆنی بۆ هەر سێ پارێزگا لەگەڵ هەزار هێڵی نێوان ئێرەو سلێمانی و دهۆک دەبێت و چونکە بەوە دەتوانین هەموو سیستەمی فاکس و کۆمپیوتەر لەسەر ئەوە دابنێین بەڕاستی دەبێتە بازدانێک لە بواری پەیوەندیدا لە کوردستان ئەمە سەبارەت بە خاڵی یەکەم و سەبارەت بە خاڵی دووەم، سەبارەت بە رسوماتی تەلەفۆن بەڕاستی خۆی دوو سیاسەت هەیەو ئێستا ٣ دەقیقەی هەولێر بە ٥٠ فلسە واتە سێ دەقیقە لە هەولێر قسە بکەیت بە٥٠فلسە و هێڵی دەرەوەمان کەمە لەنێوان ئێرەو دهۆک تەنها ١٥ هێڵ هەیە واتە تەنها ١٥کەس دەتوانێت لەگەڵ دهۆک قسە بکات و هەمان کات لەگەڵ سۆران و مەسیف لەگەڵ مەسیف ٩٠ هێڵمان هەیە ئەگەر ئێمە ئەو هێڵانە هەرزان بکەین بەڕاستی ئەوا هێڵ بەدەست کەس ناکەوێت و ئیستا لێرەوە بۆ دهۆک دەقیقەی ٥ دینارەو بۆ زاخۆ ٥ دینارەو بۆ سۆران ٢ دینارەو بۆ مەسیف ١ دینارەو بۆ خەبات ١ دینارەو بۆ ئاکرێ ٢ دینارە و بەو شێوەیەیە، بەڕاستی

نرخ دانان کۆنترۆڵی ئەوە دەکات کە تۆ چەند بەکاری دەهێنیت چونکە ئەگەر ئێمە هێڵی دەرەوە زۆر هەرزان بکەین وای لێ دێت لەوانەیە دوو کەس بە بێ ئەوەی هیچ کارێکیان هەبێت لەگەڵ یەکتری تەلەفۆن دەکەن و دەبێتە گرفتی ئەوەی کە ئەوەی کاری هەبێت نەتوانێت تەلەفۆن بکات و. گرفت دروست ببێت، ئێستا باشە کە کردوومانە بە ٥ دینار خەڵک تا کارێکی گرنگی نەبێت ئەوا بەکاری ناهێنێت، و ئەوە سیاسەتی ئێمەیەو، من نمونەیەکت بۆ دەهێنم کاتی خۆی کە ویستیان پاشەکەوتی لە بەنزین بکەن لە وڵاتانی ئەوروپی گرانیان کردو بە ڕادەیەکی خەیاڵی گرانیان کرد لەبەر چی؟ چونکە تۆ کاتێک دەتوانیت پاشەکەوتی لە شتێک بکەیت کە گرانی بکەیت و ئەو کاتە من ئۆتۆمبیلی خۆم بەکار دەهێنا کە بەڕاستی کارم پێی هەبۆو ئەگینا من ناچم بەکاری بهێنم بەڵکو شەمەندەفەر بەکار دەهێنم یان بە پێ دەڕۆم بەڕاستی سیاسیەتێکە و چونکە ئێستا ئێمە هێڵی دەرەوەمان کەمەو لەڕێگای ئەو ئامێرە کۆنانەوە کە هەمانن توانیومانە ئەو پەیوەندییانە ڕابگرین، بەڕاستی وامان لێکردووە کە ئەوانەی تەنها کاریان پێی هەیە بەکاری بهێنن، بۆیە گرانە منیش لەگەڵم گرانە و بەڵام ئەوە سیاسەتێکە کە ئێمە دامانناوە ئەگەر نا دەبێ جەنابت پێنج شەش کاتژمێر ڕابوەستی تا دهۆکت بەدەست دەکەوێت، سەبارەت بە قەرزی تەلەفۆن ئێمە نەختێ توندییمان لەم بابەتە کرد چونکە ماوەیەک بوو حکومەت سستی لێ دەکردو خەڵک فێرببوون کە پارە نەدەن و فێری شتی بەلاش و خزمەتگوازی بەلاش بوون و من کاتی خۆی ڕێنمایم دەرکردو تیایدا ئەوەی دوو وەجبەی وصل واتە دوو جار پارەی تەلەفۆن نەدات ئەوا لێی ببڕن مەبەست ئەوەیە دەبێت بە هەشت مانگ چونکە ئێمە هەر چوار مانگ یەک جار وەصل دەردەکەین دەبینی کە لە ١/١/ تا ٤/٣٠ و لە ٥/١ ئیتر ئەوها و بەڕاستی ئێستا هەمووی مەرکەزی دەردەچێت و ئەگەر ئێوە سەیر بکەن وصلەکان هەمووی لە کۆمپیوتەر دەردەچێت و هیچ کەس تەدەخولی پێ ناکات واتە هەندێ جێگا ئۆتۆماتیکە واتە بەداله دەتوانێ لە عدادەکە وەری بگرێ بۆ نمونە ئەگەر بەدالەکە ئەلکترۆنی بێت وەکو بەدالەی شەقلاوە یان هی دیانا یان هی ئاکرێ، بەڵام بەدالەی کۆنی هەولێر بێگومان ئەوە عەدادی هەیە و لەوانەشە هەڵە بکات چونکە مرۆڤێک دە هەزار ژمارە بخوێنێتەوە بێگومان هەڵەی تێدا دەکات و ئێمە ئەو بوارەمان داوەکە ئەوانەی زیادیان بۆ دێت با بێن موراجەعەت بکەنەوە تاوەکو بچینەوە سەر عدادەکەو دووبارە حسابی بکەینەوە بەڵام ئەوەی تر هەمووی ئەلکترۆنییەو لەسەر «دسک»ێک هەمووی دێتە خوارێ و دەچێتە ناو کومپیوتەرو لەلایەکەی تریش وەصلەکە دەردەچێت کەس تەدەخول ناکات و کەس ناتوانێت بیگۆڕێت ئەو سیستەمەش ئێمە نزیکەی ساڵێک خەریکی ببوین و ئێستا کردمان بە عداد و سەبارەت بە ١٠٣ کە داوای دەکەی و دەتەوێ کە دهۆکت بۆ وەرگرێت و ئەوانە ژمارەی تۆ دەنووسن و دەزانن چەند دەقیقە قسەت کردووەو دوایی بە وەصل بۆت دەنووسن و دەینێرنە بەڕێوەبەرایەتی و هەمووی کۆدەبێتەوە لەسەر ژمارەی تۆ و دوای ئەوە بۆت دەنێرن و وصولاتەکان هەمووی هەن واتە هەر کەسێک ئەگەر لاری هەبێت ئەوا لە مدیریە وصلەکان دەردەهێنرێت و دەڵێن لە فلان ڕۆژ و لە

فلان سەعات تۆ ئەوەندە قسەت کردووە، شتی تر هەیە من تێبینیم کردووە کە باوک لەماڵ نییە کوڕی یان کچی تەلەفۆن دەکات و تەلەفۆنێکی دوو سەعاتی لەگەڵ سۆران یان شەقلاوە دەکا و باوک ئاگاداری ئەوە نییەو وەصلەکەی بۆ دێت و دەڵێت من ئەوەندە قسەم نەکردووە ڕاستە بەڵام خۆ چاودێری تەلەفۆن نییە لەوانەیە هەندێ جار میوانیان بۆ هاتووە و تەلەفۆنی کردووە و کە وصلی بۆ هاتووە ۹۰۰ دینار بووە کە میوانەکانی لەگەڵ دەرەوە قسەیان کردووە، بێگومان ئەوە گرفتیان بۆ دروست دەکات و من لەگەڵم ئیمە هەندێک جەختمان کردووە لەسەر مەسەلەی قەرزەکان و هەندێ تەلەفۆن براوە بەبێ ئاگاداری خاوەنەکەی و من بە بەڕێوەبەری تەلەفۆناتم گوت کە دەبێ ئاگاداری خاوەنەکانیان بکرێتەوە و بەڕاستی دەمانویست نەختێک توندی نیشان بدەین بۆ خەڵک و دەتوانم بڵێم وەزارەتی گواستنەوە تەنها وەزارەتێ کە دەتوانێ پشت بە خۆمان ببەستێ و ئەو پارەی کە داهاتە بۆ ئیمە دەتوانین سوودی لێ وەرگرین و لەسەر ئەوەش کاری خۆمانی پێ بکەین و سوودی لێ وەربگرین، واتە وەزارەتێکی زۆر بە داهاتە بەڵام ئەگەر بەرزەفت بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وەکو برادەران دەڵێن (وخلافاً للقانون) چونکە هەندێ شت دەکەن لە رسوم و شتی تر دەبێ سەرچاوەیەکی یاسایی هەبێت و ئەوە بابەتێکی ترەو دەبێ لە کاتێکی تردا باس بکرێت، کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین چونکە زۆر بە ئاشکرا پرسیارەکانی ڕوون کردەوە بەڵام پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە کرێی هێڵەکانی ناو شاری هەولێر گرانە، تەلەفۆنێک هیچ دەرەوەی وەرنەگرتووەو سەری مانگ وەسڵی ۳۰۰ دیناری بۆ دێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ جەنابی وەزیر دەڵێت هەموو شتێک نووسراوەو هەر کەسێک تەسەور دەکات کە زیادی بۆ هاتووە دەتوانێت بچێت موراجەعەت بکات، فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە بەڵام لە ٥٢٠ دینار بۆتە ۲۰۰ دینار، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ هەڵە کراوە و وەزارەت ئەو مافەی داوە بە هاولاتیان کە موراجەعەت بکەن چونکە هەموو شتێک نووسراوە تۆ تەلەفۆنت نەکردووە، ئەوە هەڵە کراوە بەڵام لەبەر ئەوەی ڕوونی کردەوە ئەڵێ هەمووی بە کۆمپیوتەر خەزن کراوەو ئەوەی تریش هەمووی عەدادی هەیەو ئەوەی تر ژمارە بە ژمارە

نووسراوەو ئەوەی کەوا دەزانێ کە زۆری بۆ دێت بۆی هەیە موراجەعەت بکات و ئەمە لە هەموو دنیادا ڕەچاو کراوەو دەتوانیت موراجەعەت بکەیت ئەگەر هەڵە بوو و ئەگەر هەڵە نەبوو ئەوا بۆت ڕون دەکەنەوە، بۆیە لەڕاستیدا وەڵامەکەی ڕوون بوو بۆ گرانیش تەنها ٣دەقیقە لە هەولێر بە ٥٠ فلسە .........

ئەوانەی کە پەیوەست بوو بە پرسیار تەواو،کاتەکەشمان تەواو، نزیکەی ٤٠دەقیقەشمان لە کاتەکە وەرگرت ئەگەر هەر شتێکی ترتان هەبوو ئەوە بەنووسین بینێرن بۆ جەنابی وەزیر. زۆر سوپاسی جەنابی وەزیر دەکەین کە تەشریفی هێناوە تەئیرە بۆ وڵام دانەوەی پرسیاری بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەسوپاسی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین بۆ پرسیار کردن و بەدواداچوونیان. جەنابی وەزیر سەربەستە بابفەرموێ.کاک فرەنسۆ بەدواداچونێکی هەیە بابفەرمووێ.

**بەڕێز فرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پشگیری لە قسەکانی شێخ عەفان دەکەم کرێی تەلەفۆنات بۆ ناو شاری هەولێر زۆر گرانە با جەنابی وەزیر گێی لێبێت، تەنها ئەو سێ دەقیقە نیە کە باسی دەکات دە سێ دەقیقەیە، بۆ نمونە فەرمانبەرێکی بچوک لە مانگێکدا دە جار تەلەفۆن دەکات هەرجارەی سێ دەقیقە ئەوە کردی ٥٠٠دینار، بۆ فەرمانبەرێکی بچوک تەنها بۆ تەلەفۆن ٥٠٠دینار یەکجار زۆرە، نابێ تەنها سێ دەقیقەکە حساب بکەین، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو شتی جیاوازە جەنابی وەزیر دەڵێ بۆ هەر سێ دەقیقە ٥٠ فلسە ،بۆ دەوائری حکومەت، حکومەت یان هەندێ دام و دەزگای گەورە لەوانەیە لەگەڵ فەرمانگەی تەلەفۆنات هەندێ گرفتی تایبەتیان هەبێ، لەهەموو جیهاندا ئەوە هەیە ئەوەی زۆر قسەبکات بواری داشکاندنی دەدەن مامەلەی تایبەتی لەگەڵ دەکرێت ، وابزانم جەنابی وەزیر خۆشی لایەن گری کەرتی تایبەتە، ئەگەر شتێک یان لائیحەیەکیش هەیە پێشکەش بکرێت، بۆیە وتم لەپەرلەمان گلەییەک لەوەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن هەیە کە بە ئارەزووی خۆیان باج (رسوم) زیاد و کەم دەکەن ئەوە لە دەرفەتێکی تردا جەنابی وەزیر بەرەو ڕووی هەندێ لەو جۆرە پرسیارانە دەبێتەوە لەوانە لەسەر چ بنەمایەک وەزارەت باجی تەلەفۆنات زیاد دەکا ولەسەر چ بنەمایەکیش کەمی دەکاتەوە،چونکە لە وڵاتی ئێمەدا هەموو باجێک بە یاسایە وە دەبێت بەیاساش بگۆردرێ ، هیوادارێن وەزارەت چاوێک بەو بابەتەدا بخشێنێتەوە،و ئەگەر پێشنیارێکیشیان هەیە بۆ هەموار کردنی یاسای باجەکان پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکات لەوێوەش بێت بۆ پەرلەمان ئەو هەمواركردن وگۆڕان کاریەی ئەوان دەیانەوێ بیخەنە سەر رسومی خۆیان تاکو ببێت شێوەیەکی یاسایی وەربگرێت ئەو کەم وکوڕی و نیگەرانیەش نەمێنێت ، هەقی خۆشیەتی کاک فرەنسۆش لە ئەنجومەنی وەزیران باسی مەسەلەی ٥٠ فلس و ٥ فلس بکات خۆی تەنها هەڵگرتنی یەک سفرە.

دووباره سوپاس بۆ جەنابی وەزیر . دێینەوە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەی کارمان ئەویش گفتو گۆ کردنە لەسەر سیاسەتی دوژمن کارانەی pkk دەرهەق بە هاوڵاتیانی کوردستان وئەو کارە ئیرهابییانەی لەدژی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردسان و گوند و هاوڵاتیانی ئێمە دەیکات، ئەوانەی دەیانەوێ لەسەر ئەو خالە قسە بکەن تکایە رەچاوی دوو خاڵ بکەن، زۆر بە چڕی و بەکورتی بێت، ئەگەر دەشتانەوێ دوای بخەن ئەوە دەبێت ئێوارە تەواوی بکەین، پێشنیارێک هەیە داوا دەکەن دانیشتنەکە دوا بخرێ ئەگەر پێتان باش بوو ئەوە ئێوارە سەعات پێنج کۆ دەبینەوە،ئەگەر نا بەیانی سەعات ٩ لێرەکۆ دەبینەوە تکامان وایە پێش دەست پێکردنی کۆبوونەوە لێرە ئامادەبن ، بۆ ئەمرۆ سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٦/٨

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٧)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٦/٨

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٦/٨ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (حەڤدەم)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (١٠) دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٦/٨دا بەم شێوەیە بێت.*

*١ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەسەر سیاسەتی دوژمنکارانەی (PKK)ە دژ بەگەلی کوردستانی عێراق و ئەزموونە دیموکراتییەکەی و سیستمی سیاسی و کیانی دامەزراوە دەستووری و کارگێڕییەکانی لە هەرێمدا.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات دانیشتنی ژمارە (١٧) لە ١٩٩٩/٦/٨بەرنامەی کارمان یەک خاڵە ئەویش گفتوگۆکردنە لەسەر سیاسەتی دوژمنکارانەی پەکەکە دژ بە گەلی کوردستانی عێراق و ئەو ئەزموونە دیموکراتییەی کە هەمانە، وەکو هەموو لایەک ئاگادارن ئەمە پێشنیار بوو لەلایەن هەندیک لە ئەندامانی پەرلەمانەوە کە دانیشتنێکی تایبەتی بکرێت بەو بابەتەو ئێستاش ناونووسی ئەو برادەرانە دەکەین کە دەیانەوێ لەم بابەتەوە قسە بکەن، کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئەو هەڵوێستەی پەکەکە دەربارەی گەلی کورد هەر لە دەسپێکردنییەوە تا ئەمڕۆ ئەگەر پێیدابچینەوە لەو باوەڕەدام کە پێویستییمان بە لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ نابێت لەسەر دوژمنکاری ئەوان دژ بە ئێمەو دژ بە سەرهەلدانی ئێمە، تەنها بۆ نموونە دەڵێین دوژمنایەتی ئەوان بۆ ئەزموونی

دیموکراتی ئیمە هەر لە دەستپێکردنییەوە تا ئەمڕۆ بووە، بۆ نمونە کاتی کە گفتوگۆ لە ئەنجوومەنی تورکیا هاتەکردن بۆ ڕێگە پێدان بە بنکەی (ئەنجەرلیک) بۆ هێزی هاوپەیمانان ئەو پەرلەمانتارانەی کە لایەنگیری ئەوان بوون (إیعاز)یان بۆ چوو کە دژی ئەمە ڕابوەستن دژی ئەوە بن کە هێزی هاوپەیمان بێنە بنکەی ئەنجەرلیک بۆ پاراستنی کورد لە دەست درێژی ڕژێمی بەغدا و ئەوە سەرەتا بوو دوایی وەرنەوە سەر شەڕی ١٩٩٢و ١٩٩٤و ١٩٩٥ و هەتا ئێستا کە بەهەموو تواناکانی خۆیان لەلایەنی ڕاگەیاندن و ماددی و سەربازی خۆیا تەرخان کردووە بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونە بخەنە ژێر خاک و وای لێ بکەن کە هەردەم کورد خەون بەوە ببینن کە ببن بە خاوەن پەرلەمانێک و حکومەتێک، باشترین نمونەش دەتوانم بیهێنمەوە ئەویش دادگایی کردنی سەرۆکی ئەو حزبەیە کە بەرامبەر ڕای گشتی جیهانی ڕای گەیاند کە بە تەنها دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییەو ئەگەر ئەو نەبوایە ئەوا لەوانەیە دەوڵەتی کوردی دروست ببوایە، ئەگەر بە ساغیش بێنمەوە ئەوا تاقە کەسم کە دەتوانم یارمەتی تورکەکان بدەم کە دەوڵەتی کوردی دروست نەبێت و ئەوەش قسەی خۆیەتی و هەڵوێستی خۆیەتی و وەکو گوتمان ئەگەر لێکی بدەینەوە هەمووی دژی ئەزموونی کوردییەو دژی گەلی کورد هەموویەتی نەوەک تەنها دژی پارتێکی سیاسییە.

ئەو هەڵوێستە دوژمنکارییانەی پەکەکە دژ بەهەموو گەلی کوردستانە و بەتایبەتی دژ بە ئەزموونەکەیەتی لەوانەیە گەلێک ئێش و ئازاری بۆ ئێمە دروست کردبێت و گەلیک زەرەری بە ئیمە گەیاند بێ و دواخستنێکی بۆ ئەزموونی ئێمە دروست کرد کە ئەمەش بووە هۆی هەڵایسانی ئاگری شەڕی ناوخۆو تا ئێستاش ئەو تەنگژەیەی کە هەیە لەوانەیە ئەگەرێکی سەرەکی هەڵوێستی سەرکردایەتی پەکەکە بێ دژی گەلی ئێمە، بەڵام ڕاستە ئەو ئێش و ئازاری بە ئێمە گەیاندن بەڵام بزانن چی بەسەر ئەوان هات و چ ئێش و ئازارێک و ناخۆشییەکییان بینی؟ واتە زەرەر بەسەر ئەوانیش داهات، چونکە میللەتی ئیمە چاوکراوەیە گەلی ئێمە هەمووی ئەمڕۆ دووپاتی دەکاتەوە کە بەرگری لەم ئەزموونە دەکات، ئامادەیە خۆی بکوژێت لە پێناو مانەوەی ئەم تاقیکردنەوەیەدا.

پەکەکە لە دوژمنکاری خۆی دژ بە گەلی ئێمە هیچ جیاوازییەکی لە نێوان هەژارێک و ڕێبوارێک و جوتیارێک و پێشمەرگەیەک نەکردوە دەزگای خزمەتگوزاری بێت یان هەژارێک بێت، یان خەڵکی گوند بێت، یان پێشمەرگە بێت، ئەوە ئامانجێک بووە بۆ پەکەکەو زۆر نموونە هەیە و دەتوانین نمونە بهێنینەوەو بیسەلمێنین کە پەکەکە دژی هەموو کورد بەشەڕ دێت، هەتا ئەو خەڵکەی کە هاوسۆزن لەگەڵ ئیمەداو هاتوون خزمەتی ئیمە بکەن، ئەگەر ڕێگەم پێ بدەن من چەند نموونەیەکتان بۆ دەهێنم تاوەکو بیسەلمێنم کە دوژمنکاری ئەوان بەرامبەر بە گەلی کورد بەگشتییەو تەنها دژی ڕێکخراوێک یان پارتێکی سیاسی نییە.

لە ١٢/٥/١٩٩٩دا کادرێکی ئەوان کە بە پلەیەکی مەزنە ناوی (بەدران)ە و یەکێکیش لە بەرپرسی لەشکری لە دەڤەری (سندی) گووتویەتی و دووپاتی کردۆتەوە بۆ چەند خەڵکێک کە چوونەتە ئاقاری دار بۆخۆیان کۆبکەنەوە، کە پێی گوتوون ئێمە هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان دوو دڵ

نابین لە کوشتنی منداڵێک چونکە ئەگەر ئەو منداڵانە گەورە بن ئەوانیش دەبن بە پێشمەرگەو چەکمان لە دژ هەڵدەگرن بۆیە هیچ جیاوازییەک لەنێوان منداڵ و گەورەدا لەلایەن ئێمەوە نییە.
هەروەها لە ١٥/٥/١٩٩٩دا کاتی کە چوونەتە گوندەکی دەڤەری (گولییان) یەکێک لە کادیرەکانی پەکەکە خەڵکی گوندی پە زۆر کۆکردۆتەوەو ئەم قسانەی بۆ کردوون، گوتوویەتی؛ ئێوە هەموو هاولاتی حکومەتی هەرێمن و هەمووی پاڵپشتی ئەو حکومەتەن، لەبەر ئەوە ئێمە تۆڵەی خۆمان لە ئێوە وەردەگرینەوەو لە هەر جێگایەک بتانبینین ئەوا تەقسیریتان پێ ناکەین چونکە ئیوە هەموو پشت و پەنای ئەو حکومەتەن و پشتیوانی ئەم ئەزموونەن.
هەروەها لەو دواییەدا چەکدارانی پەکەکە کەمینێکیان لە ناوچەی سنووری دانا لەو ناوچانەی کە خەڵکی هەژار بۆخۆیان بازرگانی تێدا دەکەن و مەڕومالاتی خۆیان لەوی بەخێو دەکەن ئەوا هەموویان دەستبەسەر کردن و باجییان خستۆتە سەریان و، گرتوویانن.
هەروەها وەکو گوتم پەکەکە لە دوژمنکاری خۆیان هیچ جیاوازییەکیان لەنێوان جێگاکانی سەربازی و جێگای خزمەتگوزارییەکان نەکردووە، کە خەڵکێک بە خێری خۆیان لە هانای ئیمە هاتوون و یارمەتی ئێمەیان داوە، لەوانەش لەشەوی ١١-١٢/١٩٩٥ چەکدارانی پەکەکە بڕێک TNT و تەقەمەنییان لە ناو پرۆژەی ئاوی گوندی «چەلکێ نەسارا»دانا لەدەڤەری بەرواری بالاو لە ئەنجامدا بووە هۆی تێکدانی ئەو پرۆژەیە کە نزیکەی ٢٠هەزار کەس سوودی لێ وەردەگرت.
هەروەها لەشەوی ١٩-٢٠/٤/١٩٩٩ چەکدارانی پەکەکە مەڕو مالاتی خەڵکی تالان کردو پرۆژەی «مێرستەکێ»یان لە دەڤەری ئامێدی تێکداوە و مینێکیان لەسەر ڕێگای خەڵکی دانا کە بووە هۆی ئەوەی هاوولاتی «حاجی حەسەن ئامێدی و، مێمێ و، سدقی عەلی بەرگارەیی» کاتی لە ڕێگا دەڕۆیشتن بەسەر مینەکەدا چوون و تەقییەوەو شەهید بوون.
زۆر نموونە هەنە کە دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی کە هاتوون پەکەکە هەوڵی داوە کە ڕایانبگرێت بۆ نموونە لەشەوی ٢٥-٢٦/٤/١٩٩٩ چەکدارانی پەکەکە لەسەر ڕێگای باعەدرێ ئەو ئامیرانەی کە ڕێگایان چاک دەکردەوە بۆ خەڵکی گەلی لالش و خەڵکی باعەدرێ ئەو ئامێرانەیان سووتاند ٣ حادلە، یەک لودەر و، شەفەلەک و، دوو شەفەلی تریش و ئەوانەیان هەموو سوتاند.
هەروەها لەشەوی ١٧-١٨/١١/١٩٩٨ کاتێ کرێکارەکانی کارەبای ناوچەی «باتیفە» چوون چارەسەری ئەو جیگایانە بکەن کە با و باران تێکی دابوون چەکدارانی پەکەکە چوون و مینێکیان لەژێر ئۆتۆمبیلی ئەو کرێکارانە داناو بووە هۆی شەهید بوونی کرێکارەکان، کە ئەمانەن «مەسعود سەعید، شمال سەعید، حکمەت سەعید و تەمەر عەبدوڵلا تەمەر»، ئەوانەش هەمووی لەبەر ئەوەی چووبون بۆ ئەوەی هێڵەکانی کارەبا چاک بکەنەوەو کارەبا بۆ خەڵکی ڕابکێشن.
ئەو دوژمنکارییانەی ئەوان بووەتە هۆی ئەوەی لەناو خۆیشیان دا دەنگی ناڕەزایی و موعارەزە دەربچێت لەسەر ئەو دوژمنکارییانەو، ئەگەر مۆڵەت بدەن باسی ئەو دەنگە ناڕەزاییانە بکەم لەنێو

ڕیزەکانی ئەواندا و، بووە هۆی ئەوەی کە گەلێک خەڵک واز لە ڕیزەکانی ئەوان بهێنن وببنە موعارەزەیان، بۆ نمونە، ژمارەی ئەو کەسانەی کە ڕیزەکانی پەکەکەیان بەجێ هێشتووە تا ئەمڕۆ و هاتوونەتە ڕیزی میللەت نزیکەی «٤٠٠٠» کەسن و ئەو (٤٠٠٠) کەسە هەمووی چەکداری ئەوان بوون و، لەبەر نەڕازی بوونیان لەسەر سیاسەتی پەکەکە لەم کارە دوژمنکارییانە بەرامبەر بە گەلی کورد ڕیزی پەکەکەیان بەجێ هێشت و هاتنە ناو ڕیزی میللەت.

هەروەها لە ٢٠/٥/١٩٩٩ کادیرێکی خۆیان کە بەرپرسێکی گەورە بوو و ناوی «بۆتان» بوو لەلایەن پەکەکەوە لە «گەلی بزاغا»بەندکراوە چونکە گوتوویەتی کوشتنی منداڵان و لوغم دانان لەسەر ڕێگای خەڵکی ڕاست نییەو ئێمە نابێت دوژمنکاری ئەو هەموو خەڵکە بکەین چونکە بە سەلبی لەسەرمان دەشکێتەوە.

هەروەها هاوڵاتییەکی ئێرانی خەڵکی «سەلمان سپی» گەیشتبووە ئەوان و چەکداری ئەوان بوو ناوی «شابور دەرباز بادوویبە» و ناوی حەرەکییەکەی «سیپان»ـەو ئەوە چەند ساڵە لەگەڵ ئەوان دایە بەڵام دوای ئەوەی هەڵوێستی ئەوانی بینی یەکسەر ڕێزی ئەوانی بەجێ هێشت و گەیشتە ڕیزی میللەت.

هەروەها هاوڵاتییەکی ئەڵمانی لەبەر پروپاگەندەی ئەوان و لەسەر ئەو بنەمایەی کە لە دەرەوە لەگەڵ پەکەکەیەو خەباتیان بۆ دەکات بۆ ڕزگار بوونی خەڵکی کورد و ناوی «یور کلاوس پیتەر»ـە، کە خەڵکی هەرێمی «بروند شڤایک»ـە ناوی حەرەکی «ڕێناسە» و بەقسە هەڵیان خەڵەتاندبوو و هاتبووە کوردستان بۆ ئەوەی خەبات و تێکۆشان بکات، بەڵام دوای ئەوەی کە هات و بینی کە ئەوانە شەڕی کوردان دەکەن و خەڵکی هەژار دەکوژن و پرۆژەی خزمەتگوزاری تێک دەدەن و ئەویش ڕیزی ئەوانی جێهێشت و گەیشتەوە ڕیزی میللەت.

نمونە زۆرن بەڵام لەوانەیە کات نەبێت بۆیە تەنها ناوی چەکدارێکی ئەوان دەڵێم کە وەکو گوتم (٤٠٠٠) هەزار چەکدار ڕیزی ئەوانی جێ هێشت و یەکێک لەوانە ناوی «هەیفاء حەسەن حەمید»ـە ناوی حەرەکی «زەینەبە» مەوالیدی ١٩٧٥ـەو خەڵکی «عفرین»ـە لە سوریا، دەڵێت کاتی کە پروپاگەندەی ئەوان لە سوریا دەستی پێکرد و گوتیان ئێمە دەچین خەبات بۆ میللەتی خۆمان دەکەین ئێمەش چووین لەگەڵ ئەوان خەباتمان کردو چەکمان هەڵگرت و بەڵام کە هاتین و ناڕاستی قسەکانی ئەوانمان بۆ دەرکەوت کە ئەوان شەڕی کوردان دەکەن لەبەر ئەوە ئێمە ڕیزی ئەوانمان بەجێ هێشت و گەیشتینە ڕیزی میللەت.

زۆر ناو هەنە کە ئەوانەی ڕیزی ئەوانیان بەجێ هێشووەو ئاخاوتنیان کردووەو هۆکارەکانیش ئەوە بووە کە ئەوان بەڕاستی دوژمنکاری میللەتی ئێمەیان دەکرد، هەر لە ساڵی (١٩٩٢)وەوە تا ئێستا هیچ درێغییان نەکردووە لە دوژمنکاری ئەو گەلەو زیاتر لەوەش نموونەمان هەیە کە بیهێنینەوە بەڵام تەنیا یەک پرسیار هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە پشتیوانی ئەوان دەکەن، ئەو ڕێکخراوانەو ئەو کەسانەی کە هاوکاری و پشتیوانی پەکەکەو سەرکردایەتی پەکەکە دەکەن و

تەقەمەنی و هاوکاریان بۆ پەیدا دەکەن تاوەکو بێن بۆ دەڤەری بادینان و خەڵکی هەژار و نەدار بکوژن، ئێمە تەنیا پرسیارێک لەوانە دەکەین ئایا ئێمە برای ئێوە نین؟ ئایا ئیمە خوێنی ئێوە نین؟ ئایا ڕۆژێک دانایێ ئیوە بێن لەلای ئیمە کار بکەن؟ خەڵکی ئێمە دەکوژن و منداڵ دەکوژن و گوند دەسوتێنن و پرۆژەی خزمەتگوزاری تێک دەدەن، ئایا پەیوەست نین بەوەی کە بەرگری لەو میللەتە بکەن؟ بۆیە هیوادارین ئەو خەڵکانەی کە تاکو ئێستا پشتیوانی ئەوان دەکەن و تەقەمەنیان بۆ پەیدا دەکەن تا شەڕی میللەتی کورد بکەن، با بەخۆیاندا بچنەوەو ئیمە یەک میللەتین و دەبێ لەگەڵ یەکتری کار بکەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک د.ڕزگار، کاک عەبدولخالق زەنگەنە فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم کێشەیە کێشەیەکی تازە نییەو ئێمە چەند جارێکی تریش لەناو پەرلەمان باسمان کردووەو بەداخەوە تاکو ئێستا چارەسەرێکی گونجاو لە کوردستان بۆ ئەم کێشەیە نەکراوەو حەزم دەکرد لەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیری ناوخۆ بەشداری بکردبایە وئامادە ببووایە چونکە ئەمە کێشەیەکە بەستراوەتەوە بە ئاسایشی هاوولاتیانمان.

تەدخولی پەکەکە دەتوانم بڵێم لە سەرەتای ڕاپەڕین دەستی پێکرد و لە کاتی کابینەی یەکەم و لەسەرەتای پەرلەمانی خۆماندا ئیمە ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە بووینەوەو ئەو برادەرانە زۆر بە هەڵە هاتوونەتە ناو کێشەیەک کە نەک تەنها زەرەری بۆ کوردستانی عێراق هەیە بەڵکو زەرەری بۆ کێشەی گەلی کورد لە دنیادا هەیە.

ئەو ئەزموونەی لە کوردستانی عێراق دا هەمانە دەسکەوتی دەیان ساڵی تێکۆشانمانە کە بە هەزاران شەهیدمان داوە لەوانەیە لایەنێک یان پارتیک لە کوردستانی عێراق لە پارچەکانی تری کوردستان ئەو ئەزموونەی بەدڵ بێت یان نا ئەوە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، من تەنها دەتوانم بڵێم ئەوە ئەزموونێکی میللەتی خۆمانەو بە خۆشی و ناخۆشییەوە، لەبەر ئەوە حەق نییە هیچ لایەنێک و حزبیک ئەگەر نەتوانێت دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکات ئەوا دوژمنایەتیمان بکات، ئینجا لەبەر ئەوە من وا دەزانم ئەو برادەرانە هەر لە سەرەتاوە بە هەڵە هاتوونەتە نێو ئەو کێشەیەوەو هەر وەهاش بەردەوامن و ئەوەش لە زەرەری ئەوانەو لە زەرەری ئیمەشە و دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان و کورد بە ڕای من باشیان قۆزتۆتەوە ئەو قۆزتنەوەیەش وابزانم ئەگەر هاتوو خوا نەکات ئەو ئەزموونە لە کوردستان تێک چوو وا بزانم پارچەکانی تری کوردستان ناتوانن سەریان هەڵبگرن و چونکە ئێمەش وا تەسەور دەکەین ئەزموونێکی وەک کۆماری مهاباد کە بە داخەوە پیلانێکی گەورەی دەوڵەتان و ناخۆیی بوو ماوەیەکی زۆری خایاند تاوەکو کورد نەتوانێت لە ئێران یان لە پارچەکانی تری کوردستان جولانەوە بکات و ئێمەش لە ساڵی ١٩٦١ توانیمان شۆڕشێک

هەڵگیرسێنین بە سەرکردایەتی بارزانیی نەمر. دوژمنان باش ئەم بارەیان قۆزتۆتەوە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەم کێشەیە کێشەیەکی سیاسی زۆر گەورەیە ئەو برادەرانە حەق نییە لەجیاتی ئەوەی بێن دەستی یارمەتیمان بۆ درێژبکەن بچن (مین)مان بۆ دانێنەوە جگە لەوە، نۆزدە ملیۆن لوغم لە کوردستانی عێراق حکومەتی عێراق و دەوڵەتەکانی تری ناوچەکە چاندوویانن، یان دەچن TNTمان بۆ دێن و لەسەر ئاوەکان یان ماتۆری کارەباکان بێت یان ئاو بیت یان هەرچییەک بێت دەیانتەقێننەوە، هەروەها هاووڵاتی مەدەنی و ئەوانە گوناهیان چییە؟ باشە تۆ بۆ کە تێکۆشانی خۆت بە تێکۆشانێکی ڕاست دادەنێیت من بە هەموو شتێکمەوە لێرە پشتگیری خەباتی کوردی تورکیا دەکەم دژی نیزامی تۆرانی ئەویش بەڵام ئەو مافی نییە لە جیاتی ئەوەی ئێمە پشتگیری لێ بکەین ئەو بێت تەدەخول لە کارەکانی ئێمەدا بکات ئەوە زوڵمێکی گەورەیەو غەدرێکی گەورەیەو هەڵەیەکی گەورەو تاوانیکی گەورەیە دژ بەو میللەتە دەکرێت و ئەوە لە زۆر بواردا کە ئەو تەدەخولاتەی پەکەکە زۆر یارمەتی تورکیای دا کە سوپای تورکی بێت و تەدەخول لە کوردستانی ئێمەدا بکات، ئێستا بووە بە گۆڕەپانێک هەر چ کاتێک بێت بە ئارەزووی خۆی تەدەخول دەکات لە کاروباری ئێمە، بۆیە بە پەکەکە دەڵێم هەر ئێوە نین لە کوردستانی عێراق و، حزبەکانی تریش هەنە لە پارچەکانی تریش، جا لە کوردستانی عیراق بێت یان لە کوردستانی ئێران یان لە هەرشوێنێکی تر بێت، گشتیان ڕیزو ئیحترامی ئەو ئەزموونەیان گرتووەو ڕیزی یاسای ئەو ناوچەیان گرتووە لەبەر ئەوە پەکەکە ڕێگا پێدراو نییە کە خاکی کوردستانی عێراق بکات بە بنکەیەکی سەربازی بۆ خۆی و ئێمەو حزبەکانی تر بەپێی یاسای وڵاتەکەمان توانیومانە تەعامولێکی باشیان لەگەڵدا بکەین و ئەوانیش ڕیزی ئێمەیان گرتووەو بۆچی ئەوان لەنێوان هەموو حزبەکاندا بەو ئەقلیەتە ئیش و کاریان بۆ زەرەری میللەتەکەمانە؟ ئەو شتانەی کە دەیکەن با وا هەست نەکرێت کە دژی پارتی دیموکراتی کوردستانەو، من وادەزانم ئەوەی دەکرێت دژی هاووڵاتیانە ئەوەی دەکرێت هاووڵاتیەکان ناچارن زەوی و گوندی خۆیان جێ بهێڵن و ببێتە ناوچەیەکی سەربازی و ئینجا لەلایەن هێزی دەرەوە بێت یان حزبی فەرمانڕەوا ناچارە ئیجرائاتی خۆی بکات و ئەو کاتیش بەناچاری ئەو جێگایە دەبێتە گۆڕەپانێکی سەربازی و وەک ئێستا دەیبینن و ناچاردەبێت لەبەر هەندێ هەڵس و کەوت کە دەکرێت کە خۆم زۆر پێی نیگەرانم ئەوەی بۆ نموونە لە ناوچەی «نەهلە» یان لە ناوچەی «چۆمان» و ئەوانی تر دەکرێت هاووڵاتی ناچار بکرێت کە دەربکرێت یان ناچار دەبن کە خاکی خۆیان جێ بهێڵن و ئەوە لە سوودی کێیە؟ من نازانم ئێمە کوردایەتی ئەوهامان نەکردووە، با برادەرانی پەکەکە دوای ئەو هەندە ئەزموونە حەق نییە بەو شێوەیە بەردەوام بن و بەتایبەتی ئێستا ئەوان لە کێشەیەک دان و ئەو قەیرانەی کە ئەوان تێیدان ئێمە بە دڵەوە پێمان ناخۆشە، جا بە گرتنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بێت بەو شێوەیە یان بەو هجومە وەحشیانەی ڕژێمی تورکیا کە دەیکاتە سەر کوردی تورکیا، لەبەر ئەوە ئێمە بە ڕوح لەگەڵ کوردی تورکیا داین و بەڵام قەبوڵیش ناکەین کە بە هیچ شێوەیەک پەکەکە بەو شێوەیە

تەدەخول لە کاروبار و گۆڕەپانی ئیمە بکات و بیکا بە گۆڕەپانی سەرەکی خۆی و لە کاتێکدا هەندێکیان بە عەبدوڵلا ئۆجەلانەوە کە دەڵێ من ئامادەم شەڕ ڕابگرم، وە داواش دەکات لە چەکدارەکانی کە شەڕ ڕابگرن، بەڕاستی دەبێ ئەوە پێشتر لەگەڵ کورد دا بیکات لە کوردستانی عێراق کە ئەوە نەشوێنی ئەوەو نە کاری ئەوەو ئێمە چی دەکەین لە کوردستانی تورکیا ئەگەر کۆک بین لەگەڵیاندا یان کۆک نەبین ئیمە بە مافێکی خۆیان دەزانین و ئێمە ئەگەر بە شێوازی ئەوانیش ڕازی نەبین بەڵام ئێمە ڕیز و ئیحترامان هەیە بۆیان، لەبەر ئەوە من وا هەست دەکەم ئەو کێشەیە ئەبێ زیاتر دیراسەت بکرێ لەلایەن ئێمەوە دیراسەت بکرێ چونکە ئەمە کێشەیەکە وەکو دەڵێن «هەویرێکە ئاوی زۆری دەوێ» لەبەر ئەوە ئەبێ ئیجرائاتی عەمەلی زۆر بکەین بۆ ئەوەی سنووریک بۆ ئەم کارە دابنێین، پێش گشت شتێک ئەبێ ڕێککەوتننامەی واشنتۆن هەوڵ بدرێت کە جێبەجێ بکرێت و بەتایبەت برگەیەکی تیادایە سەبارەت بە بوونی پەکەکە لە ناوچەکانی ئێمەدا ئێمە با وا هەست نەکەین هیچ لایەنێک لەو لایەنانەی کە ڕێککەوتننامەی واشنتۆنیان مۆرکردووە، لەو بەندە پاشگەز ببنەوە لەبەر ئەوەی ئەوە لە زەرەری گشتمانەو من واتەسەور دەکەم مرۆڤ ئەگەر کەمتەرخەمی لە هەڵوێستێکدا بکات ئەوە بە گران لە سەرمان دەکەوێ، لەبەر ئەوە من تەسەور دەکەم ئەبێ هەموو توانایەکمان سەرف بکەین بە هاولاتی و حزب و هەموولایەک لەم مینبەرەوە داوا بکەین کە پەکەکە دەست هەڵبگرێت لە کوردستانی عێراق با تیکۆشانی خۆی بباتە ناو کوردستانی تورکیاوە و ئەو کاتیش گشتمان لەگەڵیاندا دەبین و، زۆر جاریش کاک مەسعود بارزانی ئەوانەی دووپات کردۆتەوە لەبەر ئەوەی کە من نوێنەری ئەو میللەتەم و وا هەست دەکەم کە ئێستا ئەو گرفتە زۆر بە زەرەری میللەتەکەمان تەواو دەبێت داواش دەکەم حزبەکان گشتیان هەوڵێکی زۆر بدەن و گوشار بخەنە سەر ئەو حزبە کە واز بێنێ ودەست هەڵبگرێت لە کوردستان و کێشەی خۆی چۆن چارەسەر دەکات لە کوردستانی تورکیا ئیمەش لەگەڵیداین ئینجا ئەوە بە چەکداری بێت یان بە ئاشتی بێت و لەم مینبەرەوە دیسانەوە داوا دەکەم کە ئەو کێشەیە بەڕاستی بەچەک چارەسەری ناکرێت و ئەبی بگەڕێینەوە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو برادەرانە و بە هاوکاری حزبەکان و بە هەڵوێستێکی یەکگرتووی گەلەکەمان لەبەر ئەوەی ئەو کێشەیە بەو جۆرە نییە کە تەسەوری دەکەن دژی پارتیبە تاکو ئێمە هەر یەکەو لەلای خۆیەوە دابنیشێ و بڵێت ئەوە کێشەی دوو حزبە نەخێر ئەوە کێشەی لایەنی دەرەکییە و ئاسایشی هەرێمایەتییە دژی ئەزموونی ئێمەیە، وابزانم گشتمان هەستێکی وامان هەیە کە ئەوەی ٠٠کرێت پلانێکە و گوشارێکە لەسەر تاقیکردنەوەکەمان و لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ٠٠م بابەتە لەلایەن پەرلەمان و حکومەت و لەلایەن حزبی دەسەڵاتداریشەوە و گشت حزبەکانی تریش زۆر بە جدی گفتوگۆی لەسەر بکرێت و بنەماو بناغەی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە بن بڕ بکەین و پەکەکەش یاخوا بتوانێت گشت کوردستانمان بۆ ئازاد بکات و ئیمەش لەگەڵی داین بەڵام با لە کوردستانی تورکیاوە دەست پێ بکات سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سەرنجێکی خێرا بدەین لە هەڵویست و کردەوەکانی (PKK)ـە پێش ڕاپەڕین ـ کاتی شۆڕش و بەرخودان و پاش ڕاپەڕین کاتی هاتنەدی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، ڕووی ڕاستەقینەی پەکەکەمان بەباشی بۆ دەردەکەوێت کە چەند دژ بە گەلە ستەمدیدەکەمان کاری تیرۆریستانەی ئەنجام داوەو خیانەتی گەورەیان لێ کردووین کە تەنها لەوان دەوەشێتەوە... هەر لە دەست پێکردنی پروپاگەندە دژ بە شۆڕش تا هاوکاری کردنی دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ڕژێم، تا کار گەیشتە ئەوەی ڕێگا لە چالاکی پێشمەرگایەتی بگرن وبەنامەردی کۆمەڵێک کادری پێشکەوتووی ڕۆژی تەنگانەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرژێم تەسلیم بکەنەوە و پاشان شەهید کردنیان... پشتیوانی نەکردنیان لە ڕاپەڕینی سەرتاسەری جەماوەری کوردستان و هەڵویستی سلبیان بەرامبەری، پاشان دژایەتی کردنی ئاشکرای پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان تا کار گەیشتە شەڕی ڕوو بەڕو و هێرش بردنە سەر دەزگا شەرعیەکانی هەرێم و تۆقاندنی هاولاتیان بەکاری تیرۆریستیان پاش زیاتر لە حەوت ساڵ بەوەشەوە نەوەستان دژایەتی نەک تەنها مرۆڤی کوردیان کردوە بەڵکو دژی هەموو زیندەوەرێک و بونەوەرێکن لەسەر ئەم خاکە پیرۆزەدا هەر لە ڕفاندن و کوشتنی ئاژەڵ تا سوتاندنی ڕەزو باخ و کێڵگەکان و خانووبەرەی برا جوتیارەکان و گوندنیشەکان... هەندێ کەس هەر بە گومان بوون و بەتەمابوون ڕۆژێک پەکەکە واز لەم کارە تیرۆریستانەی خۆی بهێنێ.

بەڵام کۆنگرەی ئەم دواییەی پەکەکە و قسەی سەرکردەکانی دوای ئۆجەلان و قسەکانی خودی ئۆجەلان لە دادگا ئەم گومانەی پوچەڵ کردەوەو دەریان خست کە هەر هەمان ئامێری پێشوون بەدەست دوژمنانی گەلەکەمانەوە بەردەوام بەکاریان ئەهێنن دژ بە ئەزموونی کوردستان، ڕووداوەکانی ئەم دواییە لە شەهید کردنی منداڵە بێ باوک و ئەنفال کراوەکانی گوندی بازی و تەقەکردن لە ئاژەڵ و هاولاتیانی شارۆچکەی حاجی ئۆمەران و کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە ئاژەڵەکانیان و تەقەکردن و تۆپ بارانی کوێرانەی پەکەکە لە دانیشتوانی حاجی ئۆمەران و شەهید و بریندار کردنی ژن و منداڵ و دانانەوەی مین لەسەر ڕێگای هاتووچۆی کێڵگەکان دا جا ئەم کردارە ڕەشانەی پەکەکە هەڵویستەیەکی باشی ئەوێت و، وا پێویست ئەکات گوشارێکی جەماوەری زیاتر بخرێتە سەر (گەریلا) سەر لێشێواوەکانی پەکەکەو خەڵکی کوردستان هەموو هەست بە خەتەرناکی کارە تیرۆریستییەکانی پەکەکە بکەن لەسەر هاولاتیانمان بەتایبەتی دانیشتوانی گوندە سنورییەکان، بۆیە وای بەباش دەزانم هەموولایەنەکان بەبیروبۆچوونی جیاجیایانەوە بەشداری دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بکەن بۆ ئەو ئەرکە نیشتمانییەی دژ بە کارە

تیرۆریستییەکانی پەکەکەو ئاشکراکردنی، کە ئەمڕۆ ئەرکێکی پیرۆزی ئاینی و نیشتمانی و نەتەوەییە، چونکە ئەرکی پەکەکەو ئەفکاری تێکدەرانەی پەکەکە مەترسییەکی هەنوکەییە لەسەر ئاین و نیشتمان و نەتەوە.

هیچ نەبێت ئەو لایەنانە بەهۆی ڕاگەیاندنەکانیانەوە لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە کە لە کوردستانی ئازادا بەبێ هیچ چاودێرێک بەکاری دەهێنن بەو ئەرکە هەلسن، ئەوانەی شەهید کراون و ئەکرێن خەلکی چەوساوەو زەحمەتکێشن جوتیار و هەژارەکانن ئەی ئەوانەی گوایە پارێزگاری لە چینی چەوساوە دەکەن لەکوێن؟

ئەو شەهیدانە زۆربەیان ژن و منداڵی بێ دیفاعن و موسلمانن کە مامۆستای مزگەوتیشیان تێدابوو یاخود مزگەوتەکان چۆڵ ئەکرێن، ئەی ئەوانەی گوایە بەرگری لە موسلمانان دەکەن لە کوێن خۆیان مات کردوەو بۆچی فزەیان لێوە نایەت؟، یاخود لەناو شاری هەولێر لەسەر جادەی شەستی و سی مەتری و ناو بازاڕ زۆر بارەگا هەیە کە سەربازگەن نەک بارەگا چەندین کەس بەجلی شڵەو بڵەوە بە چەکەوە وەستاون جاروباریش مورە لەهاولاتیان دەکەن کە بۆیان بلوێت دەبا بچن کەرەتێکیش مۆرە لەو شاخە سنوورییانە بکەن کە گومانی بونی پەکەکەی تیادا دەکرێت.

با ئەو لایەنانەی کە لە کابینەی سێیەمی حکومەتی کوردستاندا بەشدارن لە ڕاگەیاندنەکانیانەوە تاوانەکانی پەکەکە باس بکەن بەو شێوەیە هاوسۆزی خۆیان بۆ گەلەکەیان و پاشماوەی زەرەرمەندەکان و حکومەتی هەرێم دەربڕن.

باشەرەفی قوربانی و خوێن دانەکەیش هەر بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و سوپای حکومەتی هەرێم و دەستی پۆلاینی کورد بمێنێتەوە کە زیاتر لە نیو سەدەیە بەسەر بەرزییەوە پارێزگاری کوردو کوردستانیان گرتۆتە ئەستۆ.

ئەوەی جێگای داخە لەم دوایەدا لەناوچەی باڵەکایەتی و شوێنەکانی تری ژێر دەسەلاتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە چەکدارەکانی پەکەکە ئاشکراو بەسەیارە و بەڕۆژ هاتونەتە سەرنێوان خەتی تماس و شەو هێرشیان کردۆتە سەر ئەو گوندانەی کە کەوتونەتە ژێر دەسەلاتی شەرعی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەوتوونەتە شەهید کردنی هاولاتیان و ئازاردانیان نەک هەر ئەمە دیسان بەداخەوە هەر لە ژێر دەسەلاتی ئەوان بارەگاکانیان هەر ماوە تەدریب پێکردنی چەکدارەکانیان هەر بەردەوامەو چالاکییان هەیە خەلکی ئەو ناوچانە هەلدەخەلەتێنن و چەکداریان ئەکەن، ئەمانە هەمووی دژ بە ڕیککەوتنی واشنتۆنی میژوو‌ییە کە خالێکی گرنگی هاوکاری نەکردنی پەکەکەیە.

جگە لەوەی لەوێوە دێن کوردی کوردستانی عیراق شەهید دەکەن و گوندە ئاوەدان کراوەکانی دەسوتێنن کە ئەوەیش دژ بە هەموو خواستێکی نیشتمانی و نەتەوەییە هیواداریـن کە سەرانی یەکێتی دەست لەم کارە بکێشنەوە تا ڕێککەوتننامەی واشنتۆن ڕێچکەی خۆی بگرێت و بە ئامانجی ئاشتی و تەبایی و برایەتی بگات، ئەو ناوچانەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان

تیایدا بالاّ دەستە چەکدارەکانی پەکەکە بە ئاشکرا بە ئوتۆمبێل و رۆژی نیوەرۆ هاتوونەتە نێوان هێلی تەماسی پارتی و یەکێتی لەوێوە هێرشیان کردۆتە سەر بارەگاکان و گوندەکانی ژێر دەسەلاّتی شەرعیەت و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بۆتە هۆی شەهید کردنی هاوولاّتیان و تێکدانی زۆر شوێن و خانوو بەرە، نەک هەر ئەمە دیسان بەداخەوە هەر لەژێر دەسەلاّتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا بارەگاکانیان ماوەو شوێنی مەشق کردنیان ماوە، مەشق بە چەکدارەکانیان دەکەن و هەر بەردەوامن لە پڕۆپاگەندەو هەڵخەڵەتاندنی ئەو خەڵکانەی لەژێر دەسەلاّتی یەکێتی دایە بۆئەوەی چەکدار بن و بیاندەن بە کوشت و هەرێمی کوردستانیان پێ کاول بکەن ئەمانە هەموویان دژ بە ڕێککەوتنی واشنتونی مێژووییە کە خاڵێکی گرنگی هاوکاری نەکردنی پەکەکەیە، جگە لەوەی لەودیوەی کورستانی عێراقدا ئەوانەی کە پەکەکە شەهیدیان دەکەن خەڵکی کوردستانی عێراقن و گوند نشینن وئاوەدانکراوەکانی کوردستانی عێراقن کە ئەمەش دژ بە هەموو خواستێکی نیشتمانیی و نەتەوەییە هیوادارین سەرانی یەکێتی دەست لەو کارە بکێشنەوەو تا ڕێککەوتنامەی واشنتون ڕێچکەی خۆی بگرێت و بە ئامانجی ئاشتی و تەبایی خۆی بگات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ شێخ جەعفەر، مامۆستا مەلا موحسین فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین خالد مستەفا موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ فیتنەو رووداو هەیە بەپێی فەرمایشی پێغەمبەر (د.خ) ئەگەر سەرەتاکەی ناخۆش بێت لەبەرچاودا لەوانەیە داهاتووەکەی ببێتە مایەی ئاکامێکی باش، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت: (لا تكرهوا الفتنة فإنها حصاد الفساد). خەڵکێک فریو خواردووی ئەو هەموو دروشمە بریقەدارانە بوون کە ئۆجەلان و گروپەکەی بەرزیان دەکردەوە لە کوردستاندا و سەرانسەری ولاّتاندا من باوەڕم وایە ئەو کوردانەی لە دەرەوەی ولاّتن زۆربەی زۆریان بیریان لەوە نەکردۆتەوە هەرگیز رۆژێک بێتە پێشەوە بە ئەزیەتیکی کەم سەرکردەکەیان بەناو وای لێ بێت کە ئەو هەموو (تەنازول)ە بکات و خۆیان روویان نییە سەرهەڵبڕن و هیچ کەسێکیش ناتوانێ بەرگری لەو هەڵوێستانە بکات تەنیا پەکەکە خۆی نەبێت، چونکە لە کاتێکدا کە سەرکردەکەیان گیرا ئەوان بڕیاریان دا بەردەوامی لە خەبات و شۆڕش و بەرگری کردنیان لەو مەرامانەی کە خۆیان مەبەستیانە بیکەن و خەباتی چەکداریان بەردەوام بێت، بەلاّم کاتێک کە گوێیان لێ بوو بەرامبەر بە هەموو کامێرەکانی دونیا سەکردە نەتەوەییەکەیان وتی من واز دەهێنم و تەنازول دەکەم چۆنم بەکاردەهێنن بەکارم بێنن هەموو سەرکردایەتی سیاسی ئەو بزوتنەوەیە بڕیاری دا کە قسەی رابەرەکەیان ئەوە شتێکی پەسەندەو شیاوەو کەواتە ئێمەش لەگەڵ ئەوداین و ئەو چی گوتووە ئێمە جێبەجێی دەکەین ئەمە نیشانەی (تەخاذوله) لە دەسەلاّتێکی گەورەوە بەرامبەر بە میللەتەکەیان

و ، ئەم ئەمانەتەش کە هەیان بووە ئەو هەموو پەیمانەش کە لەگەڵ خەڵکدا کردوویانە (وافوا بالعهد ان العهد کان مسؤلا) هەر بەرامبەر دونیا بەرامبەر بە خوا نا کە ئەوان زۆربەی زۆریان بڕوایان بەو مەسەلانە نییە، بەرامبەر بەو خەڵکەی کە دەیناگووت ئێمە هەموو کوردستان رزگار دەکەین ئێستا چ ئامانجێکی نەتەوەکەیان هاتۆتە دی تا چەکداری واز لێ بێنن؟، بەڵام لەسەر حسابی ئێمە هەمووی بێننە ولاتەکانی ترو کوردستانی عێراقەوە بۆیە خوای گەورە هەندێ جار تاقی کردنەوە دێنێتە بەردەمی سەرکردەکان و ئەو خەڵکانەی کە خۆیان بەسەرکردە دەزانن بۆئەوەی راستی بۆ خەڵکێکی نەشارەزا یان نەفام یان فریو خواردو دەربکەوێ یەکێک لە هەڵوێستی مرۆڤی رابەر ئەوەیە کە هەرگیز بە گەورەیی و فیزو دەمارەوە قسە لەگەڵ خەڵکدا نەکات ئەو کابرایە کە قسەی دەکرد لای لەملا دەکردەوە رووبەری ئەو کەسە نەدەبوو کە قسەی لەگەڵدا دەکرد، زۆر جار هەبوو بە فیزو دەمارێکەوە قسەی دەکرد وایدەزانی ئەو دونیایە ئەبێ هەتا قیامەت هەر لە ژێر پێی ئەودا بێت ئەو بە ئارەزووی خۆی حوکم و فرمان ڕەوایی تیادا بکات نەیدەزانی کە خوا موحاسبەی ئەو حاڵەتەی دەکات (فلا تصعر خدك للناس، ولا تمشي في الارض مرحا، إن الله لا يحب كل مختال فخور) ئەوەی کە شانازی بکات بە فیزو دەمارەوە سەیری خەڵک بکات خەڵکی لەلاوە بێ نرخ و بەها بێت خواش زەلیلی دەکات لەبەردەستی دوژمنەکەیدا. ئەوەی کە یارمەتی زاڵم بدات خوا زاڵمەکە زاڵ دەکات بەسەریدا پێغەمبەر دەفەرمووێت (الظالم سيفي أنتقم به وانتـــقم منه) ئەم شمشێرەی تایبەتی کە خوای گەورە باسی دەکات و لە حەدیسی قودسیدا پێغەمبەر گێڕایەوە ئەوە زاڵمی پێ لەناو دەبات خوا خۆشی لەناو دەبات ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە لەگەڵ ئەوەدا بین رژێمێکی زاڵم بتوانێت میللەتێک بچەوسێنێتەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەبێ ئەوە بزانرێ کە هەرکەسێک بەدرۆ دروشمی بەرز کردەوە خوا پاش ماوەیەکی کەم درۆیەکەی پێ دەردەخات، ئەو هەموو نارەحەتیانە و گەلێک لەوە زیاتر دوچاری سەرکردەکانی کورد بوو لە کوردستانی عێراق و تورکیاش ئەو سەرکردە مەزنانە کە لە ئەوپەڕی نارەحەتیدا دووچاری ئەشکەنجەو لە سێدارەدان و سزادان و دەربەدەری بوون کەسێک راگەیاندێکی هەڵەی لێ نەبیستن کە ئەمڕۆ لەسەریان گران بکەوێت یان میللەتانی تر روویان هەیە بڵێن ئەمانە سەرکردەو رابەری ئێمە نین لەسەروی هەموویانەوە شێخ سەعیدی پیرانەو هەتا مەلا موستەفا کەسێک نەیبیست لە کاتی تەنگانەو نارەحەتی دا قسەیەکی وا بکات کە بڵێن ئەمڕۆ حاشایان لێ بکەین روومان نییە بڵێین ئەوانە بەراستی کردەوەیەکی خراپیان کردو تەنازولیان کرد، بۆیە حەق وایە ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا گرنگی و بایەخ بەم بابەتە لەلایەنێکی ترەوە بدرێت تەنها باس کردنی لە پەرلەماندا هەموو جارێک دووبارە دەکرێتەوە ئەمە رۆتینێک دەدات بە خەڵکی، بەڵام لە ئاستی بەرپرسیەتیدا نییە دەیان حزبی سیاسی هەیە ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراق و دەیان رێکخراو و رێکخراوی جەماوەری هەیە بە دیندارو بە رێکخراوی جەماوەرییەوە بەوانەی کە خۆیان بە خاوەنی ئەو بارەو ئەزموونە دەزانن لە کاتی قسە کردندا هەمووی سنگ دەردەپەڕێنێت

خۆی به بەرپرس دەزانێت له کاتی بەرپرسیەتی دا هەمووی دەڵێت ئێمه ناگرێتەوه تەنها لایەنێک دەگرێتەوە حەق وایه کۆنفراسێکی گشتی بکرێت ئەم کۆنفراسه دوو سێ رۆژ بەردەوام بێت که بەقەد ئاووکارەبا گرنگه ئێمه دەتوانین بەبێ کارەبا بژین و راسته ژیانمان نارەحەت دەبێ ئازارمان پێ دەگات لەوانەیه هەرچۆنێک هەبێت ماڵێک بتوانێ به دۆڵکه ئاوێک تا ئێواره بەسەری بەرێت، بەڵام ئەگەر ئەمنیەتی سنوورو کیان وعیزەت و کەرامەتمان هەمووی هەرەشەی لێ بکرێت و لەلایەکی تریشەوه رووبەرووی فیتنەیەک ببینەوه که سبەی کورەکان و رۆڵەکانی گەلی کوردمان نەتوانن لەو نارەحەتیه خۆیان دەرباز بکەن بۆیه دەبێ هەوڵێکی تری بۆ بدرێت که بتوانین کردارێکی عەمەلی و بریارێکی عەمەلی پەسند بدرێت لەلایەن ئەو کۆنفرانسەوه که هەموو لایەنەکانی تیادا بەشدار بێت بزانین چییه؟ بزانین چی بکرێت باشه؟، چ پێشنیارێک بکرێت به سوودە هەر کەسە پێشنیاری خۆی هەمووشی پابەندی هەبێت، ئەوەی پابەندیشی نەبێت بەو بریارانەوه با له کوردستانی عێراقدا بەشداری له خێرو بێرەکەیدانەکات بۆ له خێرەکەدا بەشداره بەڵام لەکاتی نارەحەتیەکەدا خۆی لێ دوور دەخاتەوه؟ چی لەمه نارەحەت تره که قورئان باسی دەکات (ویهلکون الحرث والنسل) ئەوەی که برایانی بەرێز پێش ئێستا باسیان کرد پێویست ناکات من دووبارەی بکەمەوه له هەرچی فەساد هەیه ئەوان کردیان هەتا ئاژەڵ و پرد روخاندن و خەڵکی بێ تاوان کوشتن و خەڵکی بێ چەک کوشتن و دەربەدەرکردن، چی لەمه نارەحەتتر هەیه که ئەمه هەمووی کرا بەرامبەر بەم میللەته بۆیه حەق وایه ئەوانەی که خاوەنی هەستن ئەوانەی که خاوەنی دینن ئەوانەی که خاوەنی عەقیدەن ئەوانەی که خاوەنی بروان هەر هەموویان هەڵوێستێکی گونجاویان هەبێت و لێرەشەوه من داوا له وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی دەکەم که ئەوه به ئەرکێکی گرنگی ئەوان دەزانم که هەوڵێکی جیدی بدەن به تەنسیق لەگەڵ زانایاندا بۆئەوەی ئەو بابەته زۆر بەراشکاوی روون بکرێتەوه له هەموو مینبەرەکاندا له هەموو کۆرەکاندا بۆئەوەی سەرانسەری کوردستانی ئێمه لەو راستی یه حاڵی ببێ که ئەمانه نەک راستیان نەکرد بەڵکو خۆیان خۆیانیان بەدرۆ خستەوه، سوپاس بۆ خوا ئیتر پێویستیان نەما که ئێمه بەدرۆیان بخەینەوه، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ مامۆستا مەلا موحسین، کاک شمائیل فەرموو.

**بەرێز شمائیل ننو بنیامین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من به کورتی قسه دەکەم: في الوقت الذي كنا نتطلع لحل المشاكل التي نعاني منها في كوردستان العراق كمخلفات لسنوات طويلة من القهر والإضطهاد مع شديد الاسف أضافت سياسة حزب العمال الكوردستاني مشكلة أخرى الى مشاكلنا متمثلة بالخسائر المالية والبشرية نتيجة إقتتال إضافة الى عدم الإستقرار حقاً من المؤلم أنه بعد سبع سنوات من الحرية

وحكمنا لأنفسنا أن لا يستطيع أهالي بعض القرى من العودة الى اراضيهم والاستقرار فيها.
أيها الأخوة، لن نجافي الحقيقة إذا قلنا بأن السلام والمصالحة الوطنية في كوردستان العراق هو الافضل بل السبيل الأوحد لقطع الطريق على الكثيرين وحل كثير من المشاكل وبضمنها مشكلة (پەکەکە) لذلك اناشد ونحن نعيش أجواء يشوبها بغض الفتور أو يمكن القول بعض التصعيد في الفترة الأخيرة قيادة الحزبين الى تجاوز الخلافات والإسراع في إحياء عملية السلام وتحقيق المصالحة كما أرى من الضروري ان اناشد مخلصاً ومن منطلق الحرص الاخوة العسكريين وقيادة الحزب الديمقراطي الكوردستاني التريث في موضوع إخلاء بعض القرى لضرورات عسكرية كما هو التوجه حالياً في منطقة نهلة ومحاولة ايجاد طرق اخرى بدلاً عنها لأنه هناك تبعات غير ايجابية كثيرة في هذا الموضوع وتلحق الاضرار بمواطنينا ولا اريد ان ادخل في تفاصيل ذلك.
أخيراً أكرر مرة أخرى كما قلنا دائماً دوعوتنا الى قيادة (پ.ك.ك) بالكف عن سياساتهم هذه فساحتهم النضالية ليست هذه الساحة والخصوصيات أصبحت امر واقع تفرض مراعاتها، شكرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شەمائیل، شەفیقەخان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر بەداخەوە لەم رۆژەدا کە ئێمە دانیشتوین باسی ئەو حزبە بکەین کە بەربەرەکانێ لەگەڵ میللەتی کورددا دەکات لەو ئەزموونە پیرۆزەی کە کوردی عێراق بەدەستی هێناوە لەم رۆژە ناسکەدا لە جیاتی پشتگیری کردنمان و دەستی یارمەتی درێژ کردن بۆمان ئەکەونە بەربەرەکانێ، بوونەتە مقاش بەدەستی بێگانەو ناحەزان و نەیارانی کوردەوە. لەم مینبەرە پیرۆزەوە داوا لەو کەسانە دەکەم کە مقاشێکی گەرمن ئەمڕۆ بەدەستی ناحەزان و بەدەستی دەوڵەتە ئەقلیمییەکان کە چواردەوری کوردیان گرتووە بە خۆیاندا بچنەوە بەتایبەتی سەرۆکەکەیان، زۆر جێگای داخ و نیگەرانیمە لێرە، چونکە کە هەریەکێک کە خۆی بە سەرۆکی حزبێک زانی بێت کۆمەڵێک خەڵکی دابێت بە کوشت و بەربەرەکانێی خەڵکی تری کردبێ بۆ هێنانەدی ئازادییەکەی کە گیراو بەردەست کرا بەو شێوەیە تەنازولی نەکردو سوژدەی نەبرد و داوای هیچ شتێکی نەکرد کە بیەوێ دەستی دوژمنەکەی خۆی بگرێ کە ئێستا بەناو لەگەڵ ئەودا بووەو داوای مافی کردووە، بەڵام ئەمڕۆ دەیەوێ دەستی یارمەتی لەو وەربگرێت داوای یارمەتی لێ بکات کە ئیشی لەگەڵدا بکات و بەربەرەکانێی میللەتێکی چەوساوەی وەکو ئێمە بکات کە ئەمڕۆ شتێکمان بەدەست هێناوەو خاوەن پەرلەمان و حکومەتێکین بە خوێنی هەزارەها شەهید، بە خوێنی هەزارەها ئەنفال کراو کە ئەوەی لە پاشماوەی ئەنفالەکانی رژێم مایەوە ئەو کورە گەنجانە بوون کە لە سکی دایکیان بوون و لە ساڵی (١٨٨٣) لە دایک بوون بۆ بژێوی ژیانیان کەوتنە کەژ و کێو، ئەوان گرتیانن و سەریان

برین و ئەشکەنجیان دان و بە (سەلی) فیشەکیان لێ خەسار کردن زۆر جێگای داخە. هەروەها کۆرپەی ساوا کە دەمی بە مەمکی دایکیەوەیەتی کە تاکە لانەیەکە تیایدا بحەسێتەوە خۆشەویستی تیا وەربگرێت لە خەوی شریندا بە گوللەی ئەوان بکوژرێت، جگە لەوەش ئەی هاوار ئاژەڵ چ تاوانی هەیە، چونکە رۆڵەی کوردی ئێمە دەیخوات ئەی ئاوەکان چ تاوانیان هەیە؟ چونکە کوردی ئێمە دەیخواتەوە چونکە درەختەکان پێی ئاو دەدەرێن ئەمانە هەمووی بوون بە دوژمنی ئەوان بۆچی ئێمە داوامان دەکرد لەو خوایە کە ئێمە خاوەنی ئەوەین نەختێکمان ئازاد کردووە ئەوانیش لە تورکیا جێگای چوار چادریان ئازاد بکردایە بۆئەوەی ئێمەش دەستی یارمەتیمان درێژ بکردایە بمانتوانیبایە جێگای دوو چادری تریان لەگەڵدا ئازاد بکەین داوایان لێ دەکەم وەکو چۆن سەرۆکەکەیان دەست بەرداری هەموو مافێکی کورد بوو، لە مینبەری دادگاوە هاواری کرد مەمکوژن با بمێنم بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردی دروست نەبێت ئەمجارەیان بە خۆیدا بچێتەوە پەتی سێدارە ئەو پەتە نییە کە بۆ ئازادی بکرێتە ملی جێگەی سەر بەرزییە نەک تەنازولی بۆ بکات هەروەکو قازی محەمەدی نەمرو هەمیشە زیندوو کە پەتی سێدارەی کردە ملی خۆی بۆ ئەوەی نەتەوەکەی رزگاری بێت نەک گوتی من بهێڵنەوە با میللەتەکەم بفەوتێ و هەروەها مەلا موستەفای نەمرو هەمیشە زیندوو باوک و پێناسەی کورد کەهەرچی چەرمەسەری و ئازارو ئەشکەنجەو دەربەدەری سۆڤیەت و ئێران و ئەم وڵات و ئەو وڵات نەمانەیچێژی، کە عەمری خواشی کرد لە خاکی خۆیدا جێگای نەبۆوە بنێژرێ هەتاکو ئازادییمان وەرگرت و بەرەو لانەی دایک گەڕایەوە، هەروەها شێخ سەعیدی پیران کێ و کێ و کێ باس بکەم بۆ نموونە تاکە ئافرەتێک دەهێنمەوە کە ئەویش شەهید لەیلا قاسم بوو کە چووە بەرپای سێدارە بە کوردستان یان نەمان رۆیشت نەک وتی بەرم بدەن منیش دەبم بە سیخور ئەچمە ناو خوشک و براکانی گەلی کوردمەوە باسی چیتر بکەم هەرچییەک بلێم هێشتا تەواو نابێت.

بابێینە سەر باسی قوتابخانەکانمان ئێمە کە شۆڕش دەستی پێ کرد قوتابی لە ژێر درەختدا لە شاخەکان بە فەرمانی شۆڕش قوتابی فێری خوێندن دەکرا بۆ ئەوەی کورد لە کوێری رزگار ببێت، چونکە چەک ئازادمان ناکات تەنیا رۆشنبیری تەنیا (وعی) نەبێ و لە ئەشکەوتدا دەخوێنێت با دڵیان خۆش نەبێت ئەگەر قوتابخانەش بڕووخێ ئەشکەوت دەمێنێ ئەگەر ئەشکەوتیش بڕوخێ ژێر درەخت دەمێنێ ئەوان بەرەو خراپە بڕۆن خراپەکاری زۆر بەردەوامی نییە سەگی هار پەرژین بێ چل رۆژی عومرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ شەفیقەخان، کاک جەمیل سندی با بفەرمووێت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نامەوێ ئاخاوتنی بەڕێزان شێخ جەعفەرو د.رزگار دووبارە بکەمەوە. دەربارەی سەربەستی

وڵات هەر جار لە پێش سەربەستی ئابووری دێت، رەوشا ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و چاندن و دەرامەت و تۆچین خودان کردنا تەرش وتەوالی دێتن، لە دوای سەربەستی کوردستانی عێراق و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژ بەرۆژ پەکەکە دوژمنایەتی خۆی زیاد کرد چونکە ئەو دامودەزگایە دوژمنی کوردن سەر بە موخابەراتی دەوڵەتی دەورو پشتن بەتایبەتی هی عێراق و سوریاو ئێران، لە کوردستانی عێراق نایەلن گوندەکان ئاوەدان ببنەوە، هەروەها کوشتنی شوفێری تراکتۆرو کوشتنی چێل و بردنی تەرش وتەوالی لە دەڤەرێدا تاکو تەناهیا ئابووری چاک نەبێت و لەگەڵ تەناهیا گشتی و رامیاری.

دادگایی کردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە تورکیا ئەگەر دادوەری هەبێ دەبێت نەک جارێک لە سێدارە بدرێت بەڵکو سەدهەزار جار لە سێدارە بدرێت لەبەر تاوانەکانی ئەو و پەکەکە هێشتا کەمە. هیوادارم بەرێز سەرۆکی پەرلەمان یادداشتنامەیەک لە پەرلەمان پێشکەش بکرێت بۆ هەر سێ دەوڵەتی هاوپەیمان (ئەمریکا ،تورکیا ، بریتانیا) دەبێت پاراستنی ئێمە زیاتر بکرێت و هاوکاری ئێمە زیاتر بکرێت دەربارەی ئەو دڕندایەتییەی پەکەکەو هەڤاڵانیان. هەروەها یادداشتنامەیەک پێشکەش بە (UN) و دەزگاکانی مافی مرۆڤ بکرێت بۆ تاوانبارکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان و تاوانەکانی پەکەکە و پتر هاوکاری کردنی میللەتی هەژاری کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک جەمیل کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان. ساڵی (١٩٢٠) کە پەیمانی سیڤەر هاتە ئاراوە و باس لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکرا لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی تازە دابەش کراو، کە باسی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئەکرا هەرچەندە هەموو کوردستانی نەدەگرتەوە بەڵکو باسی بەشێکی بوو، هەرچەندە ئەوە بەداخەوە وەکو مەرەکەب لەسەر کاغەز مایەوەو بەبێ ئەوەی جێبەجێ بکرێ، بەڵام بووە جێی شانازی هەموو میللەتی کورد و ئێستاش لەناو کوردان ناوی سیڤەر بەناوێکی پیرۆز ئەژمێردرێت بۆیە خەڵک کە یادی ئەو رۆژانە دەکاتەوە یادی شتێکی پیرۆز دەکاتەوە، چونکە ئەگەر بە رواڵەتیش بێت بەتەنگ چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە هاتبوو، کاتێک کە باسی کۆماری مهاباد دەکرێت هەرچەندە (١١) مانگ کۆماری مهاباد درێژەی کێشا سەرەڕای ئەم کەموکوڕیانەی لەناو کۆماری مهاباددا هەبوو، بەڵام کۆماری مهاباد جێی قیبلەگای هەموو کورد بوو بەتایبەتی لەلایەن شۆڕشگێڕانی کوردستانی عێراق و بارزانی نەمرو یاوەرانییەوە، بوون بە قەڵغانێکی پتەو بۆ پاراستنی ئەو کۆمارە کەس لە کورد دژی کۆماری مهاباد رانەوەستا کاتێک کە راپەڕینی ساڵی (١٩٩١) بوو لە ئەنجامی ئەو شاڵاوەی کە دوژمن هێنای ئەو راپەڕینە وای کرد کە وڵاتانی ئیقلیمی و وڵاتانی ئاوروپا بەتایبەتی ئاوڕێک لە کێشەی کورد بدەنەوە بۆئەوەی ئەو کێشەیە

زیاتر تەشەنە نەکات ئەوەبوو بڕیاری (٦٨٨)دەرچو، هەرچەندە بڕیاری(٦٨٨) نە لەگەڵ کۆماری مهابادو نە لەگەڵ پەیمانی سیڤەردا بەراورد ناکرێت، بەڵام بڕیاری (٦٨٨) بوو بە بڕیارێک کە لە سایەی ئەو بڕیارەدا توانرا پێش هەموو شتێک ئەو گەلە راپەڕیوەی کەوا چووبوونە سەر سنوورەکان کە پەنایان برد بۆ سەر سنوورەکان بگەڕێنەوە جێگای خۆیان و ناوچەیەکی ئارام دابمەزرێت بەناوی (پرۆڤاید کۆمبفۆرد) هەموو گەلی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بە هەموو حزبە کوردستانییەکانی کە لە گۆڕەپانی کوردستاندا هەن هەموویان پشتگیری ئەو بڕیارەیان کرد تەنها پەکەکە بە بڕیارێکی ئیمپریالی، بە بڕیارێکی دوژمنکاری لەقەڵەم دا و دژایەتی ئەو بڕیارەی کرد و دژایەتی ئەو ناوچە ئارامەی کرد کەوا لە کاتێکدا دەبینین لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بەتایبەتی لە کوردستانی ئێران و لە کوردستانی سوریا ئەو پێشوازییە گەرمەی کە لە جەنابی سەرۆک بارزانی کرا لە شارەکانی کوردستاندا بەتایبەتی لە قامیشلی و ناوچەکانی تری حەسەکە ئەمە خۆی ریفراندۆمێک بوو نەک تەنها بۆ پشتگیری کردنی سەرۆک بارزانی بەڵکو ئیستفتائێک بوو بۆ ئەو ئەزموونەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا لە ئارادایە، بەڵام بەداخەوە پەکەکە تاکە حزبە کەوا دژایەتی دەکات و لە رۆژی دامەزراندنی ئەم حزبەوە بەداخەوە دوژمنایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد دەکات بەتایبەتی دوژمنایەتی ئەو ڕێبازە پیرۆزە دەکات کە ڕێبازی بارزانی نەمرە. پەکەکە ساڵی (١٩٧٨) دامەزرا، ساڵی (١٩٧٨) ئەو ساڵە بوو کە تازە شۆڕشی گولان سەری هەڵدەدایەوە کە بەتایبەتی لەناو کوردستانی تورکیادا خەریک بوو دۆست و لایەنێکی زۆر بۆ شۆڕشی کورد پەیدا دەبوون و هەموومان دەزانین چەندین رووداو لەوناوچانە روویباندا، پەکەکە لەو حاڵەتەدا پەیدا بوو بۆئەوەی ببێتە پارسەنگێکی دوژمنان بۆ دوژمنایەتی کردنی شۆڕشی گولان، لەو رۆژەوە بەداخەوە پەکەکە دەستی کردووە بە دوژمنایەتی کردنی بزووتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتی لە کوردستانی عێراقدا دروشمی بریقەداری زۆر بڵاو کردۆتەوە، بەڵام هەموویان تەنها دروشم بووینە لە چوارچێوەی ئەو دروشمەدا دەرباز نەبووە. من نامەوێ بێم باسی ئەو هەموو کارەساتەو باسی ئەو هەموو رووداوانە بکەین کە لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە ئەوان بەسەر ئێمەیان هێناوە و وەکو داردەستێکی دوژمنان هەموو کاتێک بەکاریان دێنن بۆ دژایەتی کردنی ئێمە ئەوەی کردوویانە وتاکو ئێستا بە رامبەر بە ئێمە بەدەستی دوژمنانی گەلی کورد کراوە، بەڵام کاتێک ناحەزان و دوژمنان کاریان پێی نەما سووک و سەلیم سەودایان پێ کردو وازیان لێ هێنا و، ئومێدەوارم ئەمە ببێتە دەرسێک و عیبرەتێکی گەورە بۆیان بەڵام بەداخەوە دیارە تاکو ئێستاش دەرسیان لەوە وەرنەگرتووە. ئۆجەلان ئامادەیە واز لەو هەموو دروشمە بریقەدارانە بێنێت کە دەیان ساڵە بڵاوی کردۆتەوە دەیان ساڵە سەودای پێ دەکات، دەیان ساڵە مێشکی خەڵکی پێ فریو دەدات، بەڵام ئەو هەموو خوێنەی کەوا کردی بە قوربانی ئارەزووە تایبەتییەکانی خۆی بە هەزاران کەسی بە کوشت دا ئامادەیە واز لە هەموو شتێک بێنێت، ئامادەیە واز لەو هەموو دروشمە بریقەدارانە بێنێت، بەڵام تەنها ژیانی خۆی بپارێزێ، تەنها

سەری خۆی سەلامەت بێت، بەلآم ئامادە نییە تاکو ئێستاش دەست لە دوژمنایەتی کردنی بزووتنەوەی کوردستانی عێراق هەڵبگرێت دەڵێت بە نەمانی من دەوڵەتێکی کوردی دروست دەبێت، ئامادە نییە خۆی بکات بە قوربانی دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی کە ئێمە ئێستا هەموو کورد ئەو ئاواتە دەخوازین ئەڵێین رۆژێک زووتر ئەمە ببوایە ئەوەی لە پەیمانی سیڤەر هاتە کایەوە یان ئەوەی کۆماری مهاباد خۆزگە بە هەموو کەموکورییەکانییەوە ببوایە، بەلآم کیانێکی کوردی هەبووایە، بەلآم بەداخەوە ئەو نیمچە کیانەی کە ئەمڕۆ بۆتە کیانێکی ئەمری واقیع مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت ئەو دەیەوێ ئەو کیانە نەمێنێت.

ئەرکی بەربەرەکانی کردنی شاڵاوی ناحەزان و بە تایبەتی پەکەکە کە بە دەستی ئەوان ئەم شاڵاوو دژایەتی کردنە دەکات بەرامبەر بە ئەزموونی کوردستانی عێراق تەنها ئەرکی پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، لە کوردستانی عێراقدا جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان کۆمەڵێک حزب و رێکخراوی سیاسی و جەماوەری هەن هەروەکو چۆن ئەوان لەبەرهەمی رەنج و خەباتەکە لەگەڵ ئێمەدا هاوبەشن لەگەڵ ئەو بەرهەمە پێویستیشە لە هەمان کاتدا بۆ پارێزگاری کردن لەم ئەزموونە ئەوانەش رۆڵی ئیجابی خۆیان هەبێت. من پشتگیری ئەو هەڵوێستە دەکەم کە بانگەشە کرا بۆئەوەی کۆنفرانسێک یان کۆبوونەوەیەکی گشتی لە کوردستانی عێراقدا لە هەولێری پایتەختی هەرێم ببەسترێت بۆ ئەوەی چ هەڵوێستێک بەرامبەر بە پەکەکەو چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە وەربگیرێت تەنها بە قسە کردن چارەسەری کێشەکە ناکرێت دەبێت هەڵوێست هەبێت، دەبێت بە کردار هەڵوێست هەبێت و ئەوانیش کە ئەو برایانەی لەگەڵ ئێمەدان بەشدارن لە بەرهەمی ئەم ئەزموونە هاوکاری ئێمە بکەن و لە دژایەتی پەکەکە ئەوانیش بەشداری بکەن، چونکە ئێمە دژایەتی ناکەین بەڵکو پەکەکە هاتووە دژایەتی ئێمە دەکات.

باسی رێککەوتنامەی واشنتون دەکرێت راستە جێبەجێ کردنی رێککەوتنامەی واشنتون بەراستی مەبەستێکی زۆر پیرۆزی ئێمەیە، بەلآم بەداخەوە ئەوەی ئێستاکە دەیبیستین و لە رۆژنامەکانی برایانی یەکێتی دەیخوێنینەوە بەداخەوە بۆنی ئەوەی لێ نایەت ئەوان هاندەر بن بۆئەوەی رێککەوتنامەی واشنتون جێبەجێ بکرێت. یەکێک لە برگەکانی ئەوان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئەم برگەیە کەوا چۆن ئێمە بەرەنگاری شاڵاوەکانی دوژمنان و ناحەزان بەتایبەتی پەکەکە رابووەستین، بەلآم بەداخەوە ئەوان خەریکن وا پیشان بدەن کە گوایە ئێمە دستدرێژی کەرین بەرامبەر بە پەکەکە، ئەوان وا هاوکاری پەکەکە دەکەن بۆیە دەبێت لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان داوا بکرێت ئەو تێپەڕکاریانەی لە رێگەی ئەوانەوە دەکرێت رێگەیان لێ بگیرێت. ئەو بەندە کە پەیوەندی بە پەکەکەوە هەیە لە رێککەوتنامەی واشنتون دەبێت (بحذافیرها) جێبەجێ بکرێت، چونکە جێبەجێ نەکردنی هەر بەندێک بە خۆی لەکەدار کردن و جێبەجێ نەکردنی بریارەکەیە.

داوا بکرێت لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناو کوردستانی عێراق وەکو گوتم نەک تەنها بەرەسمی

هەڵویست یان ئیدانەی هەڵوێستی پەکەکە بکەن بەڵکو لەو کۆنفرانسەدا هەڵوێستێکی یەکگرتوو وەربگیرێت بۆ چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی شاڵاوو دوژمنایەتییەکەی پەکەکە.
داوا بکرێت لە پەکەکە دەست هەڵبگرێت لەو دوژمنکاریانەی کەوا ئێستا بەرامبەر بە کوردستانی عێراقی دەکات بۆئەوان شەرمەزارییە، نەنگە کە تا ئێستا ئامادە بن واز لە دروشمە بریقەدارەکانی خۆیان بێنن، بەڵام ئامادە نەبن واز لە دژایەتی کردنی ئەم ئەزموونە پیرۆزە بێنن کە بە خوێنی هەزاران هەزار شەهیدی کوردستانی عێراق و ناوچەکانی تری کوردستان هاتۆتە کایەوە، بۆیە منیش هەر لەگەڵ ئەو پێشنیارەدام لەو کۆنفرانسەدا ئەگەر بتوانرێت شتێکی وا بکرێت و داوای هەڵوێست لە حزبە کوردستانییەکان بکرێت بەتایبەتی لە یەکێتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ د. ناسح، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با بزانین پەکەکە چی لە کوردستانی عێراق دەوێت؟، هەر کوردێکی رەسەن و ناودار ئومێد و هیوای ئەوەیە کە پارچەیەک لە کوردستان ئازاد بێت و تاکو هەموو ژیانی خۆی بۆخزمەتی ئەو پارچەیە تەرخان بکات کە زرگار بووە ، بەڵکوو ببێتە ئەگەری ئەوەی پارچەکانی تری کوردستان رزگاریان بێت ،ئیمرۆ ئێمە دەبینین کە هەموو پارت و رێکخراو و هەموو کوردێکی بەشەرەف و هەموو کوردێکی رۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەند پشگیری و پشتوانی خۆیان دیاری کردوە بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەو ئەزموونەی کوردستان چونکە سەرکەوتنی ئەو ئەزموونە سەرکەوتنی ئەو گەلەیە، پێویست بوو لەسەر پەکەکە ئەگەر خۆی بە پارتێکی کورد دەزانی هەمان بۆچونی هەبایە، بەڵام ئەوان پۆشاکی خۆفرۆشیان کردە بەر، بوونە کرێ گرتەی دەولەتانی دەوروبەری دژمنی کورد، هەموو ژیانی خۆیان بۆ جێبەجێ کردنی پیلانەکانی دوژمنانی میللەتی کورد تەرخان کردوە ، لێرەدا ئێمە زۆر پێمان خۆشە دەست لەو کارانە هەڵگرن و پۆشاکی خۆفرۆشی لەبەر خۆیان داکەنن ،چونکە خودا بەو رۆژە نەکات تێکچونی ئەو ئەزموونە تێک چونی ئەوانیشە، ئەو بانگەشەی ئەوان بۆ کوردستانی گەورەی دەکەن یان سەربەخۆیی دەیکەن بەلام با هەندێک پرسیاریان لێ بکەین ،ئایە کوشتنی مندالان و ژن و هەژاران و پیرە مێردان خزمەتی میللەتی کورد دەکەن ؟یان بە چاندنی مین لە رێگای کانی و رێگای دەرامەتی ئەو میللەتە ئەوان خزمەتی ئەو میللەتە دەکەن؟یان تێکدانی بنکەی تەندروستی و قوتابخانەو بیری ئاو، خۆ پێگای جەندرمەی تورک نین تاکو بێن خراپیان بکەن و تێکیان بدەن،بەلام کاری وان تێکدانی دێهاتی میللەتی کوردە و بەتالان بردنی مەرو مالاتی خەلکێکی هەژارە وەک و نمونەیەک پێش دوو ساڵ لەمە و بەر لە وەرتێ ٧٦ خانووی هاولاتیانیان سوتاند و وێران کردو لە سەتەلایتی خۆیاندا گوتیان کە ٧٦بارەگای پارتی دیمکراتی کوردستانیان سوتاندوە، جا بزانن ئەوە چ راگەیاندنێکە و چۆن

خەڵک بەهەڵەدا دەبەن بەڵام خۆ خەڵک کوێرەو کەرو لاڵ نینە هەمـوو دەزانن کە کارەکانییـان بۆ خزمـەتی دوژمنانی کوردە. سـەر ژمێری تەواو ئامـاژە بەوە دەدەن کە ٣٨ ٪ی ئەو گوند و بنکەی تەندروستی و قوتابخانەو بیری ئاو پرۆژەی کارەبا کە لەلایەن رێکخراوە خێر خوازە جهانیەکان و حکومـەتی هەرێم ئاوەدان کـراونەتەوە ئەوان تێکیـان داوە،بۆ یە پێـوستە کـە دەسـتیـان لە ولاتی ئێمە بکێشنەوە، یان ئێمە پێیان دەڵێین کەنگێ کوردی رەسەن دەتوانێت کە ئاواییەکانی خۆیان بەدەستی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە تاکوو ئەو تێکدەرانە هەبن چونکە وەکوو شاعر دەڵێ:

«متی یبلغ البنیان یوماً تمامە إذا کنت تبنە و غیرك یهدم »

با باش بزانن کـە ئەو کـارە تیـرۆریسـتیـەی ئەوان لە کـوشـتنی هەژاران و منداڵان و ژن و پیـران خـاڵێکی رەشن لە دیرۆکی ئەواندا ئەوە هەمـوو چاندنی داری دوژمن داریە لە ناو مـاڵی هەر کوردێکی رەسەن لە دژی ئەواندا، هیوا خوازم لە خودای مەزن کە یەکەکە بگەرێتەوە سەر رێگەی راست و کاری راست بکاو پۆشاکی خۆفرۆشی لەبەر خۆیدا داکەنێت، لەکۆتایدا پێشنیـار دەکەم ئەو کارە خراپکاریەو تیرۆرستیانە بۆ لیژنەی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتوەکان بەرز بکرێتەوە، سوپاس.

**بـەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس بۆ کاک رەجەب ، کاک رەقیب فەرموو.

**بەرێز رەقیب حسین مەلا:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئۆجەلان لەیەکێ لەدانیشتنی دادگایی کردنەکەیدا گوتی: کارم پێ بکەن مەم کوژن من تەنها کۆسپم لەبەر دەم ئەزموونەکەی کورد لەباکوری عێراق و نەی گوت کوردستانی عێراق هەر وەکوناحەزکان دەڵێن گوتی لە باکوری عێراق سەلماندی کە ئەو دوژمنی بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردە دوژمنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەبێ شەرمانە ، بەڵام پێش ئەوەی ئەو دان بەوە دابنێ حکومەت و میللەتانی دونیان لایان ئاشکرا بوو کە ئەو کرێ گرتەو ئیرهابیە چونکە کەس بەخۆی نەگرت و نەیان توانی بەرگری لێ بکەن

ئوجەلان و یەکەکە بەهەموو توانایان بەبێ قسور دەستیـان بە کوشتن و برینی هاو نیشتمانیان کردوە لە سەر سنورەکان و گوندەکانیـان سوتاندوە، هەروەها قوتابخانەو بنکەتەندروستیـەکان وپردەکانیان رووخاندوە و هاونیشتمانیەکانیان دەر بەدەر کردوە و مەرو ماڵات و ماڵەکانیـان بە تاڵان بردوە وژن و منداڵیـان کوشتوە، ئەمە رێگای کوردایەتی نیە رێگای رێگر و تاوان بارانە ، خوای گەورە لەکەس غافڵ نیە و تاوان باران بە سزای خۆیان دەگەن ، سوپاس.

**بـەرێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن:**

سوپاس کاک رەقیب، کاک سیروان کاکەیی.

**بەڕێز سـەرتیپ مـحـەمـەد حـوسـێن:**
**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـوومـەن.**

ئێمە ئەوە چەندین جارە لەم هۆڵە پیرۆزەدا باسی هەڵوێستی نەیارانەی چەکدارانی پەکەکە و سەرکردە سەر لێشێواوەکەی دەکەین ،و هەموو جارێکیش ئەو راستیەمان بۆ رۆڵەکانی گەلەکەمان و جەماوەری خەڵکی کوردستان دوو پات کردۆتەوە کە ئەوانە تاخمێکی سەر لێشێواون و ئەوانە شۆرش گێرنین بەڵکو شۆرش چەواشە دەکەن ، من زۆر تەمەننام دەکرد کە سەرکردە سەر لێشێواوەکەیان وەکو شۆرش گێرێک لە بەر دەم دادگا بوەستابا بەڵام دەرکەوت کە شۆرش گێر نییە دەرکەوت کە چەتەو رێگرە، چونکە مرۆڤی شۆرشگێر ئەوەی کە خەبات دەکات ئەوەی کە شۆرش دەکات قیەمی شۆرش گێری خۆی دەپارێزێ و دەچێتە ژێر پەتی سێدارە و سەر دانانوێنێ بەڵام دەرکەوت کە کابرا چەتە بووە و رێگر بووە، مرۆڤی شۆرشگێر هەمیشە تا دوا تڵۆپی خوێن سەر دانانوێنێ ، بەڵام چەتەو رێگر هەرکە کەوتە داوەوە دەست دەکات بەپارانەوە،

ساڵانێکی دور ودرێژە گەلی کورد لەکوردستاندا خەبات دەکات بۆ ئەوەی بتوانێ لە سەر خاکی خۆی بە ئازادی بژی و بریاری سیاسی خۆی لەدەستی خۆی دابێت، هەر لە پێناوی ئەوەشدا هەزاران قوربانی داوە تووشی دەیان بگرە سەدان روداوی قر کردن و کوشتن و راگواستن بووە بێ گومان هەموو ئەمانە لەلایەن دوژمنان و نەیارانەوە پیی کراوە و سیاسەتی راگواستن و دەرکردن و ئاوارە کردنی خەڵکیش بەشێک بووە لە پاکتاو کردنی رۆلەکانی گەلەکەمان ، گومان لەوەدانیە کە داگیر کەران ئەوەیان کردوە بۆ نەمانی گەلی کورد، ئەوەی ئێستا پەکەکە دەی کات ئاوەو دەیکا بە ئاشی دوژمناندا وبەشێکە لەو سیاسەتەی کە دوژمنان لە دژی میللەتی کورد دەیکەن ئەوە بوختان نیە بۆ پەکەکەی هەڵدەبەستین، ئەوە راستیەکە کە سەرکردەکەی خۆیان سەلماندی، کاتێ لەپێناوی مانەوەی خۆیدا دەپاریتەوە بۆ ئەوەی کیانێک بۆ کورد دروست نەبێت، لەدوای ئاشکرا بوونی هەموو ئەو سیاسەتانەی پەکەکە بەتایبەتی لەدوای دەست گیر کردنی سەرکردەکەیانەوە، جێگای داخ و ئەسە فێکی گەورەیە کەسانێک و چەند پارتێکی کوردی لەدەرەوە کۆدەبنەوە و سیناریۆیەک دروست دەکەن بۆ ئەوەی بیکەن بە منبەرێک بۆ سەرانی پەکەکە بۆ هێرش کردنە سەر ئەو ئەزموونە ئەوە جێگای داخە من لێرەوە بەو برادەرانە بەو کوردە بەشەرەفانە دەڵێم با بیر بکەنەوە پێش ئەوەی بچنە سیناریۆبەکی ئەوهاوە با بێن ئەم وڵاتە بەچاوی خۆیان ببینن کە پەکەکە چی پێ کردوە و چی دەکات ؟ وە چۆن بۆتە دار دەستی نەیاران و دوژمنان و بەشێکە لەو پیلانە گەورەیەی کە دەیەوێ ئەم ئەزموونە لەناو ببات . خاڵێکی گرنگ کە ئەمرۆ جێگای باس و گفتو گۆیە ئەورەوشە تازەیەی کە ئێستا هاتوەتە کایەوە دەربارەی رێکەوتن نامەی واشنتون من بە برادەرانی یەکێتی نیشتمانی دەڵێم هەر لێکدانەوەیەک هەیە لە بەندەکانی تر دەربارەی هەر خاڵێک تەفسیری تێدا هەیە بەڵام لە مەسەلەی پەکەکە هیچ تەفسیرێکی تێدانیە،زۆر بە روونی تێیدا هاتووە کە ئەمانە نابێ لەژێر دەسە لاتی هیچ لایەکدا بمێننەوە نابێ بنکە و بارەگایان

هەبێت، چونکە بە تەجــروبەش دەر کــەوتووە کــە ئەوانە بەشــێکن لەو پیـــلانە من نازانم چ حکمەتێکی تێدایە کە برادەرانی یەکێتی ئەم وەرەقەی پەکەکە بەکار دێنن بۆ گوشار کردن، حەز دەکەم پێیان بڵێم کە وەرەقەی پەکەکە وەرەقەیەکی لاوازە بگرە هەر سوتاوە ، با بەو وەرەقــەیە گوشارمان نەخرێتە سەر با گوشار نەخرێتە سەر دوا رۆژی ئەو میللەتە، راڤە بۆ بەندەکانی تر هەیە سەر سەر و سەر چاوان با گفتو گۆ بکرێ چۆن مناقەشە دەکرێ با بکرێ پێیدا دەچنەوە پێیدا بچنەوە بۆ مەسەلەی پەکەکە هیچ تەفسیرێکی ترمان نیە و روون و ئاشکرایە ئێستاش بنکە و بارەگاکانیان لەژێر دەستی ئەواندایە، بارەگایان هەیە و جێگای مەشق و تەدریب کردنیان هەیە بلاو کراوەکانیان لەوێ بلاو دەبنەوە کە ئەمانە بەتەواوی ناکۆکن لەگەڵ ناوەرۆکی رێکەوتننامەی واشنتۆن ، باشە رێکەوتن نامەی واشنتۆن بۆ چیە؟ بۆ ئەوەیە کە شەر لە کوردستاندا نەبێتەوە من تێناگەم کە حەواندنەوەی پەکەکە چ قازانجێکی ئەو ئەزموونەی تێدایە ؟ئەگەر قازانجی ئەو ئەزموونەی تێدایە با پیشانمان دەن تا ئێمەش بیان گرینە باوە شەوە، خۆ ئەوە سەرکردەکەیان دەرکەوەت کە دەڵێ دەمەوێ ئەو ئەزموونە لەناو ببەم.

ئەو گەلی کوردە کە ئەو هەموو قوربانیەی داوە ئەو هەموو ماڵ وێرانیەی دیوە ئەنفال و دەربەدەر کردن لەگەڵ ئەوەشەوە کە ئێستا دەیەوێ بگەرێتەوە گوندەکەی خۆی کە خەڵکێک بەخێر بۆی ئاوەدان کردۆتەوە یان بە هەر جۆرێک بووە بەهەر چنگە چرێ یەک بووە چووە دێکەی خۆی ئاوەدان کردۆتەوە، ئێستا پەکەکە جارێکی تر دەچێتەوە سەری و دەری دەکات جارێکی تر دەی کوژێ ئەوەی ئەنفال بەکوردی کردوە لەلای ئەوان کەمە تێریان نەخواردوە وەکوو کورد دەڵێ: سەر کۆتەکەی ماوە ئەوانیش دەیانەوێ سەرکۆتەکەی بهارن، هاڕدراوەو چی تێدا نەماوە. بەداخەوە ئەمرۆ هاریکاری کردنی ئەمانە چ لەسەر ئاستی راگەیاندن و چ ئەو پارتانەی کە لەدەرەوە دەچن لە سیناریۆکانیان بەشداری دەکەن کارێکی ناڕەوایە، شۆرش و کوردایەتی لە ئوتێلەکان ناکرێ بە تەلەفۆن ناکرێ ئێمە ئۆجالانمان نەداوەتە دەستەوە ئێمە نەمان گرتوە، بەتەلەفۆن کردن خۆی خۆی داوەتە دەست، بەراستی دوا قسەشم ئەوەیە کە حەز دەکەم خەڵک ئەو راستیە بزانن نەیارانی کورد با ئەو راستییە بزانن دووژمنانی کورد با ئەو راستیە بزانن هەموو کەسێکیش با ئەو راستیە بزانن کە رەورەوەی مێژوو تازە بۆ دواوە ناگەرێتەوە و تازە ئەو میللەتەی کە ئەو ئازادیەی بەخۆوە دیوە و ئەو هەموو قوربانیەی داوە تا ئەو دام و دەزگایە شەرعیەی پێکەوەناوە وا خەریکە نەوەیەکی تر لەناو ئەو ئازادیەدا پێدەگات و هەوای ئازادی هەڵمژیوە، ئەگەر ئەوانەی کە تاکو ئێستا خەباتیان کردوە کە قەد دەست بەرداری نابن لەرۆژانی سەختدا کردویانە ئەمرۆ ئەو نەوەیەش پێگەییوە کە ئەو ئازادیەیە بینیوە بۆیە ئامادەنیە دەست لەو ئازادیە هەڵبگرێ، جا ئەگەر پیلانی هەرێمایەتی هەیە یان نێو دەوڵەتی هەیە ، ئێمە دەمرین و بە پێوە دەمرین با هەموو خەڵک ئەو راستیە بزانن کە کورد دەست بەرداری مافی خۆی نیە و بەدرێژایی مێژوو دەیان کارەسات و داستان بەسەر ئەو میللەتەدا هاتووە ، بەقر کردن و بەکۆمەڵ کوشتن وازی نەهێناوە وەوازیش ناهێنێ ئەم پیلان و

وەرەقانەش هەر هەموو سوتاون چ ئەگەر پیلانێکی هەرێمایەتیە یان غەیرە ئەقلمیە یان دەرەکیە یان ناوخۆییە گەلی کورد دەگاتە ئامانجی خۆی ئەوە راستیەکە چونکە میللەتێکی زیندووە و سەلماندیشی کە زیندوە زندویەتی لەوە زیندوو تر نابێ کە ئەوەندە قڕکردن و کوشتنی بەسەر داهاتوە هەر مایەوەو هەر دەمێنێتەوە، بۆیە رێنمایی ئەو خەڵکانە دەکەین بەهەموویانەوە کە دەست هەڵگرن لەو پیلانانە و با پەکەکەش بەخۆیدا بچێتەوە هەر نەبێ پاشماوەکانیان با بەخۆیاندا بچنەوە و واز لەم پیلانە بێنن چونکە کورد هەر دەمێنن و ئەو ئەزموونەش هەر دەمێنێت و دەچێتە پێشەوە و ئومێدمان وایە ببێتە ئەزموونێکی تەواو (متکامل)، سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەرێز سەعید محەمەد سدیق هروری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران هەموو بەدرێژی باسی بابەتەکەیان کرد، دژایەتی پەکەکە لە ١٩٩٢ وەوە دەستی پێ کرد و هەتا ئێستاش بەردەوامە مەرامیشیان ئەوەیە کە ئەو ئەزموونە، لەساڵی ١٩٩٨ و تاکوو ١٩٩٩ نزیکەی ٣٨ خراپکاریان لەدژی هاولاتیانی کوردستانی عێراق کردوە ئەمانەش هەندێک نمونەن حەز دەکەم رێگەم بدەن کە بیان خەمە روو ،١ـ لە رۆژ ٩٩/١٢/٤ لەسەر رێگای گوندی سەر گەلێ TNTیەکیان تەقاند و بوە هۆی شەهید بوونی هاولاتی حیدر محەمەد تەها و برین دار بوونی چوار کەسی تر کە ئەمە ناوەکانیانە (عامر محەمەد طاهر، صباح حمدین، خلیل یوسف، رزگار محەمەد طاهر)٢ـ پرۆژەی ئاوی دێرەلوکیان بەTNT تەقاندۆتەوە لە ١٩٩٨/٩/١٠دا. محولەی کارەبای گوندی (گێرێ )یان لە ٩٨/٩/١٢ تەقاندۆتەوە،لەگوندی (حاس تور) لە لێواری زێبار لە دەڤەری ئامێدی مینێکیان لە سەر رێگای خەڵکی شێلادزێ داناوەتەوە ١٤هاوولاتی و دەوارەکانیان فراندوە ئەوەش ناوی ئەو هاوولاتیانەن (فەخری شەکەر، سامی سمکۆ، پەنگین یاسین، حکمەت شەکەر،صادق خەمۆ قتاس،هۆڤان خەمۆ). لە رۆژی ١٩٩٨/٩/٦ TNT یەکیان لە بن گرێدەرێکی شارەوانی ئامێدی کە لەناو گۆرستانێکی برا مەسیحیەکان کاری دەکری تەقاندۆتەوە .لەرۆژی ٢٦ ی هەمان مانگ تانکەرێکی ئاوی سەر بە بەرێوەبەرایەتی ئاویان تەقاندۆتەوە لەئانجامدا شوفێری تانکەرەکە و دوو هاولاتی برین دار بوون.جا زۆر نمونە هەن لەبەر ئەوەی کاتمان نیە ناتوانین هەموویان ئاماژە پێ بکەین.سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ یەحیا با بفەرمووێ

**بەرێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەو کارە نارەوایانەی کە پەکەکە و سەرانی پەکەکە لە دژی گەلی کورد و ئەزموونەکەمان

لەکوردستانی عێراق ئەنجامی دەدەن زۆر زەقو ئاشکران و زۆر گەورەو زۆر دوژمنکارانەیە بەرێزان زۆر لەسەری دوان من گومانم هەیە لەوەی کە خەڵکانێک لەناو خودی پەکەکەش ئەم راستیانە وەکو خۆی بزانن من لەوە گومانم هەیە هەتا لە دۆستانی گەلەکەمان لە دەرەوەی ولات لە خەڵکانێک کە کوردن و ئاوارەن لەخەڵکانێک تا رادەیەک دەتوانم بڵێم لایەن گری پەکەکەش بن من گومانم هەیە ئەوان ئەو راستیانە وەکو خۆی بزانن ، بزانن چۆن بە TNT دوژمنەوە دێن لە سەر کانیەکانی ئێمە یان لە ماڵە هەژارە تازە ئاوەدان کراوە کانی ئێمە دای دەنێنەوە مین دادەنێن و خەڵک دەکوژن و رەشە کوژی لە کوردستانی عێراق دەکەن ،بەراستی بۆ ئاگادار کردنەوەی ئەوانەو ئەو خەڵکە بەرێزانەو لەبەر چر و پری لاپەرەکانی مێژوو لەم راستیە ئێمە وەک لێژنەی مافی مرۆڤ و سکالاکان لەپەرلەمان پێشنیارێکمان هەیە بۆ دروست کردنی لێژنەیەک لەناو پەرلەمان بانوێنەرانی هەموو لێژنەکانی تێدابێت بۆ تۆمار کردن و کۆکردنەوە و ئامادەکرنی هەموو ئەو تاوانانەی کە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢وەو لە دژی گەلی کورد و هاولاتیان و ئەم ئەزمونە ئەنجامیان داوە، هەروەها هەڵوێستیان لە شەر هەڵگیرساندن و لە گوند و ماڵ سوتاندن و بە تالان بردنی سامانی هاولاتیان و لە پردە روخاو و تێکدانی رێگاو بان و لەو زەرەرانەی مین و دانانەوەیان لە رەشە کوژی و کوشتارو برین دار کردنی هاولاتیان و لە سەرجەم ئاوارەکانی دەستی پەکەکە و لە منداڵ رفاندنیان و هەرچی تر کە ئەنجامیان داوە لە کوردستانی عێراق و لە کوێشەوە هاتوون و بە مین و دەینامیتی کێوە هاتوون، هەموو ئەو کارە نارەوایانە تۆمار بکرێ و بکرێ بە نامیلکەیەک و راپۆرتێکی رێک و پێک و بدرێ بە خودی خەڵکانی پەکەکەش بدرێ بەهەموو ئەو ولاتانەی کە هاوکاریان دەکەن بۆ کوشتنی خەڵکێکی موسلمانی بێ چەکی هەژاری ماڵ روخاو لە کوردستانی عێراقدا، ئنجا بدرێ بەهەموو لایەنە سیاسیەکان لە دەرەوە و ناوەوەی عێراق وبدرێ بە رێکخراوی مافی مرۆڤی نێو دەولەتی بۆ ئەوەی هەموو خەڵک تێبگات کە کوردی کوردستانی عێراق سەرەڕای دەیان ساڵ ماڵ وێرانی کوشتن و برین و ئەنفال و کیمیاباران ئێستاش خەڵکانێک بەناوی رزگار کردنی کوردەوە کورد دەکوژن و ماڵی کورد دەروخێنن و با ئەو خەڵکە بزانن کە ئێمە لە خۆرا هاوار ناکەین ئێمە لە خۆرایی ناڵێین ماڵمان دەرووخێنن با ئەو راستیانە بزانن. پر بە دڵیش پشگیری لەو پێشنیاری بەستنی کۆنفرانسێکی گەورە دەکەم کۆنفرانسێک تیایدا داوەت نامە بنێردرێ بۆ هەر کەسێک کە ئارەزووی بەشدار بوونی تێدا هەیە بۆ هەموو لایەنە سیاسیە بەرێزەکان بۆ هەموو خەڵکانی کورد و ئەو کۆنفرانسەش لە پایتەختی هەرێم ببەسترێ و دراسە بکرێ وە دەڵێن (عسێ و لعل)بەیەک دەنگ و بەیەک رەنگ و بەیەک نووسین هەموو لەو کۆنفرانسە بێبنە دەرەوە بە هەڵوێستێکی یەک گرتوو بەرامبەر کردەوەکانی پەکەکە ، سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:-**

سوپاس ، کاک ئیبراهیم سەعید با بفەرموێ.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

شاعیر دەڵێ (اذا انت اکرمت الکریم ملکته وإن اکرمت اللئیم تمردا)دێڕی دووەمی ئەو بەیتە شیعرە سەدا سەد بەسەر تیرۆرستانی پەکەکە تەتبیق دەبێت چونکە هەر لەساڵ ١٩٨١ەوە پارتی دیمکراتی کوردستان هەموو جۆرە هاوکاریەک و یارمەتیەکی پێشکەش بە پەکەکە کردوە بەرامبەری ئەو هەموو چاکیانە پەکەکە هەرچی کاری خراپە هەیە لە دژی پارتی کردی و پەکەکە بوو بە گەمەیەک بەدەستی دەوڵەتانی هەرێمییەوە پیلانەکانی ئەو ولاتانەیان جێبەجێ دەکرد مەبەستەکەشی تەنها تێکدانی ئەو ئەزموونە دیموکراتیە بوو و دژایەتیەکەشی هەموو لایەنە بەشداربووەکانی ئەو ئەزموونەی دەگرتەوە ، لێرەدا حەز دەکەم هەندێ باسی دژایەتی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان بکەم ، هەرچەندە برادەران باسی بەشێکیان کرد یەکەمیان پەکەکە نەی هێشت ٣٠٠ گوندی سنوری ئاوەدان بکرێتەوە هەر لە دوای راپەرینە پیرۆزەکە بە دەیان رێکخراوی NGO بەرەو کوردستان هاتن و دەستیان کرد بە ئاوەدان کردنەوەی هەزارەها گوندی وێران کراو بەلام پەکەکە نەی هێشت ئەو رێکخراوانە لە ناوچە سنوریەکانی نێوان عێراق و تورکیا کاربکەن و گرفتیان لەو ناوچانە بۆ دروست دەکردن مەفارزیان دەنارده ئەو بەری سنوری تورکیادا و تەقەیان لە بنکەکانی تورکی دەکرد و رۆژنامە نووسیشیان لەگەڵ خۆیاندا دەبرد و دەگەرانەوە ناو کوردستانی عێراق هەر بۆ ئەوەی إستفزازی سوپای تورک بکەن تاکو داخلی کوردستان بێت،دووەم، بوون بەهۆی چۆڵ بوونی زیاتر لە ١٠٠ گوند لەبەر ئەوەی زوڵم و دەست درێژیان کردە سەر خەڵکەکەی و بۆمبا بارانیان دەکردن، مینیان لە رێگایان دادەناوە لەبەر ئەوە خەڵکەکە ناچار بوو ئەو گوندانە چۆڵ بکەن وەک گوندی (جەبانکێ و ئەشکەوتێ و گەلێک گوندی تر )ئەوەش وای کردوە کە خەڵکەکە بگۆرێ لە بەرهەم هێنەر بۆ بەکار هێنەر و زەرەرێکی زۆر لە بەرو بوومی کشتوکاڵی بدات ، ئەگەر بێن و باسی پرۆژە حەیەوییەکان بکەین وەک پردو ترومپای ئاو ، تەقاندنەوەی پردی باڵندان لەساڵی ١٩٩٦ حکومەتی هەرێم چاکی کردەوەو جارێکی تر پەکەکە ساڵی ١٩٩٧ تەقاندیەوە جارێکی تر حکومەتی هەرێم چاکی کردەوە، دوو جار تەقێندرایەوە و دوو جاریش لەلایەن حوکومەتی هەرێم چاکراوەتەوە. پردی ئاومارکێیان روخاند لە گەلی باڵندان ئەو پردە جارەکی تر لەلایەن حکومەتی هەرێم چاکراوەتەوە جارەکی تر لەلایەن حکومەتی هەرێم چاکراوەتەوە ، پردی تاڵوکانیان تەقاندەوە لە ساڵی١٩٩٧ لە ناحیەی کانی ماسێ ، پردی ئەشکەفتێیان لە دەڤەری شێخان تەقاندەوە ،هەوڵی تەقاندنەوەی پردی زرێیزەیان کرد بەلام بەتەواوەتی نەکەت و حکومەت جارەکی تر چاکی کردەوە، پرۆژەی ئاوی زبار وگوندی باگێرایان تەقاندەوە ، ساڵی ١٩٩٧تەقەیان لە کارگەی قیری لومان کرد و زەرەرەکی زۆریان گەیاندێ ،لەگەڵ ئەوانەی کە برادەران باسیان کرد وە تەقاندنەوەی تەنکەری ئاو دانانەوەی مین، ئەوە کەمەک بوو لە و کارە چەپەلانەی پەکەکە ، برایان وای بۆ دەچوین کە دوای گرتنی سەرکردەی

تەلەفۆنات و پەیپەر تایگەری پەکەکە کە پێی دەڵێن پڵنگی کاغەز ،عبداللە ئوجەلان پەکەکە لەوانەیە چاو بەهەڵوێستەکانی خۆیدا بخشێنێتەوە و واز لەو کارە خراپانە بێنێت و بەدوای عەقل و مەنتق بکەوێ بەلام وادیارە کە پەکەکە لەسەر ئەو کارە نامۆیانەیان هەر رژدن با هەر سەرێ خۆیان لە چیای گارە بدەن. برایان پارتی دیمکراتی کوردستان پارتێکی ئاشتی خواز و دیمکراتی خوازو میان رۆیە (معتدلە) بڕوای بە وتوویژەکی هێمنانەو عادلانە هەیە لەبەر ئەوە بەرای ئێمە ریکەوتنی واشنتۆن هەموو گرفتەکان چارە سەر دەکات داوا لە یەکێتی نیشتمانی دەکەین کە دوو بارە وەفدەکەی بنێرێتەوە بۆ وتوویژەکانی ئاشتی تاکو هەردوو لا بەردەوام بوون بدەنە پرۆژەی ئاشتی و هەموو بەندەکانی ئەو ریکەوتنە جێبەجێ بکەن تاکو جارێکی تر دوو دڵی و دڵە راوکێ تووشی میللەتی ئێمە نەبێتەوە من ئەوەبە سوار بوونی پاسکیلێک دەشوبهێنم چەند ئەو پاسکلە لە جولەدابێت ئەوەندە هاوسەنگی سوارەکە چەسپاو ترە و ئەگەر راوەستێت باری دەکەوتە نارێکی و ناسەپاوی و دەکەوتە خوارەوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شەفیق ئەمین بابفەرمووێ

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی برایان زۆر لەسەر ئەو بابەتە دوان کە جێگای سوپاسن، پەکەکە و سەرکردە سەر لێشێواوەکەیان عبداللە ئوجەلان دەستیان کرد بەدانانی مین و روخاندنی ئەو پردانەی کە هاولاتیان هاتوو چۆی بەسەردا دەکەن و دزینی منداڵان و کوشتنیان و دزینی ماڵات و سوتاندنی دێهاتەکانی کوردستان ، بەوەش ڕانەوەستان هەڵسان بە تالان کردن و دزینی داو و دەرمان و پێداویستیەکانی ئەم بنکانە:

بنکەی تەندروستی قەسرێ کە هەموویان تالان کرد و هەموویان دزی ، بنکەی تەندروستی حاجی ئۆمەران کە هەموویان دزی و هەموویان تالان کرد ، بنکەی تەندرستی (سێلکێ) ئەمانە هەموویان لەسنوری هەولێردان ، ئەو دیهاتانە کە لەسەر سنوری بادینانن کە بنکەی تەندروستیان تێدا هەبووە ئەو دێهاتانەش تووشی شاڵاوو بارێکی خراپ بوون ئەو داو دەرمانانەی کە بۆ هاولاتیان هاتبوو بۆ ئەوەی لەو بنکانە چارەسەری نەخۆشەکانیان پێ بکەن ئەوانیش کەوتنە بەر شاڵاوی تاڵان کردن، پەکەکە هەتا بەمەش نەوەستان کەوتنە خۆ بۆ گرتنی کارمەندانی تەندروستی لە یاریدەدەری پزیشکی و یاریدەدەری تەندروستی و برین پێچ و پەرستارو هی تریش، ئەوە خۆی لە خۆیدا کردەوەیەکی نا پەسەندە، منیش پشگیری لە پێشنیارەکەی مەلا موحسن دەکەم بۆ ئەو کۆنفرانسە نەک تەنها لەکوردستان بەڵکو لە دەرەوەش بۆ ئەوەی خەڵکانی غەیرە کوردیش بزانن کە ئەمانە چ کردەوەیان کردوە بەرامبەر بە میللەتی کورد لە کوردستانی عێراق و چ دژایەتیەکی دەکەن ، با ئەوانیش بزانن بۆ تەنها ئێمە لێرە بزانین؟ئێمە کادری زۆرمان هەنە لە دەرەوە ، لە

ئەوروپا بارەگـای حـزبیـمـان زۆرن با ئەوانیش هەڵسن جـولەیان هەبێت بۆ نمونە لە ئێـزگـەو تەلەفزیونەکانی دونیادا قسەی خۆیان بکەن بۆ ئەوەی ئەوان روو رەش بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس . کاک حوسێن با بفەرمووێ

**بەڕێز حـوسـێن عـەلی کـەمـال:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

هەر وەکـو روون و ئاشکرایە دەسـەلاتێکی شـەرعی لە کـوردسـتـاندا هەیە، ئەرکی سـەر شـانی حکومـەتی هەرێم ئەوەیە کـە ئەمن و ئاسایشی ناو هەرێم و سـەر سنورەکـان بپارێزێ، بەڵام جێی داخە ئەوە چەند جارێکە لە سنوری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هێرش دەکرێتە سەر بنکەو بارەگاو دام ودەزگـاکـانی حکومـەتی هەرێم لە ناوچە سنوریەکـان، بەتایبـەتی نـاوچەی حـاجی ئۆمـەران و سیـدەکـان وجێگای تر لە لایەن چەکدارانی پەکـەکە، کە هێـرش دێن کـاتێ پ م کـوردسـتـان و هێـزەکـانی حکومـەتی هەرێم بەدوایان دەکەون رادەکەنەوە بۆ ناو خاکی ئێران ئەو هێـرشـانەی کە دەیکەن نە جارێکە و نەدوان ونە سیان، بەڵام ئەوەی راستی بێت کە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران وارثی شەرعی ئیمام خومەینی یە بە هیچ شیوەیەک باور ناکەم کە ئەو کارە نایاسایی و نا دروسـتیە قبـوڵ بکەن کە بەرامـبەر بە خەڵکی بێ دەسەلات و دەست کـورتی هەرێمی کردسـتان دەکرێت، لە بەرژەوەندی مـیللەتی کـوردا نیـە لە بەرژەوەندی دراوسـێیـەتیدا نیـە کـە لە نێـوان کوردستان و ئێراندا هەیە، ئەوەی جێی شادیمانە ئەوەیە کە مقامی کۆماری ئیسلامی بەڵێنیان داوە کە بە هیچ شێوەیەک بوار نەدەن بە پەکەکە کە سنور ببەزێن و دژی خەڵکی بێ گوناح و بێ تاوانی ئەو ولاتەی ئێمە کاری نارەوا ئەنجام بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سـوپاس بۆ کـاک حـوسـێن، ئەو بەڕێزانەی کـە ویسـتـیـان لەسـەر ئەم بابەتە قسـە بکەن تەواو ،سوپاسـتان دەکەین بۆ دیار خستنی ئەو هەستەو پێشاندانی ئەو تاوانانەی کە دەرحەق بە ئێمە دەکرێن لە کۆتایی ئەو دانیشتنەدا پوختـەی ئەو خالانە کۆبکرێنەوە کە خستـتانە روو و ئەوەشی کە داوا کرا جێبەجێ بکرێت، گومان لەوەدا نیە هەروەک زۆر لە بەڕێزانتان ئاماژەتان بۆ کـرد هەڵوێسـتی پەکـەکـە هەر لە سـەرەتای دامـەزراندنیـەوە بەراشکاوی هەوڵی داوە کـە بەربەرەکانێکی راستەو خۆی بزاڤی رزگاری خوازی گەلی کورد بکات بە تایبەتی لە کوردستانی عـێراق، هەر وەک هەمـوومـان دەزانین بەدەیان ساڵە بۆتە مـەڵبـەندی بەرخـودان و سـەرهەڵدان و تێکۆشـان، بۆ ئامـانجـە رەواکـانی خۆی بە هەزاران رۆڵەی خـۆی کـردوە بە قـوربانی و بە دەیان کارەساتی گەورەی بە سەر هاتووە لەوانە قر کردن و بە کۆمەڵ کوشتن و کیـمیاباران، سەرەڕای هەموو ئەمانەش بۆ ساتێکیش بزاڤی رزگاری خوازی کورد بەتایبەتی لە کوردستانی عێراق وازی لە ئامـانجـەکانی خۆی نەهێناوە و هەمـیشـە پشت و پەنای هەموو تێکۆشەرانی پارچەکـانی تری کورستان بووە ، بەو مەرجە ڕێز و ئێحترام و تەقدیری بزاڤ و خەڵکی ئێمە بکەن لەو ناوچەیەدا،

ئەمە شتێکی سروشتی و پێویستە، دەڵێین بە داخەوە پەکەکە هەر لە رۆژانی یەکەمەوە هەوڵی داوە کە ئەم بزاڤە و ئەو دەستکەوتانەی کە لەو ناوچەیەدا گەلەکەمان بەدەستی هێناوەراستەو خۆ هەوڵی تێکدانی بدات و وەکو ئامرازێک بەدەستی دوژمنانی کورد وەکو دەڵێین بەربوکی لەشکر بووە، هەمووتان لە یادتانە لە کاتی راپەرین پەکەکە چ رۆڵێکی دوژمن کاری هەبوو دەرهەق بە خەڵکی ئێمە چۆن هەوڵی دەدا ئەو راپەرینە ئەو کۆرەوە ملیونیەی خەڵک خراپ نیشانی خەڵک بدات، لەسەرەتای دامەزراندنی ئەو ئەزموونە هەمووتان ئاگادارن کەپەکەکە دەستی کرد بە دوژمنایەتی ئەو ئەزموونە، بە پێشنیاری ئێوەی بەریز سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم داوەتی هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی کرد نەک تەنها ئەوانەی لە کوردستانی عێراقن بەڵکو لەپارچەکانی تری کوردستان لە یەکێ لە هۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستان هەموو لایەکمان کۆبووینەوە یەک رۆژی تەواو باسی ئەو دەست درێژیانەو ئەو هەڵوێستە نا مرۆڤانە و نا نیشتمانیانەو نا کوردانەی پەکەکە کرا، هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق بە تێکرا لەگەڵ برایانی ترمان لە پارچەکانی تری کوردستان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە ئەوەی پەکەکە دەیکات دژی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەی کوردە دژ بەو دەست کەوتە گەورەیە کە خەڵکی کوردستان لە کوردستانی عێراق بەدەستی هێناوە و ملک و سامانی هەموو میللەتی کوردە، دژ بە بزاڤی رزگاری خوازی کوردستانە و بەتایبەتی دژبە بەرژەوەندی خەبات و تێکۆشانی کوردستانی تورکیایە کە پەکەکە بانگەشەی بۆ دەکات کە ئەو رابەرایەتی دەکات بۆیە بە تێکرای دەنگ لە ئەنجامی ئەو باس کردنە لە لایەن هێزە سیاسیەکانی کوردستانەوە پێک هاتن کە وەفدێکی باڵا لە لایەنە سیاسیەکانی کوردستان برۆن لەگەڵ سەرکردایەتی پەکەکە باسی ئەوە بکەن و لەو مەترسیانەی کە پێشبینی دەکرێت ئاگاداریان بکەنەوە لە بۆچون و لە پیادەکردنی ئەو سیاسەتەی کە دەرحەق بەو ئەزمون و کیانە دەیکەن، بەداخەوە کە وەفدەکە چوون زۆر بە نائومێدی گەرانەوە و بە غرورو گوێنەدانەوە ولام درانەوە لەلایەن سەرانی پەکەکەوە لەگەڵ ئەوەشدا جارێکی تر حکومەتی هەرێمی کوردستان راستەو خۆ پەیوەندی بە سەرانی پەکەکە کرد ئەوکاتە حکومەتی ٥٠ بە ٥٠ مان هەبوو لە کابینەی یەکەم سەردانی بارەگای پەکەکەیان کرد و ئاگاداریان کردنەوە و پێیان گوتن حکومەتی کوردستان بەرپرسیارە لە ئەمن و ئاسایشی سنورەکان چونکە هیچ یاسا و بریارێک ماف بە هیچ ولاتێک نادات کە خاکی خۆیان بکات بە بنکە بۆ دەست درێژی کردنە سەر دراوسێکانیان، ئێمەش بە حوکمی واقع الحال بە حوکمی ئەوەی کە بەرپرسیارین لەو کیانە و بەرێوەی دەبەین بەرپرسین بەرامبەر بە دەر و جیرانی خۆمان بەتایبەتی لەو سنورانەی کە هاوبەشن و ئەوە عورفێکی نێو دەوڵەتی و عورفێکی مرۆڤایەتی و ئاینی پەسەندی کردوە و نمونەشمان لەو دونیایەدا زۆرە کە خەڵکانێک چۆن مامەڵەیان لەگەڵ واقعێکی وادا کردوە دیسان جارێکی تر ولامی پەکەکە لە غەیری رەت کردنەوەو کەلەرەقی و هێرش کردن زیاتر شتێکی تریان نەبوو، ئەو کیانەو ئەو ئەزمونەیان بە سەر بە ئمپریالزم لەقەڵەم دا، سەیر لەوەدایە زۆر جار لە راگەیاندنی پەکەکەو هەندێ لە دارو دەستەکانی پەکەکە کۆبوونەوەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان هەروەکو باسمان کرد و بۆ ئەو مەبەستەی کە ئاماژەمان پێ کرد، بە

دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لە قەڵەم ئەدەن و هەڵوێستی گشت لایەنە سیاسییەکانی گشت پارچەکانی کوردستان دەرحەق بە کارە نانیشتمانییەکانی پەکەکە لەمەڕ دوژمنایەتی ئەم کیانەو ئەم ئەزموونە بە بڕیاری پەرلەمان دەژمێردرێت و بەو شێوەیە خەڵکی کوردستان چەواشە دەکەن، ئێوەی بەڕێز لە زۆر شوێن لەو هۆڵە ئاماژەتان پێکرد هەموو لایەکمان دەزانین کە سەرچاوەی هێرش کردن و پەلامار دانی پەکەکە لە کوێیە و بۆ کوێیە لە بەرژەوەندی کێیە ، قەدەغە کردنی هاوڵاتیانی ئێمە بۆ گەڕانەوەیان بۆ گوندەکانی خۆیان کە بە زۆر داری ڕژێمە مڵ هورەکان دەریان کردن و کۆچیان پێکردون کە پەکەکە بەر بەست لە بەرامبەر گەڕانەوەیان دروست دەکات لە بەرژەوەندی کێیە ؟ روخاندنی گوند و بنکەکانی خزمەتگوزاری لە کوردستان ئەمرۆ لە بەرژەوەندی کێ دایە ؟کۆچ پێکردنی خەڵکانی ئێمە کە بە رەنج و ئارەقی نێوچاوانی خۆیان لەو بێ دەرامەتیە دا گوند و کێڵگەی خۆیان ئاوەدان دەکەنەوە یان لە رێگای دەیان رێکخراوی مرۆیی بێگانە کە هاتوون لە کوردستان بنکە وجێگای تەندروستیمان بۆ دروست دەکەن ، یان لەو واقعە کەم دەرامەتەی ئەمڕۆی حکومەتی کوردستان تێیدا دەژی کە لە دەمی هاووڵاتییانی خۆمان دەگرینەوە بۆ ئەوەی قوتابخانەیەک یان نەخۆشخانەیەکیان بۆ بکەینەوە یان گوندێک ئاوەدان بکەینەوە لە بەرژەوەندی کێ دایە پەکەکە دێن ئەو گوندانە دەڕوخێنن؟یان هەرەشەیان لێ دەکەن یان بە زۆری زۆرداری دەیان رفێنن یان کۆچیان پێدەکەن؟ تۆ تەمەشای ئەو سەیرە بکە خێر خوازان لە دەرەوەی ئەو ولاتە دێن گوندی ئێمە ئاوەدان دەکەنەوەو هانمان دەدەن بۆ ئەوەی خەڵکانی ئێمە بگەڕێنەوە سەر جێگا و رێگای خۆیان سیاسەتی تهجیر و بە عارەب کردن بن بر بکەن پەکەکە دێت گوندەکانی ئێمە تێک دەدات و هاولاتیانی تهجیر دەکات ئەو گوناهانە لە بەرژەوەندی کێدایە؟ بە ملیونەها دۆلار سەرف دەکرێت بۆ ئەوەی مین لە کوردستان هەڵبگیردرێتەوە ئەوە هەشت نۆ ساڵە یەخەی دونیامان گرتووە بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن کە زیاتر لە ٢٠ ملیون مین لە ولاتەکەی ئێمەدا چێندراوە گەورەترین کێڵگەی مینە لەو دونیایەدا رۆژانە دەیان خەڵکی ئێمە دەست و قاچ و گیانیان لە دەست دەدەن و ئەو خەڵکە دێن بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی هەڵیانگرینەوە پەکەکە دێت کێڵگەکانمان مین رێژ دەکات ، کانی و ئاوەکانمان دەتەقێننەوە ، رێگا و بانەکانی هاولاتیانمان مین رێژ دەکەن بنکە خزمەتگوزاری و گوندەکانمان بە مین دەتەقێننەوە ، پەکەکە لاف و گەزافی ولات پارێزی ونیشتمان پەروەری لێ دەدات، ئەم کردەوەانە کەی ولات پارێزیە؟ پەکەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە خەبات دەکات لە پێناوی رزگار کردنی کوردستان کە ئەمرۆ لە ژێر کۆنترۆلی خەڵکی کوردستاندایە ئازادن خۆمان بەریوەیان دەبەین بە هەموو کەم و کوڕیەکانمانەوە ئەمرۆ ئەوە ساڵی حەوتەمینە وا بۆ هەشتەمین دەرۆین بە ئازادی لەو ناوچانەی ئەمرۆ لە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆمانە حوکم رانی خۆمان دەکەین گەورەترین دەست کەوەتی ئەو سەردەمەیە درێژترین قۆناغە کە کورد لەم سەر دەمەدا حوکمی خۆی بکات، پەکەکە کێ رزگار دەکات؟ لە کێ رزگاری دەکات؟ کێ نیشتەجێ ی دەبێت ؟کێ خەباتی خۆی گۆریوەو بەم جۆرە پرو پاگندە چەواشەکارییەی خەڵکی ئێمە چواشە بکات دۆستانی کورد چەواشە بکات بەزیوی و بێ توانایی و دار دەستایەتی و نۆکەرایەتی خۆی بشارێتەوە؟ شەڕەکەی بگوازێتەوە بۆ سەر کورد لە نێو کورددا بیکات

ئامانجەکەیشی نەهێشتنی ئەم کیانەیەو نەهێشتنی ئەم ئەزموونەیە، بەڕێزان چەند جار ئاماژەتان کردوە کە سەرانی پەکەکە خودی ئوجەلان چەند جار کاتێ کە مەغرو و لوت بەرز بوون کەسیان بە هیچ نەدەزانی بە دەمی خۆی و بە وێنەی خۆی دووپاتی کردۆتەوە کە ئەرکی ئەو نەهێشتنی ئەو کیانەیە چونکە ئەو کیانە خەنجەرێکە کەلە پشتی نەتەوەی عارەب و عێراق دراوە و ئێستاش بەو شێوەیە دەبیندرێ کە حەسودی پێ نابری لە ساتەکانی یەکەمەوە ئەرک و ڕۆڵی خۆی نیشانداوە بەراشکاوی ئەڵێت مانەوەی من و ڕۆڵی من ئەوەیە کە کیانێک لە کوردستانی عێراق دروست نەبێت و ئەگەر من نەبوام ئەو کیانە دەبوو تاکو دوایی، ئەو وتە بێ مانایانەی ئوجەلان ، لە راستیدا جێگای سەرسورمانە کابرایەکی وەک ئوجەلان کە ئەوە چەند ساڵە لاف و گەزافی تێکۆشان لێ دەدات خۆی بەزۆری زۆرداری سەپاندوە کە گوایە سەرۆکی هەموو نەتەوەی کوردە هیچ نەما نەی خاتە پاڵ سەرکردە مەزنەکانی کورد ئەوانەی هەمیشە بەرێزو ئیحترامەوە خەڵکی ئێمە کرنۆش دەبەن بۆ خەبات و تێکۆشان و گیانی پیرۆزیان کە هەموو ژیانیان تەرخان کرد بۆ بەرگری کردن لە میللەتی خۆیان تاکوو ماڵ ئاواییان کرد. ئوجەلان هیچ شتی خراپ نەما نەی خاتە پاڵ ئەوان و مێژووی کورد ڕەش نەکاتەوە و بەبڕوای خۆی مێژووی کورد لە ئوجەلان و نمونەی وەک ئەو دەست پێ دەکات، کابرایەکی وا کە هەموو شۆڕشەکانی کوردی لەکە دار بکات و هەموو خەباتی ئێمەی لەکە دار کرد بکات و هەمووی بە فیتی ئیمپریالی لەقەڵەم بدات کەچی کە لێی قەوما کە ساتێک دەستی لێ کێشرایەوە تەشەبوسی بە هەموو ولاتانی دونیا کرد ئامادە بوو بۆ ئەو پەری دونیا بڕوات داوای کرد ئەگەر بکرێ لجوئی بدەنێ بڕوات هەر لە سوریا و ولاتانی تری وەک یونان و ئیتالیاو تا ئەمەریکا کە بە عورفی ئەو بە بڕوای ئەو مەڵبەندی ئیمپریالزمە ئەبێ دژایەتی بکات تا کەنەدا تا ولاتانی ئەفریقیا زۆر لە ولاتانی ئاسیا کەچی بۆ ساتێکیش ئەو کابرایە بە بیریدا نەهاتو بڕوا غیرەت نەی گرت بگەڕێتەوە بۆ کوردستانی شیرنی خۆی و بگەڕێتەوە بۆ ناو گەریلاو بنکەو حزبی خۆی کە وای لە قەلەم دەدات کە پەکەکە گەورەترین هێزە نەک تەنها لە کوردستان بەڵکو لە ناوچەو لە جیهانیشدا، ئەگەر حزبێکی فشۆڵ نەبوو بۆ نەی توانی پەناگەیەک بۆ سەرکردەکەی بدۆزێتەوە؟ ئەگەر سەرکردەیەک نەزۆک و ترسنۆک و نەزان نەبوو بۆ نەگەڕایەوە ناو ولاتی خۆی و ناو چەکدارانی خۆی؟ لە ڕاستیدا مرۆڤ ناتوانێ ئێستا درێژە بەو باسە بدات چونکە ئوجەلان ئێستا لە واقعێک دایە هەر لە سەرەتادا باسم کرد کە حەسودی پێنابردرێت و خۆی بە پێی خۆی و بە تەلەفۆنی خۆی ئەو ڕێگاو جێگایەی اخیتار کرد، بەلام ئامادەیی خۆی پیشان دەدات کە بواری پێ بدرێت بۆ نەهێشتنی ئەو کیانە، ئەبێ چ رقێکی لە دڵدا بێت ؟ دەبێت چ ڕۆڵێکی بۆخۆی دانابێت کە دژ بە کورد تێبکۆشێت و خەبات بکات ؟ دیسان جارێک تر دەڵێین جێگای داخە حەزمان نەدەکرد بەو شێوەی کە تێیکەوتووە وابێت کە تێش کەوت بە بڕواو بە بۆچونی ئێمە کەسانێکی زۆریش لەو بڕوایەدا بوون کە دەرس وەردەگرێت واز لەو دژمن کاریە دێنێت کەچی بە سور بوون و بە (سبقی)و ئیسرارەوە لە جاران سور ترە لە دوژمنایەتی کردنی ئەو کیانە و دەبینێ کە لەو ماوەیەدا کاری تۆقێنەر و تیرۆرستی و تێکدەرانەی پەکەکە دژ بە هاولاتیانی کوردستان لە زیاد بوون دایە پاش کۆنگرەی ئەو دواییەیان بەراشکاوی

له بەر بەرەکانێی ئەو کیانەیان بەردەوامن هەوڵی تێک دانی دەدەن، ئێمە دڵنیاین کە هەر چۆن سیاسەتی چەوتی پەکەکە وای لێکرد کە بکەوێتە ئەو داوەوە هەر وەکو ئەوسیاسەتە وای لێ کرد گۆشە گیر بێ لە هەموو هێزی کوردستانی تێکۆشەر و ولات پارێزان و دۆستانی کورد وای لێهات لە دونیادا تاکە رێکخراوی کورد بێ کە مۆری ئیرهابی پێوە بندرێ وتاکە کورد و سیاسیی کورد بێت لەم سەردەمەدا هیچ ولاتێک بەخۆیەوە نەیگرن، دڵنیاین بە هەمان شێوە ئەم کردەوەیان کە ئێستا پەرەی پێ دەدەن ماڵیان خراپ تر دەکات و هێزی پ، م کوردستان و خەڵکی کوردستانی عێراق حەدێک بۆ ئەو تاقمە دادەنێن ئەنجامەکەشی سەرکەوتنی خەڵکی ئێمەیە سەرکەوتنی ئەو ئەزموونەیە روو رەشی و مۆری پەشیمانی بۆ ئەوانەوەیە بۆ پەکەکەو ئەمسالی ئەوانەوەیە کە بەر بەرەکانێی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و شەرعیەتیان کردوە و بەبەرنامە وە کاری بۆ دەکەن، بۆیە لە کۆتایی ئەم دانیشتنەماندا پێمان باشە ئاماژە بەو خاڵە سەرەکیانە بدەین کە داواتان کردوە هیوا دارین بتوانین لە داهاتوودا پێکەوە لەگەڵ لایەنە پەیوەندی دارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنەکانی تریش کە پەیوەندی دارن بەم ئەزموونە وە هاوکار بین بۆ ئەنجام دانی ، لەو خاڵانەی کە جەختتان لەسەر کرد بۆ ئەوەی کە کارێکی وا بکەین بۆ گوناح بار کردنی کارە تۆقێنەرەکانی پەکەکە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان بەتایبەتی ئەوانەی کە دژ بە هاولاتیان و دام و دەزگای حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدەن و تایبەتی تریش کوشتنی منداڵ و ئافرەت و خەڵکی بێ گوناه ،هەر وەها ئیدانە کردنی ئەو بۆ چونانەی ئوجەلان کە لەو رۆژانە لە دادگایی کردنی خۆیدا دژ بەو کیانە و دژ بە خەڵکی کوردستانی عێراق بەتایبەتی دەری دەخات و ئامادەیی خۆی دەر دەخات کە جارێکی تریش ئامادەبێت بۆ تێکدانی ئەم واقیعە هەروەها کۆکیشن لەسەر ئەوەکە داوا بکەین لە لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق بەتایبەتی کە دەورێکی کاری گەرتر ببینن لە هەڵمەتی هۆشیار کردنەوەی خەڵکی کوردستان و دۆستانی کورد لە کارە تۆقێنەرەکانی پەکەکە ، وتائکید بوونتان لەسەر ئەو لایەنانەی کە ئەمرۆ لە حکومەتی کوردستان بەشدارن و لەم ئەزمونە بەشدارن و لەژێر سێبەری ئەو ئازادییە و ئەم دەستکەوتە چالاکی سیاسی خۆیان ئەنجام دەدەن حەقە مرۆڤ بە قەدەری ئەوەی کە داوای مافەکانی خۆی دەکات ئەوەندەش پابەندی بخاتە سەر ئەستۆی خۆی، ناکرێت وەک ئێوەی بەرێز فەرمووتان لە دەست کەوتەکان بەشداربن ولە ژێر سێبەری ئەو ئازادیە بژین بەڵام پەیوەندیمان نەبێت بە وەی کە ئەم ئەزموون وئەو کیانە کە ئەم بارەی بۆ هەمووومان رەخساندوە چی بەسەر دێنێت و بێدەنگ بین لەو کارە تۆقێنەرانەی پەکەکە ، هەرچندە لەو دواییە دا هەموو پارتە کوردستانیەکان لەپایتەختی هەرێمی کوردستان لەشاری هەولێری کۆبوونەوە و بەیانێکی روون و ئاشکرایان دەرکرد دەربارەی هەڵوێستیان دەرحەق بەو گوناحانەی کە پەکەکە لەدژی ئەم کیانەو لە دژی میللەتی ئێمە دەیکات بەڵام ئەوەی ئێوە داوای دەکەن نامەیەکی کاری گەر تر و چالاکانەتر و بەرچاو ترە، چونکە ئەو کارە زیاتری دەوێت ئێمە دەبێت خەڵکی خۆمان ودوستانی خۆمان هۆشیار کەینەوە بۆ ئەوەی رادەیە دابندرێت بۆ ئەو پرۆپاگەندانەی کە پەکەکەدەیکات و خەڵکی ئێمە بەکوشت دەدەن لەپێناوی مەرامی خۆیان و دوژمنانی کوردستان، هەروەها جارێکی تر تاکید بکرێتەوە پەکەکە دەبێت کوردستانی عێراق جێ

بهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ گۆڕەپانی خەباتی خۆی و لەوێ چی دەکات ئازادە ئێمە لەگەڵ ئامانج و ئاواتی خەڵکی کوردستانی تورکیاین و پشگیری خەباتیان دەکەین لەپێناوی وەدەست هێنانی ئامانجەکانیان لەو چارچێوەی کەئەو خەڵکە لەوێ بڕیاری لەسەر دەدەن و بەو شێوەیەی کە خۆیان هەڵی دەبژێرین، ناکرێ نکوڵی لە و زوڵم و زۆرەی کەلە خەڵکی کورد دەکرێت لە کوردستانی تورکیا بێ دەنگ بین و دەبێت روونیش بێت کە پەکەکە شتێکە وخەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان و مافەرەواکانیان شتێکی ترە ، هەروەها داوا بکرێت لە خەڵکی ئێمە بەتایبەتی ئەوانەی دەرەوەی ولات وەکو کورد لە هەر جێگایە هەن هۆشیار بن لە پروپاگەندەی چەپەڵی P.K.K، هۆشیار بن لە چەواشە کاری (پ.ک.ک) چونکە ئامرازێکە بە دەست دوژمنانەوە و دژ بە ئامانج و تێکۆشانی خەڵکی ئێمەیە و هەوڵ بدرێت ئەو رێگایەشی لێ بن بەست بکرێت، وە میللەتی ئێمە بخرێتە ئەو سورەتەوە کە پێویستە تێیدابێت، هەروەها داواتان کرد کە لیژنەیەکی تایبەتی دروست بکرێت بۆ کۆکردنەوەی هەموو زانیاریەکان و بۆ سەرژمێری ئەو کارە تۆقێنەرانەی کە(پ.ک.ک)ە لە کوردستانی عێراق هەر لە سەرەتاوە هەتاکو ئەورۆ کردویەتی و هەوڵ بدرێت ئەو زانیاریانە بدرێت بە هەموو دام و دەزگا مرۆڤایەتیەکان و بدرێت بە پەرلەمانەکانی دونیا ئەوەی کە دەستمان پێی ئەگات، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەش هۆشیار کەینەوە کە ئەم تاقمە نەهێشتنی ئەم کیانەی ئەوێت، وە دژی بناماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤن کە ئێمە ساڵەهای ساڵە خەباتی بۆ ئەکەین و قوربانی بۆ ئەدەین، لەو رووانگەیەوە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کۆمەک و هاوکاریە و ئەو پشتگیریەی ئەمڕۆ لە کورد ئەکرێت لەو بنەمایەوە سەرچاوە دەگرێت.
دوا خاڵیشتان ئەوە بوو کە داواتان کرد کە کۆنفرانسێک بکرێ بۆ هێزە سیاسیەکان و بۆ کەسایەتیە ناسراوەکان و نیشتمان پەروەرەکانی کوردستان لە بۆ وەرگرتنی یەک هەڵوێست دەرحەق بەم کارە ناڕەوایانەی(پ.ک.ک)، هیوادارم بتوانین لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو خاڵانە جێبەجێ بکەین و جارێکی تریش سوپاستان ئەکەین بۆ ئەو دانیشتنە، کە لێرە دا تەواو ئەبێ، بۆ دانیشتنی تر لە سات و کاتی خۆیدا ئاگادارتان دەکەینەوە، جارێکی تریش سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**